د. لوقمان ڕەئوف

ناوی کتێب: رەخنەی ئەدەبی

نوسینی: د. لوقمان رەئوف

تایپ: لاوەند لوقمان

دیزاین: هەرێم عوسمان

تیراژ: 500 دانە

نرخ : 5000 دینار

چاپ: چاپخانەی: کارۆ

نۆبەتی چاپ: چاپی دووەم

ساڵ و شوێنی چاپ: 2017 سلێمانی

مەژی بۆئەوەی بژی بژی بۆئەوەی ببی

پێڕست

پێشەکی.....9
-چەمك و پێناسەی ڕەخنـەی ئەدەبی.....13
-ڕەخنە ئەدەبی لەنێوان زانست و هونەردا.....17
-کارو مەبەستی ڕەخنە.....18
-سیفەتەکانی ڕەخنەگر 18
-سوودەکانی ڕەخنەی ئەدەبی.....21
چەشنەکانی ڕەخنە.....22
1-**ڕەخنەی سادەو ڕەمەکی**:.....22
2-**ڕەخنەی ئەکادیمی**:.....23
جۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی..... 28
1-**ڕەخنەی هۆنراوەیی**:.....28
2- **ڕەخنەی پەخشانی**:.....28
3-**ڕەخنەی چیرۆکی**.....29
4-**ڕەخنەی ڕۆمانی**:.....30
5-**ڕەخنەی شانۆیی**:.....30

رەخنەی جیهانی.....31
یەکەم: رەخنەی یۆنانی.....31
1-**هۆمیرۆس**.....31
2- **هیسیۆدۆس**.....34
-**گرنگترین کارەکانی**.....35
قۆناغی یەکەم:.....36
ا- **ئەرستۆفانس**.....36
-**بەرهەمەکانی**.....41
ب- **سقرات**.....50
قۆناغی دووەم: ئەفلاتون، ئەرستۆ، خوێنکارەکانی ئەرستۆ.....57
ا- **ئەفلاتون** 57
هەڵوێستی ئەفلاتون بەرامبەر.....63
1- **شیعر**.....63
2-**پۆلێنی شیعر:**.....74
3- **لاساییکردنەوە:**.....74
4-**ئیلهام:**.....75
5-**یەکیەتی بەش**.....76
6- **کۆمیدیا**.....76
7-**وتاردان:**.....77
8- **رەخنە**.....78
-**پوختەیەك لە بۆچوونە رەخنەییەکانی ئەفلاتون**.....79

- سروشتی ڕەخنەکانی ئەفلاتون.....83
ب- ئەرستۆ.....86
-تیۆڕوانینەکانی ئەرستۆ 91
-پێگەی ئەرستۆ.....92
-هونەری شیعر.....95
-پێکهاتەی هونەری شیعر.....95
- لاساییکردنەوە.....102
-تراژیدیا لای ئەرستۆ.....103
-ڕەگەزەکانی تراژیدیا.....105
-میژوو.....107
-داستان.....108
-کۆمیدیا.....110
-ئاموژگاری شاعیران.....110
-وتار.....112
-جۆرەکانی وتار.....113
-شێوازی وتار.....114
-پوختەیەك لە روانینەکانی ئەرستۆ 114
-لاساییکردنەوە لە ئەفلاتونەوە بۆ ئەرەستۆ.....119
-پێوانەی ڕەخنەیی لە نێوان ئەفلاتونو ئەرستۆ.....120
پ- خوێندکارەکانی ئەرستۆ 122
1-سیوفراستوس.....122
2-دیمتریوس.....125

3- هرمیپ ازمیری.....126
ئەبیقۆرەکان.....127
دووەم: رەخنەی رۆمانی.....128
رەخنەگرە رۆمانییەکان.....132
سیسرۆ : 133
هۆراس :.....136
-کارە رەخنەییەکانی.....145
- هونەری شیعر.....145
- پوختەیەك لە بیروبۆچوونە رەخنەییەکانی هۆراس:.....150
- سەردەمی ئیمپراتۆری :.....154
-رەخنەگرەکانی ئەم سەردەمە.....155
1-دیۆنیسیۆس هالیکارناسیۆس.....155
2-بترونیوس.....155
3-سنیکا.....156
4-کۆنتیلین.....159
5-تاسیت :.....162
-بەراورد لە نێوان رەخنەی یۆنانی کۆن و رۆمانیدا 164
-بوالۆ: 165
سێیەم:رەخنەی عەرەبی.....171
1-سەردەمی جاهیلی:.....171
2-رەخە لەسەردەمی ئیسلامدا.....177
3-رەخنە لەسەردەمی ئەمویدا.....181

ا–ڕەخنە لە ژینگەی حجازدا:.....181
ب–ڕەخنە لە ژینگەی عێراقدا.....182
ج–ڕەخنە لە ژینگەی شامدا:.....182
–هۆکارەکانی گەشەسەندنی ڕەخنە لە سەردەمی ئەمەویدا:....183
4–سەردەمی عەباسییەکان.....184
–زاناکان.....184
1–چینەکانی هەستیارانی ابن سلامه الجمحی.....185
– پێوانەکانی.....186
– هەنگاوەگرنگەکانی ڕەخنەگر.....187
– پێکهاتەی کتێبەکە.....187
1–جاحظ و بیروبۆچوونە ڕەخنەییەکانی.....188
2–شیعرو شاعیرانی ابن قوتەیبە.....189
–دەستنیشانکردنی شیعر لەسەر بنەمای وشەو مانا.....191
–پێکهاتوی کتێبەکە.....191
4– قودامه بن جەعفەر.....191
5– عەبدالقاهر الجرجانی.....193
–مانای مانا.....194
6– ابو هیلال العسکری.....195
– وشە و مانا.....195
7– لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە:.....197
–تێڕوانینەکانی قوتابخانەی دیوان 197

میتۆدە رەخنەییەکان.....198
1–**رەخنەی ئاکاری**.....199
2–**رەخنەی کۆمەلایەتی**.....204
3–**رەخنەی میژوویی** 229
4–**رەخنەی فۆرمالیستی**.....210
5–**رەخنەی نوێ**.....218
6–**رەخنەی دەروونناسی**.....225
7–**رەخنەی بونیادگەری**.....233
8–**رەخنەی پاش بونیادگەری**.....241
9– **رەخنەی فینۆمینۆلۆژی**.....247
10– **رەخنەی هەڵوەشانەوە**.....249
11– **رەخنەی فێمێنیزم**.....261
12– **رەخنەی هێرمۆنۆتیك** 264
13– **رەخنەی پۆست مۆدێرنیزم**.....269
14– **رەخنەی سیمیۆلۆژی**.....279
15– **رەخنەی پێکهاتەیی**.....291

پێشەکی

ئەمڕۆ ڕەخنەی ئەدەبی ئەوەی تێپەڕاندوە، کە هونەرێك بێت لە هونەرە ئەدەبییەکان، چونکە ڕەخنە زانستێکی سەربەخۆیەو خاوەن یاساو ڕێساو میتۆدو قوتابخانەی تایبەت بەخۆیەتی، ئەگەرچی لەسەرەتاوە بە تێبینی خودی شاعیر، یان نوسەرەکەوە دستپێکردەوە، بەلآم ئێستا پێوانەو مێکانیزمێکە بۆ تەواوی بەرهەم و کایەکانی ژیان.

ڕەخنە گەر بە هەموو جۆرەکانییەوە بێت، یان بە هەموو شێوازەکانییەوە، دەبێتە هەنگاوی دووەم، یاخود کرداری دووەم لە دوای بەرهەم ، واتە گەر ڕەخنە بە شێوە ساکاریەکەی وەربگرین، لە پاش بوونی باسەوە سەرهەڵدەدات، گەر وەك بەرهەمە ئەدەبییەکە سەیری بکەین، دووبارە لە دوای بەرهەمەکە لەدایکدەبێت، ئەگەرچی ڕادەو ئاستی ئەم جۆرە ڕەخنەیە لە سەرەتادا زۆر لاواز بووە، چونکە بە پلەی یەکەم نوسەر، یان شاعیر خۆی یەکەم ڕەخنەگری خۆیەتی، بەوەی پاش نوسینی بابەتەکەی، دووبارە چوتەوە بە سەریداو دەستکاریکردووە، لەم کاتەشدا هەستی بە هەر شتێك کردبێت گۆڕیەتی، لەگەڵ ئەمەش هەر هەڵەو کەمو کوڕی هەبووە.

دوا بەدوای ئەم قۆناغە جەماوەر بووتە یەکەم ڕەخنەگر لە بوارە جیاجیاکاندا، چونکە لەو کاتانەدا پسپۆرایەتی، بە تایبەتی وەك ڕەخنەگر نەبووە، لێرەشەوە ڕادەی ژیریو توانایی ئەم جەماوەرە لە چ ئاستێکدا بووبێت، نوسەر یان ڕەخنەش لەو ئاستەدا خۆی بینیوەتەوە.

بە گشتیش قۆناغی یەکەمی ڕەخنەگران شاعیرەکان بوون، شاعیرەکانیش ڕەخنەگری پسپۆر نەبوون، بەڵکو هۆشیاریەکی

رەخنەییان هەبووەو لە زمانی شیعرییەوە وێنەی شیعرییان پێ دروستکردوە، ئەم حاڵەتی سوڕانەوەی هەمەچەشنییە لەناو بازنەی رەخنەدا، بە شێوازی جیاواز بەردەوام بوو، تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، لێرەوە ئەدەب بە هەموو جۆرەکانییەوە مەزرای خۆی وەرگرتو رەخنەش چووە قۆناغی پسپۆرایەتی خۆیو بوو بە بەشێکی سەرەکی نەك لە ئەدەبدا، بەڵکو لە هەموو بوارەکانی تریشدا، رۆڵی سەرەکی خۆی دەگێڕێت.

ئەم کتێبە بریتییە لە ناسێنەرو ڕێنیشاندەرێکی گرنگی رەخنەو میتۆدە رەخنەییەکان و پێناسەکردن و دیاریکردنی ئەرك و کاری رەخنەو رەخنەگر، لێرەشەوە ئاسانکاریەك بۆ تۆی خۆشەویست دەکات، چ وەك شارەزابوون لە رەخنەی تیۆری، چ وەك دروستکردن و دەستگرتنی پیشەی رەخنەگری.

رەخنە زانست و هونەرێکی لێکدراوەو بەهۆی دەستورەکان و توانای تایبەتی کەسەکەوە، دەتوانرێ بەرهەمی باش لەبەرهەمی خراپ جیابکاتەوەو واتای دروست و نادروست دیاریبکرێت، بەمەش رەخنە چالاکیەکی مرۆییەو خاوەن مێژوویەکی دوورودرێژە، بەاڵم ئەوەندەش هەیە چەند هەوڵبدرێت هەروا بەئاسانی ناتوانرێت سەرەتایەك بۆ رەخنەی شیعریی کوردی دیاریبکرێت، چونکە لەاڵیەك هیچ سەرچاوەیەکی خاوەن مێژوو لەبەردەستدا نییە، لەاڵیەکی ترەوە کەسیش بریاری لەسەر کۆنترین دەقی ئەدەبی و بوونییەتی بواری رەخنە لەم روانگەیەوە نەداوە، ئەوەندەی هەیە مادام بەرهەمی ئەدەبی کوردی بەشیعر دەستی

پێکردووەو سیماکانی ڕەخنە لەم لایەنەدا دەبینرێت، دەتوانرێت ئەوە بخرێتە ڕوو، قۆناغی یەکەمی ڕەخنەی کوردی ڕەخنەی شیعریی بووە، بەڵام هەر لێرەوە بنەمایەك بۆ ڕەخنەی زانستی بنیادنراوە، جگە لەمەش ئەگەر سەرنج لەکتێب و ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بدەین، ئەگەینە ئەوەی کەسەرەڕای ئەم کتێب و گۆڤارانە کە ژمارەیان کەمە، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر باش، بەرهەمی ڕەخنەییان خستوەتە ڕوو، هەرچەندە لەقاڵبێکی زانستی دانەبوون، چونکە لەکارەکانیاندا ڕێبازێکی زانستیان نەگرتبوبەبەر.

زانستی ڕەخنە، یەکێکە لەو زانستانەی لەچەند ڕوێکەوە پێگە بۆ خوێنەر دروستدەکات، بەمەش بایەخ و تایبەتیەکی تایبەتی بۆ خۆی دروستدەکات، دەبێت خوێنەریش هەوڵبدات لەم تایبەتمەندیەی بگات و خۆسازیەکی لەگەڵدا دروستبکات، یەکێك لەو پێگە گرنگانەی کەلەلای خوێنەر دروستدەکات، پێش هەموو شتێك هۆشمەندی و بیرتیژییە لەبەرامبەر شتەکان، ئەمەش جۆرە متمانەو جۆشێك دەداتە خوێنەرو دەیخاتە سەر ڕێگەی دروستبوون.

ڕەخنەی ئەدەبی بریتییە لە هەڵسەنگاندن و تەتەڵەکردن و ڕاڤەکردنی دەق، یاخود هونەری ڕاڤەو لێکدانەوەی کارە ئەدەبییەکانەو چێژو توانستی ڕەخنەگر کاریگەری زۆری لەسەر پرۆسەکە و لایەنە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی دەبێت، هەموو ئەمەش لەپێناو دیاریکردن ، یان بڕیاردان و جیاکردنەوەی باش و باشتر لە خراپ و خراپتر ، بۆیە ڕەخنەی ئەدەبی هەم هۆیە هەم ئامانج.

بـەم پێیـەش بێـت، کـرداری رەخنـە پێویسـتی بەخوێندنـەوەو بەدواداچوونی بەردەوام هەیە، لەسەر هـەموو ئەو کارانەی کە لـەبواری ئەدەب و زانستدا ئەنجامدەدرێن، ئـەم دوو بـوارەش بـەپێی پسپۆڕێتی و حەزو خواستەکە دەگۆڕێت، بۆیـە دەبێت خوێنـەریش لـەم روانگـەوە (خوێندنەوە، بەدواداچوون) سـەرقاڵی بـواره ئەدەبیـەکان بێت، تـاوەکو بتوانێت لەگەڵ ئەم کاروانە ئەدەبیەدا گوزەربکات، لەگـەڵ ئەمەشدا ئـەم کتێبـە لـەخۆگرو ناسـێنەری رەخنـەکانی (یۆنـان، عەرەبی،)یـەو بـۆ هەریەکـەیان شـیکارو جـۆرو تێڕوانینـی تایبـەتی و گشـتیەکانی لـەخۆگرتووە، بۆیـە بایەخـدان و سـەرقاڵبوون بـەم کتێبـەوە، رێگـەی رەخنـەت زۆر بـۆ کورتدەکاتـەوەو واتلێبکـات خـۆت لەدنیایـەکی رۆشـنبیریدا بدۆزیتـەوە، بۆیـە بـەڕادەی رۆشـنبیری و هۆشـیاری بەنـدە بەڕادەی گرنگیدان و خۆ سەرقاڵکردن بەم بوارەوە.

نوسەریش بریتییە لە کەسێکی خوێنەرو خاوەن ئەزمون لـە بـواریکی تایبەتـدا، لەرێگـەی باگراونـدە مەعریفییەکانییـەوە بابـەت دەنوسـێت، یاخود ئەو کەسەیە کـە لـە ئەنجامی زۆری خوێندنەوەو بوونی ئەزموون وخستنەگەڕی بیر لە بواریك، یان چەند بواریکدا دەنوسێت.

بـەڵام شـاعیر شـەرابی روانیینـەکان دەخواتـەوەو بـە پیـت و وشـەکان سەرمەسـت دەبێـت، خـەونی لاپـەڕەکان دەیباتـەوەو وعاشـقی ویـژانی شـاعرانە دەبێـت و بـە کەشـتی خـەیاڵ گەشـتدەکات ، بۆئـەوەی بگاتـە بەنـدەری بـیری، تـاوەکو بەهۆیـەوە نیشـانەو هێماکـان لێکبداتـەوە، هـەر لەبەرئەمـــەش شـــاعیر نامرێـــت، چـــونکە خـــوێن لەدەمارەکانیـــدا

هەناسەدەدەن، هەست بە خۆشی و ناخۆشیەکان دەکات، یان ئەوکەسەیە کە بەزمانی کێش و قافیە گوزارشت لە بوونی و ژیان دەکات.

شیعر وتەی کێش و قافیەدارە، شێوەیەکە لە شێوەکانی هونەری نوسین و لەرێگەی زمانەوە ئەنجامدەدرێت، یان شیعر هەڵێجراوی هەستەکانە.

هەرچی ئەدەبە ئاوێنەی ژیانە، ڕەنگدانەوەی ژیان و روانین و خەیاڵزای شاعیرە، یاخود بەرهەمێکی نوسراو یان دەربڕراوە، گوزارشت لە بڵندترین و باشترین بیر و خەیاڵ لە باڵاترین و باشترین شێوەیدا دەکات.

چەمك و پێناسەی ڕەخنەی ئەدەبی

وشەی ڕەخنە لە وشەی(Kritike)ی گریکی و (Crticism)ی ئەوروپییە هاتووە، وشەکەش لە بنچینەدا دوو واتا ئەبەخشێت:

1- جیاکردنەوە، یان شیکردنەوە.

2- حکومدانو هەڵسەنگاندن.

بە واتای حکومدان بەسەر شتێك، ڕووداو ، کردەوە ، تێۆر، بەرهەمی ئەدەبی، وتاردان ... هتد هاتووە، هەموو ئەمانەش بە مەبەستی دەرخستنی لایەنی باشو خراپی بەرهەم بەکارهاتون.

زاراوەی (النقد) لە فەرهەنگی زمانی عەرەبیدا، بەسێ واتای سەرەکی بەکارهاتووە:پێدان ، یان عەیب لێگرتن ، یان جیاکردنەوەی پارەی قەڵب لە پارەی نا قەڵب، وەك شاعیر دەڵێت:

"تنفی یداها الحصی فی کل هاجره

نفی الدراهم تنقاد الصیاریف[1].

کەواتە"واتای وشەی رەخنە بریتییە لە جیاکردنەوەی گران لە هەرزان"[2] **بەم پێییەش بێت هەر لەسەرەتاوەو لەگەڵ ئەدەبدا سەریهەڵداوە، بۆیە ئەدەب و رەخنە دوانەیەکن ناتوانرێت لەیەکتری جیابکرێنەوە.**

لە سەردەمی عەباسییەکاندا لێکۆڵەرە ئەدەبییەکان ئەم وشەیەیان لەو واتایانە ئەخواست و بۆ ئەو بەرهەمەیان بەکاردەهێنا، کە بەهۆیەوە دەتوانین بەرهەمی چاک لە بەرهەمی خراپ و جوان لە ناشرین جیابکەنەوە[3].

واتە جیاکردنەوەی شتی باش بە شتی خراپ، ئیدی کارەکە ئەدەبی، یان هەرشتێکی دی بێت، یاخود "هونەری لێکۆڵینەوە یان لێکدانەوەی دەقی ئەدەبییە، لەپێناو دیاریکردنی ئاراستە ئەدەبی و پێگەکەی لە ڕێڕەوی ئەدەبیدا، لەگەڵ ئەمەشدا باشەو خراپە بە خوێنەر دەناسێنێت[4]

---

[1]–د. مصطفی عبدالرحمن ابراهیم، فی النقد الادبی القدیم عند العرب، مککة للطباعة ،القاهرة1987، ص7

[2]– د.عبدالمعطی الشعراوی، النقد الادبی عند الاغریق و الرومان،مکتبة الانجلو المصریة، القاهرة،199،ص7

[3]– لسان عرب،ج 17، ص4517،ط دارالمعارف و قاموس،ج1 ص341، و محتار الصحاح ص675

[4]– د.سعد الضلام،النقد الادبی، مطبعة الامانة،ص9

وشەی ڕەخنەش لە کوردیدا واتە (ڕەخنەی تێبووە، کونی تێبووە، ڕەخنەی لێدەگرێ، خەوش و عەیب و ناتەواویەکانی دەخاتەروو) لە ڕەوشتی کەسێك، یان لە سیفەتی شتێك، یان کارەساتێك،بەڵام دواتر ڕەخنەی ئەدەبی بوویە لەخۆگری مانا سەرەکییەکەو کۆی ئەو مانایانەی کە ئەم وشە دەیخوازێت، یان لەخۆیگرتوە.

لەبەرامبەر وشەی ڕەخنەشدا، مامۆستایان علائەدین سوجادی زاراوەی نرخ شناسی و د.کامل بەسیر زاراوەی ڕەخنە سازیان بەکارهێناوە.

زانستی ڕەخنەش بریتییە لە زانست و هونەرێکی لێکدراو، کە بەهۆی دەستورو توانای تایبەتی و چێژی ڕەخنەگرەوە، دەتوانرێ بەرهەمی ئەدەبی چاك لە بەرهەمی ئەدەبی خراپ جیابکرێتەوە و واتای راست و ناڕاستی پێ جیابکرێتەوە و ئەو شوێنانەی کە هەڵەن، بەهۆیەوە بدۆزرێنەوە.

یان بریتییە لە پێوانەیەکی زانستی بۆ هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەر باشی و دروستی و پۆلێنکردنی دەقەکان بەپێی مەغزاکان.

یاخود بریتییە لە ناسین و دەرخستنی بەهای دەقی ئەدەبی و لێکدانەوەی، بە شێوازێك چاکە و خراپە، یان جوانی و ناشیرینی دەقەکە چیە، ماتیۆ ئارنۆڵد (Mathew arnold) شاعیرو ڕەخنەگری ئینگلیزی دەڵێت" هەوڵدانێکی دور لە بەرژەوەندی تاوەکو باشترین شت کە لەدنیادا بوونی هەیە، یان بە ئەندێشەی مرۆڤدا تێدەپەڕێت، بخرێتە ڕو و بناسرێت"

رەخنەی ئەدەبی یەکێکە لە لقەکانی ئەدەبیاتناسی، ئەدەبیاتناسیش بە زانستێك ئەڵێن، کە هەموو بەشە جیاوازەکانی ئەدەبیات بگرێتەوە، یان کەرەسە بنەڕەتیەکانی زانستی تیۆری پیشانبدات، ئەوە دەربخات کە زانستی تیۆری چۆن تەماشای ئەدەبیات ئەکاتو لەگەڵیدا گوزەردەکات، لەگەڵ ناسینی نرخی کەرەستەکەی بەخوێنەر، بەمەش بنەڕەتە زانستییەکانی ئەدەبیاتناسی، بریتیین لە:

1-تێوری ئەدەب: وشەی تیۆر کە لە وشەی یۆنانی(Theoria)ەوە هاتوە، لەسەرەتادا واتای چاودێریکردن، لێڕوانین و سەرەنجدان، تووێژینەوەی زانستی گەیاندوە[4].

تیۆری ئەدەبی بەشێکی ئەدەبناسییە، زانستێکە دەربارەی جەوهەری ئەدەبی، داهێنانی هونەری، زانستی و بایەخی بەرهەمی ئەدەبییە، لەگەشەپێدانی مرۆڤایەتییدا[5].

تیۆری ئەدەبی کۆمەڵێك روانین و بیری بەهێزو گونجاو و قوول و پێکەوەگرێدراوەو پشتبەستوە بە تیۆریکی مەعریفی یان فەلسەفی دیاریکراو[6]، یان ئەو زانستەیە کەلە فەلسەفەی ئەدەب دەدوێ، واتە تێوری ئەدەب لە چییەتی ئەدەبو ئیستاتیکای

---

[5]- پیتەر هالبیرگ، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، ئا.و. ئەنوەر قادر محەمەد، مەڵبەندی کوردۆلۆژی، سلێمانی،2010، ل13

[6]- هەمان سەرچاوە

[7]-شکری عزیز الماضی، فی النظریة الادب،دار المنتخب العربی، 1993،ص12

ئەدەب و سەرچاوەو ڕێبازەکانی مێژوی پەیدابوونی و پەیوەندی ئەدەب بەکۆمەڵ و زانیاریەکانی تری وەك زانست و مێژو و فەلسەفەو ئاین و ڕەوشت دەکۆڵێتەوە.

2- مێژوی ئەدەب: ئەو زانستەیە کە لە چۆنێتی زمان و ئەو شیعرو نوسینە جیاوازانە دەکۆڵێتەوە، کە لاپەڕەکانی مێژو بۆ پاش خۆی هێشتۆتەوەو باسی ئەو بەرزی و نزمیانەی ئەکات، کە کارەساتی دەوران بە سەریهێناوە، واتە کارکردنە لەسەر ئەو تۆمارکراوانەی ئەدەب کە بەدرێژایی مێژوو تۆمارکراون.

2- ڕەخنەی ئەدەبی: بەشێکە لە تێوەری ئەدەب و کارو بەرهەمەکان هەڵدەسەنگێنێت، واتە هەڵسەنگاندن و نرخ بۆ دانانە.

ڕەخنە ئەدەبی لەنێوان زانست و هونەردا

ڕەخنە زانستە، چونکە بەپێی ڕۆشنبیری و ئاگاداریەکی فراوان و قوول، لەسەر ڕێرەوێکی دیار دەڕوات و لە بەرهەمی ئەدەبی ئەکۆڵێتەوە و بە پێوانەیەکی بابەتی هەڵیئەسەنگێنێ و هەموو لایەنەکانی ڕەچاودەکات و بڕیاری لەسەر دەدات، وەکو لایەنی جوانی و دەروونی و فەلسەفی و ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و زمانەوانی و ... هتد، واتە هەرشتێك توانرا پێوانە بکرێت و ڕێژەیەکی دروست بخاتەروو، زانستە.

لە هەمانکاتدا هونەرە، چونکە بە گوێرەی کەسێتی ڕەخنەگرەکە ئەگۆڕێ و لایەنی کاریگەری تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆڵی هەیە لە بردنە پێشەوەی بابەتەکەداو ڕێگە بۆ ڕەخنەکە خۆش ئەکات و هەست و سۆزی ڕەخنەگر بە تەوژمی سۆزو بیری نوسەر، یان شاعیرەکە قوولتر

ئـەکات، هەرچـەندە رەخنـەگر ناتوانـێ خـۆی لـە کـارتێکردنی بەرهەمەکەوە دوورە پەرێزبگرێ، کەواتە لە ئەنجامدا ئەم هەستو سۆز بزواندنـە لـە کـاتی هەڵسـەنگاندنو رادەربڕیـندا، تێکـەڵ بـەو باوڕانـە ئەبێت، کەبەرامبـەر بەرهەمەکە پیشاندەدرێت، بـەم پێیـەش رەخنـەی ئـەدەبی هونـەرو زانسـتە، ئـەم دوو لایـەنـە کـارێکی زۆر ئەکـەنـە سـەر نەشونماکردنی رەخنەیەکی قوڵو سەرکەوتوو.

کارو مەبەستی رەخنە

1- لێکۆڵینەوە لە دەقی ئەدەبی، دەرونی، کۆمەڵایەتی.....تاد، و دەرخستن و هەڵێنجانی تایبەتمەندی و لایەنە باشەکانیان.

3-دیـــاریکردنی پێگـــەو رۆڵـــی دەقەکـــە لـــە رێـــڕەوەوە هاوشێوەکانیدا.

4-دیـاریکردنی ئاسـت و رادەی کاریگـەری و بەسـودی لەسـەر کۆمەڵگە، یان کارەکانی هاوشێوەی خۆی.

5-رێگەنیشاندەرو کارئاسانکەرە بۆ خوێنەر.

6- دەرخسـتی ئاسـت و رادەی توانسـتی نوسـەر لـە بوارەکـەی خۆیدا.

7-هۆکارێگـە بـۆ رێگرتنـی خوێنـەر لەسـەر خوێندنـەوەی کـاری خراپ و خاوەن کەموکوڕی.

8- پێوانەیەکی زانستی دەقە.

سیفەتەکانی رەخنەگر

بەو پێیەی ڕەخنەگر هەڵسەنگێنەری هەمەلایەنی جۆرە بابەتێکە، بە مەبەستی خستنەروی ئاستەکەی و دیاریکردنی لایەنە باش و خراپەکانی دەق بۆ خوێنەر، بەمەبەستی زیاتر سوود وەرگرتن لە دەق، یان کەسێکی خاوەن ئەزموون و پسپۆڕی تایبەتە و ڕۆشنبیرێکی پشوو درێژ وردبینە، لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت بڕیار لەسەر ڕاستی و دروستی و تەواوی و کەم و کوڕی بەرهەمێك بدات، بەم پێیەش بەبێ ڕەخنە نەبەرهەمهێنەر، نە خوێنەر بە باشی سود لە بەرهەمەکە نابینن، لەگەڵ ئەوەشدا پرۆسەی داهێنانیش بوونی نابێت، لەم ڕوانگەوە ڕەخنگر خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکە لەوانە:

1- دەبێت لە بوارە مەعریفی و زانیاریەکاندا، خاوەن ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیری و خاوەن زانیاریەکی فراوان بێت ، تا بتوانێت لە ڕاستی بیرو بۆچوونەکانی خاوەن دەقە هەڵبژێراوەکان بگات و بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە دەقەکان بۆ پرۆسەی ڕەخنەکەی هەڵبژێرێت.

2- شارەزایی باشی هەبێ لە بوارەکانی سروشت و ڕەگەزی ئەو دەقە ئەدەبییە، یان هونەرییە، یان زانستیە، کە ڕەخنەی لێدەگیرێت.

3- دەبێ بلیمەتترو داهێنەر تربێت لە چاو خاوەنی ئەو دەقەو ئەو بەرهەمانەی ڕەخنەیان لێدەگرێت.

4- دەبێ توانایەکی باشی هەبێت لە لێکدانەوەو شیکردنەوەی ئەو دەقەی هەڵیدەبژێرێت، یان ئەو وتارو بەرهەمەی ڕەخنەی لێدەگرێت.

5- هەوڵبدات پسپۆڕیو تایبەتمەندی بۆ خۆی لە بواریکی مەعریفیدا دروستبکات، چ لە بواری رەخنەی هۆنراوە، یان رەخنەی چیرۆك ... هتد.

6-دەبێ بابەتییانە لەگەڵ دەقە هەڵبژێراوەکان مامەڵە بکاتو لایەنی مەزاجو هەڵسوکەوتی لەگەڵ خاوەن دەقو بەرهەمەکان بخاتە لاوە.

7- دەبێ شارەزاییەکی باشی هەبێت لە بواری چەشنو جۆرەکانی رەخنە، تا بەپێی بابەتو شێوازی دەقو بەرهەمە هەڵبژێراوەکە، رەخنەی کاریگەرو سودبەخشی لێبگرێت.

8- نابێ بە زۆرە ملێ جۆرە زانیارییەکی رەخنەیی بەسەر دەقێکدا بسەپێنێت، چونکە ئەم جۆرە کارە هەم ئاستی لاوازی رەخنەگرو هەم رەخنەکە دەردەخات.

9- دەبێت خاوەن شێوازو زمانێکی رەخنەیی باشو تایبەت بێت، تا بە هۆیەوە زیاتر بناسرێو خوێنەر سودێکی باشترو کاریگەریتر لە رەخنەکانی وەربگرن.

10- دەبێت توانای گەیاندنی چێژی هونەری و خۆشی دەقەکە بە خوێنەران هەبێت، تاوەکو بە ئاسانی بچێتە جیهانی دەقو بەرهەمە هەڵبژێردراوەکانو رەخنە لێگیراوەکان.

11- دەبێت رەخنەگر ئەو دەقەی هەڵبژێرێت، بۆ چەند جارێك ئەو دەقە بخوێنێتەوەو هەموو جارێك تێبینییەکانی تۆماربکات و بەراوردیانبکات، تاکو دوا بۆچوونو بڕیارە رەخنەییەکانی هەم سەرکەوتوبن، هەم لەگەڵ میتۆدو جۆرەکانی رەخنەدا بێتەوە.

9-رەخنەگر دەبێت هەم خوێنەرێکی بەردەوام، هەم زیرەك بێت.

10-ئاگاداری تەواوی میتۆدە کۆن و نوێکان و هەموو ئەو ڕێبازو روانینانە بێت، کە بەردەوام لەسەر ڕەخنە بلاودەکرێنەوە.

11-ئەفلاتون دەڵێت" ڕەخنەگری ڕاستەقینە کە بە خاوەن حیکمەت و ئازایەتیی جیادەبێتەوە، توانای ئەوەی هەیە ئەوانی تر بەرەو ئەوە ببات، کە ڕەخنە لە یەکتری بگرن"[8]

سودەکانی ڕەخنەی ئەدەبی

1-بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتنی خوێنەر لە دەقێکی هەڵبژێرراودا، چونکە خوێندنەوەی هەندێك لەدەقەکان، پێویستی بە بلیمەتی ڕەخنەگرە، تا زیاتر شارەزایی پەیدابکات لەبارەی ئەپستمۆلۆژیای بەرفراوانی ئەم دەقانە.

2-دیاریکردنی لایەنە باش و خراپەکانی دەقە هەڵبژێرراوەکان، بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی پڕۆسەی داهێنانی نوسەرەکانیان، بۆئەوەی ئەم دیاریکردنە لەداهاتودا ببێتە هاندەرو فاکتەرێکی باش و کاریگەر لە نووسین و داهێنانی دەقە نوێکان.

3-تۆمارکردنێکی ئەکادیمی و زانستیانەی ڕەوتی دروستی ڕەگەزە ئەدەبیە هاوچەرخەکان، بەمەبەستی بەشداریکردنی ناڕاستەوخۆو تۆمارکردنی مێژوی ئەدەبیاتی هاوچەرخی گەلی خاوەن دەقە هەڵبژێردراوەکە.

---

[8]- عبدالمعطی الشعراوی،النقد الادبی عند الاغریق و الرومان، مکتبة الانجلو المصریة، القاهیرة،1999، ص120

4- لە خزمەتکردنێکی راستەوخۆی جۆری ئەدەبی و مێژوی ئەدەبدایە لە زانستی ئەدەبیدا، چونکە رەخنەی ئەدەبی لقێکی گرنگی زانستی ئەدەبیاتە.

5-دیاریکردنی ئاستی سەرکەوتنی رەخنەگر، لەپرۆسەی خوێندنەوەو هەڵبژاردنو هەڵسەنگاندنو دوا بڕیاری رەخنەی ئەکادیمیانەی رەخنەگر، چونکە دەبێ بلیمەتترو داهێنەرتر بێت، لەچاو نوسەری دەقە هەڵبژێرراوەکان.

چەشنەکانی ڕەخنە

بەگشتی ڕەخنە بەدرێژایی مێژوو، چەند چەشنێکی پێادەکردوە، لەوانە:

1-ڕەخنەی سادەو ڕەمەکی:

ئەو ڕەخنەیە کە هەموو کەسێك دەتوانێت ئەنجامیبدات، چونکە پێویستی بە جۆرە شارەزاییەکی ئەکادیمیانە نییە، واتە مەرج نییە خوێنەر، یان ڕەخنەگری ئەم جۆرە ڕەخنەیە خوێندەوار بێت، یان خاوەن پلەیەکی زانستیو ئەکادیمی بێت، بۆیە هەموو کەسێك دەتوانێت ئەم جۆرە ڕەخنەیە پێشکەشبکەن بۆ نموونە: لەمڕۆدا سەبارەت بە کێشەوگرفتەکان نەخوێندەوارو خوێنەوار، کەسێکی ئەکادیمی و ...تاد ڕەخنە لە کارو هەڵوێستو هەواڵ و پێشێلکردنی مافی مرۆڤو دابو نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دەگرن، تا ڕادەیەك بەهەمان شێوە دەڕواننە جوانی گوڵو جوانی دیمەنەکانی سروشتو جوانی مرۆڤ، کەواتە ئەم جۆرە ڕەخنەیە پێویستی بە ئاستێکی بەرزی زانیاریو شارەزایی نییە، هەرچەندە لەوانەیە هەندێ زاناو ڕۆشنبیر، جۆرە بەهایەکی فەلسەفەیی کاریگەرتر بەلایەنە باشو خراپەکانی بدەن، بەڵام هەرچۆنێك بێت مرۆڤ لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، زۆرترن جار بە شێوەیەکی سادەو ساکارانە، ڕەخنەی ڕەمەکی لەمەڕ هەندێ دیاردەو لایەنی نێو ژینگەی کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو، کەواتە ڕەخنەی ڕەمەکی مۆرکێکی دەستەکۆیی هەیەو پابەند نییە بە جۆرە مەعریفەیەکی بەرزەوە.

2-رەخنەی ئەکادیمی:

ئەو رەخنەیەیە کە پێویستی بە ئاساتێکی بەرزی مەعریفی لە بواری پسپۆڕو گشتییدا هەیە، بەمەش کەسێکی شارەزاو زانا لە بواربێکی تایبەتدا پێیهەڵدەستێت، ئەم کارەش لەسەر بنەمایەکی لۆژیکی و زانستی ئەنجامدەدرێت، بە پشتبەستن بە پرەنسیپ و پێوەرو میتۆدو رێبازەکانی رەخنە، واتە ئەم جۆرە رەخنەیە تا رادەیەك هەمەچەشنو هەمە جۆرو بابەتییە، هەروەها لە رەخنەی ئەکادیمیدا زیاتر مۆرکێکی تایبەتیو تاکە کەسی تێدا بەدیدەکرێت، ئەم جۆرە رەخنەیە دابەشدەبێت بەسەر:

ا- رەخنەی زانستی:

ئەو رەخنەیەیە کە لە بوارەکانی فیزیاو کیمیاو بیرکاری ... هتد، واتە لە بوارە زانستییەکاندا ئەنجامدەدرێت، لەم جۆرە رەخنەیەدا مەودای لێکدانەوە زۆر بەرفراوان نییە، بەڵکو شیکاری رۆڵدەگێڕێت، چونکە رەخنەکە پابەندە بە هەندێ یاسای زانستی تایبەت بەو بوارە زانستیەی، کە رەخنەکەی تیایدا ئەنحامدەکریت، رەخنەگر هەوڵدەدات، هەڵە زانستییە لۆجیکیەکان راست بکاتەوە، بەو مەبەستەی لایەنە زانستیەکەی تێدا زیاتر سەقام گیربێت، لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت رەخنەگر لەم جۆرە رەخنەیەدا خاوەن پێگەیەکی زانستیو ئەکادیمی بێت.

ب- رەخنەی هونەری:

ئەو رەخنەیەیە کە لە بواری هونەریو شێوەکاری هەڵکۆڵینو هونەری وێنەکاریو سینەماو شانۆ ئەنجامدەکرێت، لەم جۆرە

ڕەخنەیەدا چێژی هونەری گەورەترین سەنگ و لایەنی ڕەخنەگرتنەکەیە، بۆئەوەی خوێنەر زیاتر بخرێنە نێو ئەو جۆرە هونەرانەو ئاستی هونەری لەلۆژیك و دەرونیاندا گەشەبکات، لەم جۆرە ڕەخنەیەدا سەودای لێکدانەوە بەرفراوانەو لایەنی دەروناسی و مەعریفی زاڵترو پێویست و کاریگەریترە، تاوەکو خوێنەر بە تەواوی لە پەیامی ڕاستەقینەی بابەتە ڕەخنە لێگیراوەکە بگات.

ڕەخنەگری ئەم بواڕە، پێویستی بە پسپۆڕی و تایبەتمەندی هەیە، تا بەراستی لە سروشتی هونەرەکە بگات و خوێنەر لە چەواشەکردن دوور بخاتەوە، شایانی باسە لە بواری ڕەخنەی شانۆدا، ئەو جۆرە بەرهەمانە دەگرێتەوە کە لەسەر شانۆ نمایشدەکرێن، ئەگینا دەقی شانۆکە خوی بۆ خۆی دەچێتە بواری ڕەخنەی ئەدەبییەوە.

پ- ڕەخنەی ئەدەبی:

خوێندنەوەیەکی زیرەکانەی دەقە ئەدەبییەکانە، بەمەبەستی دیاریکردنی ئاستی بلیمەت و داهێنان و لێهاتووی خاوەن دەقە ئەدەبی و هونەریەکان و خستنەڕووی چۆنێتی فراوانکردنی مەرجە هونەریەکانی ئەودەقانەو، خستنە ژێر تیشکی ڕەخنەوە، هەروەها ڕەخنەی ئەدەبی گەڕانە بەدوای لایەنەکانی ئێستای دەقە هەڵبژێرراوەکان، بەمەبەستی دیاریکردنی کاریگەری چێژی هونەری ئەودەقانە، هەموو ڕەخنەیەکی ئەدەبی هەوڵدەدات چەمکێکی بەرفراوان لەبارەی دەقەئەدەبییەکەوە پێشکەشبکات.

هـەموو دەقێکـی ئـەدەبی، چـەندین دیـاری رەخنـەیی بـەپێی بۆچـوونی رەخنـەگرو سروشـتی رێبازەکـەی هەڵـدەگرێت، ئـامرازی رەخنەگرتنەکە زمانە، ئامانجی هـەموو جۆرە رەخنەیـەك دەقەکەیـە، لە هەموو حاڵەتێکدا پرۆسەی رەخنە، پرۆسەیەکی بـەرزی داهێنانـە و رەخنـەگر بـەهیچ شـێوەیەك مشـەخۆر نییـە لەسـەر داهێنـانی کەسانی تردە ، بەڵکو وەك رێنیشاندەرێکی ئەدەبی و رۆشنبیری، خزمەتی خاوەن دەق و خوێنەر دەکات.

گـەورەترین جیـاوازی لـەنێوان بیرکردنـەوەی خـاوەن دەق و رەخنەگرەکـە ئەوەیـە، خـاوەن دەق بەمەبەسـتی بەخشـینی جـۆرە مەعریفەیـەکی بـەرز، بەبیرکردنەوەیـەکی پێکهێنەرانـەوە دەقەکـەی دەنوسـێت، بـەڵام رەخنـەگر خـاوەن بیرکردنەوەیـەکی شـیکاریە و بەهۆیەوە لایەنگرانی دەقەکە کەم، یان زیاد دەبن، کەواتە رەخنـەگر بلیمەتترو داهێنەرترە لە چاو بلیمەتی و داهێنانی نووسـەری خـاوەن دەقەکە.

پەیوەندی نێوان دەقێکی ئەدەبی(شیعر، چیرۆك...تاد) دەقێکی رەخنەیی لەم سێ لایەنانە خوێی دەنوێنێت[9]

1-بە دواداهاتن: واتە هـەموو دەقێکی رەخنـەیی پـاش دەقێکی ئەدەبی لەدایك دەبێت

2-زمانەوانیی: واتە زمانی دەقی ئەدەبی هاندەرێکی سەرەکییە بۆ لەدایکبوونی زمانێکی تر لـەبواری رەخنـەدا،(رۆڵان بارت) ناوی

[9]- د. عادل گەرمیانی، رەخەی ئەدەبی، وانەکانی کۆرسی خوێندن

دەنێت (میتا زمان) بەوەی بە زمانێکی سەروترو بالاتر دەنوسرێت لە چاو زمانی دەقە ئەدەبییەکە.

3-لۆژیکیی: واتە پەیوەندی نێوان دەقەکەو ڕەخنەکە لۆژیکە، بە شێوەیەك تێیدا لایەنی لۆژیکی ئاشکراو دیاربێت، ئەوکاتەی ڕەخنەی دەقە ئەدەبییەکە دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە ، دەبێت هەوڵبدات جۆرە زانیاریەکی بەرزتر لەبارەی سروشتو واتای دەقە ڕەخنە لێگیراوەکە پێشکەشبکات، بەمەش بەرزترو سوودمەندتر دەبێت، بەم پێیەش چەمکی ڕەخنە بەکورترین پێناسە، واتای واتایە، چونکە وتاری ڕەخنە وتارێکی مەعریفییەو خاوەن ئاستێکی بەرزترە لە چاو سروشتی وتاری دەقە ڕەخنە لێگیراوەکە. لەڕاستیدا لەناخی هەموو ئەدیبو نووسەرێکدا، کەسایەتیەکی ڕەخنەیی شاراوە هەیە، پرۆسەی ڕەخنەگرتن لەدەرەوەی دەقیش، لەڕێی بۆچوونە ئەدەبییەکانی ڕەخنەگرەکەوە دەرئەکەوێت. لێرەوە پرۆسەی نوسینی دەقو ڕەخنەی دەق، دوو ڕووی یەك دراون، هەرچەندە ڕووی ڕەخنەکە پابەندە بەرووی دەقەکەوە، لە هەموو حاڵەتێکدا پەیوەندیەکی کاریگەر لە نێوان ئەم دوو ڕووەدا هەیە، چونکە کرۆکی دەقە ئەدەبییەکە، دەبێتە زەمینەیەك بۆ گەشەسەندنی ڕەخنەی ئەدەبی ، هەروەها کرۆکی ڕەخنەکە دەبێتە هاندەرو گەشەپێدەرێك بۆ دەقە ئەدەبییەکە، بەاڵم لەهەموو حاڵەتێکدا ڕەخنەگر ئاشکراکەری داهێنانی ئەدەبیە .


زمانی دەق
میتازمان
شاعیر
دەقی ئەدەبی
رەخنەگر
نوسەر
مانای مانا
بابەت

جۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی

1-ڕەخنەی هۆنراوەیی:

ئەم جۆرە ڕەخنەیە، کۆنترین جۆری ڕەخنەی ئەدەبییە، ڕەخنەگری شیعر، دەبێت شارەزاییەکی باشی لەبواری میتۆدو ڕێبازو قوتابخانەو شێوازەکانی شیعر نووسین (کلاسیکی، نوێ) هەبێت، هەروەها دەبێ خاوەنی جۆرە لێکدانەوەیەکی کاریگەرو جیاواز بۆ دەقەکە، یان مەغزای، یان بیری سەرەکی شیعرەکە بێت، جگە لەمەش دەبێت خاوەن شارەزاییەکی باش بێت لەبواری ئەندێشەی شیعرییدا، تاوەکو بەسەرکەوتویی وێنەو زمان وتەکنیکی جیاوازو هونەریەکانی نێو دەقەکە بخاتەروو، کە زیاتر شاعیر بۆ دەرخستنی ئاستی بەرزی شیعر نوسینی خۆی بەکاریاندەهێنێت، بەدەرلەمانەش ڕەخنەگری شیعریی، دەبێت خاوەن جۆرە زمانێکی بالاّبێت، لەو جۆرە زمانەی لە نێو دەقی شیعرەکە بەکارهاتووە.

2- ڕەخنەی پەخشانی:

ئەو جۆرە ڕەخنەیەیە کە لەو دەقانە دەگرێت، کە بەشێوەی پەخشان نوسراوەتەوە، تیایدا پەخشاننوس بەهۆی بەکارهێنانی هونەری پەخشان و کاریگەری ڕستەکانو ڕەوانبێژی، جگەلەوەی لەدەقی پەخشاندا لەگەڵ هەبوونی جۆرە سەروایەکی لەیەکچوو، پێویستە جۆرە بیرێکی مۆسیقیی بە کۆتایی ڕستەکان ببەخشرێت، بە مەرجێك ئەم جۆرە سەروایە لەسەر یەك جۆر نەڕوات، بەڵکو

دەبێت پەخشاننوس هەماهەنگی و هەمە جۆری لە بواری سەرواکانی کۆتایی رستەکان دروستبکات، جگە لەمەش رەخنەی پەخشانی کار لەسەر تەواوی ئەو دەقانەی تری پەخشان دەکات، وەك (وتار، سەرگوزشتە،.....تاد) لەهەمانکاتدا رەخنەگری ئەم بواره دەبێت زۆر شارەزا بێت لە تایبەتمەندی رەوانبیژی و بونیادی پەخشانەکە، جگە لەوەی دەبێت شارەزاییەکی باشی هەبێت لە بواری واتاسازی وشەو فرێزو ئیدیۆمی نێو دەقی پەخشانەکە.

4-رەخنەی چیرۆکی:

ئەو جۆرە رەخنەیەیە کە کار لەسەر دەقە چیرۆکییە هونەرییەکان دەکات، بەمەبەستی دەرخستنی ئاستی زمان و گێڕانەوەو کارئەکتەرو.....تاد دەق و هێزی نوسەر، مانایەکی تر.

ئەم جۆرە رەخنەیە ئاراستەی دەقی ئەو چیرۆکانە دەکرێ، کە بە شێوەیەکی هونەری نوسراون و جیاواز لە شێوازی حیکایەت گێڕانەی نێو چیرۆکە میللیەکان، بەوەی بەزمانی سادەو ساکار نزیك لە قسەی رۆژانەی خەڵکی دەگێڕرنەوە.

رەخنەگری چیرۆك دەبێت شارەزایەکی باشی لەمەرجە هونەریەکانی بنیادی چیرۆك وەك پەخشانێکی هونەری هەبێت ، هەروەها دەبێ رەخنەگری ئەم بواره، شارەزاییەکی باشی هەبێ لەبواری چیرۆکی هونەری (کورتیلە چیرۆك ، چیرۆکی کورت ، چیرۆکی درێژ).

4- ڕەخنەی ڕۆمانی:

ئەو ڕەخنەیە کە کار لەسەر ڕۆمان دەکات و تێیدا بەوردی زمان و ڕەگەزو تەکنیك و بنەماو.....تاد تێیدا دیاریدەکات و پێگەی ڕۆماننوس و ڕۆمانەکە دیاریدەکات، بۆیە دەبێت ڕەخنەگری ئەم بوارە شارەزاییەکی باشی لە مەرجە هونەریەکانی بنیاتی ڕۆمان هەبێت ، جگەلەمەش شارەزاییەکی باشی هەبێ لە نێوان جۆرەکانی ڕۆمان (ڕۆمانی کورت ، ڕۆمانی درێژ) لەلایەك لەگەڵ جیاوازی بوونیان لەگەڵ چیرۆکی درێژ ، چونکە ئەم دووجۆرە هێندە لەیەکەوە نزیکن، کەواتە ڕەخنەگری ڕۆمان لەچاو جۆرەکانی تری دەقدا کارەکەی گرانترە، چونکە وربوونەوەی خاوەن بەرهەم و دەقی هێنراو بەگرانی تێدادیاریدەکرێت.

5- ڕەخنەی شانۆیی:

ئەم جۆرە ڕەخنەیە ئاراستەی دەقە شانۆییەکان دەکرێت، ڕەخنەگری ئەم بوارە، پێویستە شارەزاییەکی باشی هەبێت لە جۆرەکانی شانۆ وسەرجەم مەرجە هونەریەکانی شانۆو تەکنیك و پێکهاتەو.....تاد، چونکە لێرەدا دەتوانین دەقێکی شانۆیی دروست و سەرکەوتو دەستنیشانبکات، هەروەها دەبێت خاوەن ئەزمونێکی باش بێت لەبواری شانۆو کاری شانۆییدا، لێرەوە ئەرکی ڕەخنەگرتنەکەی بەهێزترو ئەکایمی دەکات.

رەخنەی جیهانی

یەکەم: رەخنەی یۆنانی (زەمینەی رەخنەیی)

1-هۆمیرۆس850 پ.ز

یەکێکە لە شاعیرە داستان نوسەکانی گریك و گریکە کۆنەکان باوەڕیانوابوو، یەکێکە لە کەسایەتییە میژۆوییەکان، هەندێك دەڵێن ئەفسانەیە، هەندێکی تردەڵێن ناوی راستەقینەی(ملیسجینیسmelesigenes)ەو ناسراوە بە هۆمیرۆس، لەبەرئەوەی کوێربووە، یان لەشەڕدا بەدیلگیراوە، یان لەبەرئەوەی بەر لەهەموان سەرقاڵی رێکخستنی ئەم داستانە شیعریانەبووە"[10] هەندێك دەڵێن خەڵکی(کۆلۆفۆنcolocphon) هەندێکی تر دەڵێن خەڵکی(سمورناsmurna) یان (کوماumac) یان (پروکلوسproclos) هەموو ئەم شوێناش یۆنانین، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆدا ژیاوەو وەك شاعیرانی گەڕۆکی دی لەم کۆشك بۆ ئەو کۆشك گەورەبووە[11]لەبارەی مردنیشیەوە هەندێك دەڵێن" کەس نازانێت لەکوێ و چۆن مردوە" هەندێکی تر دەڵێن" خۆی لە شاری (ئیۆس) کوشتوە، ئەو شارەی کە دایکی لێی لەدایکبووە[12]، یۆنانییەکان پێیانوایە پێش ئەلیادەو ئۆدیسە خاوەن شیعری تر

---

[10]- د. محمد صقر خفاجة، تاريخ الادب اليونانى،مكتبة النهضة المصرية، 1956،ص40

11- هەمان سەرچاوە

12- هەمان سەرچاوە

بـــوون، بـــەلأم تۆمارنـــەکراون، یـــان قســـەیان لەســـەرنەکراوە وەك(ئورفیوس،موسایوس) ئورفیوس مامۆستای موسایوس بووە.[سمتر]

هـۆمیرۆس خـاوەنی دوو داسـتانی گرنگـە(ئـەلیادە، ئۆدیسـە) هەریەکـە لـە ڕەخـەگرانی ئەسـکەندەریە(ئەریسـتارخوس،زنودوتوس) باوەڕیانوایـە زۆرێـك لـە بەشـی ئـەم شـیعرانە هـۆمیرۆس داینـەناون، ئەوکاتـەش ئەمـە وەك کێشـەی هـۆمیرۆس ناسـێنرا، تـاوەکو سـەدەی شـانزە کاتێـك(سـکالیجرscaliger)ئـەوەی ڕاگەیانـد" کـە ئـەلیادە لـە دانراوی تاکە کەسێك نییە، لەسەدەکانی حەڤدەو هەژدەشدا هەریەکـە لە(ئوبیناك(aubinac)وقۆڵتێر) پشتیوانی ئەم بۆچوونەیانکرد، بـەلأم بەڵگەی زانستیان بەدەستەوە نەبوو[هسمتر]

دواتـــر ڕەخنـــەگری ئەڵمانی(فریـــدریك ڤۆلـــف F. wolf) لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر ئەم مەسەلەیەکردو لە ساڵی 1795 بلاوکردەو ئەوەی خستوەتەڕوو، ئـەلیادە بەتـەنها هـۆمیرۆس نەینوسـیوە، بـەڵکۆ بەشـێك لـە شـیعرەکانی شـاعیرە لاسـاییکەرەوەکان نوسـیویانە، لـەم بۆچوونەشیدا پشتی بەو نوسینانەی هۆمەر بەستوە، کە جیاوازی لە نوسـینیاندا هەیـە، بۆیـە ناکرێـت ئـەم ئاکـارە لـە یـەك یادەوەریـەوە بەرهـەمهاتبێت، بـەلأم ئـەمیش دژی وەسـتانەوەو لـە سـەدەی نـوزدەدا ڕەخنـــەگرانی فەرەنسی(ئەرنســـت هافـــت E.havette) و (جـــوا جیرارJ.girar)ئەوەیان خستوەتەڕوو، کە ئـەلیادە یـەك کـەس دایناوە، دواتریش ڕەخنـەگری بەلجیکی(ئـەلبیرت سـفرینس(A.seveyryns)

[13] Arist.port .chaps6-8

[14] د. محمد صقر خفاجة، تاريخ الادب اليونانى،ص41

کەزۆررترین کاری لەسەر هۆمەر کردوە، بەتایبەتی مەسەلەی کێشەی هۆمەر ئەوەی سەلماندوە، کە ئەلیادە لە دانراوی هۆمیرۆسە، بەلأم ئەو جیاوازی و دژیەی کە لە هەندێك بەشدا هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زیادکردن و هەموارکردنەوەی کە دواتر خراونە تەسەری.[15]

هەرچەندە رەخنەگران هەمان هەوڵیشان لەسەر ئۆدیسا دا، بەلأم ئەو جیاوازویانەیان لەنێوان بەشەکانیدا بەدینەدەکرد ، دواتر ئەوەیان خستەروو، کە ئۆدیسە هەمان ئەوکەسە نەینوسیوە کە ئەلیادەی نوسیوە، بەهۆی جیاوازی زمان و مێژو و جوگرافیای داستانەکەوە، چونکە زمانی ئەلیادە لە ئۆدیسا لەپێشترە.

دیۆنیسیۆس ئەلهلیکارناسی دەڵێت" ئەلیادە(15537) دێرە شیعرەو زانایانی ئەسکەندەریە دابەشیانکردەوە بۆ (24)سرود، هۆمیرۆس نوسیویەتی و لەسەرەتای لاویدا نوسیویەتی، بەلأم ئۆدیسە(12000) دێرەو دابەشیانکردەوە بۆ (24) سرودو لە کۆتاییەکانی ژیانیدا نوسیویەتی، ئەرستۆش سەرسامی بە یەکیەتی بابەتی لە هەردوو داستانەکەدا دەربڕیوەو دەڵێت هەردووکیان لە دانراوی هۆمیرۆسن"[16]لەدوای هۆمیرۆسەوە زۆر شاعیر هەوڵیداوە وەك هۆمیرۆس بکات و لاساییبکاتەوە، بەلأم کەسیان نەیانتوانی، لەوانە(پروکلوس، سەدەی دووی میلادی، فوتیوس سەدەی نۆی میلادی).

---

[15]– د. محمد صقر خفاجة، تاريخ الادب اليونانى، ص42

[16]- هەمان سەرچاوە،ل43

2- هیسیۆدۆس

"لە ئەسکرا لە یەکێك لە شارەکانی (بئوتیا) لەدایکبووە، هەندێکی تر دەڵێن لە شاری (کوما) لەسەر ڕۆخی دەریای ئیجە لەدایکبووە، بەڵام بەمندالّی چووە بۆ ئەسکرای خەفەتبار، چونکە شاعیر دەڵێت لە زستاناندا خۆش و لەهاویندا مرێنەرە، بۆیە لە هیچ وەرزیدا گونجاو نییە، هەندێك دەڵێن پێش هۆمیرۆس و هەندێکیش دەڵێن دوای هۆمیرۆس لەدایکبووە، هیرۆدوت دەڵێت: هەردووکیان لەیەك سەردەمدا ژیاون، بەڵام دوای هۆمیرۆس ژیاوە، چونکە باس لە ئەلیادەی هۆمیرۆس دەکات[بیتر] لەخێزانێکی هەژار لەدایکبووەو وەك شاعیرانی پێش خۆی لەو شوێن بۆ ئەو شوێن گەورەبوەو پەروەردەکراوە، بۆیە ژیانی ئاڵۆزەو لەدوای خۆی خوێندکارەکانی شیعرەکانیان کۆکردەوەتەوە، لە دوای هۆمیرۆسەوە دێت و لەگەڵ جوتیاراندا هەڵسوکەوتی کردوەو بە دامەزرێنەری شیعری فێرکاری دادەنرێت، هەرچەندە پێشر چەند هەوڵێك دراون، وەك پەندو قسەی نەستەق لە بۆنەکاندا، لەپێناو فێرکردنی خەڵکیدا، بەڵام کەسیان وەك ئەم نەبوون، چونکە ئەم هونەری شیعری فێرکاری بنیادناو گەیاندیە لوتکە[بیتر]

---

[17] محمد صقر خفاجة، تاريخ الادب اليونانى، ص57

[18] – هەمان سەرچاوە ،ل56

لەبارەی سات و چۆنییەتی مردنیشی جیاوازی زۆری لەسەر هەیە، هەندێك دەڵێن کۆژراوە، بەهۆی ئەوەی لای خێزانێك بووەو دواتر خاوەن مالٌ زانیویەتی پەوەندی لەگەڵ کچەکەی هەبووە کوشتویەتی، هەندێکی تر دەڵێن بەهەڵە کوژراوە، چونکە کارەکەرەکەیان ئەمەی کردوە نەك هیسیۆد، بەشەو کە چوون بۆ کوشتنی بەهەڵە ئەمیان کوشتوە.

گرنگترین کارەکانی

1-چامەی کارەکان و رۆژەکان: (828) دێرە شیعرە، دابەشدەبێت بەسەر پێنج بەشدا(کارو دادپەروەری، کشتوکالٌ و مێرگەکان و ئەوانەی پەیوەندی بەم مەسەلانەوە هەیە، گەشت و گوزەرکردن، ئامۆژگاری کارەکی بۆ جوتیاران و کارەکەیان، باسکردن لە ژیانی رابردوی) لە کۆی گشتی شیعرەکەش باس لە بارودۆخی سیاسی کۆمەلاٌیەتی و ئەدەبی یۆنانی و باس لە خۆی و باوك و براکەی و نیشتمان دەکات و جیاوازە لە شیعرەکانی هۆمیرۆس، قۆناغی گواستنەوە لە شیعری داستانە شەڕیەکان بۆ شیعری بڕیاردان. لەگەڵ ئەوەی لەسایەی دەسەلاٌتی پاشایەتی تاکڕەویدا نوسراوە، وەك ئەلیادەو ئۆدیسە، تێیدا حەملەیەکی توند دژی پاشاکان دەستیپێکردوە، واتە هاوارە دژی سستەم و زۆرداری، ئەمەش ئاستی هوشیاری سیاسی و رۆشنبیری یۆنان

دەردەخـــات، هەرلەبەرئەمـــەش هیســـیۆد یەکـــەم ســـەرکردەی نیشتمانییە.[19]

2-نەسەبی خواوەند:

تایبەتمەنی ئەم شیعرە یەکیەتی تەکنیك و بەدوایەکداهاتنی بیرەکانـە، بـاس لـە دروسـتبوونی گـەردون و دەرکـەوتنی سـێ دروسـتکراوەکانی دەکـات(فـەوزا، زەوی، خۆشەویسـتی) دواتـر ئاسمـــان و شـــەیتانەکان عەمالقـــەکان(تیتانیس، کوکلـــوپیس .....تاد) دروستکراون، پاشان ژن و ژنخوازیـان لـەنێوان خۆیاندا کـــردوەو نـــەوەی تریـــان هێناوەتـــە دنیـــا، لەوانـــە نـــەوەی خواوەنـــدەکان(زیۆس، هیراوهـــادیس، پوســـیدون) دواتـــر پرۆمیسیۆس یەکێك لە تیتیانیسەکان فێل لە زیـۆس دەکات و ئاگرەکـــەی لێدەدزێـــت، بەمـــەش شـــەڕ لـــەنێوان خواکـــان و تیتیانسـەکاندا رووەدات و خواکـان دەیبەنـەوەو زیـۆس دەکەنـە سەرۆکی خۆیان.

[19]– محمد صقر خفاجة، تاريخ الادب اليونانى،ص59

قۆناغی یەکەم:

١- ئەرستۆفان(446-448-450/380-385-386)

بەپێی مێژوو یۆنانی کۆن لانکەی لە دایکبوونی چەندەها جۆرە زانستەو رەخنەی ئەدەبیش یەکێکە لەو زانستانە، چونکە سەرەتا ساکارییەنی رەخنە، یەکەمجار لە کارە کۆمیدییەکانی نوسەری بەناوبانگ ئەرستۆفاندا دەردەکەوێت.

" ئەرستۆفان لە خێزانێکی دەوڵەمەند و ڕۆشنبیردا گەورەبووەو تاکە نوسەری کۆمیدی یۆنانی کۆنە، کە تەواوی کارەکانی مابنەوە کە (11) بەرهەمە، نوسەرە کۆمیدییەکان لەو کاتەدا ئەم جۆرە نواندنانە، بە هۆکاری ڕەخنەگرتن و باسکردن لە بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیاو تێڕوانینی دەخستەڕو، ئەگەر شاعیر لە خستنەڕووی ئەم بیر و باوەڕانە کە ڕەخنەی لێدەگرێت سەرکەوتوبووایە، ئیدی دوچاری ئەوە نەدەبوو، کە ئەوەی وتراوە نمایشکراوە، لەگەڵ واقیع و حەقیقەتدا یەکدەگرێتەوە یان نا "[20].

ئەرستۆفان یەکێکە لە نوسەرە بەناوبانگەکانی شانۆی یۆنانی کۆن، کە بە هۆنراوە دەنوسرایەوە، ئەم نوسەرە لە هەردوو بواری مەرگەسات (تراجیدیا)و بەزمەسات (کۆمیدیا) بەرهەمی نوسیوەو بە یەکێك لە پێشەنگەکانی شانۆی یۆنانی کۆن دادەنرێت، پاشان

---

[20]-د . عبدالحسین زرین کوب، اشنایی با نقد ادبی، انشتارات سخن ،1388 طلاس م ص 198

هەریەکە لە ئەسخیلۆس و یۆرپیدس، هەوڵیانداوە لە ڕێی دەقی شانۆکانییەوە، هەندێ بیروبۆچوونی ڕەخنەیی لە بارەی پەیامی شانۆو سروشت جۆرەکانییەوە، بیروڕای خۆیان دەربارەی ئەدیب و نوسەر بخەنەروو، لەگەڵ ئەوەی هەندێ لایەنی پەیامی ئەدەبیان خستوەتەروو.

ئەرستۆفان پێیوایە ئەدەب جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕەخنەگرتن، نووسەر دەتوانێت لە ڕێی دەقەکانییەوە، هەندێك ڕەخنە ئاراستە بکات، یان پێشکەشبکات، بەم جۆرە ڕەخنەیەش دەوترێت ڕەخنەی ناو دەق، نوسینەکانی ئەرستۆفان زیاتر لە سەر شێوازی هۆنراوەو نواندنی نوسراوە.

شێوەی ڕەخنەگرتن و گاڵتە پێکردنی ئەرستۆفان، تواناو کاریگەرییەکی زۆری هەبوو، هەر لەبەرئەمەش ئەفلاتون لە بارەی ئەوەوە دەڵێت"کاتێك خوداوەند زەوقی پەرستگای ڕوخاوی قبووڵنەکراو بۆ خۆی لێکدەداتەوە، ڕوحی ئەرستۆفان هەڵدەبژێرێت [21] بۆ نمونە لە شانۆیی(هەورەکان) (nephelai)[22] کە شاعیر بەدرێژایی ئەمە، هەجوی سقراتی هاوڕێی دەکات، لە شانۆگەری (بۆقەکان)دا (batrakhoi)[23] کە لەبارەی ڕەخنەو هەجوکردنەوەیە،

---

[21] –Ploton ، banquet

[22] – Les nuees

[23] – Les Grenouilles

ئەوە پیشاندەدات کە گەورەترین دەسەلاّتداری ئەو سەردەمە و گەورەترین شاعیر لە زمانی پارێزراونین.

ئەگەر بەرهەمەکانی ئەرستۆفانیش نەبوونایە، نە دەتوانرا مرۆڤ ئەوە وێنابکات، کە لەو سەردەمەدا نوسەرانی کۆمیدی سەبارەت بە ئەرباب و پلەی ئاینی و سیاسەتمەداران و شاعیران و خەڵکی شاخ و بازار ، تەنانەت ژنانی یۆنان کە لەماڵەوەن ، بەم بووێری و بێعەقڵیەوە قسەدەکەن .

کۆمیدیای (بۆقەکان) زیاتر لە هەموو بەرهەمەکانی ئەرستۆفان بیروباوەڕ لەبارەی مەسەلەی پەیوەست بە ڕەخنەی ئەدەبی پیشاندەدات، بەلاّم دەبێت سەرەنج لەوە بدرێت، کە لەبەرهەمی ئەم شاعیرەدا، ڕەخنە زیاتر لە ڕوانگەی سەتیرو تەنزو گاڵتەپێکردنەوەیە، هەر لەبەرئەمەش شانۆگەری (بۆقەکان) نابێت بە چاوی بەرهەمێکی وردی ڕەخنەوە لێی بڕوانرێت[شمیر] .

بەم پێیە لەم کۆمیدیایەدا ئەوە هەڵدەهێنجرێت، لەو سەردەمەدا بابەتی ڕەخنەو حکومەت لە بەرهەمی شاعیراندا، ئەوەندە بۆ خەڵکی بەگشتی سەرەنجڕاکێشبووە، کە دەیانتوانی چەند کاتژمێرێك لە شانۆکاندا، یان شوێنی نمایشکردنەکاندا بە پێوە بووەستن، بەگشتیش لە شانۆکانی ئەرستۆفاندا ئەمە دەبینرێت .

ئەم شانۆنامەیە لە هەمانکاتدا هەجو نامەیەکی مەزهەبیەو بە دریژای ژیانی ئەم شاعیرە، ڕەخنەی ڕەقیبی لە بەرهەمەکانیدا

---

[24]– د.عبدالحسين زرين كوب، اشنايي با نقد ادبی، ص199

دەبینرێت و گاڵتە بە (دیۆنیسیۆس) ی خوای شەراب دەکات، چونکە کورتەی داستانەکەی بەو شێوەیە، کە دیۆنیسیۆس لە سەیرکردنی تراژیدیاکەدا کە بەناوی ئەوە نمایشدەکرێت مەلول دەبینرێت، پاشان دەچێت بۆ دۆزەخ (hades) تاوەکو شاعیرێکی کۆن کە ئەم قبوولّیەتی بیگێڕێتەوە بۆ ژیان، ئەو کاتەی کە بە پێستی شێرێکەوە دەڕوات تاوەکو خۆی مەترسیدار نیشانبدات، جارێک بەلای ڕووباری دۆزەغدا (styx) دەڕوات و لەناو غەوغاو هاواری (بۆقەکان) دەگاتە دۆزەخ ، لەوێ بە ئاشکرا لەگەڵ ئەشیل لە بارەی لە پێشی و مامۆستای خۆی شەڕدەکات و هەریەکەشیان بە گەرمی و وردیەوە ڕەخنە لە بەرهەمی ئەوی تر دەگرن ، (دیۆنیسیۆس) کە لەسەر بانگهێشت ئامادەبوو ، وەك دادوەر بڕیاردەدات ، ئەشیل لە پێشترو باڵاتر هەڵدەبژێرێت و لەگەڵ خۆیدا دەیگێڕێتەوە بۆ جیهانی زیندان ، بەڵام ئەوەی لەم شەڕەدا، یان دادگاییەدا دەبینرێت، کە لەبارەی تانەی ئەرستۆفانەوە ئەوەیە ئەو خوازیاری نوێکردنەوە بووەو لەگەڵ دیموکراسیدا پەیوەندی هەبووە، لە بارەی بیروباوەڕیشەوە پەیڕەوی پرەنسیب و ئسوڵی بووە، کە لەبارەی ئەرستۆفانی محافەزکار و کۆنە پەرستیەوە، ناتوانێت جێبەجێبکرێت .

لە هونەری نوسیندا تا ئەوکاتە تەنەزوڵی نەکردوەو ڕوداوی ژیانی ئاسایی و گشتی کردوەتە بابەتی شانۆگەریەکانی ، ئەشیل دەڵێت (شاعیر دەبێت خەوش و شەڕ دابپۆشێ و نەیخاتە سەر پەردەی شانۆ و نمایشی نەکات، هەروەها بۆ منداڵان و فێرخوازان

پێویستە، بەڵام گەورەکان و بەتەمەنەکان و شاعیران دەبێت فێربکرێن)، ئەرستۆفان دەڵێت دەستوری گشتی و بنچینەیی جیاواز و دژ بەکاردەهێنێت و شانۆگەرییە سەرەتاکانی لەیەک دەچن و زۆربەی دیالۆگەکانی نێوان کەس و پاڵەوانەکانی نێو داستانەکانی بێئەنجامە، چونکە سەفسەف بێسودە، جگە لەمەش مۆزیکی شانۆکانی پەسەند نییە، چونکە تێکەڵ و ناسازگارن .

بەرهەمەکانی

1- خەڵکی ئاخارنای(425 پ.ز)

2- شۆڕە سوار (424 ی.ز)

3- هەور(پەڵە هەورەکان) (423)

4- زەردەواڵەکان (422)

5- ئاشتی (421)

6- باڵندەکان (414)

2-لیستراتی (411) لە بارەی ژنانی سۆزانییەوە، کە ڕێگە بە مێردەکانیان نادەن بگەڕێنەوە ماڵەوە، تاوەکو دەست لە سەربازی هەڵنەگرن .

3- ژنان لە بۆنەکانی لیسموفریادا(411)

9- بۆقەکان (405)

10- پەرلەمانی ژنان (392)

11-بلوتوس (388)

شانۆی هەورەکان(the clouds) (سەدەی 5 پ. ن): بابەتێکی گاڵتە ئامێزە بەسەقرات و فەلسەفەکەی، باس لە پیاوێکی پیری دەوڵەند دەکات بە ناوی Strapsiadesستریبسیادیس، کوڕەکەی ناوی Phidippides و تا سەرئێسقان قەرزارە، باوکی لەپێناو رزگارکردنی لەم کێشەیە ، هاناو بۆ سۆفستاییەکان دەبات، چونکە وای بیستبوو ئەمان دەتوانن راستی و ناڕاستی ئاشکرابکەن، بۆیە پیاوەکە دەچێت بۆ ئەو شوێنەی، کە بیرمەندەکانی لێکۆدەبوونەوە، کە لە بنچینەدا سەقرات دایمەزراندوە، بەاڵم فێربوون هیچ سودێکی بۆ پیاوە پیرەکە نابێت، بۆیە کوڕەکەی دەنێرێت، دوای خوێندن دەگەڕێتەوە لای باوکی و وردەوردە دەستدەکات بەلێدانی باوکی و دواتر دایکی، باوکی ئەمە وەك بنچینەی ئاکار دەزانێت ، بۆیە باوکی پێیوایە سقرات وایلێکردوەو بیری تێکداوە، هەور لای سقرات و خەڵکی یۆنان لە جێگەی خوداوەندە .25

ئەرستۆفان لەو شانۆگەریەدا هێرش دەباتە سەر سوقراتو کەسانی تر (سۆفستاییەکان–سفسطس (چەنەبازی) sophistes)ەکان، چونکە مێشکی لاوان تێکدەدەن، هەرچەندە ئەرستۆفان لەم شانۆگەریەدا خۆی وا دەرئەخات، کە سەر بە بیرو بۆچوونی کۆنە.

---

[25]–" بڕوانە :الأنص فی نصوص النقد الادبی ١/٣٦٨

مەبەست لە وشەی سط سطائی ئەوەیە جاران لە سەردەمی یۆنانی کۆندا بە واتای هونەر، یان پیشە بەکاردەهات، پاشان ئەم واتایە گۆڕا بۆ پیاوی دانا، لە سەدەی (5) پ. ز بە واتای بەرفراوانکردنی توانای خوێندکار لە نێو گەلدا بەکاریانهێنا، هەروەها بە واتای شارەزایی لە بوارەکانی رەوانبێژیو رامیاریو وەرزش و لە ئەنجامیشدا بە واتای بایەخدان بە رەوانبێژیو شێوەکانی دەربڕینو زیاتر بایەخدان بە جەوهەری مەعریفەت بەکاردەهات، هەر ئەم لایەنەش بووە هۆکاری ئەو رەخنە تووندو تیژانەی سوقراتو ئەفلاتون لە سۆفستاییەکان، کە بەلای سوکراتو ئەفلاتونەوە، جۆرە کەسانێکن خەریکی چەنەبازین.

-لاساییکردنەوەی بۆقەکان(The Frogs)باتراخوی(بۆقەکان) (Batpaxoi): لە سالّی(405پ.ز) نوسیویەتی، ئەوکاتەش خەلاّتی یەکەمی پێوەرگرتوە ، تێیدا هەولّیداوە کێشەی شیعری کۆن و نوێ چارەسەربکات، ئەسخیلۆسی Aeschylus26 وەك هێمای کۆن وەرگرتووەو یۆرپیدس27Euripides یشی وەك هێمای شیعری نوێ

---

[26]- ٥٢٥ ق.م ،٤٥٦ ق .م ناسراو بە باوکی تراژیدیای یۆنانی لە(484) وەك باشترین شانۆنەس ناسێنراو خەلاّتی یەکەمی لە شانۆگەری تراژیدیsupplices بەدەستهێناوە. تێیدا داوای سنوری بابەتیەتی و پەیوەستبوون بە داب ونەریتەکانەوە دەکات، لەسەر خواوەندەکان و پالّەوانەکان دەنوسێت، لەزمانی رۆژاەوە دەچیت بۆ زمانی بالاّ.

[27]- لە 485- 406 ژیاوە، یەکێکە لە شاعیرە تراژیدیە بەرزەکان، کاریگەرە بە

وەرگرتوە، ئەرستۆفانس خواستی بەلای ئەسخیلۆسدا بوو، بۆیە دەیوت: خەیاری شاعیران مردوەو تەنها نارەسەنەکان ماون"[28] شاعیرەکان گەلاّی بێ سەمەرن، بالّۆنی بەتالّن و لە هەوادا بالّدارەکان کون کونی دەکەن، ئەم شانۆگەرییە گالّتەکردنە بە هەر دوو شاعیری نەمر(ئەخیلۆس و یۆرپیدس)، دیۆنیسیۆس Dionysus خوای تراژیدیا (ڕەشپۆشی مردنییەتی)کە یۆرپیدسی کوشتوە، هەولّی گەڕانەوەی دەدات بۆ ژیان، دادەبەزێت بۆ جیهانی خوارەوەو چاوی بە هەردوو شاعیر(ئەسخیلۆس و یۆرپیدس) دەکەوێت، هەریەکەشیان هەولّدەدات لەوی تر بەهێزترو شیاوتربێت بۆ گەڕانەوە، دیۆنیسیۆس دەبێتە دادوەریان، بەهۆی ئەمەشەوە مەبەستە سەرکییەکەی کە بۆی هاتبوو لەبیری دەچێتەوە، بۆیە بەلّێندەدات براوەیان بگەڕێنێتەوە بۆ ئەسینا، چەند کارێکی هونەری و شیعریان دەخاتەبەردەم، دواتر حەیران دەبێت لە هەلّبژاردنی یەکێکیان، بەلاّم دواجار ئەسخیلۆس هەلّدەبژێرێت، لەگەلّ ئەوەی هاتوە بۆ گەڕانەوەی یۆرپیدس"[29]

فەیلەسوفەکان و بەتایبەتی سقرات، ئەوەش لەسەر بیروبۆچونی راشکاوی و بەجورئەتانە لە سەر ئاین و خواوەندەکان، پێیوایە لەسەر شاعیرە بابەتە رۆژانەییەکان و زمانەکەی بەکاربهێنێت ، ئەو کارەی کە ئەسخیلۆس داوای لێکرد خۆی لە چەلێگەری شیعر رزگاربکات.

[28]– هەمان سەرچاوە ١/٩٢

[29]– نصوص النقد الادبی ٣٩٤ – ١/٣٩٣

ئەرستۆفان لە شانۆگەری بۆقەکان کە ساڵێك پاش مردنی یۆرپیدس لە (405 پ. ز) نمایشکرا، زیاتر وەك پێوانەیەك لە نێوان ئەسخیلوس و یۆرپیدس دادەنرێت، لەم شانۆگەریەدا (دیۆنیسیۆس)ی خواوەندی شانۆ، گەشتێك دەکات بۆ لای (هاویس) خواوەندی دونیای تر، تا رێگە بە زیندووبونەوەی یۆرپیدس بدات و لەو هاوکێشانەیە لە بەرامبەری (دیۆنیسۆس) ئامادەبێت. لەو کاتەی دیۆنیسۆس بەسەر روباری (stgx) دەیویست بپەڕێتەوە، کۆمەڵێك بۆق دەستیان بە جۆرە دەنگ هەڵبڕینێك کرد، لەگەڵ دەنگی دارەکەی دەستی خاوەن بەلەمەکە، لە نێو ئەو روبارە جۆرە ئاوازێکی بەخشی، بەلای یۆرپیدۆسەوە جوانترین مۆسیقاو گۆرانی بوو، ناوی شانۆگەریەکەش هەربەهۆی ئەم حاڵەتەوە ناوە.

أ- ئەرستۆفان لەم شانۆگەریەدا بیرو بۆچوونەکانی (دیۆنیسیۆس) دەخاتەڕوو، لە راستیدا بیرو بۆچوونی ئەرستۆفان بەرامبەر شێوازو بابەتی شانۆگەریەکانی ئەسخیلۆس و یۆرپیدسە.

ب- ئەرستۆفان لە شانۆگەری بۆقەکاندا هێرش دەکاتە سەر یۆرپیدس، بەوەی بەهای پیرۆزی خوداوەندەکان و پاڵەوانەکانی ئەو سەردەمەی یۆنانی بەهۆی خستنەرووی خەوش و کردەوە خراپەکانی ئەو خواوەندەو پاڵەوانەکانەوە، بەهەمان تێڕوانینی خەوش و کردەوە خراپەکان کەسانی تری نێو کۆمەڵگەی دادەنا، کەواتە پەیامی شانۆ بەلای ئەرستۆفانەوە، ئەبێت بەهای پیرۆزی خوداوەندەکان و پاڵەوانەکانی چینی سەرەوەی کۆمەڵ بپارێزێ.

لەئەنجامی ئەم شانۆگەریە ئەرستۆفانو دیۆنیسۆس، ئەسخیلۆس بە باشتر دادەنێن لە بواری شێوازو بابەتەکانی شانۆدا، چونکە خودی ئەرستۆفان نوسەری دەقەکەیە، هەر ئەم ئەنجامەش وەهای لە یۆرپیدس کرد، داوا لە ئەسخیلۆس بکات پەیامی وشیارکردنەوەی گەنجەکان لە نێو کۆمەڵدا بگرێتە ئەستۆ.

ج- ئەرستۆفان لەم شانۆگەریەدا زیاتر ئەسخیلۆس بەوە تاوانباردەکات، کەوا تەمومژێك لە سەرەتای شانۆگەریەکانی لە دەوروبەری کەسەکان دروستدەکات، پاشان سروشتی کەسەکان بەرە بەرە رونتردەبێتەوە.

د-ئەرستۆفان لەم شانۆگەریەدا رۆڵی لە پێشخستنی مەرگەساتدا دەخاتەڕوو، لە رێی ئەو داکۆکییەوە کە یۆرپیدس لەخۆی دەکات، لەم بوارەدا یۆرپیدس ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە مەرگەساتی لە تێگەیشتنی خەڵکی نزیك کردوەتەوە، بەڵام ئەسخیلۆس رەخنەی ئەوە لە یۆرپیدس دەگرێت، کە پلەوپایەی تراژیدیای هێناوەتە خوارەوە، بەهۆی هەڵبژاردنی کەسانی هەژارو بێدەرامەت بۆ بابەتی مەرگەساتەکانی، لە وەڵامیشدا یۆرپیدس بەرگری لە خۆی دەکات، کە مەرگەساتەکانی چارەسەری کێشەکانی خەڵکی سادەو ساکار دەکات، نەك کێشەی پاڵەوانەکانو خداوەندەکان، هەروەها ئاماژەش بۆ ئەوە دەکات، کە ئەدەبی کردوتە هۆیەك بۆ رۆشنبیرکردنی جەماوەر. ئەرستۆفان لەم شانۆگەریەدا مەسەلەی هۆشیاریوشاعیری باش لەسەر زاری یۆرپیدسەوە دەخاتەروو، دەبێت مرۆڤ چاك بێت، خاوەن پەیامی

ئەخلاقی و فێرکاری بێت، هەروەها ئەرستۆفان لەم شانۆگەریەداو لەسەر زاری ئەسخیلوسەوە داوا لەئەدەب دەکات، ڕاستگۆبێت و لە وێنەگرتنی کێشەو ئاراستەکاندا واقیعیانە سەیربکاتو هەوڵبدات خودی ، لەپیشاندانی مەسەلەی دڵسۆزی لە بەردەم جەماوەردا خۆی کۆنترۆڵ بکات، هەروەها ئەرستۆفان گونجاندنی گوزارشتو دەستەواژەکان لەگەڵ مەبەستەکان لەسەر زاری ئەسخیلۆسەوە روونەدەکاتەوە، بۆنموونە:

یۆرپیدس: دەستەواژەکانت ئەوەندە قورسن، وەك تاشە بەردەکانی سەرچیاکانن.

ئەسخیلۆس: بەداخەوە خاوەن بیرکردنەوەیەکی لاوازی.

یۆرپیدس: ئایا نابینی خودی دەستەواژەکان بۆبیرە مەزنەکانوئامانجەکانی گونجاوبن؟ پاڵەوانییەتی وەڵامەکەی ئەسخیلۆس ڕاستەوخۆ لایەنێکی بیروبۆچوونی ئەرستۆفانە، لەبارەی چۆنێتی زڕاندنی دەستەواژەکان و خستنەرووبان لەنێو دەقی شانۆ نامەکاندا.

هـ- ئەرستۆفان ڕەخنەی ئەوە لەیۆرپیرس دەگرێت، کە بەرهەمەکانی بوونەتە هۆی فێرکردنی خەڵکی لەسەرپێچیکردنی فەرمانبەرەکانوویاساییەکانو منداڵانی فێری لادانی کردووە. ئەرستۆفان بۆ سەلماندی ئەم جۆرە ڕەخنەیە، چەند ڕستەیەکی ناو هۆنراوەکەی بۆ یۆرپیدس دەکاتە سەنگی مەحەك، بۆ ئەم مەبەستە، هەندێ لە هۆنراوەو شانۆکانی بۆ یۆرپیدسو ئەسخیلوس دەخاتە ناو تەرازویەکەوەو دیۆنسیۆسی خواوەندی شانۆ، دەکاتە دادوەری

ئەم کێشانەیە، کەوا لەئەنجامدا تای تەرازوی پێوانەی ئەسخیلۆس قورسە و باسی شانۆکانی ئەسخیلوس دەدات، بەم شێوەیە لایەنگری ئەستۆڤانس بۆ بەرهەمەکانی ئەسخیلوس دەردەکەوێ.

هەرچەندە دیۆنسۆس لە سەرەتای ئەم کارەدا دەڵێ" هەردوکیان براوەن و ناتوانم بڕیاری خۆم بدەم، حەزناکەم کەسیان پەسەند بکەم، لەبەرئەوەی یەکیان زۆر بلیمەتە و یەکیان شەیدام دەکات" بەڵام لە ئەنجامدا ئەسخیلۆس لەم داوەری و هەڵبژاردنەدا دەیباتەوە.

ئەرستۆفان لە شانۆگەری (خەڵکی ئاخار نای)دا هێرش دەکاتە سەر یۆرپیدس، لەم شانۆگەریەدا پرسیار لە (دیکایۆ بۆڵی) خزمەتکاری یۆرپیدس دەکات، بەوەی ئایا یۆرپیدس لە ماڵەوەیە یان نا، خزمەتکارەکەش گاڵتە بەمەسەلەی خورپە و ئیلهام دەکات، ئەرستۆفان وەڵامی خزمەتکارەکە دەکاتە زمان حاڵی بۆچوونێکی ڕەخنەی خۆی لەبارەی لایەنێکی بیرکردنەوەی یۆرپیدس، بەوەی وەڵامەکەی(دیکایۆبۆڵی)یەوە دەردەکەوێ:ئەو لەوێیەو لەوێش نییە. ئەگەر زیرەکی لەمە تێبگە. بێگومان پیاوی پیرفەر بە کۆکردنەوەی ئەندێشەو درۆکان لێرەو لەوێ خەریکە، بۆیە بیرو زەینی لە ماڵەکەیە، بەڵام خودی خۆی لە نهۆمی سەرەوە دانیشتووە خەریکی مەرگەسات نوسینە.

لەم جۆرە ئاخاوتنەدا چۆنییەتی نوسینی شانۆکانی یۆرپیدس و ڕەخنەی ئەرستۆفان دەردەکەوێت ، بەوەی

ئەندێشەکانی یۆرپیدس لەبواری مەرگەسات نوسیندا درۆ و هەڵخەڵەتاندنە.

ب- هەروەها ئەرستۆفان لەو شانۆ نامەیە رەخنەیەکی تر لە پۆرپیدس دەگرێ، کە کارەساتی گەورەو بەرز لە نێو شانۆکانی بەکارناهێنێت، بەڵکو زیاتر بابەتی کۆمەڵایەتی و کەسێتی کۆمەڵایەتی سادەو ساکار لە مەرگە ساتەکانیدا بەکاردەهێنێت، هەروەها ئەرستۆفان ئەم رەخنەیە لەسەر زاری دیکایۆ ئاراستەی سروشتی مەرگەساتەکانی یۆرپیدس دەکات:

تۆ لە نهۆمی سەرەوە دادەنیشی، کەچی دەتوانی لە نهۆمی خوارەوە دابنیشی، بەلامەوە سەیرنییە مرۆڤە لاوازەکان لەسەر شانۆ پێشکەش دەکەین، چونکە ئەوانە بە ئاسانی گل دەبنەوەو قاچیان دەشکێ.

بەم پێیەش بێت یۆرپیدس پەنا بۆ کارەساتە گەورەکانو زمانی ئاخاوتنی ئەوانو جۆری مرۆڤی ئەوان لە نێو مەرگەساتەکاندا بەکارناهێنێت، جگە لەمەش بە ئاشکرا رۆڵی کۆمەڵایەتی خەڵكو هەڵوێستیان بەرامبەر بەرهەمی شاعیرەکان لە دروستبوونی رەخنەی ئەدەبیدا دەردەبڕێ.

-ئەرستۆفان لە شانۆگەری (دادگای ژنان)دا هێرش دەباتە سەر یۆرپیدس، چونکە:

ا- ئافرەتی کردبوو بە کەرەستەی شانۆگەریەکان.

ب- تەنیا رەوشتە خراپەکانی ژنان دەخستەروو.

ب- سقرات

قسەکردن و دوان لەسەر فەیلەسوفەکان دەبێت لە ڕوانگەی مێژوییەوەبێت، لێرەشەوە دەکرێت بەدووبەش:

بەشی یەکەم:

ئەوانەی لە ژیانیاندا پەیوەندیەکی تووندو تۆڵیان بە فەلسەفەو بۆچوونەکانیانەوە هەیە، ناتوانرێت لە یەکێکیان بگەین، ئەگەر حساب بۆ ئەوانی تر نەکەین.

بەشی دووەم:

ئەو فەیلەسوفانەن کەدەتوانرێت دابڕان لەنێوان بیرەکانیان و ژیانیاندا بکەین، بۆیە قسەکردن لەم ڕوانگەوە دەبێت حساب بۆ ئەم جیاوازیەیانە بکەین .

لێرەشدا ئەگەر ئێمە باس لە گروپی یەکەم دەکەین، کە ناتوانرێت جیاوازی لە نێوان ژیان و قەلسەفەو بۆچوون ومەزهەبەکەیدا بکەین، چونکە هەم ژیانی فەلسەفەکەیەو هەم فەلسەفەکەش بریتییە لە ژیانی، کە هەندێکجار بەمانە دەوترێت فەیلەسوفە وجودیەکان ، چونکە بوونیان بەشێکی دانەبڕاوە لە وتەکان و لەگریمانەکانیان ، نموونە سقرات، لەسەردەمی ڕێنیسانسیشدا کیرکەگۆرد.

بیۆگرافیا

لەبارەی ژیانی سوقراتەوە جگە لە شتێکی کەم، هەواڵێکی وا لە بارەیەوە نازانین، سوقرات لە ساڵی (469-478)پ.ز لە (ئۆلۆپێك) لە نزیك ئەسینا دایکبووە، باوکی پەیکەرتاش بووە و دایکیشی مامان بووە، لە سەردەمی لاویەتیدا پەیوەندیکردووە بە سوپاوە و بەهۆی ئازایەتی و بەتواناییەوە زۆر چاوی لەسەر بووە.

دوای ئەوەی تەمەنی گەیشتە پەنجا ساڵی(کزانتیبی) هێناو سۆزداریەکەی کردی بە هاوسەرو توندوتیژیەکەشی کردی بە ژنی ماڵەوە، یان دایك .هاوارو شێرەکانی وای لە سوقرات کرد، وتە بەناوبانگەکەی بڵێت، کە بەردەوام نەوە دوای نەوە دەیڵێنەوە "کوڕەکەم ژن بهێنە، ئەگەر لە ژنهێناندا سەرکەوتوبووییت، ئەوا بەخۆشی ژیان دەبەیتەسەر، بەڵام ئەگەر سەرکەوتوو نەبووییت، دەبیتە فەیلەسوف"[30]، بەگشتی ژیان دابەشدەبێت بەسەر سێ قۆناغدا:

1- قۆناغی داواکردن (طلب)
2- قۆناغی گواستنەوە (التنقل)
3- قۆناغی مامۆستایی

[30]- د. مستەفا غالب، سوقرات، لە عەرەبییەوە لوقمان رەئوف،دەزگای ئایدیا،2012،ل3

قۆناغی یەکەم: لەسەرەتایی ژیانەوە دەستپێدەکات، تاوەکو سەردەمی شەڕ.

قۆناغی دووەم: لەشەڕی (بلونبیزیە – 431 – 403 پ . ز) کە سقرات خۆی لەم شەڕەدا بەشداریکردوە، تا سەردەمی بوون بەفەیلەسوف.

قۆناغی سێیەم: لەسەردەمی بوون بە فەیلەسوف و لەدەور کۆبوونەوەی خوێندکارەکانییەوە دەستپێدەکات تا مردنی.

شتێکی ئاشکرایە فەلسەفەکەی بەفەلسەفەی (گەڕۆک، پیاسە ، هاتنو چوون (مشائی) ناسراوەو شوێنێکی دیاریکراوی بۆ وانەوتنەوە نەبووە، چونکە بەدەم پیاسەوە شتی بە خوێندکارەکانی وتووە، واتە خوێندکاری دیاریکراوی نەبووە، چونکە هەرکەسێك ویستویەتی هاتۆتە لای و چ کاتێکیش ویستبێتی پرۆشتوە، ئەوانەش کەبە بەردەوامی و زۆر بەکەمی لەگەڵی ماونەتەوە وەك ئەفلاتوون، بەهۆی دڵسۆزییانەوە بووە بۆ سقرات، سقرات مەبەستی نەبووە خوێندنگایەك، یان ئەکادیمیایەك دابمەزرێنێ، بەڵکو بەردەوام هەوڵیداوە چ لەبازاڕ، کۆبوونەوە گشتیەکان، یان کۆبوونەوە وەرزشیەکان.... هتد، قسە بۆخەڵکی بکات. لەوانەشە دانەمەزراندنی خوێندنگاکەی لەبەرئەوەی بووبێت کەبەدوای سەربەستی و ئازادیەتی ڕەهادا گەڕابێت.

لەتەمەنی 70 ساڵیدا، واتە لەساڵی 399 پ . ز لەلایەن "میلبیتێس"ە وە تاوانبار کراو درا بەدادگا، ئەو تاوانانەش کەخرابوونە ئەستۆی سقرات بریتی بوون لە :

1)مێشـــکی لاوەکـــانی تێکـــداوەو خووڕەوەشـــتی خراپـــی فێرکردوون.

2)نکـۆڵی لەخواوەندی یۆنانییـەکان دەکـات،و داوای پەرستنی خوایەکی ترئەکات.

لەم دادگایەدا "501" ئەندام بەشدار بوون، هەرچەندە دەرفەت درایـە سـقرات، تـا پاشـگەزبێتەوەو لێـرەوە خـۆیی لەپـەتی سـێدارە ڕزگار بکات، بەوەی داوای پەشیمانی بکاتو ئەسینا بەجێبهێڵێت، بەڵام ئامادە نەبوو هەموو ئەو ئامۆژگاریـە گیانیانـەی (ڕۆحـی) کـەبۆ خـــەڵکی باســـکردبوون بپوکێنێتـــەوە، بۆیـــە بڕیـــاری دادگاکـــەی هەڵبژارد، کە بڕیاری لەسێدارەدانی درابوو، دواتر بەپیاڵەیەك ژەهـر کۆتایی بەژیانی دەهێنرێت.

لەگـەڵ هـاتنی سـەدەی پێنجـەم و چـوارەم، ڕەخنـەی ئـەدەبی پێدەنیتە قۆناغێکی تڕەوە، بـەوەی کۆمـەڵێك فەسلەسـوف لەلایـەك و بەرهـەمی ئـەدەبی و ڕەخنـەیی ئـەم فەیلەسـوفانەوە، هەنـدێك لـە قوتابییـەکانی سـوقرات کاریـان لـە بـواری جیاوازەکانـدا کـردوە ، بۆنمونـــــە: کریتـــــۆ(crito) لەســـــەر شـــــیعر نوســـــیویەتی، جلاوکـــۆن(glaucon) بـــرای ســـوقرات لەســـەر یۆرپیـــدس و ئەرستۆفان نوسیویەتی، سیمساس(simmias) لەسەر داستان، و ئەنتیسســـــنیس(Antisthenes)ی خوێنـــدکاری جۆرجیـــاس نوسیویەتی، پاشان سوقرات لەسەر شێوازو زمان نوسیویەتی، هـــەروەها لەســـەر هـــۆمیرۆس و وتاربیـــژە ســـەردەمییەکانی وەك(لیسیاس، دیمۆسنیس، ئیسوکراتیس)

سوقرات هەموو شتێکی وتوە، بەڵام هیچ شتێکی نەنوسیوە، بۆیە دەبێت لە نوسراوەکانی خوێندکارەکانیدا بەدوایدا بگەڕێین، بۆ ئەم مەبەستەش سێ وێنەمان بۆ کەسایەتی و بۆچوونەکانی سوقرات هەیە:

یەکەم نوسینەکانی نوسەری کۆمیدی ئەرستۆفان.

دووەم:نوسینەکانی مێژوونوس و ئەدیب کسینوفون.

سێیەم: نوسینەکانی ئەفلاتونی فەیلەسوف.

یەکەمیان هاوسەردەمی بووەو دوانەکەی تریان خوێندکاری بوون، لەگەڵ ئەوەی جیاوازی لە بۆچوونەکانیاندایە، چونکە جیاوازی لەنێوان بۆچوونی سوقرات و ئەمانەدا هەیە، لەگەڵ ئەوەی ئەفلاتون زیاتر لە سوقراتەوە نزیکە. ئەفلاتون دەڵێت" گرنگی سقرات لەودایە، کەپرسیاری زۆری وروژاندوەو تاوەکو ئێستاش وەك پێویست وەڵامیان نەدراوەتەوە"

بیرو بۆچوونەکانی سقرات لەبارەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە، وەك هەموو مەسەلەکانی تر، پەیوەستە بە بیروبۆچوونی ئەفلاتونی خوێندکارییەوە، یاخود لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی ئەودا تێکەڵبوون و هەروا بە ئاسانی جیاناکرێنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەهەندێك نوسینی ئەفلاتوندا بە گشتی دەقی (پارێزگاریکردن لە سقرات)دا، دەتوانین بیروباوەڕی ئەم فەیلەسوفە گەورە ئاکاریە، لە بارەی شیعرەوە بزانین ، لەم دەقەدا دەڵێت" هەمو هەوڵ و کۆششێك، لەپێناو گەیشتن بە ڕاستی، مانای هاواری غەیبی

بەجێبهێنم و بۆ ئێوەی باسبکەم، دوای ئەوە ناوی خەڵکی و دەوڵەتم بینی ، بە خزمەتی شاعیران گەیشتم ، دڵنیابوون لەوەی کە نادانی من بۆ ئەوان ئاشکرادەبێت، لەم ڕووەوە لە ئەنجامی بیری شاعیران ئەوەی زیاتر لە نوسراوەکاندا نوسرابوو بۆیانم خوێندنەوەو لەپێناو بەدەستهێنانی زانیاریدا ، واتای وشەکانیم پرسی، ئەی ئەسینییەکان شەرم دەکەم ، واقیعی حاڵەتێك بڵێم، بەڵام ناچارم و دەیڵێم، کە هەموو ئامادەبووان باشتر لە شاعیران سەرەنج لە شیعرەکانیان دەدەن و لە بابەتەکەی دەکۆڵنەوە، بە زوویی زانیم کە مایەی قسەی شاعیران زانست نییە ، بەڵکو وتەکانیان لە هەندێك سۆزی سروشت و شەوق و زەوقەوە سەرچاوەدەگرێت، وەك ئەوەی کە کاهنان و خەڵکی بە پەرۆشەوە دەبینرێن، وشەی شیرین لە زمانەوە دەردەچێت ، بەڵام خۆیان تێناگەن چی دەڵێن ، لەوە تێگەیشتم کە بەهۆی ئەو شیعرانەی دەیڕازێننەوە، خۆیان بەزاناترین خەڵك دەزانن و خەڵکی تر هیچ نازانن) [31]

لەمەوە دەتوانین ئەوە هەڵێنجێنین بە گشتی یەکەمین کەسە پەی بەوە بردوە، کە هێزی تێگەیشتن و ڕەخنەی شیعر، لەگەڵ هێزی داهێنان و ڕێکخستنی دەقدا جیاوازی هەیە و ڕەخنەگری شیعر لە شاعیرەکەی باشتر دەیناسێت ، لەم ڕووەوە هەندێك

[31]– فروغی،حکمت سقراط، چاپ دوم ،ج1 ،ص 152

بنچینەو سەرچاوەی هونەری و ڕەخنە لەم گفتوگۆیەی سقراتدا خراوەتە ڕوو.

خاڵێکی تر لە بارەی بیرۆڕای سقرات لەبارەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە، دەتوانین بڵێین سقرات شیعرو تەواوی پیشە هونەرییەکانی تر، لە ڕوانگەی ئاکارەوە سەیر دەکات .لەم ڕووەوە لە بارەی بەهای شیعر لە ڕوی پڕەنسیپ و بنەمای ئاکارییەوە، بڕیاری لەسەر ئەدات، لە ڕوانگەی سقراتەوە غایەو ئامانجی هونەرەکانی وەك شیعر دروسکەری چێژو خۆشیە هونەر[32] و کاری هونەری سەروکاری لەگەڵ چاکە و باشەدا نییە و سقرات لەم ڕوەوە کە شیعر بە بێسود دادەنێت، تەنانەت جوانییەکەشیان وەلادەنێت، بۆیە هەندێ جار جوانی و سودمەندی لەیەك جیاناکاتەوە و بڕوای وایە ئەوەی سودی نییە، ناتوانێت جوان بێت .

هەرچەندە دەڵێن لەبەر ئامادەنەبوونی هاوڕێکانی و رازینەبوونی هاوەڵەکانی بە بینینی لە سێدارەدانی، واتە بەناڕەحەت مردنی ئەم مردنەیان بۆ هەڵبژارد (ژەهر خواردنەکە).

ئەو سەرچاوە سەرەکیانەی کەدەتوانرێت لە بارەی سقراتەوە پشتیان پێ ببەستڕێت، بریتین لە (ئەفلاتون ، ئەکسینوفون ،ئەرستۆ). بەگشتی خاڵی دەستپێکردنی سقرات بریتییە لە

---

[32]– رسالة گورگیاس، حکمت سقرات ،ج 2، ص 158

گەران بەدوای مەعریفەدا، چونکە وای دەبینی کە مەعریفە ناتوانێت بنەمایەکی راست بوەستێنێت، ئەگەر پیشتر لێی نەکۆڵرابێتەوە لە ڕێگەی گەیشتن بەمەعریفەوە، بەهەمان شێوەش ئاکار ئەگەر ڕێگەی زانستی بۆ نەگیرێتەبەر، کەواتە **یەکەم** مەعریفەیەو **دووەم** ئاکارە.

سەقرات پێیوایە ئەرکێکی زۆری لەسەرشانەو دەبێت بیگەیەنیتە خەڵکی ، هەر لەم ڕوانگەشەوە وتەکانی ئەم حەقیقەتە دەسەلمێنن بۆ نموونە:

1-هەموو مرۆڤێك ئەگەر ژیری بەکاربهێنێت دەگاتە ڕاستیە فەلسەفیەکان، کۆیلەکانیش هەمان ژیریان هەیە.

2-تەنها یەك شت دەزانم، ئەویش ئەوەیە کەهیچ شتێك نازانم.

3-زانین مرۆڤ چاکتر دەکات، ئەم زانینەشم لە زۆرکەسدا بەدینەکرد، هەر لەبەر ئەمەشە کەدەڵێت سقرات فەلسەفەی هێنایە سەر زەوی‌و خەڵکی ناچارکرد بیر لە ژیان‌و چاك‌و خراپ بکەنەوە .

قۆناغی دووەم: ئەفلاتون، ئەرستۆ، خوێنکارەکانی ئەرستۆ

١- ئـــەفـلاتـــون

ژیانی ئەفلاتونیش بەهەمانشێوە دەتوانرێت بکرێت بە سێ بەشەوە:

بەشی یەکەم:

(ســەردەمی داواکــردن، ئــەم قۆناغــەش لــە ســەرەتای ژیانــەوە (427– 428–429) دەستپێدەکات ، تاوەکو مردنی سقرات ، واتا تاسالّی 399 .)

قۆناغی دووەم:

لە دوای مردنی سقراتەوە دەستپێدەکات ، تاوەکو دامەزراندنی ئەکادیمیاکــەی ، ئــەو کاتــەش لەتەمــەنی چـل ســالّیدا بــووە ، ئــەم سەردەمەش بەسەردەمی گواستنەوە ناسراوە.

قۆناغی سێیەم:

(ســەردەمی مامۆســتایەتی) واتــە لــە ســەرەتای دامەزرانــدنی ئەکادیمیاکەی، تاوەکو مردنی لە سالّی (347– 348)پ.ز.

نوســـەری ئەســـکەندەری ئیراتوســـنیس(Eratosthenes) دەڵێت" ئەفلاتون لە 427–428 لەدایکبووەو لە337–338 کۆچی دوایــی کــردوە[33] بــاوکی ناوی(ئەریستۆنariston) و دایکــی نــاوی(پریکتیونیPerictione)، ئــەفلاتون لەتەمــەنی هــەژدە بــۆ بیست سالّی، بووەتە خوێندکاری سوقرات، بەلاّم بەرلەمە پەیوەندی

[33] –Taylor،plato،pp 1 spp

لەگـەڵ سـقراتدا هـەبووە[34]، دوای مردنـی سـقرات ، ئـەفلاتون و هاوڕێکانی هەست بە مەترسی دەکەن، بۆیە دەچنە شاری میجارا، سـقرا، دوای چـەند سـاڵێکیش دەگوازێتـەوە بـۆ شـوێنێکی تـر، دەچێت بـۆ قورینـائی، پاشان بـۆ ئیتالیـاو دواتـر بـۆ میسـر، دەڵێن تەمـەنی ئـەفلاتون لـە چـلەکاندابووەو لەگـەڵ ئەمەشـدا چـاودێری بارودۆخەکەی کردوە.

یەکـــەمین کـــاری فەلســـەفی ئـــەفلاتون بلاوکردنـــەوەی وەڵامدانـەوەکانی سـقرات بـوو، کـە لـەدادگادا وەڵامـی دابوونـەوە ، جگە لە دادگایی کردنەکە (35) گفتوگۆی فەلسەفی و کۆمەڵێ نامەی بلاوکردوتـەوە ، هـۆی مانـەوەی نووسـینەکانی دەگەڕێتـەوە بـۆ دامەزرانـدنی ئەکادیمیاکـەی ، ئـەم ئەکادیمیایـەی لـە دەرەوەی ئەسـیناو لـە باخچـەیەکی بچـوکدا دامەزرانـدبوو، ناوەکەشـی لـە پاڵەوانێکی ئەفسانەی یۆنانەوە ناونراوە کە ناوی (ئەکادیمیۆس) بووە. بەگشتی بنەمای فەلسەفەکەی بریتییە لە (الطبیعة ، الجدل، الاخلاق)، لە ئەکادیمیەکەشدا وانەی فەلسـەفی و ماتماتیک و کلاسیک دەوترانـەوە ، زیـاتریش گرنگـی بـەماتماتیک دەدا، چـونکە نـەگۆڕە ، لەم وانانەشدا گفتوگۆی راستەوخۆ رۆڵی سەرەکی دەگێڕا .

دامەزراندنی ئەکادیمیا بە خاڵێکی وەرگێڕانی گـرنگ لە ژیـانی ئەفلاتونـدا دادەنرێـت، نـەک هەرئەمـەش لـە رۆژئـاوای ئـەوروپا بـە

---

[34]– عبـدالمعطی الشـعراوی،النقد الادبـی عنـد الاغریـق و الرومـان، مکتبـة الانجلو المصریة، القاهیرة،1999، ص90

ڕوداوێکـــی گرنگـــی زانســـتی دادەنرێـــت ، هەرخۆشـــی بـــووە بەڕێوەبـــەری ، هاوکـــات هاوڕێکەشی(ئیســـوکراتیس) بوویـــە بەڕێوەبەری ئەکادیمیایەك، کەلەوەی ئەفلاتون بەرزتر بوو، لەبارەی چۆنییەتی هەڵسوکەوتی پیاو لەژیاندا، دامەزراندنی ئەکادیمیاش لەپێناو وتنەوەی وانەی زانستی بووە[35].

لەساڵی 367 دیۆنیسۆسی حاکم مـردو دیۆنیسیۆسـی دووەم چـووە شـوێنی، ئـەمیش داوای لـە ئـەفلاتون کـرد ولاّت لـە مەترسـی قرتاجییـەکان رزگاربکـات، ئـەفلاتونیش ئەمـەی بەهـەل زانـی بـۆ بلاّوکردنـەوەی تیۆرەکـەی بـە پراکتیکـی، تەمـەنی ئـەفلاتون لـەم کاتـەدا لـە شەسـتەکاندابوو، هاوکـاتیش وانـەی بـە دیۆنیسیۆسـی دووەم دەوت.

لـەبارەی بەرهەمـە ڕەخنەییەکانیشـەوە، بەرلـەوەی ئـەکادیمیا دابمەزرێنێت(388) هەندێك لە دیالۆگەکانی نوسیوە لەوانە(ئەیون، کراتیلیوس،پرۆتاکۆریـاس و جورجیـاس و مادیـەت، بـەلاّم کۆمـار و فـادیرۆس لـەدوای دامەزراندنی ئـەکادیمیا نوسـیویەتی، لـەکۆتایی تەمەنیشـیدا دیـالۆگی فیلیبـوس و یاسـاکانی نوسـیوە،کەواتە دیـالۆگێکی تایبـەت نـەکردوە بـە ڕەخنـەی ئەدەبییـەوە، هەرئەمـەش خـاڵی جیـاوازی نێـوان سـقرات و ئـەفلاتون و ئەرسـتۆیە، لەگـەڵ ئـەوەی یـەك لـەدوای یـەك خوێندکاری ئـەوی تریـان بـووە، سـقرات هەموو شتێکی وتوە، بەلاّم نەینوسیوە، ئـەفلاتون بۆچوونەکانی لـە

[35] –olato.Ep، VII 224 ،B8-326B

چوارچێوەی دیالۆگەکاندا خستوەتەروو، بۆیە قەسەکردن لەسەر بۆچوونی سقرات، پێویستی بەخوێندنەو لیکدانەوەی تەواوی دیالۆگەکان هەیە،بەڵام ئەرستۆ وتاردانی نوسیوەو هەر وتاردانێکی بەتەواوی تایبەت کردوە بە بابەتێکەوە، دواتر لە وتاردانێکی تردا ناگەڕێتەوەسەری، بەڵام ئەفلاتون لە دیالۆگەکاندا هەموو جارێك بابەتی سیاسی وئاکارو میتافیزیك وپەروەردەو فێرکردن ...تاد و بیروبۆچوونی لەسەر رەخنەی ئەدەبی خستوەتەروو، ئەم دیالۆگانەش تێکەڵەیەکە لە بۆچوون و پەروەردەکردن و کەسایەتی هاوبەشی سقرات و ئەفلاتون، واتە سقرات کەسایەتێکی دەمامکداری نێو دیالۆگەکانە، ئەو بابەتانەی کە کەسایەتییەکان دیالۆگی لەسەری دەکەن، بریتین لە وتاردان وەك لە دیالۆگی جۆرجیاس و فایدروس، بنچینەی زمان، وەك لە دیالۆگی کراتولوس، فێرکردنی سۆفستاییەکان، وەك لە دیالۆگی بروتاکۆریاس، لێکدانەوەی جیاواز بۆ شیعر، وەك لە دیالۆگی ئەیۆندا[36]، جگەلەمانەش لە کۆمارو یاساکاندا باسی لە ڕێڕەوی ئایدۆلۆژی و مەسەلە گشتیەکان کردوە.

بەلای ئەفلاتونەوە خەڵکی بەبێ یاسا، هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ دڕندەترین ئاژەڵدا نییە ، بۆیە ئەگەر حاکمێکی لێهاتوو دەرکەوت ، ئەوا پێویست بە حوکمی یاسا ناکات، چونکە هیچ شتێك لە سەروی مەعریفەوە نییە ، جگە لە گفتوگۆی ئەیۆن (4 پ.ن) و

[36] –Daiches، ariticalApproaches to Literature، pp 7 spp

گفتوگۆی مێنوندا ، سێ بەرهەمی گرنگی هەیە، کە بریتییە لە ڕەنگدانەوەی دەستورو یاساکانی ئەفلاتون کە ئەوانیش:

1-کۆمار (مدينة الفاضلة): ئەو کۆمارەیە کە تێیدا ئەفلاتون لەسەر بنەمای ئایدیا، سنوری هەموو شتەکانی دیاریکردوەو یاساکانی بۆ داناون، هەرچەندە بەپێی (جۆرج ساین) پێدەچێت ئەم کۆمارەی لەسەر بناغەی لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانە بێت، بۆ دەوڵەت شاری (ئەسینا) لە واقیعی سیاسیدا.

2-السیاسه

3-النوامیس(القوانین)

هەڵوێستی دەربارەی شیعر لەسەر سێ بناغەی سەرەکی دامەزراوە:

1-هونەری شیعری کارێکی داخراو و خوڵقێنەر نییە، بەڵکو سەرئەنجامی لاسایکردنەوەی سروشتو جیهانی هەستپێکراوە.

2- ئەم لاساییکردنەوەیە بەهۆی یەکێك لە هەستەکانەوە ئەنجامدراوە، بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت ڕەسەنی بابەتەو شتەکان بدرکێنێ، باشتر وایە واقیعی بنو سود بە خەڵکی بگەیەنن.

3- سەرچاوەی هۆنراوەی سوودبەخشو بەکەڵك، خورپەو ئیلهامە کە لەلایەن خوای هۆنراوە دەبەخشرێتە شاعیر.

هەڵوێستی ئەفلاتون سەبارەت بە هۆنراوە، لەسەر بیردۆزەی ئایدیا دامەزراوە، لەم بیردۆزەدا سێ جیهان بۆ زانیاری دەستنیشاندەکات.

1- جیهانی ئایدیا: کە بارەگای نمونەیی بەرزی راستیەو خولقێنەری خودایە.

2- جیهانی هەسپێکراو: کە شانۆی مادەیەو هەموو شتێك لەسەر ئەم زەویەدایەو مرۆڤیش یەکێکە لەمانە.

3- جیهانی سێبەر: کە هونەرمەندەکان بەهۆی هونەرە جوانەکانەوە دروستیدەکەن و دەیهێننە بوون، لای ئەفلاتون هونەرمەند هیچ راستیەك بەهۆی هونەرەکەیەوە نادات بەدەستەوە، تەنها ئیشوکاری لاسایکردنەوەی شت و کردەوەیە لە جیهانی هەستپێکراودا.

سەبارەت بەهونەر ئەفلاتون دەڵێت هونەرمەندی نیگارکێش لەبەرئەوەی بەچاو دەڕوانێتە ئەو شتانەی نیگاریان دەکێشێ، بە هیچ شێوەیەك ناتوانێ بگاتە گەوهەریان و رەسەنایەتی بدرکێنێ، بۆیە بە روالەت وێنەیان دەکێشێ و بەس، کەوابوو نیگارکێش بەلایەوە درۆزنە و هونەرەکەش درۆیە، شاعیریش بەهەمان شێوەیە.

هەڵوێستی ئەفلاتون بەرامبەر

1- **شیعر:**

"لەپێناو زانینی هەڵوێستی ئەفلاتون لەسەر شیعرو ئەدەب ، پێویستە سروشتی ئەو ژیانەی ئەفلاتونی پێداتێپەڕبووە بزانین، لەسەدەی چوارەمدا ئەدەب بەرەو مەترسی ڕۆشت، چونکە تراژیدیا شوێنی شیعری داستانی و وێژدانی گرتەوە، لەوکاتەشدا شاعیر بەتوانا لەم بوارەدا کەم بوون، بۆیە زیاتر پەرۆشی هەرەسنەهێنانی ژیانی ئاکاری و کۆمەلایەتییەکەبوو وەك لە شیعر[39]

ئەفلاتون هەوڵیدەدا لاوەکان فێری هونەری گوزارشتکردن لە دەرونیان بن، لەدیالۆگی فایدروس و یاساکاندا گفتوگۆی ئەدەب لەپێناو ئەدەبدا دەکات، لە دیالۆگە فەلسەفیەکانیشدا شێوازی نواندنی بەکارهێناوەو ڕێگە بە دەربڕینی ڕای بەرامبەرو هەستەکان، کە لەوکاتەدا باوبوون دەدات، بۆنمونە هێرش دەکاتە سەر کەسایەتی ژنان، کە لەسەر شانۆکاندا لەشێوەی سۆزانی و ئازاوەگێڕو خیانەتبار.....تاد دەردەکەون[40] شاعیرەکان دەزانن چۆن یاری بە هەستە لاوازەکانی خەڵکی نەزان و ناڕۆشنبیر بکەن، لەهەمانکاتیشدا لەناو خۆشیاندا بێعەقڵی و چێژی ناردوست و لادان لە یاساکانیان پەروەردەکردوە، پێیوایە نە لە شیعری هۆمیرۆس و هیسیۆدۆس و نە هی شاعیرێکی تردا، بنەمایەك

---

[37] –selden، The Theory of criticism، p473

[38] -Atkins. Opm cit،Vol. 1، pp 37، spp

بەدیناکرێت بۆ بەرنامەی فیرکردن بشێت، دژی ئەو بوچوونەشە کە هۆمیرۆس لەهەموو روانگەیەکی ژیانەوە، مامۆستای مرۆڤایەتی خاوەنی مەعرییفەی مرۆیی و خواوەندی و رابەریی مرۆڤایەتی بێت[39]، ئەمەش بیروبۆچوونێکی کۆنەو بەکەڵکی سەردەمی ئەفلاتون نایەت، هەریەکە لە تراژیدیاو کۆمیدیاش رەگەزی ئاسانکاری لەدەستدەدەن و خەڵکی ئەغریق دەگۆڕن بۆ کارئەکتەر و سیفاتی کەسایەتی رەسەن تەعویزدەکەنەوە، کە لەبنچینەدا تەحەدای بوونیان دەکات.

هەروەها پێیوایە ناتوانرێت لەرێگەی شیعرو بەرهەمی شیعرییەوە مەعریفەو راستی بەدەست بێت، دەسەلاّتی بالاّش نییە رەوشت و ئاکار دروستبکات، ئەم وتانەی ئەفلاتون لەسەر زاری بوتاگوریاسەوە دەخاتەروو، پێیوایە شاعیران لەسەردەمی هۆمیرۆس بەدواوە مامۆستای رەسمین و حاڵیان حاڵی سۆفستاییە سەرەتاییەکانە، کە دەیانەوێت هاوولاّتێکی باش بن، لەسەرەتای کۆماردا بە توندی رەخنە لە سیمۆندیسی شاعیر دەگرێت، سەبارەت بە دادپەروەری، بەوەی پێوایە دادپەروەری واتە دانەوەی قەرزەکان، ئەم پێناسەیەش هەرگیز گونجاو نییە، لە یاساکانیشدا پشتیوانی لە پێناسەی تورتایوس سەبارەت بە ئازایەتی دەکات

[39]-Plato، Rep، 606، e: laws ،810 e

کەیەکێکە لە بەهاکان، بەلأم لەگەڵ ئەوەدا نییە، کە ئازایەتی لە پلەی چوارەمدایە،لەدوای دادپەروەری راستی و حیکمەت[40].

لەبارەی شاعیرەوە دەڵێت"ناتوانین پشت بە وتەو دەربڕینی شاعیران ببەستین، هەندێك جار شاعیران بۆچوونی دروست دەردەبڕن، ئەوە سەرچاوەکەی ئیلهامی پیرۆزە، نەك شاعیرەکە خۆی، دەبێت بەوردی ئەمە بپشکنرێن، ئەگەر راستیشی سەلمێنرا، ئەوا ناتوانرێت وەك ئەڵتەرناتیڤی مەعریفی و عەقڵی وەربگیرێت، شاعیران بەهۆی شێتی سۆزیان و لاوازی ئاکاریان ، ناتوانرێت بکرێن بەڕابەری مرۆڤی عاقڵ، شاعیر هەست بەوەناکەن کە دەیڵێن، هەروەك چۆن قسەکانیان پڕە لە ئاڵۆزی و دژی، هەربەم شێوەش شاعیران ناتوانن گوزارشت لە خۆیان بکەن"[41] ئەوانەش کە دەکەونە ژێر کاریگەری شێتی شاعیران، بەشداریدەکەن لە ئیلهامە ناعەقڵیەکاندا، ئەوا لێکدانەوەکانیان دورن لە هەر بنەمایەکی عەقڵی و هوشیاری و خاڵیە لە هونەرو مەعریفە[42] ، بۆیە ئەفلاتون داوای دواکەوتن لە هۆکارێکی نوێ دەکات، کە بریتییە لە فەلسەفە، لەپێناو گەیشتنە راستی، چونکە ئەمە هۆکارێکە لەگەڵ سەردەمی نوێدا دەگونجێت، کە ئەسینای پێدا تێپەڕدەبێت.

---

[40] - rep، 331e spp

[41] - Apology،22b

[42] – هەمان سەرچاوە،ل534

"شاعیرەکان لە شیعرەکانیاندا وێنەی خواوەندو پاڵەوانەکان لە شێوەیەکی نەشیاودا دەکێشن، و کاریگەرییان لەسەر ئاکاری مرۆڤ دەبێت، چونکە دەبێت وێنەیان لە شێوەی کەسێکی راستگۆ و دڵسۆزدا بکێشن، لەبەرئەوەی بەدەر لەمە کاریگەری لەسەرکیانی کۆمەڵایەتی بالاّ هەیە"[43]

ئەفلاتون لەرووی شێوەوە، شیعر دابەشدەکات بۆ سێ جۆر: گێڕانەوەی پەتی کە شیعری دیسورامبی(الكورس الترتيلي) رابەرایەتی دەکات، دووەم شیعری لاساییکردنەوە، کە شیعری شانۆیی تراژیدی و کۆمیدی رابەرایەتی دەکات، سێیەم لەنێوان شیعری لاسایی و داستانیدا کۆدەبێتەوە و شیعری داستانی رابەرایەتی دەکات[44]، دووەم وسێیەم خاوەن رەگەزی لاسایکردنەوەن بەگشتی و لاوەکی و لەرووی کاریگەرییەوە مەترسیدارترین جۆری شیعرن لەسەر شاعیر، یان گوێگر. ئەوەی شاعیر دەیکات وەك ئەوە وایە کە مرۆڤ سەیری ئاوێنە بکات، ئەوە واقیع نییە، بەڵکو وەهمی خەیاڵە، شاعیران لە خەیاڵدا دەژین و ئەوەش کە شیعرەکانیان دەخوێنێتەوە، وایلێدەکەن کە لەخەیاڵدا

---

[43] -Plato،Rep،379-383

44- هەمان سەرچاوە 394

بـژێت[45]، ئەمـەش وا دەکـات سـۆزەکان تەحـەکمیان پێـوە بکـەن ، لەبری ئەوەی ئەمان تەحەکومی پێوەبکەن.

لەکۆتاییـدا ئـەفلاتون بڕیـارێکی تونـد دەردەکـات و دەڵـێت" لـە دەوڵەتێکدا میسالیەکان حوکمی بکەن، ڕێگە بەشیعر نادەن، جگە لـەو سـرودانەی کـە ئاراستـەی خواوەنـدەکان دەکرێـت، لەگـەڵ ئـەو مەدحانەی کە هەموو خوڵکی دەگرێتەوە[46] ،هەروەها دەڵێت" ئەگـەر شاعیرێك لەدەرەوە بێت بۆ ئەم وڵاتەو لەشی بە مسك چەور کردبێت و سەری تاجەگوڵینەی پێوە بێت، ڕێگەی مانەوەی نادەین و دەبێت بچێت بۆ وڵاتێکی تر[47] هەندێك لە ڕەخنەگران پێیانوایە ئەفلاتون هەموو شاعیران وهونەرمەندانی لە کۆمار دەرکردوە، چونکە شیعر لـە هـەموو ڕاسـتییەکەوە دوورە و بەرهەمـەمی بەشـی خـوارەوەی دەروونـە[48] لەگـەڵ دەرکردنـی شـاعیران لـە کۆماریشـدا ، ئەمـە سەرەتایەکە بـۆ ڕەخنـەی ئـەدەبی[49] ئـەفلاتون شـیعری داسـتانی و درامـی بـە هـەموو شـێوەکانییەوە ڕەتدەکاتـەوە، واتـە ڕەتکردنـەوەی کارەکانی هۆمیرۆس و ئەسخیلۆس، هەروەها" ئەفلاتن لـە دیـالۆگی یاساکاندا دان بە کۆمیدیاو تراژیدیادا دەنێت، بەمـەرجێك ملکەچی

---

[45] -Wimsall Literary citiscism، p 10

[46] -هەمان سەرچاوە،ل607

[47] – هەمان سەرچاوە،ل398

[48] -sidney، Apology for poetry(ed، cook) p 35

[49] - selden،op، cit، p22

چاودێری بن[50] هەروەها لە کۆماردا بە چەند مەرجێك رێگە بەشیعری داستانی و تراژیدی دەدات ، چونکە باس لە بابەتی ئازایەتی و پاکی و نەرمی و هاوسەنگی دەکەن[51].

هەموو ئەم سەرەنج وتێبینیانەی ئەفلاتون هۆکاربوون بۆ هاتنە ئارای هونەری شیعرو تیۆرو رێبازو قوتابخانە ئەدەبی و رەخنەییەکان، کارنامەی شیعر تەنها لەخۆشی بەخشیندا کورتناکرێتەوە، بەڵکو دەبێت یەکسان بکریت لەگەڵ هونەری سەفسەفەو لێنانداا، ئەفلاتون کاری نوسین دەکات بەدوو جۆر: ئەوانەی قسەی کێش و سەروادار دەنوسن وەك شاعیران، ئەوانەی قسەی کێش و سەروادار نانوسن، وەك پەخشاننوس[52] کەواتە یەکیەتییەکی رەگەزی سەرەکی پێکهاتەی شیعرە، هەروەها بۆ یەکەم جار باس لە دادپەروەری شیعر دەکات[53] ئەم رێبازەش باس لە یەکسانییەکی میسالی حەزی چاکەو خراپە دەکات، هەروەها بۆ یەکەم جاریش ئەوەی باسکردوە، کە کارنامەی شیعر بریتییە لە بەزیندو و نەمری هێشتنەوە(التخلید)، ئەم بیرۆکەش دواتر لای هوراتیو و شاعیرانی سەردەمی راپەڕین دەردەکەوێت، دەشڵێت" خۆشەویستی سەرچاوەی سەرەکی ئیلهامی شیعرە[54] لەم وتەشدا

---

[50] - lawe 417

[51] - rep، 395 c

[52]- pfaedrus 258 d، Ion 534 c

[53] - Iep، 392 a،lawe 360 e

[54] -Tylor ،op،cit .pp220 ، spp

پشتیوانی وتەی شاعیری تراژیدی(یۆرپیدس) ئەوەی خۆشەویستی بناسێت دەیکاتە شاعیر، ئەگەرچی پێشتریش توانای نوسینی شیعری نەبووبێت"[55] هەروەها پێیوایە توانای نویسنی تراژیدیا جیاوازە لە کۆمیدیا، چونکە نوسەری تراژیدی و کۆمیدی ئیلهامیان لە مۆسیقایەکی جیاوازەوە بۆدێت[56]، هەروەها هەندێك تێبینی لەسەر شێوازو زمان هەیە، بەتایبەتی کاتێك باس لە چەمکی شیواز دەکات، بە ئاوێنەیەکی راستگۆیی دادەنێت بۆ کەسایەتییەکە[57]، ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ تیۆری(Virn bonus) پێیوایە پرەنسیپی ئاکاری، پەیوەندییەکی تۆندوتۆڵی بە توانای قسەکردنی کەسەکەوە هەیە، ئەمەش دواتر بوو بە هۆی دەرکەوتنی وتەی (شێواز بریتییە لە خودی کەسەکە)، جگەلەمەش ئەفلاتون یەکەم کەسە قسەی لەسەر یاسانی وشەسازی کردبێت.[58]

لە دیالۆگی کراتولوسدا لەڕێگەی تیۆرە باوەکانەوە گفتوگۆی بنچینەی زمان و سروشتی دەکات ، کراتیلوس کاریگەرە بە بۆچوونەکانی هیراکلیتوس، کە وشەکان بەسروشی سەریانهەڵداوە، وێنەی سروشتی شتە بینراوەکان، هیرمۆجیلیس(Hermogenes)، زمان شتێکی لاساییکردنەوەیەو

---

[55] -Plato،sump، 196 c

[56] - sump، 223d

[57] -Plato Red. 400 d

[58] – د.عبدالحسين زرين كوب، اشنايي با نقد ادبی، ص118

بـــەپێی خواســـت پێویســـتی بـــە هێـــز هەیـــەو شـــیاوی هەموارکردنەوەیە[59].

تیـۆری ئـەفلاتون دوو بۆچـوون لـەخۆ دەگرێـت: زمـان بـەپێی بنـــەمای سروشـــت ســـەریهەڵداوەو دواتـــر بـــەپێی چـــاولێگەری هەموارکراوەتـەوە، دواتـر رێکـەوت لەگەشـەی زمانەوانیـدا رۆڵیکـی گرنگ دەگێڕێت، و بەپێی کاتیش دەکەوێتە ژێر کارێگەری بێگانەو بەرهەمهێنەوە"[60]

لـەزۆر لـەو کارانـەی کـە ئـەفلاتون لەسـەر شـیعر و شـاعیران ئەنجامیداون، زۆرتر لەوانەی پێش خۆی سەرەنجی شیعر و ئەدەبی داوە، هەرچـەندە جیاکردنـەوەی بۆچـوونی سـقرات و ئـەفلاتون ئاسان نییە، بەڵام پێویستە سەیری کتێبەکانی ئەفلاتون بکرێت ، لـــە کتێبـــی (فیـــدروس- دیـــالۆك) 430-415پ ز لـــەبارەی ئێستاتیکاوە دەدوێت و لێرەدا وتەی سقرات لەبارەی شیعر، قسەی جـوان دەکـات و شـیعر بەسـەرکەوتنی دەرون دەزانێـت و دەڵێـت" ئەگـەر ئـەم حاڵەتـە دڵـەڕاوکێ دروسـتبکات، چ خـۆی و چ دەرونـی سـودی لێوەردەگرێـت ، لـەم حاڵەتەشدا شـیعر و تۆنـەکان بـەدوای ئیلقـاو ئیلهامـدا دەگـەڕێن، بـەڵام کەسـێك کـە بـووێری دەکـات و بیـەوێت بـەبێ ئـەم ئیلهامـە بەهرەیـەك بەدەسـتبخات و پێیوابێـت دەتوانێت شیعر بنوسێت، ڕەونەقێکی نابێت .

---

[59]- هەمان سەرچاوە،ل119

[60] -Tylor، op، cit.pp 62-63

لە ڕاستیدا ئەفلاتون لەم کتێبەدا بە شێوەی درکە، شیعر بە شێوەیەك لە (وەهم/ وێنا) (maniai) دەخاتەڕو، شاعیر بەکەسێك دەزانێت، کە ئاشفتەو پەرێشانە و لە خۆیەوە دێت و لە خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت، لەم ڕوانگەوە لە زنجیرەی پلەی دەرونی و عەقڵی و مرۆیی بۆ گیانی شاعیر، جێگەیەك لە پلەی نۆیەمدا و لە نێوان پلەی ئەهلی رازەکان و ئەهلی پیشەدا دیاریدەکات، بەشێوەیەك لوتکەی پلەکان ڕاستەوخۆ دوای پلەی خواکان فەیلەسوف و دادوەرەکان دادەنێت وهەر ئەو میانە زۆرەی، کە لەنێوان پلەی حاکمان و شاعیراندا هەیە، ئەوە دەخاتەڕوو کە لەڕوانگەی ئەفلاتونەوە شیعر ئەوەندە پلەی گرنگی نییە .

ئەفلاتون لایەنی فەلسەفی و هونەری لە یەکتری جیاکردوەتەوە، ئەفلاتون هونەرمەند پیشەگەرەو چێژ لە بەرزترین جوانی شیعر وەردەگرێت، چونکە لە هەندێك بەرهەمیدا شێوازی شاعیرانەی پیادەکردوە، کەواتە کاتێك لەدەریچەی چاوی هونەرمەندەوە لە جیهان دەڕوانێت، شیعر بالآترین و بەرزترین هۆکاری وێناکردنە، کە ئەوەش بە واتاو فۆڕمی جوانی دەزانێت ، بەڵام کاتێك ئەفلاتون لە ڕوانگەی فەلسەفە و ئاکارەوە سەیری شیعر دەکات ، شیعر بە شێوەیەکی تر سەیر دەکات و لەم حاڵەتەشدا جوانی شیعر فەرامۆشدەکات .

لێرەوە ئەو پرسیارە دەکات، شیعر سودی چییە؟ لە خۆی دەپرسێت، کە ئایا شیعر زانستیە کە بۆ ڕێز و تەواوکاری مرۆڤ بەکاربهێنرێت یان نا؟ لەوە دەکۆڵێتەوە کە ئایا شاعیر دەتوانێت

ئامۆژگاری و ڕێنمایی و فەزیلەت پیادەبکات، یان دەبێتە هۆی گمڕاکردن؟ دواتریش لەوە دەکۆڵێتەوە کە ئایا شاعیر مەترسی گەورەی لەسەر کۆمەڵگە هەیە ؟ تا دور بخرێتەوە یان نعمەتێکی بە بەهایە، کە پێیان شادمان بین ، ئەم مەسەلەیە لەرووی ئاکار و سیاسەتەوە گرنگە ، ئەفلاتون بەهۆی بوونی بەڵگەوە، دژی شیعر و شاعیران فتواەدات، بۆیە لە کتێبی کۆماردا لەپێناو هێنانەدی دادپەروەری، کۆمەڵگەکەی خەیاڵی نمونەیی دادەنێت و لەسەر شاعیران پەیوەستەکات کە کار و ڕۆڵی شیعر و شاعیر لەسەر کاریگەری پەروەردە و ئاکار دیاریبکەن، بۆیە لە کۆتایی کتێبی دوەمی کۆماردا دەڵێت" منداڵان ئایندەی ئەم وڵاتەن، نابێت بە بیستنی چیرۆك و ئەفسانە گومڕا بکرێن، بۆیە ئەوەی بەڕێوە بردنی کۆمەڵگەی لە ئەستۆیە، دەبێت چاودێری چیرۆك و داستانی شاعیران بکات"[61]

ئەفلاتون دەڵێت" کاری شاعیر گێڕانەوە و وتنی چیرۆك و داستانە ، خواستی شاعیرانی ئەمڕۆ و ڕابردو، جگە لەمە هیچی تر نەبووەو خەڵکیان سەرگەردان کردوە، بەمەش لە کۆماردا ڕەخنە لە وتەی شاعیران لە بارەی کاریگەریان لەسەر ئاکار گیراوە .

" تەنانەت ڕەخنە لە ئەلیادەو ئۆدیسەی هۆمیرۆس گیراوە، لەگەڵ ئەوەی شیعرێکی جوانن، بەڵام دەشێ کاریگەری خراپ

---

[61]–جمهور، کتاب دوم،ص207

لەسەر گیانی منداڵان و لاوان هەبێت ، ئەوانەی کە دەبێت ئازادانە بژین، دەشێ لە مەرگ بترسن"[62].

جگە لە کتێبی (دیالۆگ) و (کۆمار) لەدیالۆگی ئەیۆن (شیعر و شاعیری) (دیالۆگی سقرات و ئەیۆن) دا لەگەڵ ئەوەی کتێبێکی بچوکی ئەفلاتون و بەپێچەوانەی کۆمارەوە کەلەسەر تراژیدیایە، باسی حەماسەت دەکات، واتە باس لە شیعر بەگشتی و شیعری حماسی و بەتایبەتی ڕەخنەیە دەربارەی هۆمەر، لەگەڵ ئەوەی ئەوە دەخاتەڕو، کە شیعرەکانی لەتەواوی شیعرەکانی تر باشتر لێیانتێدەگەن، چونکە هۆمەر باشتر لەوانەی تر شیعر دەنوسێت، کاتێک شاعیرەکانی تر شیعر دەنوسن، من ناتوانم هیچ بڵێم، بەڵام کە هۆمەر شیعر دەنوسێت، زمان دەکرێتەوەو مانا فراوان دەبێت و بیر جۆشدەدات و وام لێدەکات، قسە بکەم هۆکاری ئەمەش نازانم چییە"[63].

ئەوەندەی دەزانم ئەمە ڕاستێکی هەیەو ئەمەش لافوگەزاف نییە، سقرات دەڵێت ئەوەی تۆ دەربارەی هۆمەر دەیڵێیت، ئاکامی چیژۆ مەعریفە نییە ، بەڵکو بەهرەی خودایە (theia moira)"[64].

شاعیران شیعر وەک هونەر و پیشە (thekhne) نانوسن، بەڵکو خودا ئیلهامیان پێدەبەخشێت و ئەوانیش بەخەڵکی دەگەیەنن،ئەمانیش وەک قەشەی پەرستگاکان وان، چونکە

---

[62]– کومار ، کتاب دوم،ص207

[63]- د.عبدالحسين زرين كوب، اشنايي با نقد ادبی، ص119

[64]- هەمان سەرچاوە

شاعیرانیش پێیانوایە ئیلهام وەرئەگرن و ناتوانن شیعر بنوسن ، بۆیە ئەفلاتون پێیوایە شیعر زانست نییە، چونکە ناتوانرێت نە بە فێربووون بە دەستبێت و نە ئەوانی تر فێربکرێن، چونکە ئیلهام یەکێکە لە نهێنی خوداکان .

جگە لەمەش هونەر و پیشە نییە، چونکە هەریەکە لەمانە خاوەنی رێسای خۆیانن، بۆیە ئەفلاتون شیعر و ئەدەب زیاتر لە ڕوانگەی ئاکارەوە سەیردەکات، ڕەخنەی خۆی ئاڕاستە دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەفلاتون بیروباوەڕی هاوشێوەی سقرات بوو .

2- **پۆلێنی شیعر:**

"جیاکاری لەنێوان دیسورامبۆس(شیعری گۆرانی) و درامی وداستانی کردوەو دواتر بوونە بنەما، تراژیدیا میسالیەو لاسایی ژیانی باش و بالاّیە، لەروانگەی دەرونیشەوە بیرۆکەی ترس و بەزەیی بەرهەمدێنێت، بەلاّم دواتر تیۆری پاککردنەوە لای ئەرستۆ دەرکەوت، چونکە لای ئەفلاتون جێکەوتێکی روونی نییە"[65]

3- **لاساییکردنەوە:**

تیۆری لاساییکردنەوە کۆنترین و گرنگترین تیۆرە، کە ڕۆڵی کارای هەبووە لە گەشەکردنی ڕەخنەی ئەدەبییدا، ئەفلاتون وایدەبینێت کە هەموو شتێکی هەستپێکراو یان بەرجەستە، ڕاستییەکی مەعقولی هەیە، مەعقولیەکانیش بنچینەی

[65]- د.عبدالحسين زرين كوب، اشنايي با نقد ادبی،ص113

بەرجەستەکانن، ئەفلاتون سەبارەت بە فەلسەفە دەڵێت"بینینی راستیە بە نموونەوە"[66]

ئەو گفتوگۆیانەی باسکران، هۆکارێك بوون بۆئەوەی هەڵوێستی ڕەخنەیی ئەفلاتون لەسەر شیعر و هونەرو ئەدەب بەگشتی بخەینەروو، بۆ یەکەم جار لە بەرهەمی ئەفلاتوندا، چەمکی لاساییکردنەوە وەك ڕەگەزێکی گرنگی هەموو هونەرەکان دەرکەوت، هەرچەندە کەمێك پیشتر ئەم بیرۆکە هەبووەو ئەفلاتون خۆی دان بە بوونی ئەم چەمکە لە پێش خۆیەوە لە تێڕامانە فەلسەفییەکاندا هەبووە[67] و دەڵێت "هەموو ئەو شتانەی کە لە گەردوندا هەن و هاتونەتە بوون، لەڕێگەی سروستی و لەخۆوە بووەو هونەریش بەپێی کات لەم دروستکراوانەوە وێنەیەکی جزئی لە ڕاستی وەرگرتوەو هەمووشیان لەروی کرۆکەوە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، بەمەش هونەرمەند واقیع بەرهەمناهێنێت، بەڵکو ڕوخسارەکان بەرهەمدێنێت.

4-**ئیلهام**:

ئەفلاتون پێیوایە شیعر ئیلهامە، شاعیر لە عەقڵەوە بەرهەمی ناهێنێت، بەڵکو سەرچاوەکەی خواوەندی پەتییە، فەیلەسوف لە پلەی یەکەمدایەو شاعیر لەگەل هونەرمەندان لە پلەی شەشەمدان[68].

---

[66]- نوابغ الفكر الغربي: أفلاطون، أحمد فؤاد الأهواني، دار المعارف، الطبعة الرابعة، ص: 74

[67] -Grube،op، cit p53

[68]-محمد غنيمي هلال، النقد الأدبي الحديث، دار نهضة مصر، القاهرة،ص28

چـــەمکی ئیلـــهام لای ئـــەفلاتون پەیوەســـتدەبێتەوە بـــە لاساییکردنەوەوە، چونکە ئیلهام هۆکارێکی تـرە کـەبڕیار لەسـەر سروشتی مرۆڤ دەدات[69]، ئەفلاتون پێیوایـە دوو جۆر شێتی هەیـە، یـەکێکیان ئـەنجامی لاوازی مرۆییـە، دووەمیـان نەخۆشـییەکی پیرۆزە، دەرون لە داب و نەریت رزگاردەکات، نمونەش بۆ دووەمیان کاهن و شاعیرو عاشق دەهێنێتەوە[70]

5-**یەکیەتی بەش**(وحدة العضوية):

یەکێکە لـە مەرجـە سـەرەتاییەکانی هونـەرو کـاری هونـەری، لـە دیالۆگی فادیرۆسدا دەڵێت" دەبێت کاری هونەری وەك پێکهاتەی جەستەبێت، واتـە دەست و قـاچ و سـەر هـەموویان کـاری خۆیـان هەیەو بەیەکەوە دەگونجێن[71]، واتـە ئـەم یەکیەتییـە نـە لـە سـەرەتاو ناوەندو کۆتاییدا بێت، بـەڵکو وەك یەکیەتییـەکی زیندو و پێکـەوە ژیـان بێـت، بەشـێوەیەك نـەتوانین بەشـێکیان لابـبـەین[72] هـەروەها دەڵێت هارمۆنی و ریتم دەبێت سەر بەبابەتی قەسیدە بێت.

6-**کۆمیدیا:**

تێبینییـەکانی ئـەفلاتون لەســەر کۆمیـدیا کـەم نـین، ئـەم تێبینیانـەش لـە جیهـانی کۆنـدا هۆکـاری دەرکـەوتنی تیـۆری پێکەنینن، کرۆکی تیـۆری پێکـەنین فێلکردنـە لـە دەروون، زیـان بـە

---

[69] - Grube،op، cit 402

[70]- هەمان سەرچاوە،ل265

[71] -I bid 264 c

[72] - Grube،op ،cit، p58

بەرامبــەر ناگەیــەنێت، خۆشــی ســتمەو دەبێتــەهۆی هەڵچــوون، ئــەفلاتون لەگــەڵ پێناســەی ڕوداوی پێکەنینداییــەو خۆشــیەکی سپرایزیە لەچەمکی سپرایزەوە گەشەدەکات، لەپێناو گەورەبوون لەدەرونمانــدا، بــە بــەراوردکردن بــەلاوازی ئــەوانی تــر، یــان ئــەو لاوازیــەی لەهەمانکاتــدا لەدەرونماندایــە[73] ئەو سۆزو هەستەی کە لەگــەڵ پرۆسەکە تێکەڵدەبێت، تێکەڵەیەکــە لــە ناخۆشی و هەندێ کــاتیش خۆشــی، پێکــەنینیش پــاش هەســتکردن بــە هەنــدێك کەموکوڕی لەگەڵ هاوڕێکان، یان بەرامبەردا سەرهەڵدەدات، کەواتە پێکــەنینی ڕاســتەقینە لای ئــەفلاتون کاتێــك ســەرهەڵدەدات کــە کەسەکە مــەحبوبێت، بــەڵام مــەحبوب نــەبێت رق ســەرهەڵنادات[74] ئەفلاتون لەگــەڵ ئــەو وتــەی ســقراتدایە کــە" دەبێــت پێکــەنین وەك بەکارهێنانی خوێ بەکاریبهێنین"[75] کەواتە کۆمیدیا سودی نابێت، مــادام وادەکــات هەنــدێك کــاری گاڵتــە ئــامێز بکــەین، کــە پێویســتە نەیکــەین[76]، بــەڵام ئەوەنــدە هەیــە هەنــدێ کــاری جــدی و پێویســت لێیــان تێناگــەین، تــاوەکو لــە چوارچێوەی کــارە پێکەنیناویەکــەدا نەخریتەروو.

---

[73] -butcher،Aristotles Theoryof potry And fin Arts ،p 374

[74] – د. محمد صقر خفاجة ،تاريخ الادب اليونان و الاغريق، ص 114

[75] -stobaeus، Florlbegium، 3 ، 34، 18

[76] - Grube،op ،cit، p 64

7-وتاردان:

ئەفلاتون هەندێك سەرنجی لەسەر وتاردان هەیە، لەسەرەتاشەوە رەخنە لەو بزوتنەوەیە دەگرێت، کە هەریەکە لە جۆرجیاس و سراسیماخوس رابەرایەتی دەکەن، لە دیالۆگی جۆرجیاسدا رەخنە لە سیستمی پەروەردە بەتەواوی دەگرێت، بەهۆی بوونی دەستەواژەی رەق و تونددەوە، لە دیالۆگی فادیرۆسدا پێشنیاری پۆزەتیف لەبارەی وتاردانەوە دەخاتەروو، بەمەش دەرگای دیالۆگ لەسەر وتاردان و پەخشان بەگشتی دەکاتەوە،" یەکەمین رەخنە کە ئەفلاتون روبەروی وتاردانیدەکاتەوە ئەوەیە، کە وتاردان وەك هاوسەردەمەکانی پەیڕەوی دەکەن رەچاوی راستگۆیی و دادپەروەری ناکەن[77] وا سەیری وتاردان دەکەن، کە هونەری بڕواپێهێنانە، لەڕێگەی زمان و شێوازێکی کاریگەرەوە، ئەمەش بەلای ئەفلاتونەوە ریایی و قۆپیەکردنە[78]، لەبارەی سروشتی هونەری وتاردانەوە دەڵێت" پێویستە بەدوایەکداهاتنی سروشی و پێویستی فکریی، کە سروشتی کارەکە هونەریەکە دیاریدەکەن و یەکیەتییەکی بابەتی و بەشی پێدەبەخشێت هەبێت[79] واتە پێویستە پلانی بەیەکەوە بەستنی بیرو بابەت هەبێت، تاوەکو زیندویەتی بە وتارەکە بدات.

---

[77] – Gorgias، 4.54 spp

[78] – هەمان سەرچاوە،ل 462

[79] - هەمان سەرچاوە،ل462

8-**ڕەخنە:**

ڕەخنە لەوە دەگرێت کە هەست و خۆشییەکان تاکە پێوەری سەرەکی بڕیاردان نین لەسەر جۆری ئەدەب، چونکە ئەوەی ڕەتدەکردەوە، کە مەبەستی سەرەکی ئەدەب خۆشی بەخشین بێت، هەروەها خۆشی و هەستەکان لای منداڵ و لاو و گەورە جیاوازیان هەیە [80]، بۆیە پێویستە بە پێوەری تر بڕیار لەسەر ئەدەب بدرێت، کە بریتییە لە پێوەری مسداقیەت [81] پێیوایە رای گشتی پێوەری جۆرو کوالێتی ئەدەبن، لەگەڵ ئەوەی ئەم تێڕوانینەی لەسەردەمی خۆی،و ئەو ڕەخنانەی کە لەدیالۆگی ئەیۆندا لە هۆمیرۆسی گرتوە، بێهیوایی دروستکرد، دواتر بوونە جێگەی بایەخی کتێبەکە.

پوختەیەك لە بۆچوونە ڕەخنەییەکانی ئەفلاتون

1- ئەفلاتون بەپێی بیردۆزی ئایدیالیەکەی، گەیشتوەتە ئەوەی سێ جیهان بۆ زانیاری دەستنیشانکردوە.

أ- جیهانی نموونەیی.

ب- جیهانی هەستپێکراو.

ج- جیهانی سێبەر، کە هونەرمەندەکان بەهۆی هونەرە جوانەکانیانەوە دروستیدەکەن و دەیهێننەئەنجام.

---

[80] -Plato ،Laws ، p658

[81] - هەمان سەرچاوە،ل667

ڕاستی وێنەی شتەکانی سروشتو ژینگە لەلای ئەفلاتون لەبیرەکەیاندایە، هەروەها ئەفلاتون باوەڕیوایە کە بیر یان ئایدیا هۆی بوونو پەیداکردنی شتەکانە، ئایدیاش هەستی پێناکرێو دەستی لێ نادرێ.

2- سەبارەت بە شاعیر:

ا- ئەفلاتون ئەو بۆچوونەی ڕەخنەگران ڕەتدەکاتەوە، کە شاعر سەرچاوەی ڕاستیەو شارەزایی لە ڕەفتاری مرۆڤایەتیو هەموو هونەرەکاندا هەیە. ئەفلاتون لەم بارەوە دەڵێت" شاعیری باش ناتوانێ چاك بهۆنێتەوە، تەنها لە حاڵەتی شارەزای بوونی لە بابەتەکەیو ئەوەی ئەم زانیارەی نەبێ نابێ بە شاعیر، بۆیە شاعیر بۆ داپۆشینی نەزانینەکەی پەنادەباتە بەرکێشو ترپەو ئاواز لە نێو هۆنراوەکەیدا.

ب- شاعیر لە لاساییکردنەوەی ڕاستی بەهای ئادیالیو شتومەکەکانی دەوروبەری سێ هەنگاو لە ڕاستی دوردەکەوێتەوە، چونکە لاسایی لاسایکردنەوە دەکاتو لەم حاڵەشدا سێ هەنگاو لە وێنەی ڕاستی لەوچوە سەرەکییەکە دوردەکەوێتەوە.

ت- شاعیر بەلای ئەفلاتونەوە وەك وێنەگرە لە لاساییکردنەوەی دووەمی وێنەی ڕاستیە ئایدیالییەکان، لێرەدا دەردەکەوێت شاعر بەلای ئەفلاتونەوە دروستکەری وێنەیەو لە ڕاستییەوە زۆر دوورە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا شاعیر بەلای ئەفلاتونەوە زۆر خۆشەویستە، چونکە سەرچاوەی سروشتی خوتبەکانی، لەلای خواکانەوە بۆی دێت.

3-سەبارەت بە لاساییکردنەوە:

١- ئەفلاتون لە بۆچوونە فەلسەفەییەکانی تیۆری لاسایکردنەوەکەیدا، بە چاوێکی نزمەوە دەیڕوانییە ڕۆڵی هونەرمەند لە کۆپیکردنی واقع و لاساییکردنەوەی شتومەکەکانی دەوروبەری، هەروەها بە چاوێکی پڕ لە مەترسیەوە دەیڕوانییە ڕۆڵی شاعیرو کاری لاساییەکەی، هەر ئەم مەترسییە بووە هۆی دەرکردنی شاعیران لە نێو کۆمارەکەیدا.

ئەم بۆچوونەی ئەفلاتون لە بارەی شاعیرانەوە زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، شاعیران بە هۆنراوەکانیان کاری خراپ لە هزرو بیری گوێگرەکانیان دەکەن و یاری بە هەست و نەستیان دەکەن، بەڵای ئەفلاتونەوە ڕەوانییە گروپێکی وەکو ئەمانە لە ژێر سێبەری کۆمارەکەیدا بحەسێنەوە و ئاقڵو هەست و چێژی هاونیشتمانییەکان بە هونەرە چاوبەست و درۆکەیان تێکبدەن، ئەم ڕقەی ئەفلاتون لە شاعیران، لەوەوەیە کە شاعیر باسی کاری نا چیزو هەوەسبازی دەکات، بۆیە کاری خراپ دەکاتە سەر گوێگرەکان.

4-سەبارەت بە شیعر:

١- ئەفلاتون تەنها ڕێ بە هۆنراوەی ئاینی دەدات و جۆرەکانی تری هۆنراوە ڕەتدەکاتەوە، چونکە لەکاتی شەڕکردن و بەگژیەکتر چوونداو لایەنی خەوشی خواوەندەکان دەخەنەروو، لەم بوارەدا بەڵای ئەفلاتونەوە هۆنراوە تۆماری خەوشەکانی خواوەندەکانە، هەرچەندە دەبێ هۆنراوە وێنەی کردەوە چاکەکانی خاوەندەکان بخاتەروو، هەروەها دەبێ هۆنراوە وێنەی پاڵەوانەکان بە جوانترو باشتر بەر جەستە بکات، لەچاو وێنەی کەسانی تری نێو کۆمەڵگە.

ب- ئەفلاتون دەڵێ ئەو خەڵکە دەسخەڕۆکراون‌و بە جادوگەری هونەر چاوبەستکراون، چونکە هەمووان دەزانن هۆمیرۆس بە هۆنراوەکانی هیچ سودێکی هەستپێکراوی بەو خەڵکە نەگەیاندوە‌و لەقسەی رازاوە بەلاوە، هیچ ئاکامێکی نەبووە، لەم بارەوە جلۆکۆن دەڵێت: ئایا هەستیارێك دەناسیت کۆشك‌و تەلارێك بنیادبنێت، یان رۆژێك لەشەڕدا سەرکردایەتی لەشکرێکی کردبێت‌و بەسەر دوژمندا سەرکەوێت وەك (سولۆن)، یان شارەزابێت‌و خزمەتی جەماوەری کردبێت، یان ئەزانیت کە هەندێ جار شاعیر هەڵوێست، یان کردەوەیەکی چاکە دەنوێنێت، سەرچاوەکەی چیە؟ نەخێر ئەوە سەرچاوەی خوای هۆنراوەیە‌و بەهۆی خورپەوە دەیبەخشێتە شاعیر.

کەوابوو دەبێت بڕیاری دەرکردنیان لە کۆماردا بدەین، چونکە نابێت لەم کۆمارە بحەسێنەوە‌و عەقڵ‌و هەست‌و چێژی هاونیشتمانییەکان، بە هونەرە چاوبەست‌و درۆکەیان تێکدەدەن.

5-سەبارەت بە رەخنەگریش زانیاری رەخنەگر بەلای ئەفلاتونەوە لەبارەی ئەدەبییەوە، دەبێت کار لەو بابەتەدا بکات، کە پەیوەندی بە هونەرەکەیەوە هەیە‌و هونەریش بەلای ئەفلاتونەوە جۆرێکە لە وتاردان.

6-سەبارەت بەئەدەبیش ئەدەب بەلای ئەفلاتونەوە بریتییە لە چنینەوەیەکی ئەندێشەیی و بۆ پەروەردە ناشێت، لەم بوارەدا ئەفلاتون داوای جۆرە ئەدەبێك دەکات کە لە بواری ئاکاردا پەیامداربێت، هەروەها لەم بوارەدا داوادەکات ئەدەب لەژێر چاودێری سانسۆڕی دەوڵەت بێت، نابێت شاعیر لە هۆنینەوەکەیدا یاساکان پێشێلبکات.

سروشتی ڕەخنەکانی ئەفلاتون

ئەفلاتون یەکێکە لە خوێندکارەکانی سقراتی فەیلەسوف، کە باوەڕی بەوە هەبوو، ئەگەر شاعیر لە خواوەندی شیعرەوە خورپەی پێ نەبەخشرێ، هۆنراوەکە سادەو نا کاریگەر دەبێ، واتە ئەگەر بەراوردبکرێ لەگەڵ هۆنراوەی ئەو شاعیرەی کە خواوەند خۆرپەی پێ بەخشیوە، کەواتە بۆچوونەکەی سوقرات لە بازنەیەکی فەلسەفەی ئایدیایی دەخولێتەوە، هەر ئەمەش وەهای لە ئەفلاتون کردوە، کە دەست لە نوسینی شیعر هەڵگرێت و هەموو شیعرەکانی خۆی بسووتێنی و بڕوا بەوە بهێنێ، دەبێ ڕێزێکی تایبەت لە خواوەندەکان بنێت و یاری بە مێشکی لاوەکان نەکات، بۆیە ئەفلاتون لە پۆلێنکردنی کەسانی نیو کۆمارەکەی، شاعیری لەگەڵ نیگارکێش خستۆتە خانەی شەشەمەوە، بە پێچەوانەی بەهای فەیلەسوف، کە لە خانەی یەکەمی نێو کۆمارەکەیدا دایدەنێت.

ئەفلاتون لەو کتێبەیدا کە لە بنچینەدا دانوستانێکە لە نێوان خودی سقرات لەگەڵ بگێڕەوەی ئەوەی ئەم بەرهەمەی دروستکردوە، ئەفلاتون ئەم کتێبەی لەپاش چەند ساڵێك لە مردنی سقراتی مامۆستای نوسیوە، واتە لە ساڵی (410 پ . ز) نوسیویەتی، ئەفلاتون لەو کتێبەیدا دوو لایەنی گرنگ، یان دووکێشەی گرنگ لە بارەی پلەو پایەی شاعیرو شیعر دەخاتەروو، لە یەکەم لایەندا پرسیاری ئەوە ئەکات، ئایا سەرچاوەی هۆنراوە لای شاعیر چییە؟ ئایا هونەرە، یان خورپەیە؟ ئەم پرسیارەی سقرات لە ئەیۆن (بگێڕەوە) وەها لەئەیۆن دەیکات، لە وەڵامەکەیدا

جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ، تەنها بایەخ بە هۆنراوەی هۆمیرۆس دەداتو راڤەیبکات، ئەم راڤەکردنەی بە پێی یاسایەکی هونەری نییە، هەروەها بە پێی پرەنسیپە ئەقڵیە تایبەتیەکانیش نییە، بەڵکو بە پێی جۆرە چێژێکی هونەریەو تیایدا هەستی خۆی لەدەستەدات.

ئەم جۆرە بۆچوونەی ئەیۆن وەها لە ئەفلاتون دەکات بڵێت حوکمی رەخنەگرو شاعر حەکمێکی ئەقڵی نییە، بەڵکو بە پێی خورپەیەکی خواوەندییەو ئەوسا بگێڕەرەوەی هۆنراوە، کە لە شاعرەکەوە نزیک دەبێتەوە، وەك چۆن موگناتیس پارچە ئاسنەکان بۆ لای خۆی رادەکێشێو ئەو پارچە ئاسنە پارچەکانی تریش رادەکێشێ، هەروەها ئەفلاتون لەم بارەوە دەڵێت"شاعیر گیانلەبەرێکی باڵداری پیرۆزەو ناتوانێت شت دابهێنێت، تا خورپەی بۆ نەیەتو لەو خورپەیە هەستو ئەقڵی خۆی لەدەستنەدات، ئەگەر نەگات بەم خاڵە ناتوانێ هۆنراوە بهۆنێتەوە، بۆیە مادام شاعیرو بگێڕەوەکانی هۆنراوە لە ڕێی هونەرو هۆنراوە زۆرو جوانەکانەوە ئەنجامیدەدات، بەڵکو لە ڕێی خۆرپەیەکی خواوەندییەوە ئەو کارە دەکەن، بۆیە کەسیان لە کارەکانیاندا بلیمەت نابن، تا خواوەندی هۆنراوە خۆرپەیان پێ نەبەخشێ، ئیتر بەم شێوەیە خواوەندی هۆنراوە هەستیان پێ بزردەکات، تاوەکو وەك پێغەمبەرەکانو فاڵچیەکان بیانکاتە پەیام گەیەنەر ، ئەوسا ئێمەی گوێگر وەهامان لێدێت درك بەوە بکەین،

کە شاعیرو بگێڕەوەکان، ناتوانێت ئەو هۆنراوە سەرنجراکێشە بڵێن، تا هەستیان لەدەستنەدەن و خودی خواوەند لەسەر زاری ئەوانەوە لەگەڵمان نەدوێن.

مەســـەلەی دووەم بـــەلای ئەفلاتونـــەوە جیـــاوازی نێـــوان هەڵوێستی هۆنراوەو زانست و عەقڵ بەرامبەر شتومەکەکان چییە ، لەم بارەوە سقرات بۆی دەردەکەوێت لە هۆنراوەی هۆمیرۆسدا هەندێ هەڵوێست هەیە سەر بە سەنعەتی پزیشکایەتی، یان دەریاوانی، یان لێخوڕینی گالیسەکە، یان ماسی گرتنن، زیاتر پزیشک و دەریاوانچی و لێخوڕی گالیسکەو ماسیگر، باشتر لە بگێڕەوەی هۆنراوەکانی هۆمیرۆس ڕاڤەی دەکەن، چونکە ئەو جۆرە کەسانە لە ڕێی هەندێ هونەرو یاساوە ڕاڤەی دەکەن، بەڵام بگێڕەوەکە تەنیا وەک شاعیرەکەیە، شاعیرەکە لەڕێی خورپەیەکی خواوەندیەوە ڕاڤەی دەکات، سوقرات لەم جۆرە دادگایکردنە پێویستە بڵێ توانای شاعیر لە دانانی هۆنراوەدا وەک هەمان توانای مرۆڤ نییە، لە ڕاڤە کردنێکی عەقڵیانەی شتومەکەکان و ئامانجی هـۆنراوەش، ڕاڤـەکردنی شـتومەکەکان نییـە، ئـەم بۆچـوونەی سـقرات هـەمان بۆچـوونی ئەفلاتونـە، کـە لەسـەر شێوازی ئەرستۆفان ئەم جۆرە دانوساندنەی لە نێوان سقرات و ئەیوندا دروستکردووە.

ب- ئەرستۆ (384 – 322) پ.ز

ئەرستۆ لە دورگەی ئستاگیرا لەدایکبووە، ئەم ناوچەیە لە ژێر کۆنترۆڵی یۆناندا بووە، بەندەرێکی هەرێمی (مەکدۆنیایە)، باوکی ئەرستۆ (نیکۆماخوس) پزیشکێکی بەناوبانگ بووە، هەر لەبەرئەمەش بووەتە پزیشکی تایبەتی کۆشکی پاشاو پزیشکی باپیری ئەسکەندەر بووە، لەگەڵ ئەمەشدا زانایەکی سروشتی بووە، زیاتر خولیای گیانلەبەران بووەو یەکەمین گیانەوەر ناسی ئەوروپا بووە[82]، 20 ساڵ خوێنکاری ئەفلاتون بووەو پاش کۆچکردنی ئەفلاتون و دواتر کەسێکی نزیکی ئەفلاتون کرایە بەرپرس و ئەرستۆ نەکرایە بەرپرسی ئەم ئەکادیمیایە، بۆیە خۆی قوتابخانەیەکی لە سەر گۆڕەپانی پەرستەگەی خواوەند ئەپۆلۆن لوکیوس(Lykeios) دروستکردو ناوی نا (لیسۆم)، ئەوەندە لە ئەسیناوە دوورنەبوو، هەژدە ساڵ بەڕێوەبەری بوو[83] ،دوای مردنی ئەسکەندەری گەورە گومان لەسەر ئەرستۆ زۆربوون، بۆیە پەنجەی تاوانی بۆ درێژکرا، چونکە هاوڕێی بوو، بۆیە ناچار رایکرد بۆ ناوچەی خالکیس لە یوبویاو لەوێ مایەوە تا لەساڵی(322پ.ز) کۆچی دوایی کرد[84]بەرهەمە فەلسەفەیەکانی بریتین لە:(لۆجیك، فەلسەفەی فیزیك،میتافیزیك)

---

[82]– بول ستراتیرن، ئەرستۆ، و:لوقمان رەئوف، 2008 ،ص3

[83]– د. محمد صقر خفاجة ،تاريخ الادب اليونان و الاغريق، ص 125

[84] –Dorsch Classical literary Criticism،p 15

لەم بەرهەمدەدا دەڵێت" هەموو کەسێك ئارەزووی شت زانینی هەیە، بەڵگەش ئەو تامو چێژەیە، کە لە کاتی کارکردنی هەستەکاندا پێمان دەگات، لە بواری ڕەخنەشدا دوو بەرهەمی گرنگ هەیە".

ئەرستۆ یەکێکە لە خوێندکارە زیرەکەکانی ئەفلاتونو وەك مامۆستاکەی لە بواری فەلسەفەو زانستەکاندا، خاوەن چەندین بۆچوونی تایبەتە، ئەرستۆ لە تەمەنی (17ساڵی)دا، بووەتە خوێنکاری ئەفلاتونو ماوەی (20ساڵ) لای خوێندویەتی، پاش مردنی ئەفلاتون نەکراوەتە سەرۆکی قوتابخانەکەی ئەفلاتون لەبەرئەوەی دایکی یۆنانی نەبووەو خۆشی خەڵکی ئەسینای پایتەخت نەبوو، لە ئەنجامدا ئامۆزایەکی ئەفلاتون بەناوی (ئەسیپۆ سیۆس) بووەتە سەرۆکی ئەوئەکادیمیایە، ئەرستۆ ناچار بووە بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو بەرەو لای ئەسکەندەر لە وڵاتی میسری ئەو سەردەمە بڕوات، لەوێ شوێنی تایبەتی خۆی دۆزیەوەو ئەسکەندەریش زۆر ڕێزی لێنا، لەگەڵ گەڕانەوەی ئەسکەندەر بۆ یۆنانی کۆن، جارێکی تر ڕۆڵی گەورەی ئەرستۆ لە فەلسەفەو شارستانییەتی کۆن دەستپێکردوەتەوە.

بەلای ئەرەستۆوە فەلسەفەوە وەك زانستی زانستەکان، دابەشدەبێت بە سەر سێ جۆری زانستدا:

1-زانستە تێوریییەکان،کە لە سروشتو ماتماتیکو میتافیزیك دەکۆڵێتەوە.

2- زانستە پراکتیکییەکان،کە لە ئاکارو کاروباری بەڕێوەبەری مالّو خێزان و لە هونەری رامیاری دەکۆلّێتەوە.

3-زانستە هونەرییەکان، لە هۆنراوەو وتاربێژی دەکۆلّێتەوە.

لایەنی لۆژیك بەلای ئەرستۆوە بەهایەکی زۆری هەبووە، چونکە بەلّگەکان باشترین چەکی لۆژیکن بۆ سەلماندنی زانستەکانی فەلسەفە، هەروەها بەلای ئەرستۆوە مەعریفە بەهایەکی تایبەتی خۆی هەبووە، بە تایبەتی زانینی راستی، کەواتە دەبێتە مایەی زانینی بەهاکان، بەلای ئەرەستۆوە هەبوونی راستی لە هەبوونی بەهاکاندایە، ئەرەستۆ لەگەلّ بۆچوونە فەلسەفەییەکانی ئەفلاتونی مامۆستای لە بواری فەلسەفەدا، خاوەن بۆچوونی جیاوازی خۆی بووەو لەم بواردا ئەرەستۆ بە تەواوی وەك ئەفلاتونی مامۆستای تەواو ئایدیالی بیری نەدەکردەوە، دەتوانین بلّێن هەندێ لایەنی بیری ماتریالی لە نێو بۆچوونەکانی ئەرەستۆدا بەدیدەکرێ، بە تایبەتی لەو بۆچوونەی کە شتومەکەکانی دەوروبەری مرۆڤ، بوونی سەربەخۆی خۆیان هەیەو مرۆڤ لەڕێگەی هستپێکردنو دەرکپێکردن، بەهای راستی ئەو شتومەکانە دەزانێ، هەروەها لەبواری ئەدەبدا، ئەرستۆ لە بواری ئەدەبدا بە تایبەتی لە بواری بەهای ئەدەب و لە هەندێ بۆچوونیدا جیاوازە لە بیرکردنەوەو بۆچوونی ئەفلاتون ، کە بەلای ئەفلاتونەوە بەهایەکی کەمی هەیەو ئەدیبانو شاعیران لە نێو کۆمارەکەی ئەفلاتوندا ئەو رێزە گەورەیان نییە ، بەلّام بەلای ئەرەستۆوە بە پێچەوانەوە ئەدەبو ئەدیب بەهایی تایبەتی خۆی هەیە، ئەرستۆش وەك ئەفلاتون لایەنی

لاسایکردنەوە دەکاتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ نوسینی جۆرەکانی ئەدەب، کە ئەفلاتون بە شێوەیەکی گشتی لێیدەڕوانێت.

نرخی ئەرستۆ لە کلتوری ئەورووپیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە بنەڕەتی زمانی زانستی دامەزراند، ئەو زمانەی کە ئێستاش زانستە جیاوازەکان سوودی لێوەردەگرن، بەمەش بنچینەی زانستە جۆر بەجۆرەکانی دامەزراندو رێکی خستنو لەسەر هەموشیان شتی نووسیوە، بەگشتی 170 بابەتی نوسیوە، بەڵام (47) دانەی پارێزراوە.

لەگەڵ ئەوەی ئەرستۆ خوێندکاری ئەفلاتون بووەو ماوەی بیست ساڵ لە ئەکادیمیاکەیدا خوێندکاری بووە، ئەرستۆ باشترین و گەورەترین خوێندکاری ئەفلارتون بووە،لەگەڵ ئەوەشدا لە عەرشی فەلسەفەی کۆندا، منافسێکی سەرسەختی بووە ، بەڵام مەرج نییە خوێندکار وەك مامۆستاکەی دەربچێتەوە، ئەم خوێندکارو مامۆستایە لەروی شێوازو بیرکردنەوە جیاوازییان هەیە، پەیڕەوی ئەفلاتون پەیڕوێکی گشتگیرە، بەڵام پەیڕەوی ئەرستۆ پەیڕەوێکی شرۆڤەکارییە، هەموشتێك لەروانگەی خۆیەوە، پەیوەندی بەشتێکی تەرەوە هەیە، هەموشتێك بەشیکە لە گۆڕەپانی تێروتەسەڵی مەعریفە، بەڵام ئەرستۆ سەرقاڵی هەر لقێکی مەعریفە بووبێت، لەسنوری خۆیدا کاری لەسەر کردوە، ئەفلاتون بڕوای بە هیچ مەعریفەیەك نەدەکرد، ئەگەر لەسەر بنەمای فەلسەفە نەبێت، ئەرستۆ دەڵێت" مرۆڤ دەتوانێت ژیانێکی خۆش بەسەربەریت، بەبێ ئەوەی فەلسەفی بێت، بەڵام خاوەن ئاکارێکی باش و حیکمەتێکی

کارەکی بێت"[85] لە ریۆتیکادا بۆ وتاربێژ باس لە مەعریفەیەکی دیاریکراوی پێویست دەکات ، یان ئەو کەسەی کە پۆستی گشتی وەردەگرێت، هەروەها هونەری گوزارشت بە وشە دەزانێت، واتە واتاردان، چەند وتارێکی بەزمان و شێوازێکی جوان نوسیوەو بەهۆشیەوە زۆر لەرەخنەگرە بەناوبانگەکانی رۆمان وەك سیسرۆن و کۆنتلیانوس پێی کاریگەربوون، ئەرستۆ وەسیەتی بۆ سیوفراستوس کردوە، کە دواتر بووە بە بەڕیوەبەری لیسیۆمەکەی ، ئاگای لەو کتێبانە بێت کە لەو شوێنەدان، کە دواتر وانەی تێدا دەوترایەوە، دواتر کەوتنە دەست نیلیوس(Neleus) و ئسکبسیس(Skepsis)ی خوێندکاری ، پاشان ئەمان دایانە دەست میراتگرەکانی، واتە دەست ئەوانە کەوت، کە نرخیان نەدەزانی و لە مەخزەن هەڵیانگرت لە ترسی ئەتالوس (Attalus) پاشای (pergamum)، چونکە دەیویست کتێبخانەیەك بۆخۆی دروستبکات، کە مونافەسەی کتێبخانەی ئەسکەندەرییەی پێبکات، بۆیە ئەمانیش لە مەخزەندا هەڵیان گرت و بەهۆی ئەمەشەوە شێ زیانی بە زۆربەیان گەیاند، دواتر دەست ئابیلیکون(apellikon)ی ئەدیب و خاوەن سەلیقەی ئەدەبی کەوت لە دورگەی تیوس(Tuos) و پیش خراپبوونیان بلاوێکردنەوە"[86] کاتێك (سوللا)گەیشتە ئەسینا دەستی بەسەر کتێبخانەکەی ئابیلیکوندا گرت و کتێبەکانی

---

[85]- د. محمد صقر خفاجة ،تاريخ الادب اليونان و الاغريق،ص122

[86]- عبدالرحمن بدوى ، ارستوطاليس، فن الشعر، ص45

گواستەوە بۆ ڕۆماو لە شوێنێکی پارێزراودا داینان، لەوێش دوو زانای بەناوبانگ (تیرانیون)(Tyrannion) وشەسازی و (ئەندرۆنیکۆس) (Andronikos) لە دورگەی رودۆس، دەستیان کرد بەلێکۆڵینەوە لە کارەکانی، وەك سەرەتایەك بۆ بلاوکردنەوەیان، بەڵام ئەوانەی ئەم بەرهەمانەیان بلاودەکردەوە، تەماعکاربوون و پەلەیان لێکردن و دەرفەتیان پێنەدان، بۆیە پێش تەواوکردنیان بلاویانکردنەوە[87]

تێڕوانینەکانی ئەرستۆ

سقرات و ئەفلاتون شیعر و ئەدەبیان بەدەرئەنجامی هێز و ئیلهام دەزانی، پێیانوابوو کاریگەری ئاکاری لەسەر نییە و سەرەنجدان لە توانستی شاعیر لەبەرهەمە ئەدەبییەکەدا، شیاوی سەرەنجدان نییە و هیچ یاسا و ڕێسایەکیان بۆ ئەدەب دانەدەنا ، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەرستۆ کە ئاسۆیی و لۆژیکیانە بیری دەکردەوە، پێیوابوو هیچ شتێك لەدەرەوەی یاساو ڕێساوە نییە، بۆیە پێویستە لەپێناو یاساو ڕێساو ڕەخنەو ناسینی بەرهەمی شاعیران، پێوانەیەك دایاربکرێت، لەڕاستیدا ئەرستۆ نەك تەنها لە زانست و فەلسەفەدا ماموستا بوو، بەڵکو لە زانستی ئەدەبی و مرۆیش ماموستا بوو[88]، چونکە یەکەم کەس بوو بەرهەمی هێزی چیژو عەقڵی مرۆڤی وەك بەرهەمی

[87] -strabo، xiii Plutarch ،sulla، 26

[88] -G .Sarton A Hist. of sciece، I/378

سروشت، خستە ژێر یاسای گشتیەوەو بەرهەمی پیۆتیکاو ریۆتیکای لەبارەی شیعرو گوتارو ڕەخنەوە بەرهەمهێنا.

کە هەندێك پێیانوایە هونەری شیعرەکەی تەواو نەکراوە ، لە کتێبی (نامەیەك دەربارەی شاعیران)کە هیچی نەماوەتەوە، کتێبێك بەناوی (دیداسکالیDidascalie) باس لەو کۆبوونەوانەی یۆنانی کۆن دەکات، کە بۆ بۆنەکانی (دیونیسیوس Dionysus) دەبەسرا، شاعیران و چیرۆك نوسان لە کۆبوونەوەدا پێشبڕکێیان دەکرد و بەرهەمی خۆیان پێشکەشدەکرد ، ئەرسۆ لە نوسینەکانی خۆیدا، ناوی شاعیرانی ئەو سەردەمەی هێناوە، کە لەم پێشبڕکێیەدا بەشداربوون و کورتەیەك لە بەرهەمیان و ژیانیان باسکردوە، لەناو بەرهەمی ئەرستۆدا کتێبی (پەیامێك لە بواری داهێنان Traite des inventions) سێ کتێب لە بارەی (شاعیران) بوونیان هەبووە، بەلأم یەکەمیان لە ناوچووەو سیانەکەی تریان، تەنها کورتەی چەند بەشێکیان ماوە.

پێگەی ئەرستۆ

هەرچەندە لەبارەی (هەنەری شیعرەوە) ئەوە دەخرێتەڕوو، کە چەند بەشێکی ناتەواوە، یاخود بەشەکانی (12 ، 20) هی ئەرستۆ نیین، ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، کە لەبارەی تراژیدیاوە بە وردی باسیکردوە، بەلأم لە باسی کۆمیدیاداو لەسەرەتای بەشی شەشەمدا کورتەیەکی باسکردوەو گوایە دواتر باسیدەکات، ئەمەش لە کتێبەکەدا نییە، بە هەمان شێوە (هونەری گوتار) دا (Rhetorique) هەندێك بابەتی هاوشێوەی هونەری

شیعرەکەی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بەرهەمە بنچینەی ڕەخنە و ڕەخنەگرانی ئەوروپاییەو لەگەڵ ئەوەشدا بەهایەکی زۆریشی هەیەو زۆر پشتی پێدەبەستن، (لیسنگ) ڕەخنەگری ئەڵمانی دەڵێت" هونەری شیعر وەك بنچینەی ئەندازەی ئەقلیدوس دورە لەهەڵەوە[89] ، (برون تیر) ڕەخنەگری فەڕەنسی دەڵێت" ئەمڕۆ هەمو مەسەلەکانی هونەری ڕەخنە کە لەلای ئێمە هەن، هەمان ئەوانەن کە لەلای ئەرستۆ هەبوون، هەرچەندە زاراوەو گوزارشتەکان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتوە، بەڵام خواست و داواکاریەکان گۆڕاون، نە ئەو وەڵامانەی کە ئەرستۆ لەبارەی ئەم مەسەلانەوە داویەتیەوە، گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت"[90]

ئەنتۆنیۆ لۆلۆ ڕەخنەگری ئیسپانی لە بارەی ئەم بەرهەمەی ئەرستۆوە دەڵێت" چێژی ئەرستۆ تۆندتر و بەهێزترە لە چێژی تەواوی شاعیران ، ئەرستۆ لە هەموو شاعیران ئەوەی پیشانداوە، کە لە خودی شاعیراندا، کام شت پێویست و خوازراوە و کام شت پێویست نییە"[91]

بەهەر حاڵ کتێبی (هونەری شیعر) بەگشتی لێکۆڵەران بە وردترین بەرهەمی کۆنی ڕەخنەی شیعری دەزانن، شێوازی نوسینی ئەرستۆ بە پێچەوانەی ئەفلاتونەوە، دورە لە سۆز و جوانییەوە،

---

[89]– د. عبدالحسین زرین کوب،ص 215

[90] - Grande Encyclopedie . tom. 13 p 412

[91]– د. عبدالحسین زرین کوب،ص 215

ئەفلاتون بیری خۆی بە شێوەی وانەبێژی لە دەستەواژەی بارگاوی بە وێناکردن و هەست دەخاتەڕوو، بەڵام ئەرستۆ بە بێ هاوکاری خوێنەر قسەدەکات و بیری خۆی بەدەر لەهەموو جوانییەك دەخاتەڕوو، بۆیە لێکۆڵەران پێیانوایە ئەرستۆ ئەمەی وەك بۆخۆداچوونەوە تۆمارکردوەو بۆ سودی گشتی نەینوسیوە، ئەرستۆ لە هونەری شیعردا لەگەڵ ئەوەی هەوڵیداوە بنەماکانی شیعر بخاتەڕوو، لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵیداوە وەڵامی ئەو دژایەتییەی ئەفلاتون کە بەرامبەر شیعر کردویەتی بداتەوە، ئەفلاتون بەرهەمی شاعیران لەبارەی ئاکارەوە بە زیانبەخش و لە ڕوانگەی زانستییەوە بەدور لە ڕاستی دەزانێت، بۆیە شیعر و شاعیر دوردەخاتەوە ، ئەرستۆ لەم کتێبەدا وەڵامدەداتەوە کە شاعیر دەیەوێت باش بێت، یان خراپ، قسەکانی ڕاست بن، یان درۆ ، بەهەرهاڵ شیعر بەرهەمی چالاکی بیری مرۆڤە، کارێکە خاوەن بوون و ماهیەتی مرۆڤە، بەڵام دەبێت لە ژێر ئەزمون و لێکۆڵینەوەدا بێت، لە ڕاستیدا مەبەستی شیعر سنوردارکردنی نییە لە سودی ئاکاریدا، بەڵکو مەبەستی پەسەندکردنە و کارنامەی تراژیدیایەتی کە هەست و سۆزی مرۆڤ پاکدەکاتەوە، هەر لێرەوە ئەرستۆ دەیەوێت وەڵامی ئەفلاتون بداتەوە، کە دەبێت بەهای ئاکاری شیعر لە بەهای جوانی ئستاتیکی جیابکاتەوەو لە ڕێگەی ئیستاتیکاوە لە شیعر بکۆڵرێتەوە .

هونەری شیعر

یەکەمین وەرگێڕانی ئەم کتێبە بۆ لاتینی لە شاری بندقیە لەساڵی 1948 و لەلایەن جۆرجیۆ ڤیلا(Giorgio Vella) بوو، یەکەمین چاپی بەزمانی ئەغریقی هەر لە بندقیەو لەساڵی 1508 بە مەعریفەی جیوفانی لاسکارس(Giovanni Lascaris)، دواتر لە ئەوروپا چاپی زۆربووون لەگەڵ لێکدانەوەو راستکردنەوەی جیاواز، چاپی فرانسیسکۆ روبرتلۆ(Francesco Robertello)ساڵی 1548چاپی ماجی(maggi)و لومباردی(Lombardi)ساڵی1550 چاپی کاستلفیترۆ(castelvetro) لە ڤیوننا ساڵی 1570 و چاپی بیرکۆرنە(Pierr corneille) لە پاریس ساڵی 1660 چاپی(Appe D Aubilli) ساڵی 1657و چاپی نیکۆلا بوالۆ(Nicolas Boileau) لە پاریس ساڵی 1660،دواتر چەندین چاپ و لێکدانەوەی تری بلاوبوویەوە تاساڵی 1830 .

لای عەرەبەکانیش لەسەردەمی عەباسییەکانەوە عەرەبەکان ئاشنابوون بە هونەری شیعری ئەرستۆ،(متی بن بشر بن یونس)و (یحی بن عودی) وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.

پێکهاتەی هونەری شیعر

بەشی(١– 5) پیشەیەك دەربارەی ماهیەتی شیعر و جۆرەکانی و هونەری شیعر ، لەگەڵ بنچینەو پەرەنسیپی شیعر لە ڕوانگەی دەربڕینەوە، لەگەڵ گەشەی جۆری هونەری شاعیری پێکهاتوە، (6–22) لێکۆڵینەوەو باسکردن لە تراژیدیا، کە جۆرێك

هەستکردن بە ناتەواوی تێدایە، چونکە لێکۆڵینەوەی تەواوی تێدانەکراوە، (23–24) باسێکی کورت و ناتەواوە لە شێوەی پێڕستدا لەبارەی دلێری (ئاپۆپیا)وە، لە بەشی (25)دا کۆمەڵێك باسی پەیوەست بە ڕەخنە و ڕەخنەگری زۆر بە کورتی باسیکردوە، لە بەشی (26) دا بەراوردێکی دلێری و تراژیدی کردوە .

لەراستیدا کاتی نوسینی ئەم کتێبە دیاریکراو نییە، ئایا هەمووی نوسیوەو تەنها ئەوەندە بە ئێمە گەیشتوە، یان هەندێك تێبینییەو خوێندکارەکانی نوسیویانەتەوە[92]،هونەری شیعر لێکۆڵینەوەیە لە جۆرەکانی ئەدەب و شیعری داستانی وشانۆیی و وێژدانی[93] ئەمەش هەمان ئەو پۆلێنکردنەیە کە ئەفلاتون لە دیالۆگەکانیاندا باسیکردون، بەلأم ئەرستۆ بەرێگەیەکی جیاواز لە مامۆستاکەی لێیدواون، سێ بەشی یەکەمی تایبەتکردوە بە لاساییکردنەوەوە چوارەم و پێنجەم، تایبەتە بەبنچینەی هونەری شیعرو گەشەکردنی و باسکردن لەجیاوازی نێوان جۆری شیعر، بەشی شەشەم باسکردنە لە بابەتی وتار کە تراژیدیایە، هەر لە سروشتی تراژیدیاو ئەو بەشانەی کە لێی پێکهاتون، لەوانە چنین،چیرۆك، کەسایەتی، زمان،بیر، دیمەن، ئاوازو گۆرانی، لەبەشی هەشتەمدا باس لە یەکیەتی و یەك پاچەیی چیرۆك دەکات، لەبەشی نۆیەمدا جیاوازی لەنێوان شیعرو میژوو دەکات،و شیعر

[92] -Atkins ،op، cit، vol 1، p75

[93] – عبدالرحمن بدوی، ص38

بە فەلسەفی ترو سەرەنجڕاکێشتر لە مێژوو دەزانێت، دواتر باس لە چیرۆکی سادەو لێکدراو دەکات، دواتر پێناسەی بەشەکانی تراژیدیا دەکات،وەك بروللوج ،ئەبیسودیون، ئەکسودوس، سرودەکانی کۆرس، لەبەشی سێنزەو چواردەدا باس لە چەمکی بەزەیی و ترس و گرنگیان دەکات لەگەڵ پەیوەندیان بە تراژیدیاوە.

لەبەشی پانزەو شانزەدا وێنەی کەسایەتییەکان دەکێشێت، کە چەندێك لە چیرۆکە تراژیدیەکاندا رۆڵیان هەیە، دواتر وەك ناساندن باس لە چەند جۆری جیاواز لە تراژیدیا دەکات.

لەبەشی حەڤدەو هەژدەدا چەند یاسایەك بۆ شاعیری تراژیدی دادەنێت، کە پێویستە پەیڕەویان بکات، ئەمەش پلانێکی باشە بۆ شانۆگەری و بەشە دیالۆگییەکان و کاری کۆرسەکان. لەبەشی نۆزدەدا باس لە رەگەزەکانی دراما دەکات بە تایبەت فکرو زمان، لەبەشی بیست و بیست و یەکەمدا پێناسەیەکی بۆ چەند زاراوەك کردوە ، وەك پیتەکان و بەش و پارەکان و بەشەکانی قسەکردن و خواستن، لە چوار بەشی کۆتاییشدا ئەرستۆ، گرنگیدانی لەسەر شیعری داستانی چڕدەکاتەوە.

لە بەشی بنچینە و پرەنسیپەکانی شیعردا، ئەرستۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی شیعر دوو هۆکاری سروشتی هەیە ، یەکێکیان غەریزەی لاساییکردنەوە (Mimysis) و ئەوی تریان پەیوەندی سروشتی مرۆڤە بە کێش و قافیە (Rythmus) لەم بارەیەوە دەڵێت لاساییکردنەوە لەو

غەریزانەیە، کە لەمندالّیدا لەمرۆڤدا لەلوتکەی دەسەلاّتدایە ، ئەوەی مایەی جیاکردنەوەی مرۆڤە لە ئاژەلْ ئەوەیە، کە مرۆڤ زیاتر لە هەموان لاساییدەکاتەوە، بەهۆی ئەم لاساییکردنەوەیە، کە فێربووون دەستپێدەکات، هەربۆیە لە مندالّیەوە حەزی لاساییکردنەوە هەیە، جگە لەمەش لە بارەی پەیوەندی بە کێش و قافیەوە، سروشتی مرۆڤ وایە حەزی لە کێش و قافیەیە، نەك کاری بێکێش، بە بڕوای ئەرستۆ هۆکاری سەرهەلّدان و گەشەکردنی شیعر، بەراوردکردن و یەکگرتنی ئەم دوو غەریزەیە لە بووونی مرۆڤدا ، بەلاّم مێژووی یۆنانی ئەوە دەردەخات، کە پەیوەستە بە دوو ڕێڕەوی جیاوازەوە، یەکێکیان تراژیدی و ئەوی تریان کۆمیدی، کە بە بڕوای ئەرستۆ دەتوانرێت لە شیعری دلێریدا نیشانە و جێکەوتەی ئەم دوانە ، لە بابەتی کۆمیدیا و بنچینەو پرەنسیپەکانیدا بدۆزینەوە، ئەرستۆ دەلّێت باشترین شت کە بابەتی کۆمیدی دەتوانێت بیخاتەڕوو، خستنەڕووی هەلّەو کەم و کوڕیەکانی مرۆڤە، لە کاتێکدا کە دورە لە ئازار گەیاندن بە خەلّکی ، بەلاّم بۆ تراژیدیا دەلّێت تراژیدیا لاسایی و لێکچواندنی کارێکە، کە جدی و تەواو و خاوەن سنور و ڕێژەیەکی دیاریکراوە، شێوەو ڕەوشی تراژیدیا دەبێت جۆرێك لە میهرەبانی هەبێت و ئەم لێکچووون و لاساییە لە ڕێگەی جولّەو وتەی کارەکتەرەکانەوە ئەنجامدەدرێت، نەك تەنها نوسینی شیعرەکە بەس بێت ، ئەم لێکچووون و لاساییە لە هەمانکاتدا ترس و بەرزەیی دروستدەکات، ئەمەش پاك کردنەوەی دەرونی بەدوادا دێت .

لە هونەری شیعردا ڕەخنەی شیعرو ئەدەبیات بە جیهان دەناسێنێت، بۆ نمونە دەڵێت شاعیر وەك هونەرمەند کاری لاساییکردنەوە و لێکچوونە و لەسەری پێویستە کە شتەکان لەسەر یەکێ لەم سێ ڕووە لاساییبکاتەوە :

(یان ئەوەی کە بووە و هەیە ، یان ئەوەی کە دەوترێ و دەبینرێت، یان ئەوەی کە دەبێت ببێت، ئەم لاساییکردنەوەش دەبێت بە زمان بخرێتەڕوو، لەم حاڵەتەشدا خواستن و خوازە بەکاردەهێنرێت)لە ڕاستیدا گەورەیی شاعیر لەوەدایە، کە بتوانێت لەم لاساییی و چاولێگەرییەدا توانا و کارامەیی(مهارە) خۆی بخاتەڕوو.

لە کۆتایی کتێبەکەدا ئەرستۆ مەسەلەیەك دەخاتەڕوو، کە ئایا مانا لەتراژیدیادا بەرزترە یان لە دلێریدا ؟

لەمەدا هەندێك زیاتر شیعری دلێرییە، چونکە بۆ کارکردنە سەر خەڵکی بەئەندازەی تراژیدیا پێویستی بە جوڵە و نمایش نییە، بەرزترە لە تراژیدی ، لەبارەی تراژیدیاوە پێیانوایە کە وەك قسەکەرو گوێگر، بەو شێوەی شیعری گشتی خەڵکین، ئەمانەش لەبارەی تێگەیشتنی گوێگرانی دلێری لە خوارترن، ناچار تراژیدی لە بارەی کێش و خستنەڕوەوە لە دلێری خوارترە، جگە لەمەش ماوەی ئەنجامدانی تراژیدیا سەبارەت بەماوەی ڕودانی دلێری دیاریکراوترە، تایبەتمەندیەکی تری تراژیدیا لەچاو دلێری ئەوەیە، کە یەکییەتی واقیعی حاڵ لە دەستدراوە ، بەاڵم تراژیدیا یەکییەتی تێدایە .

یەکێك لە کەموکورتییە گشتیەکانی ئەرستۆ ئەوەیە، کە لە نمونە دیاریکراوەکانی سەردەمی خۆی خواستوە، کە یاسا گشتی و پرەنسیپە هاوبەشەکانی شیعر هەڵێنجێنێت، (درایدن) شاعیری ئینگلیزی دەڵێت" ئەگەر ئەرستۆ تراژیدیای سەردەمی ئێمەی بدیایە ، لەم بوارەدا بۆچوونەکانی خۆی دەگۆڕی"

خاڵێکی تری ئەم کتێبە ئەوەیە، کە ئەرستۆ بەتەنها باسی لە بەرهەمی یەك شاعیر نەکردوە ، بەڵکو هەربەشە و باس لە شاعیرێك، یان بابەتێك دەکات .

لە کتێبی (هونەری گوتار) دا باسی لەهەندێك مەسەلەی تایبەت بەڕەخنە کردوە، لەم کتێبەدا یاسا و بنچینەی هونەری گوتاری داناوە و لە بابەتی ڕەوانبێژیدا، کارێکی وردی لەسەر کردوەو هەوڵیداوە هونەرەکان لە سروشت و دەوروبەری سروشتی مرۆڤەوە هەڵێنجێنێت.

ئەرستۆ پێگەیەکی بەرزی لە ڕەخنەی ئەدەبی یۆنانییدا هەیە، بەشێوەیەك مێژوونوسە ڕەخنەییەکان ئەرستۆ بە کۆڵەکەیەك لە مێژوی ڕەخنەی ئەدەبی دادەنێت، بەشێوەیەك" بە دامەزرێنەری سەرەکی و ڕاستەقینەی ڕەخنەی دادەنێن[94] ئەم ناوداریەشی وەك یەکەم مامۆستا، دەگەڕێتەوە بۆ کتێبەکانی ریۆتیکاو پیۆتیکا.

---

[94]– د. عباس أرحيلة، لأثر الأرسطي في النقد والبلاغة العربيين، مطبعة النجاح الجديدة، الدار البيضاء، ط1،ص 166

ئەرستۆ لە هونەری شیعرەکەیدا یەکەم کەسیشە گرنگی بە فەلسەفەی وەرگریان چەمکی ئیستاتیکا لە وەرگرتنی دەقدا دابێت.

ئەرستۆ لەرووی سایکۆلۆژیەوە زۆر لە شیعر ورد بووەتەوە، هەر لەبەر ئەمەش دژی بۆچوونی مامۆستاکەی وەستایەوەو پێیوایە شاعیر گۆڕانی سایکۆلۆژی رۆڵێکی گرنگی هەیە، چونکە دەتوانێت نوێکردنەوەوەو گۆڕانکاری لە خوێنەردا دروستبکات، پاککردنەوە سیمای یەکەمی خوێنەرەو وەك بالکۆنێکە لەڕێگەی کرانەوەو دەرونفراوانییەوە ئارامی دەبەخشێت. کرۆکی پاککردنەوە، گەیشتنە بە کۆنترۆڵکردنی تەواوی ترس، هەرچی کرۆکی پرۆسەی وەرگرتنە، لەخۆگری بەشداری کارای خوێنەرە[لغی]

بوونییەتی شیعر بەکارەکی و ئیستاتیکی لەڕێگەی خوێنەرەوە تەواودەبێت، چونکە خوێنەر رۆحێکی تری شیعرە، ئەگەر خوێنەریش نەبێت، شیعر لە هیچ کات و شوێنێکدا کۆچ ناکات.خوێنەر لای ئەرستۆ کەسێکی خاوەن کەسیەتی کارایە، بەڵام لای ئەفلاتون، کەسیکی لاوازو کەم ئەزمونە، چ وەك ئیستاتیکا چ وەك مەعریفە.

ئەرستۆ پێیوایە لاساییکردنەوە کرۆکی شیعرە، چونکە تراژیدیا لاساییکردنەوەوەی کارێکی گەورەو بەرزە.

---

[95]– التفضيل الجمالي للدكتور شاكر عبدالحميد، 29، عالم المعرفة، ع 267، 29 مارس، 2001.

لاساییکردنەوە

هەموو هونەرێك لاساییکردنەوەیە[96] ئەمەش لای ئەفلاتون راستییەکی نەگۆڕە، بەڵام ئەرستۆش وەك پەرەنسیپ ئەمەی پشتڕاستکردوەتەوە، چونکە هەموو هونەرو مۆسیقاو.....تاد، لەراستیدا وێنەیەکی جیاوازی لاساییکردنەوەیە[97] ئەو کەسایەتی و روداو هەڵوێستانەی کە وێنەدەگیرێن، وا لەبینەر بکەن، کە وەك واقیع وان[98]، بۆیە شاعیر لاساییدەکاتەوە وەك ئەوەی هەیە، یان دیەوێت ببێت، یان دەشێت ببێت، واتە شاعیر وێنەی رابردو، یان رانەبردو یان نمونە یان وێنای ئەوانی دی بۆ ئێستا، یان رابردو دەخاتەڕوو[99]

ئەگەر هەموو هونەرەکانیش لەسەر لاساییکردنەوە بنیاتنرابن، هەموو ئەم هونەرە جیاوازانە شێوەی جیاوازن بۆ یەك جۆرو دەبێت جیاوازیکردنیان بەپێی سروشتی لاساییکردنەوەکە بێت.[100]

ئەرستۆ پێیوایە دەبێت بنچینەی ئەم جیاوازیە لەسەر سێ پەرەنسیپی کرۆکییەوەیە، ئەو نمونەیەی هونەرمەند لاساییدەکاتەوە، ئەو هۆکارەی بەکاریدەهێنێت، ئەو ڕێگەیەی دەیگرێتەبەر[101]. هەموو هونەرە مۆسیقی و ئەدەبییەکان، لەرێگەی

---

[96] - Atkins،op، cit،Vol 1،pp 79

[97] -Blamires، op،cit،p 9

[98] -Grube،op، cit، pp 70

[99] Crane ، op ، cit ، p 181

[100] -Selden، The sheory of criticism ،p 40

[101] -plato، Phaedrus، 265a

ڕیتم و مۆسیقاوە لاساییدەکرێنەوە، ئیدی ئەم سێ هۆکارە بەکاربهێنێت، یان یەکێکیان کە پێویست بێت، ئەو جیاوازییەی کە لەنێوان ئەفلاتون و ئەرستۆدایە، جیاوازییەکی ئاکارییە.

هۆکاری لەدایکبوونی شیعر لەبەردوو هۆکارە:

یەکەم: مرۆڤ بەسروشتی حاڵ حەزی لە لاساییکردنەوەیە.

دووەم: مرۆڤایەتی بەهرەیەکە لە هەستکردن بە ریتم وئاواز[102]

ئەرستۆ پێوایە جیاوازییە شاراوەکانی کەسایەتی مرۆڤ، ڕێڕەوی ئەم دووجۆرە شیعرە دیاریدەکەن، عەقڵە جدییەکان، لاساییی کارە باڵاکانی پیاوە باڵاکان دەکەنەوە، وەک شیعری داستانی و تراژیدیا، بەاڵم عەقڵە خراپەکان، لاساییی رووداوی نزم دەکەنەوە، وەک شیعری کۆمیدیا.

تراژیدیا لای ئەرستۆ

ئەرستۆ تراژیدیا بە لاساییکردنەوەی کارێکی باش و جدی دەزانێت، درێژیەکی دیاریکراوی هەیەو بەزمانێکی رازاوە دەنوسرێت، بۆئەوەی لەگەڵ هەموو بەشەکانیدا بگونجێت[103]، لەرەگەزەکانیشیدا پشت بە نواندن و گێڕانەوە دەبەستێت، و ئامانجی پاکردنەوەی دەروونە، لەڕێگە ترس و بەزەییەوە، ئەرستۆ تراژیدیاو کۆمیدیا لەیەکتری جیادەکاتەوەو جیاوازی لەنێوانیاندا

[102] -Arist ،op ، cit،1448 b4-24

[103] -Blamires، op، cit ،p 8

دەکات، کۆمیدیا کاریکی هەزلییەو بەدوای پێکەنینەوەیە، لەبارەی دریژی دیاریکراویش، مەبەستیەتی تراژیدیاو داستان لەیەکتری جیابکاتەوە، هەرچی زمانی رازاوە یان زەخرەفەییە لای ئەرستۆ، بریتییە لە ریتم و ئاوازو گۆرانی، چونکە سرودی کۆرسەکان داوای مۆسیقاو گۆرانی دەکەن، بەلأم بەشەکانی تری تراژیدیا تەنها داوای ریتم دەکەن[104] ، ئەم راڤەیەش لای رەخنەگرانی سەدەکانی ناوەڕاست بلاوبوویەوەو وتەکەی ئەرستۆیان بەوە وەرگێڕا، کە تراژیدیا لاساییکردنەوەی کاریکە، کە لەروی ئاکارەوە بەسودە، لەبری ئەوەی وەریگێڕێت بە کاریکی جیدی[105] لەساڵی 1881 جاکوب بیرنیس(Bernays) ئەوەی سەلماند، واتە پاکردنەوە دەروەن لەروانگەی پزیشکییەوەیە نەك ئاکارییەوە، ئەرستۆش باوکی دکتۆر بووەو پزیشکی خوێندوە، بۆیە مانای پاککردنەوەی لە تراژیدیادا کار لە دەرونی هەڵچوی بەزەیی و ترس دەکات و بەمەش دەرون لێیان پاکدەبێتەوە.[106]

کارنامەی تراژیدیا لای ئەرستۆ پاککردنەوەیە، ئەمەش تەنها لەڕێگەی لاساییەوە دەبێت،" خوێنەر لەڕێگەی هەڵچوون و کاریگەری دەرونی و گیانییەوە دووچاری پاککردنەوەی دەروونی دەبێت[107]

---

[104] -Grube، op، cit ،p 74

[105]– د. عبدالحسين فرزاد،ص130

[106]– ارسطو، السياسة،ترجمة: احمد لطفى السيد ،ص305

[107]– أرسطو طاليس، في الشعر، ترجمة: أبي بشر متى بن يونس القنائي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، 1993 ،ص68

ڕەگەزەکانی تراژیدیا

ئەرستۆ شەش بەش بۆ تراژیدیا دیاریدەکات، کە بریتیین لە(چنین، وێنەی کەسایەتی،زمان، بیر، دیمەن، مۆسیقا)[ئیرتر] سێ دانەیان بەکورتی باسیان دەکات، چونکە پێیوایە مۆسیقا کاریگەری زوونە لەسەر خەڵکی، دیمەن یان دەرهێنان کەمتر باسی دەکات ، چونکە کاریگەری لەسەر خەڵکی هەیە، بەڵام کەمتر وەک ڕەگەزێکی هونەری سەیردەکرێت، دوا ڕەگەزە کە پەیوەندی بەشاعیری تراژیدییەوە هەبێت، چونکە هێزی کاریگەری تراژیدی، مرۆڤ بەئاسانی هەستی پێدەکات، حەتا بەبێ نواندنیشی لەلایەن هونەرمەندانەوە بەهەمان شێوەیە، بەڵام لێرەدا دژیەتیەک هەیە، چونکە شاعیرێکی تراژیدی کە شانۆکەی دەنوسێت، بۆئەوەیە لەبەرامبەر بینەردا بنوێنرێت، بۆیە دەبێت هۆکاری دەرهێنان و نواندن هەبن، ئیدی بۆ نوسەر بێت، یان نواندن.

گرنگترین ڕەگەزی تراژیدیا بریتییە لە چیرۆک و کەسایەتی[ئیرتر]،بۆیە "چیرۆک یان بنیاتی روداو، یان چنین گرنگی زۆری لە تراژیدیادا هەیە، بەوپێیەی تراژیدیا لاساییکردنەوەی روداوە، بۆیە روداو بریتییە لە لاساییکردنەوەو بریتییە لە گیانی

---

* سۆفستایی: لەبنچینەدا بەواتای پیاوی حەکیم یان ڕاهاتوولە ئیشەکەیدا، ئەندامیەتی کەسێک لە پیشەکەیدا، واتە مامۆستای گەڕۆک لەبەرامبەر پارەدا، بەکارهاتوە.

[108]-Arist،poet، 1540 b 17

[109] - Atkins ،op، cit، vol 1، p86

تراژیدیا[110] دەشێ تراژیدیا بەبێ وێنەی کەسایەتی بێت، بەڵام ناکرێت بێ رووداو بێت[111] و پێویستە یەکیەتی رووداو یان چیرۆک هەبێت، واتە دەبێت یەک رووداو لە تراژیدیادا هەبێت[112] و هەر بەشەو رۆڵ و ئەرکی خۆی هەبێت، دەشکرێت لەسەرەتاوە ئەم پەیوەندیە ئاشکرانەکرێت، چونکە دواتر بینەر ئاشکرای دەکات، سەبارەت بە قەبارەی رووداوەکە، ئەرستۆ پێیوایە دەبێت ئەوەندە بێت، کە بینەر هەزمی بکات و بە ئاسانی بیگێڕێتەوە، لەهەمانکاتیشدا ئەوەندە درێژ بێت، کە توانی گۆڕانکاری دروستبکات[113] ئەرستۆ دەڵێت" پێویستە رووداوی چیرۆک، کاریگەری لەسەر بەزەیی و ترس هەبێت[114]، ئەرستۆ مەرج بۆ بوون بە پاڵەوانی تراژیدیا دادەنێت، نابێت کەسی پیرۆز، یان ئاینی و کەسی شەڕەنگێز بێت، چونکە کەسی باش ئەگەر توشی کارەساتێك بێت، سەرسامدەبێت، بۆیە دەبێت کەسێك بێت کاملّ و تەواو نەبێت لە چاکەو جێگیرییدا، کەسێك بێت لەپێناو هەڵەدا ، یان لاوازی دەستی بەسەردابگرێت ، کارەساتێکی توش نەبێت، هامارتیا بەشێکە لە کەسایەتی تراژیدی، بەمەش هەڵەی ئاکاری یان عەقڵی یان هەردووکیان بەیەکەوە ئەم لاوازیەی کەسایەتییەکە

---

[110] -Aristotle and Greek Tragedy، p 26

[111] –Arist، op ،cit، p25

[112] -Daiches، op، ci، p 27

[113]- هەمان سەرچاوە،ل145

[114] -wimsati.op ،cit، p29

پیشاندەدەن، لەگەڵ ئەمەشدا کەسایەتی تراژیدی کەسایەتی بەرزو بالآن و هەڵبژاردەن، بەڵام هامارتا بۆئەوەیە، لە مرۆڤی ئاسایی نزیکیان بکاتەوە و لە هەڵبژاردەیی و پیرۆزی دوریانبخاتەوە، بەڵام کەسایەتی کۆمیدی لەرووی ئاکارەوە کەسایەتێکی نزمن.

لەبارەی زمانیشەوە دەنگەکان دەکات بەدوو بەشەوە(جولاّو، جێگیر) بەپێی شوێنی دەرونیشیان دەگۆڕێن[115]، لەبارەی جۆرەکانی ناویشەوە دەڵێت" بریتییە لە ناوی سادە، دوانی یان چەندجارە، سیانی، یان چواری و زیاتر) هەموواوێکیش یان ڕەسەنە،یان زمانی، یان خوازراو، ڕەسەن خەڵکی بەگشتی بەکاریدەهێنێت، ناوی زمانیش ئەو ناوانەی خەڵکی ولاّتانی تر بەکاریدەهێنن، گواستنەوەی ناوە بۆ شتێکی تر، ئەمانەش لە ڕەگەزێکەوە دەگوازرێنەوە بۆ جۆرێکی تر، یان لە جۆرێکەوە بۆ ڕەگەز،یان لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی تر یان بەرێگەیەکی گونجاو دەگۆڕێت[116].

لەبارەی شێوازیشەوە دەڵێت" دەبێت گوزارشتەکان ڕوون و ئاشکرابن، چونکە شێوازی بەرز، دووڕە لە وشەی نامۆو خوازراوەوە".

میژوو

لەسەر شاعیر نییە ڕوداوە ڕاستەقینەکان بگێڕێتەوە، بەڵکو ڕوداوێك کە دەکرێت ڕووبدات، یان هەر ڕونەدات بەپێی زەروڕەت و ئەگەر، جیاوازی لەنێوان میژوونوس و شاعیر دەکات، میژوو نوس

---

[115]– د. عبدالحسین فرزاد، ص141

[116]– د . عبدالحسین زرین کوب، ص142

ئەوە دەگێڕێتەوە کە رووییداوە، بەڵام شاعیر ئەوە دەگێڕێتەوە کە لەوانەیە رووبدات[117]، کەواتە کاری شاعیر چیرۆك نییە ئەوەی رویدابێت، بەڵکو ئەوەیە کە دەبێت رووبدات، بۆیە جیاوازی شاعیرو مێژوونوس لەوەدایە کە شاعیر ئەوەی رووەدات باسیدەکات ، بەڵام مێژوونوس ئەوە باسدەکات کەرووییداوە[118] کەواتە کارنامەی شیعر گواستنەوەی واقیع نییە وەك خۆی، بەڵکو کاری لاسایی داهێنانە.

داستان

ئەرستۆ سێ بەشی سەرەکی بۆ گفتۆگۆکردن لەسەر شیعری داستانی دادەنێت، کە بریتین لە بەشەکانی(23،24،26) لەبەشی یەکەم و دووەمدا سەرنجی ورد، لەپێناو خودی شیعری داستانی دەخاتەروو، بەڵام لە بەشی شەشەمدا حەزێکی سادە دەخاتەروو، بۆئەوەی ئەوە بسەلمێنێت، کە تراژیدیا ناوی وێنەیەکە لە وێنەکانی داستان، لەوانەشە ئەمە وەڵامدانەوەی ئەفلاتون و جێبەجێکردنی بۆچوونی خۆی بێت[119] ئەرستۆ دەڵێت" رووە کە لاساییکردنەوەی گێڕانەوەیی لە کێشێك لەکێشەکانی شیعر، دەبێت خاوەن بنیاتێکی چیرۆکی درامی بێت و چڕبووبێتەوە لەسەر یەك روداوی تەواو[120] و پێویستیشە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی

---

[117] -Wimsat.op، cit، p 25

[118]– محمد المعطي القرقوري ، مفهوم المحاكاة بين أرسطو وفلاسفة الإسلام، مراجعة نقدية، ، مجلة فكر ونقد، س1، ع3، نوفمبر، 1997،ص 30

[119]– د. عبدالحسين زرين كوب، ص145

[120] -Daichea،op،cit،p4

هەبێت، دواتر باس لە بنیاتی چیرۆکی داستانی و بنیاتی چیرۆکی مێژویی دەکات و مەدحی هۆمیرۆس دەکات، کە لە ئەلیادەدا باسی تەواوی شەڕی تەروادەی نەکردوە، چونکە زۆر درێژەی دەکێشاو نەیدەتوانی وەك بابەتێکی تەواو بیخاتەروو، واتە بەشێکی هەڵبژاردوەو کردویەتییە داستان، بەڵام هۆمیرۆس بە پێچەوانەی شاعیرە داستانییەکان، پارێزگاری لە یەکیەتی کرۆکی بابەت کردوە، ئەرستۆ ئەوە دەخاتەروو، کە ئەم یەکیەتییە لەیەك کاتدا دەگاتە لوتکە و رێگەش بە هەمەجۆری دەدات[121] پێشیوایە دەبێت داستان سنورێکی دیاریکراوی هەبێت، یەکسان بێت بە کۆی درێژی تراژیدیاکان کە لەسەر شانۆ پێشکەشدەکرێت، ئەغریقییەکان راهاتبوون سێ تراژیدیا لەیەککاتدا پێشکەشدەکەن، درێژی داستانیش لای ئەرستۆ یەکسانە بە سێ یەکی داستانی ئەلیدەو یەکسانە بەدرێژایی داستانی ئەرجوناوتیکای بوللونیوس رودسی، هەروەها داستان خاوەن رووبەرێکی فراوانی روداوی سەرەنجڕاکێش و عەقڵانییە[122].

ئەرستۆ پێیوایە کێشی شەشی(سداسی) بۆ پێوانەی داستان گونجاوە، هۆمیرۆسیش تاکە شاعیرە کە لەسەر زمانی ئەوانی ترەوە قسەدەکات، و زۆر بەدەگمەنی لەسەر زمانی خۆی قسەدەکات[123].

---

[121] -Grube.op، cit،pp 85

[122] - Daichea،op،cit،p42

[123] – هەمان سەرچاوە،ل148

کۆمیدیا

لەکۆتایی هونەری شیعردا، ئەرستۆ لەیەک کاتدا بەراورد لەنێوان سێ جۆر شیعردا دەکات، کەبریتین لە(کۆمیدیا، تراژیدیا، داستان) دەڵێت کۆمیدیا بریتییە لە لاسایکردنەوەی کەسانی نزم ، بەڵام دانەری ئاکار نیین[شمیتر]، پێکەنینیش شتێك نییە جگە لە شتی ناشیرین، کاری پێکەنیناویش خەوشە، ناشیرینیش ئازارو زەحمەتی تێدانییە،[لهیتر] واتە خەوشەکە نەگاتە ناشیرینییەکەی، بەئەندازەیەك بیکاتە ئازار.

ئامۆژگاری شاعیران

ئەرستۆ هەندێك ڕێنمایی و ئامۆژگاری بۆ شاعیرانی تراژیدی دەخاتەروو، دەڵێت" لەسەر شاعیرە پاش نوسینی شیعرەکەی، چەندێك بتوانێت لەشیعرەکەی رابمێنێت، تاوەکو کەم و کەڕیەکانی چاك بکات، ئەگەر شاعیران هەست بەشتێك بکەن، دەتوانن دەریببڕن، ئەوەی هەست بەخەمۆکی بکات، دەتوانێت بەراستگۆیی دەریببڕێت وبیگوازێتەوە بۆ بینەر، بۆیە شیعر یان لە توانایەکی سروشتییەوە سەرچاوەی گرتوە، یان لەدووچاربوونی بە شێتیەوەیە، توانست لە کەسایەتییەکەوە دەردەچێت و دەچێتە کەسایەتییەکی تردەوە، بەڵام شێتبوون هەرگیز ناتوانێت لە

[124] -Blamires ،op ، cit. p 8

[125] -Arist،op، ciy، 1449 a،31

شێتییەکەی دەربچێت[126]. بەمەش ئەرستۆ دوو ڕێگە دەخاتەروو، کە هەموو شاعیرێك دەتوانێت لەڕێگەی یەکێکیانەوە، دیمەنەکانی کەسایەتی تراژیدی بگوازێتەوە بۆ بینەر، یەکێکیان شاعیر کەسایەتی خۆی ونـدەکات و کەسایەتییەکی تری تراژیدی وەردەگرێت، یەکێکی تریان پاریزگاری لە کەسایەتییەکەی دەکات و لە حاڵەتی شێتیدا دەمێنێتەوە، لەسەر شاعیرە دوای هەڵبژاردنی بابەت، پلانێکی گشتی بۆ دابنێت و دابەشبکات و درێژە بەپارچەکانی بدات، هەموو تراژیدیایەك دەبێت گرێ و چارەسەری هەبێت، ئەو ڕوداوانەی کەبەشێکیان دەکەونە دەرەوەی تراژیدیاو بەشێکی ترایان دەکەونە ناو تراژیدیا، بریتیین لە گرێ، ئەوەش کە جیاوازییە، بریتییە لە چارەسەر.

هونەری شیعر وەلأمدانەوەی کارەکی ئەرستۆ بوو بۆ بۆچوونەکانی ئەفلاتون لەبارەی شیعرەوە[127] بەلأم ئەگەر ئەم هەنگاوەی بۆ ئەمەش بێت ، لەگەلْ ئەمەشدا ئەرستۆ هەوڵێکی جدی و شێوازو گوزارشتی خۆی بەکارهێناوە.

---

[126] - Arist ، op ،cit، 1455a 32

[127]-Atkins ،op، cit، Vol ، p71

وتار

ریۆتیکا (هونەری دواندن) باس لە چۆنییەتی فێربونی وتاردانو مەرجەکانی وتاربێژی سەرکەوتوی خستوەتەروو.

هەندێك دەڵێن نوسینی ریۆتیکا بۆ رەتدانەوەی بۆچوونەکانی ئەفلاتونە، بەڵام هەندێکی تریش دەڵێن بۆ وەڵامدانەوەی بۆچوونەکانی دوژمنەکەی ئیسوکراتیسە، چونکە کاتێك ئەرستۆ لە347-367 لە ئەسینا بوو، لە پەروەردەدا رەخنەی لە بۆچوونەکانی ئیسۆکراتیس دەگرت، بۆیە بڕیاریدا ریۆتیکا بەشێوازێکی رازیکەر بنوسێت، ئەم پرۆژەیەش دوای مردنی ئیسۆکراتیس لە 335-322پ.ز کۆتایی پێهێنا[128] وتار لای ئەفلاتون هونەرێکی راستەقینەو تەواو نییە، بەڵکو حیلەو فێڵێکە بۆ متمانەپێکردن،و پشت بە هەندێك هۆکاری سایکۆلۆژی دەبەستێت[129]، ئەم وتەیەی ئەفلاتون کاریگەری لەسەر ئەرستۆ دروستکردوە، ئامانجی سەرەکی ئەرستۆش رەتکردنەوەی بۆچوونەکەی ئەفلاتونە لەسەر وتار وەك هونەر[130]

کتێبی وتار لە سێ بەش پێکهاتوە:بەشی یەکەم ودووەم باس لە بابەت و خاڵی گفتوگۆکان و چۆنییەتی وەڵامدانەوەیان دەکات، بەشی

---

[128] -Jebb Attic ،Orators،o xvi

[129] - Arist ،op ،cit ،p9

[130] -Rhys –Roberts ، refrences to plato in Aristotalis Rhetoric،pp 342

سێیەمیش باس لە لایەنی فۆرمی وتارو چۆنییەتی گفتوگۆکردنی شێواز دەکات[131]، لەراستیدا بەشێوەیەکی گشتی هەندێك لێکچوون لەنێون هونەری شیعرو وتاردا هەیە، هونەری گوتار بە شێوازێکە، ئاراستەی چینێکی دیاریکراو کراوە، لەشێوەی شێوازی وانەبێژیدایەو پیشت بە هەندێك یاسا دەبەستێت.

جۆرەکانی وتار

ئەرستۆ لە کتێبی ریۆتیکادا بە پلەی یەکەم کاری لەسەر وتار وەك کاریگەری و کارتێکەری بخاتەروو، بۆیە ئەرستۆ بەپلەی یەکەم لە خەمی ئەوەدایە، کە وتار بە هونەرێك لە هونەرکان دابنێت،و بەشێکە لە سیستمی فەلسەفی، بەتوانا بوون لە وتاردا، یان بەشێوەیەکی سروشتی مومارەسەی دەکەن، یان لەرێگەی دەوروبەرەوە وەریدەگرن.

هونەری وتار بەپێی مەبەستەکەی دابەشدەبێت بەسەر سێ جۆردا ، ئەگەر مەبەست رازیکردنی گوێگر بێت، ئەوا سێ جۆر گوێگر هەیە، جەماوەری گۆڕەپانەکانی بڕیاردان، ئەندامانی کۆمەڵەی نەتەوەیی،جەماوەری کۆبوونەوە گریمانەییەکان، بەم پێیەش سێ جۆر وتارەکەش بریتییە لە: وتاری بەرەنگاریکردن(دیفاع) کە لە گۆڕەپانەکانی بڕیاردادا دەدرێت، گوتاری تێڕامانی کە لە کۆمەڵەی نەتەوەیی دەدرێت، وتاری نمایشی(الاستعراضی) کەلەبەردەم ئەو جەماوەرە زمانەوانی و ستایشییەکاندا پێشکەشدەکرێت .[132]

---

[131] -هەمان سەرچاوە،ل13

[132] -crane ، op، cit، p221

شێوازی وتار

لە شێوازی وتاردا ئەرستۆ دەڵێت" تەنها ئەوە گرنگ نییە کە بزانین چی دەڵێین، بەڵکو پێویستە بەشێوازێکی تەواو بیڵێین[133] شێوازی وتاری نمونەیی بەلای ئەرستۆوە ئەوەیە، کە خستنەرووی راستییەکان بێت،و بەدوربێت لە وروژاندنی هەستەکان، بۆیە دەڵێت ئەو کەسەی ئەندازەکە بە جوانی شێواز بڕازێنێتەوە مامۆستا نییە، لە راستیدا ئەمەش تەنها لە کۆمەڵگەیەکی سۆپرمانیدا بەدیدێت.

ئەرستۆ خاسیەتی شێوازی باش دەخاتەروو، یەکەم رووونی، دووەم گونجاوی[134] کارنامەی وتاری، باسکردنی مانایەکە لە ماناکان، ئەمەش تەنها بەرووونی بەدیدێت، ئەمەش بە بەکارهێنانی وشەی باو دەبێت.

پوختەیەك لە روانینەکانی ئەرستۆ

1- جۆرەکانی شیعر بەلای ئەرستۆوە بریتیین لە:(داستانی، زمەسات،مەرگە سات)،ئەرستۆ شیعری وێژدانی دەخاتە لاوە، چونکە دەچێتە ناو هونەری مۆسیقاوە، بە حوکمی ئەوەی ئەم جۆرە شیعرە لە سەردەمی ئەرستۆدا لەگەڵ بەکارهێنانی ئامێری مۆسیقای رەبابدا بووە.

---

[133] -هەمان سەرچاوە

[134] - هەمان سەرچاوە،2-1 III

2) أ) لاسایکردنەوە زیاتر لە ژێر کاریگەری کردەوەیەو لاساییکەرەوەکان لاسایی کردارەکانیان دەکرد، شاعیرانیش،یان لاسایکردەوەی باشیان دەکرد، یان لاسایکردەوەی کەسانی لە خۆمان خراپن، یان لاساییکردنەوەی هەمان چەشنی خۆمانیان دەکرد.

ب) جۆری لاساییکردنەوەکەیان بە شێوەی خورپەو لەگەل ئاوازدا بێ، وەکو هونەری مۆسیقا بەدیدەکرێت، یان لاسایکردنەوەکە بە پێی خۆگونجاندن لەگەڵ ترپەو ئاوازەکەدا دەبێت، وەکو هونەری سەماکردن، یان لاساییکردنەوەکە بە وشە دەبێتو پشت بەترپەو ئاوازە دەبەستێ، وەکو لە نێو شیعردا بەدیدەکرێت.

جـ) لاساییکردنەوە ئارەزویەکە لە سەردەمی منداڵیەوە لەلای مرۆڤ پەیدا دەبێ، لە هەموو حاڵەتێکدا لە بواری لاسایکردنەوەدا مرۆڤ جیاوازترە لە هەموو گیانەوەرانی تر.

د) شێوەی لاسایکردنەوەکە هەردوو جۆری هۆنراوەی داستانو هۆنراوەی شانۆیی دەستنیشاندەکات.

3- هۆنراوەی داشۆرین، جۆرە هۆنراوەیەکە بابەتی جنێودانی تیایدایەو کێشەکەشی یان شەشیە، یان سێییە (6پێیی، 3 پێی) بەلای ئەرستۆوە شیعری داشۆرین پەرەیسەند بۆ شیعری بەزمەسات، شیعری داستانیش پەرەی سەند بۆ شیعری مەرگەسات، بەلای ئەرستۆوە شیعری مەرگەسات باڵاترین جۆری شیعرە، چونکە کردەوەی پاڵەوانان دەگێڕێتەوە.

4- بەزمەسات بەلای ئەرستۆوە لاسایکردنەوەی لایەنی پێکەنینەو کردەوەی خراپی تێدایە، ئەم جۆرە لاساییکردنەوە

زیاتر هەوڵدەدات لاساییکردنەوەی کەسانی خراپ و هیچ و پوچ بکاتەوە، نەک لە هەموو لایەنەکانییەوە، بەڵکو لەو لایەنەی پێکەنینمان پێدەبەخشێ و بەزمەسات بەلای ئەرستۆوە سەرچاوەکەی دیار نییە، بەلایەوە کەم بایەخە، بەڵام مەرگەسات لاساییکردنەوەی کەسانی باش و چاکن.

5- شیعری داستانی و شیعری مەرگەسات لاسایی کەسانی باش دەکەنەوە، بەڵام جیاوازی نێوانیان لەوەدایە درێژی کاتی پێشکەشکردنی بابەتی داستانی بەرفراوانە، بەڵام درێژی کاتی پێشکەشکردنی مەرگەسات ماوەی یەک خولانەوەی خۆرە، واتە نابێت 24سەعات زیاتر بێت، هەروەها شیعری داستانی بەیەک کێش دادەڕێژێت، بەڵام شیعری مەرگەسات بەچەند کێشێک لە توانای شاعیردا هەیە دایبڕێژێت، هەروەها بایەخی بابەت و شیعری مەرگەسات لەوەدایە هەردوولایەن سۆزو ترس لەدەرونی مرۆڤدا دروستدەکات، پاشان دەبنە هۆی دەستهەڵگرتن، یان پاکبوونەوەی لە نواندنی هەمان کردەوەی خراپ، بەڵام شیعری داستان ئەم جۆرە لایەنە لە دەروونی مرۆڤدا دروستناکات، بەڵکو زیاتر هانیدەدات بۆ زیاتر لاساییکردنەوەی ئەو جۆرە پاڵەوانانەی، کە شیعری داستانی کردەوەکانیان پیشانبدات.

6-بەلای ئەرستۆوە شیعر بەهایەکی گەورەتری هەیە لە مێژوو، هەروەها بەی ئەرستۆوە شیعر لاساییکردنەوە هەروەک هەردوو هونەری نیگار کێشان و مۆسیقایە، ئەرکی راستەقینەی

شاعیریش لەوادا نییە ڕوداوەکان وەك خۆیان بگێڕێتەوە، بەڵکو ئەرکی لەوەدایە چۆن دەبێ ڕوو بدەن. بەم شێوەیە ئەرستۆ جیاوازی لەنێوان مێژونوس و شاعیر دەخاتەڕوو، هەروەها شاعیر دەبێ دروستکەری سەرگوزەشتەو شتی هیچ و پوچ بێت، چونکە زیاتر لە وەی دروستکەری کێشەکانی شیعر بێت، چونکە شاعیر زیاتر لاسایکردنەوە هەڵدەبژێرێت و لاسایی کردەوەکان دەکاتەوە.

7- زمانی شیعر بەلای ئەرستۆوە هەمان زمانی ئاخاوتنی خەڵکی نییە، شاعیر دەبێ خاوەنی زمانێکی تایبەت بێ و زمانەکەی ڕوون بێت، نابێت زمانەکەی زۆر نامۆو داخراو بێت، هەروەها شاعیر نابێ بەزمانی خۆی بدوێ، چونکە ئەگەر وای کرد، نابێتە لاسایکردەوەی کەسانی تر، کەواتە خودی شاعیر لە هۆنراوە نوسیندا دەبێ فەرامۆشبکرێت.

بۆ نموونە هۆمیرۆس بەلای ئەرستۆوە گەورەترین شاعیرە، کە دوو چامە شیعری درێژی نوسیوە، تیایدا بە زمانی خۆی لەبارەی خۆیەوە نەدواوە، باسی پاڵەوانێتی یونانییەکان دەکات لە شەڕی تروادەو لە نێو ئەلیادەدا، هەروەها مەزنی هۆمیروس بەلای ئەرستۆوە لەوەدایە هەڵچوونەکانی خۆی لەبارەی ڕووداوەکانی نێو ئەلیادەوە، بە ئاسانی خستوەتە ڕوو، ئەلیادەی کردوەتە هۆنراوەیەکی ئاسان، بەڵام هۆنراوەی ئۆدیسەی

کردوەتـە هۆنراوەیـەکی ئـاڵۆزو تـا رادەیـەك ئاکـاری و زمـانی شیعری بەلای هۆمیرۆسەوە لە پلەو پایەیەکی بەرزدایە.

8- بەلای ئەرستۆوە رووبی شیعرو لایەنی رەوانبێژیەکەی، لە راسـتگۆیی شـاعیرەوە دەردەکـەوێت، هـەروەها هونـەری شـیعر، کـاری ئـەو کەسـانەیە بـە زکمـاکی بلیمـەتن و زۆر جـار خورپـەی شیعریش لە خواوەندەکانەوە بۆیان دێنە خوارەوە.

9- بەلای ئەرستۆوە جۆرەکانی رەخنە لە بـواری شیعردا، کـە لـە توانـادا هەیـە ئاراسـتەی شـاعیران بکرێـت، ئەرسـتۆ وەکـو ئەفلاتون رەخنە لە شاعیر ناگرێت، ئەگەر لە بوارەکانی تر هەڵەی کرد، بەڵام شاعیر لە بواری هۆنراوە نوسیندا، زیاتر دەکەوێتە بەر پرسی رەخنەو رەخنەکاری.

ئەرستۆ لە رەخنەگرتندا رەچاوی ئەم خاڵانەی کردوە:

1-بـەوردی سـەیری سروشـتی ئـەو نەتەوەیـەی کـردووە، کـە نوسەرەکەی تێدا هەڵکەوتووە.

2-شـارەزایی باشـی هـەبووە دەربـارەی سـەردەمی دانـانی بەرهەمەکە.

3-باری رۆشنبیری سەردەمی خەڵکەکەی رەچاوکردوە، کە لە چ پلەیەکدا بووە.

4- رەچـاوی کـارتێکردنی زمـانی هاوسـێیی لـە بەرهەمەکـەدا کردوە.

لاساییکردنەوە لە ئەفلاتونەوە بۆ ئەرەستۆ

بیرۆکەی لاساییکردنەوە لەسەر دەستی ئەفلاتوندا لەدایکبووەو لە دواییدا ئەرستۆ وەریگرتووەو بە چەشنێکی دیکە بۆی چووەولێیکۆڵیوەتەوە.

1-ئەفلاتون لە مەسەلەی لاساییکردنەوەدا، هونەرە جوانەکانو هونەرە بە سوودەکان بەیەك چاو سەیردەکات، واتە نیگارکێشی کە خاوەنی هونەرێکی جوانو دارتاش کە سازکەری بەرهەمێکی بەسوودە، بەڵای ئەفلاتونەوە لە مەسەلەی لاساییکردنەوەی سروشتدا، هیچ جیاوازییەکیان نییە، بەڵام ئەرستۆ بەهیچ جۆرێك تێکەڵیان ناکات، تەنانەت هونەرە جوانەکانیش لە یەکتر جودا دەکاتەوەو هێڵی وردی نێوانیان دادەنێت، بۆیە ئەرستۆ لەم رووەوە دەڵێت:

هەرچەندە نیگارکێشی لاسایی سروشت دەکاتەوەو شاعیرانیش لە هەمان کاتدا لە هەمان بابەت خورپەو بەهرەی خۆی وەردەگرێت، بەڵام هونەری لاساییکردنەوەی شاعیران ئاسمانو رێسمانە، چونکە نیگارکێش بەهێڵو بۆیە، رەنگو سێبەرو قەوارە، لاسایی لایەنێك لە لایەنەکانی سروشت دەکاتەوە، کەچی شاعیر لەرێگەی زمانو ترپەو ئاوازەوە لاسایی کردنەوەکە دەردەبڕێت.

لای ئەفلاتـەن لاسـاییکردنەوە وەك چـاولێگەرییەو بایـەخی نییـە، بـەلاّم لای ئەرسـتۆ لاسـاییکردنەوە پرۆسـەی دەربڕینـی توانست و داهێنانە.

2- ئـەفلاتون بەرهـەمی لاسـاییکردنەوەکەی سروشـت لـە هونـەردا بـە ئاکـامێکی ناتـەواو پـڕ لـە کەلەبـەر لـە قەڵەمـدەدات، چونکە بەلای ئەمەوە ئەم بەرهەمە چەند وردەکارو چەسپاوبێت، سـێ هـەنگاو لـە راسـتی نمونـەی بابەتەکەیـەوە دوورە، کەچـی ئەرستۆ هونـەر بەتەواوکـەری سروشت دادەنـێ، شاعیرانیش بـە هەڵگرانی دروشمی داهێنـانی سروشتێکی تازە تەماشادەکات و پێیوایە هونەری هۆنراوە پەیامی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سروشتی پێـی سـپێردراوە، بەمـەش (2400) سـاڵ لەمەوبـەر دیباجـەی ریالیزمی ئیشتراکی لە رەخنەی جیهانیدا دیاریکردوە.

پێوانەی ڕەخنەیی لە نێوان ئەفلاتون و ئەرستۆ

1-ئەفلاتون بەشێوەیەکی ئایدیالی و میتافیزیکی بیری لە بۆچوونە ڕەخنەییەکانی دەکردەوە ، بەڵام ئەرستۆی خوێندکاری بۆچوونە ڕەخنەییەکانی لە واقیعەوە نزیکە.

2- بەڵای ئەفلاتونەوە لاسایکردنەوە لەهەموو بوارەکان دەکرێت، بەڵام ئەرستۆ پێیوایە لاساییکردنەوە لە هونەرەجوانەکانی مۆسیقاو نیگارکێشانو شیعرو هونەرە سوودبەخشەکانی وەکو هونەری بیناکاری و دارتاشیدا دەکرێت لەهەموشیاندا لاساییکردنەوەی سودبەخشە.

3-پلەی لاسایکردنەوە لەشیعردا بەلای ئەفلاتونەوە کەمترە لە پلەی لاسایکردنەوە لە بوارەکانی زانستیدا، بەڵام پلەی لاسایکردنەوە لە شیعردا لای ئەرستۆ مەزنترە لە هەردوو لایەنی زانسی و واقیعی.

4-ئەفلاتون لە بواری لاساییکردنەوەدا جیاوازی لە نێوان مێژونوسو شاعیر نەکردووە، بەڵام ئەرستۆ ئەم جۆرە جیاوازیەی کردوە، بەلایەوە ئەرکی شاعیر گێڕانەوەی ئەوەیە کە ڕووبدات، نەک هەر ئەوانەی کەڕوویانداوە، بەڵام مێژونوس تەنها تۆماریان دەکات.

5-وتاربێژی بەلای ئەفلاتونەوە وەک لێکۆڵینەوەیە لە ڕووەکانی ئاخاوتن و چۆنییەتی کاریگەریان، بەڵام لای ئەرستۆ وتاربێژی لقێکە لە لۆژیک و زانستی ئاکارو ڕامیاری، هەروەها بەلای ئەرستۆوە زمان بریتییە لە لۆژیک و وتاربێژی و شیعر.

6- ئەفلاتون هەموو جۆرەکانی شیعر رەتدەکاتەوە، تەنها شیعری ئایینی نەبێت، بەڵام ئەرستۆ تەنها شیعری لیریکی رەتدەکاتەوە و بەکەم بایەخ لێیدەڕوانێت .

ا- جۆرەکانی شیعر بەلای ئەرستۆوە بەم شێوەیە ریزدەکرێن (تراژیدی، داستانی، بەزمەسات) هەروەها بەلای ئەرستۆوە لاساییکردنەوە، نەك کێشی شیعری دەبێتە مایەی جیاوازی شیعرو پەخشان، لەلاساییکردنەوەکەدا نابێ شاعیر خۆی بکاتە گێڕەرەوەی شیعرەکەی، لەم بوارەدا هۆمیرۆس باشترین شاعیرە.

ب- تراژیدیا بەلای ئەفلاتونەوە پەسەندنینە، چونکە خودی خواوەندەکانە و پاڵەوانەکانی کۆمەڵ بەکەم بایەخی دەخرێنە بەرچاو و رەخنەیان لێ دەگرێ، بەڵام تراژیدیا بەلای ئەرستۆوە پەسەندە، چونکە لە رێگەی ترس و سۆزی نێو تراژیدیاوە، لایەنی پاکسازی لە دەرونی بینەرەکە دروستدەبێت، هەروەها لە نێوان جۆرەکانی شیعردا، شیعری داستان بەلای ئەفلاتونەوە باشترە، چونکە وەرەی خەڵکی بەرزدەکاتەوە، ئەم جۆرە شیعرەش بەلای ئەرستۆوە پەسەندە.

7- شیعرو شاعیر بەلای ئەفلاتونەوە بەهاو رێزی کەمیان هەبووە، تەنانەت داوای دەکرد لە نێو کۆمارەکەیدا شاربەدەربکرێن، بەڵام شیعر و شاعیر بەلای ئەرستۆوە بەهای تایبەتی خۆیان هەبووەو تەنانەت بەهای شیعر بەلای ئەرستۆوە مەزنترە لەبەهای فەلسەفەو میژوو.

8-ئەفلاتون لە بارەی ئەدەبەوە بە گشتی دواوە، بەڵام ئەرستۆ لە بواری ئەدەبدا وردتر باسی رەگەزەکانی ئەدەب، بەتایبەتی لە بواری شیعرو شانۆدا کردوە.

پ- خوێندکارەکانی ئەرستۆ

هەرچەندە دوای سقرات و ئەفلاتون و ئەرستۆ هیچ کەسێك وەك ڕەخنەگری ئەدەبی کە شوێنی ئەمان بگرێتەوە، یان بگاتە ئەو ئاستەی بەراوردی کارەکانی لەگەڵ سقرات و ئەفلاتون و ئەرستۆدا بکەین نەبووە، هەر لەبەرئەمەش بەرهەمەکانی ئەفلاتون و ئەرستۆ تاوەکو ئەمڕۆ هەم کاریگەرییان هەیە، هەم بۆ هەر زانستێك سەرەتاکەی دەگەڕێینەوە سەر ئەمانە، بەڵام دوای ئەرستۆ چەند خوێندکارێکی دەرکەوتن، بەڵام نەیانتوانی ببنە میراتگرەوەی مامۆستاکەیان، لەوانە:

1-سیوفراستوس

دوای ئەرستۆ دیارترین ڕەخنەگر کە دەرکەوتبێت سیوفراستوسە، ساڵی 372 لە ئەریسوس(Eresos) لەدایکبووەو لە ساڵی287 پ.ز کۆچی دوایی کردوە[135]، لەساڵی 323 سەرۆکایەتی لیسیۆمی گرتەدەست، واتە پاش ئەوەی ئەرستۆ ئەسینای بەجێهێشت و چووە بۆ خالکیس ، هەندێك هەموارکردنەوەی باشی لەبیناکەی لیسیۆمی ئەرستۆدا ئەنجامدا، و چەند ژورێکی تری زیادکرد بۆ وانەوتنەوەی خوێندکارەکان، بەڵام لە پرۆسەی فێرکردندا دوای ڕێنمایی و زانستی ئەرستۆ کەوتبوو، بەڵام ئەوەندە هەیە سیوفراستوس زیاتر مامۆستای فەلسەفەبوو، لەوەی فەیلەسوفێکی نوێ بێت، زیاتر گرنگی بەزانست دەدا،

[135]- Diog Laert، v 36 spp

چونکە لەو ماوەیەدا باوبوو، لەبەرئەوەی فەلسەفە لەوکاتەدا، وەک رێنمایی و رابەری ژیانبوو، نەک لایەنێکی تیۆرامانبێت[136].

هەندێك لەناونیشان و سەرەنجی کاری جیاوازەکانی سیوفراستوس ماونەتەوە، کە زیاتر باس لەهەمان بابەتەکانی ئەرستۆ دەکات و لەشێوەی وانەبێژی و رەشنوس کە بە خوێندکارەکانی وتوەتەوە ماونەتەوە، یەکێکە لە ماوەستا سەرکەوتوەکان، چونکە (2000) خوێندکاری هەبووە،35 ساڵ لە لیسێوەمدا وانەی وتوەتەوە، بەمەش سالآنە 50–60 خوێندکار پەیوەندی بە لسیۆمەوە کردوەبەمتر دوو کتێبی کە لەسەر رووەك ناسییە ماوەتەوە، یەکێکیان بەناوی (میژووی روەك)، ئەوی تریان بەناوی (جۆرەکانی رووەك)، بەشێکیش لە کتێبی (میتافیزیکیا)ی ماوەتەوە، بەلآم ناوبانگی سیوفراستوس لای نەوەی کۆن و نوێ دەگەڕێتەوە بۆ کتێبی(کەسایەتییەکان) کە بەتەواوی ماوەتەوەتەمتر، تێیدا باسی سی کەسایەتی کردوە، ئەمە جگە لەوەی باسی هەندێك بابەتی جیاوازی تری کردوە. سیوفراتیس خوشکەزای ئەرستۆ بووە، و خوێنکارێکی دڵسۆزو جێگرەوەی ئەرستۆ بووە لە لیسێوەمدا، بە رەخنەگرێکی گەڕۆك(مەشائی) و ناسراوەو لەسەر

---

[136] -Cicero، Tusc،II .11

[137]– Cicero، Tusc،II .11

[138] -Atkins Literary criticism In Antiquity vol 1، p 155

شێوازو ئەدەب نوسیویەتی[139]، لەدوو شتدا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ وانەکانی سیوفراتیس ، یەکەمیان لە تایبەتمەندی چوارینەیی لە شێوازدا، لەگەڵ جۆرەکانی شیوازی سیانی، بۆچوونەکانی وانین کە زۆربەی بۆچوونەکانی لەگەڵ ئەرستۆدا یەکبگرێتەوە، یان دژبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەناگەیەنێت کە دەنگی ئەرستۆ بێت، بەوەی زۆرجار رووبکردنەوەی لەسەر بۆچوونی مامۆستاکەی داوە، سیسرۆن پێیوایە کە سیوفراتیس لە مەسەلەی ریتمدا زیارترو بەدرێژتر لە ئەرستۆ دواوە[140]، سیوفراتیس دەڵێت خوێندنەوەی شیعر بۆ قسەکەران و تاربێژان گرنگە، چونکە بەوردی و سەرەنجەوە لەسەر وتار نوسیویەتی، کۆنتلیانوس پێیوایە زیاتر لە ئەرستۆ ڕۆشتوە.

لەراستیدا لەناو خوێنکارەکانیدا کەسێك هەڵنەکەوت کە بتوانێت شوێنی ئەرستۆ بگرێتەوە ، یەکێك لە خوێندکارەکانی (سیو فراست Theophraste) کە بە گرنگترین و دیارترین خوێندکاری ئەرستۆ دادەنرێت ، چونکە کەسێك بووە کە دوای مردنی ئەرسۆ لە بری ئەو لە خوێندنگەی (گەڕۆك، مشائی) سەرقاڵی فێرکردن بوو، (دیو ژن لارس) دەڵێت نزیکەی 2000 خوێنکار لە وانەکانیدا ئامادە بوون ، کتێبێکی هەیە بەناوی (هونەری شیعر) هەرچەندە لەناو چووە ، بەڵام

---

[139]– د. عبدالحسین فرزاد،ص180

[140]-Cicero De Oratore 3،172

ناونیشانی هەندێك لە بەشەکانی ماوە و ئەوە دەخەنە ڕوو، کە تا چ ئەندازەیەك جێگەی نیگەرانییە .

2-دیمتریوس

گرنگترین کاری ڕەخنەیی دیمتریوسی هاوڕێی سیوفراستوس، وتارێکە بەناوی شێوازەوە، هەندێك پێیانوایە لە ساڵی270 پ.ز یان تۆزێك زیاتر نوسراوە[141]، ئەم شێوازە پێکهاتوە لە(303) پەرەگراف،(1–35)وەك پێشەکی باس لە پێکهاتەی رستە دەکات، لەگەڵ گفتوگۆکردن لەسەر شێوازی چواری نوسین،(38– 113) باس لەشێوازی ڕەواقی دەکات،(128–185) باس لە شێوازی ڕەشیق دەکات،(190–235) باس لە شێوازی ئاسان دەکات،(236– تاکۆتایی) باسی شێوازی ساختە دەکات.[142] تێگەیشتن لە شێوازی ڕەشیق ئاسان نییە، چونکە ڕەشاقە شێوازێکی زیرەکانەیە بۆ یاریکردن بەگوزارشت، و دابەشیدەکات بەسەر دوو جۆردا: سحری یەکەمیان لە جدیەت و وقاردایە، بەڵام سیحری دووەمیان لە قسەی بازاری و گاڵەتکردندایە وەك لە نوکتەکاندا هەیە[143]، لەشێوازی ئاسانیشدا دەبێت بابەتەکە ئاسان

---

[141]- Grube A Greek critic، Demetriurs on style pp 93

[142] –Rose ، op، cit ،p 399

[143] -Demetrius، on stlye 128

بێت و وشەکانی باوبنچینەکانی[144]، شێوازی گونجاویش لە نامەدا پیادەدەکرێت، شێوازی ساختەش لەهەندێك سیفاتیدا لە شێوازی ڕاقی دەچێت، و دەڵێت لەسەرەتای دیالۆگەکاندا وشەکانی هەردووکیان لەیەك دەچن، ئەگەرچی بەمانای جیاواز بەکارهاتون، لەگەڵ ئەوەی جیاوازی لەنێوان شیوازی ساختەو ڕاقیدا دەکات، چونکە شێوازی ڕاقی پێویست ناکات ساختە بێت.

پێیوایە نوسەر عەبقەری نییە، بەڵام لێکۆڵەرێکی ڕۆشنبیرەو زانیاری تەواوی لەسەر مەعریفەو ئەدەبی ئەغریقی هەیە، ڕەخنەگریش کەسێکی بێلایەنە،و هەندێك زاراوەی هونەری لەبواری ڕەخنەی ئەدەبیدا دەخاتەروو.

3- (هرمیپ ازمیری Hermippe de Smyrne)

یەکێکی تر لە خوێنکارەکانی ئەرستۆ، کتێبێکی هەیە بەناوی (سەمای تراژیك Sur la Danse tragiqque) خوێندکارێکی تر هەیە بەناوی (اریستوکسن Aristoxone) و کتێبێکی هەیە بەناوی (بەرهەمی ئەدەبی براوەکان Sur esclave dans sditingues les lettres) بەداخەوە لەگەڵ ئەوەی لە بارەی ڕەخنەی ئەدەبیدا ئەم دو کتێبە گرنگن، بەڵام ئەم کتێبانە نەماون .

ئەبیقۆرەکان

[144] -Atkins op Cit،vol I1،p 205

ئەبیقۆر یان ریبازی ئەبیقۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەبیقۆر(340–270 پ.ز) شەش سەدە رابەرایەتی دەکرد، تیۆرەکەی لەسەر سروشت بووە، هەموو شتیك لەم جیهانەدا دەگەڕێتەوە بۆ گەردیلە، گرنگیدانیشیان لەئاکارەوەیە، و بنچینەشی چێژە، چێژیش ئامانجی مرۆڤە لە ژیاندا، چیژیش لە چێژی سێکسیدا کۆت نابێت، بەڵکە چێژی عەقڵی تێیدا بالادەستە، چێژەکەش نابێت کاتی بێت، بەڵکو لەرێگەی کارەوەو بۆ نەهێشتنی ئازارە،و بۆ ئارامی دەروونە، بەمەش حەزەکان ، پێداویستی و راستی و... بەدیدێنێت. مەعریفەش تەنها لەرێگەی حەواسەوە بەدیدێت، حەواسیش مرۆڤ رێنماییدەکات بۆ دیاریکردنی سروشتی شتەکە، ئەبیقۆر دەڵێت مرۆڤ موجازەفە بە ئارامی وئاساییشیەوە دەکات، لەرێگەی بەشداریکردنی لە ژیانی گشتی دەوڵەتدا، و هەرگیز وتاریش سودی نییە.

هەرچی رەواقیەکانن، گرنگیان بە گوتار داوە، بەڵ گرنگیدانەکەیان لەبارەی زمان و لۆژیکەوەیە نەك شێواز،و گرنگیان بە زانستی بنچینەی وشە داوە، بەڵم مەشائیەکان زۆرترین کاریگەریان لەسەر تیۆری ئەدەب و تیۆری وتار هەیە[145]، ئەرستۆ و سیوافرستوس سەرچاوەی زۆرینەی بیری رەخنەیی مەشائین.

[145] - De Lacy ، stoic، view of poetry، p241

دووەم: ڕەخنەی ڕۆمانی

کاریگەری گریک لەسەر بیری ڕۆمانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دووی پێش زایین، بەهۆی دروستبوونی پەیوەندی گەرم وگوڕ لەنێوان ڕۆمان و جیهانی هیلنیستی، یەکەمین کاریگەری ڕەخنەی گریک لەسەر ڕەخنەی ڕۆمانی، لای دوو نوسەری کۆمدمیدی بووە(پلاوتوس–Plautus) و(ترنتیوس–Terentius) بەوەی سەرنجیان لەسەر شیعر، بەتایبەتی شیعری درامی خستوەتەروو، لە کۆمیدییەکانی پلاوتۆسدا (254–184پ.ز) وەلاّمی هەندێك کۆمێنت کە لەسەر هەلّەی کۆمیدی خراونەتەروو دەداتەوە، وەك تۆندڕەوی کە عاشقە چاولێگەرەکان لەسەر شانۆ نمایشیدەکەن، دواتر باس لە جۆرەکانی درامـا و تایبەتمەندییەکانیان دەکات، هەندێك لە کۆمیدیا نوسەکان ڕەچاوی یاسای کۆمیدیا ناکەن و زیاتر تراژیدیا دەنوسن.

دواتر(ترنتیوس192–159پ.ز) هەندێك سەرەنج و تێبینی خستوەتەروو، گرنگی و بابەخی خۆیان هەیە[146]، دواتریش ڕووبەری هێرشی لوسکیوس و هاوەلاّنی بوویەوە، ئەوانە ناوی خۆیان نابوو (خێڵی شاعیران)، سەرەنجەکانی ترنتیوس تەنها لەسەر بەرامبەری نەبوو، بەڵکو لەسەر خۆی و کارەکانیشی بوو،

[146] Idem ، Amphituro،p 58pp

خۆی بەنوێکەرەوەی پەیڕەوی کۆمیدیا دادەنا، چونکە کۆمیدیای بەدور لە هەڵە پێشکەشدەکرد[146]، کەواتە رەخنەی رۆمانی لە قۆناغی یەکەمدا کارکردنبووە لەسەر وتارو شێواز.

رۆمانییەکان لە سااڵی (146پ.ز) توانیان لە رووی سەربازیەوە بەسەر یۆنانییەکاندا سەربکەون (پایتەختی ئەسینا) داگیربکەن، بەاڵم پاش ماوەیەك بۆیان دەرکەوت، لە رووی رۆشنبیری فەلسەفەیەوە زۆر دەستکورتن بەرامبەر ئەو گەنجینەیەی کەلای یۆنانییەکان هەبووە، بۆیە هەندێ لە رۆشنبیرانی ئەو سەردەمەی رۆمان، دەستیانکرد بەبانگەواز بۆ پیشاندانی کەسایەتی رۆمانییەکان، لە بواری ئەدەب و فەلسەفەدا، بۆ ئەم مەبەستەش پەنایان بردە بەر چاولێکەری و لاسایکردنەوە، تا نەبنە پاشکۆی یۆنانییەکان، بەڵکو لەروی لاسایکردنەوەوە هەوڵیاندا شوێن پەنجەی خۆیان بخەنەروو، ئەمەش هۆکار بوو بۆئەوەی کە هۆراس زۆر بەراشکاوی داوای لە رۆمانییەکان بکات، شەو رۆژ بخەنە سەریەك بۆ لاسایکردنەوەی یۆنانییەکان، ئەوەی وەك پاشماوەیەك لە نوسینی ئەدەبیات و رەخنەکاری سەردەمی رۆمانییەکان بوونی هەیە، هەندێ بیروبۆچوونی رەخنەیی(سیسرۆ، هوراس، لۆنجینۆس ، کۆنتیلین)ە.

---

[147] - Idem ،Heaut،p 29

سەرەتای ئەدەبیاتی ڕۆمانی کاتێک دەرکەوت، کە شارستانییەت و ڕۆشنبیری و کلتوری یۆنانی لەناو ڕۆمۆدا بلاوبووبۆوە، چونکە ئەگەر هەشبووبێت یان زۆر لاواز بووە، یان هەر وەک نەبووبووە، چونکە هیچ بەڵگەیەک لەسەر بوونی نییە، بەڵام لە هونەری سیاسەت و شەڕو خاوەن کارامەییەکی زۆر بوون ، بەڵام دوای داگیرکردنی یۆنان لەلایەن ڕۆمانەکانەوە، ئیتر دەستیان دایە هونەرو ئەدەب، چونکە ڕۆمان جگە لە مێژوی شەڕ و شۆڕ لەگەڵ دراوسێکانی، هیچی تر نییە، بۆیە سەرهەڵدانی درەنگی شیعر و ئەدەبیاتیش لەم ژینگەیەدا شتێکی نامۆ نییە،

بۆیە تەنانەت وشەی (poesis) لە بنچینەی یۆنانییەوە وەریانگرتوە ، فەرجیل شاعیری سەدەی ئاگۆست بە شانازییەوە دەڵێت کە "ڕۆم بۆ هونەر دروستنەکراوە، بەڵکو بۆ دەسەڵات و سەرکەوتن و دەست بەسەراگرتن دروستبووە[148]، هەر لەبەرئەمەش ئەوانەی سەرقاڵی ئەدەب و فەلسەفە بوون، بە بێکار و موفتە خۆریان دادەنان ، ئۆڤید (ovide) شاعیری ڕۆمی دەڵێت " ئێمە مەلاّمەت دەکەین کەتەمەنمان پەرتێن (تەلەف) دەکەین ، و شاعیری بەکاری زەبوون و بێچارەو نەزان دەزانێت[149]

[148] -pichon- Histoire de la literature latine(Hachehe) p.30
[148] – Ovid:les amours

149– هەمان سەرچاوە

کاتێك ئەدەب و پۆشنبیری یۆنان دلّ و گیانی پۆمانەکانی نەرم کرد، هێز و چێژی هونەرو خەیاڵیان خستەگەڕ و ناوە ناوە زمانی یۆنانیان بەکاردەهێناو منداڵەکانیان بۆ فێربوونی هونەرو ئەدەبیاتی یۆنانی بنێرن بۆ دورگەی (ردس) یۆنانی، پاش ماوەیەك پۆم لاساییی ئەدەبی یۆنانی کردەوە، یەکەمین شاعیرو نوسەرانی لاتین کەسانی وەك (پلۆت plaute) و (ترانس terence) و (ئنیۆس Ennius) بوون، کە بەیەکەمین پەخنەگری پۆمانی دادەنران، لەکاتێکدا ئەمانە هەرگیز پۆمانی نەبوون، بەم شێوەیە هونەرو ئەدەبیاتی لاتینی هاتە ئارا و سەرمەشقی گرت[150] .

لەبەرهەمی یەکەمین نوسەری کۆمیدی پۆمانی (پلوت)دا، دەسەلاّت و جێگیر بوونی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی یۆنانی بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، چونکە بابەتی شانۆنامەکانی پلۆت لە ژیان و ئەفسانە یۆنانییەکانەوە وەرگیراون، هۆکاری سەرەکی ئەمەش ئەوە بوو، بە پێی یاسای پۆمانیا، شاعیر و نوسەران بۆیان نەبوو، پرۆداو باردۆخی سیاسی ولاّت بخەنە سەر شانۆ ، بۆیە تەنها داب و نەریت و پێو پەسم و ژیانی تایبەتی پۆمانییەکان و کاری ناپەسەندیان پێشکەشدەکرد ، ئەمەش وایکردبوو شاعیران و نوسەران ناچاربوون شانۆی سەرەکی

[150]– د.عبدالحسین زرین کوب ،ص249

ڕوداوەکان و بابەتی شانۆکانیان لە یۆناندا بدۆزنەوە، لە کاری نواندنیشدا لەسەر شانۆ کاری غولاٌمە یۆنیانییەکان بووە، چونکە ڕۆمەکان کاری نواندنیان لەسەر شانۆ بە کارێکی قێزەون دادەنا، بۆیە دەتوانین هەر لە یەکەمین شانۆی ڕۆمانییەوە دەسەلاٌت و کاریگەری یۆنان ببینین .

(تـــرانس)دوەمین شـــاعیری ڕۆمـــانی، زۆرتـــر بەرهەمـــە کۆمیدییـــەکانی بـــە لاســـاییکردنەوەی کۆمیدیـــە یۆنانییـــەکان نوسیوە، بەتایبەتی بەرهەمەکانی (مناندر) ی شاعیری یۆنان، لەسەرەتای یەکێك لە شانۆکانی خۆیدا دەلٌێت" من ئەم شانۆیەم وشە بە وشە وەرگێڕاوە و هی (مناندر) ە ، ئێمەش ئەم شانۆیە نمایشدەکەین "[151] .

هەرچـــەندە لێکۆڵـــەران دەڵـــێن داهێنـــان و ئاســـتی نـــوێ لـــە بەرهەمەکانی ئەمدا زۆر فراوانتر بوون ، بەهەرحاڵ ئەم دوو شاعیرە کۆنەی ڕۆمانی کە (100 ساڵ پ.ز) ژیاون و بە شاعیرانی لاتینی دادەنرێن، بەرهەمی خۆیان بەهۆی کاریگەری ئەدەبی یۆنانییەوە بەرهـەمیهێناوەو لـە بـواری ڕەخنـە گرتنیشـدا، تاکـە کەسـێك کـە باسیدەکرێت (لـویس ئیلیـوس ئستیلۆLucius Aelius Stilo)یـە کـە لـە قوتابخانـەی ئەسـکەندەریەدا پـەروەردەکراوەو هەوڵێـداوە سـەرەنجی هاونیشـتیمانیانی خـۆی لـە زمـان و ئـەدەبیاتی کـۆنی لاتینـدا بخاتـەڕوو ، لێکۆڵینـەوەو کاری زۆری لەسـەر بەرهەمـەکانی

[151]– د.عبدالحسین زرین کوب ، ص250

(پلوت) ی شاعیری یۆنان کردوە ، یەکێکی تر (ڤارۆ Marcus terentius) لە (3پ.ز) نوسینی زۆری لە بوارە جیاوازەکان هەیە ، ئەوەی ماوەتەوە کتێبێکە لەسەر زمانی لاتین ، بەناوی (De lengualatina) بەشی یەکەمی بەتەواوی لە ناوچووە ، لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی (ئیستیلو) ی مامۆستا لەسەر بەرهەمی(پلوت) تەواوکردوە، پێویستە لە ڕەخنەی ڕۆمانیدا باس لە هەریەکە (سیسرۆCicero) وتاربێژی بەناو بانگ و (سزار Cesar) واتە قەیسەر لە مێژوی ڕەخنە و ئەدەبدا بکەین .

سزار لەگەڵ کاری سیاسی و سەربازیدا، کاری لەسەر ئەدەب و ڕەوانبێژی دەکرد، هەرچەندە وەك هەموو خەڵکی ڕۆمانی، ئەدەبیات بەتایبەتی گوتار و ڕەوانبێژی، بووبوویە هۆکارێکی گرنگی کار و سیاسەت ، کتێبێکی لەدوا بەجێماوە کە لەسەر شەڕەکانییەتی، کە لە ویلایەتی (گالیاGallia) لە فەرەنسای ئەمڕۆ بووە، چونکە کتێب و نوسراوی تری هەبووە و لەناو چووە، بە گشتی دوو نامەی لەسەر لێکچوون و پێوانە (Analogie) هەیە، ئەمڕۆ جگە لە باسکردنی زارەکیان هیچیان نەماوەتەوە ، بە پێی لێکۆڵەران لەو باوەڕەدان، کە هەوڵی ئەوەی دابوو، کە زمانی لاتینی (واتە ئەو زمانەی کە ئێستا هیچ یاسا و دەستورێکی نییە ، لە ژێر ئەو دیسپلین و سەپاندنەدا دەربکات) لەم ڕێگەوە قەیسەر هەوڵیداوە ڕەخنەی ڕۆمانی بەپێچەوانەی ڕەخنەی یۆنانی لە بواری تیۆرییەوە بگۆڕێت بۆ پراکتیك .

ڕەخنەگرە ڕۆمانییەکان

1-سیسرۆ :

سیسرۆ وتاربێژی ناودار، لەبواری ڕەوانبێژی و بنچینەی گوتاردا لێکۆڵینەوەی هەیە، کە لەبارەی مێژوی ڕەخنەوە شیاوی تێبینییە ، لە بارەی گوتارەوە کە لە ڕابردودا لە کۆبوونەوە گشتییەکان و لە دادگاکاندا گرنگی زۆری پێدەدرا، بەهەمانشێوەلای ڕۆمانییەکان بایەخێکی زۆری پێدرا ، چونکە مەبەستێکی تایبەت بە جێدەهێنێت، لەبەرئەوەی ئەم هونەرە لایەنێکی کارەکی هەیە و زیاتر لە شیعر لەگەڵ شەوق و زەوق و بازرگانی ڕۆمانییەکاندا دەگونجێت.

سیسرۆ لە کتێبی (بروتوسBrutus) مێژویەکی کورتی لە بارەی هونەری ڕەوانبێژی لەگەڵ لێکدانەوەی کورتی سەبك و شێوازی شاعیرانی ڕۆم خستوەتەڕوو، نامەی(وتاربێژ De oratore) ی سیسرۆ، شاکاری هونەری ڕەوانبێژی ڕۆمییەکانە .

لەم نامەیەدا سیسرۆ ئەوە دەخاتەڕوو، کە ڕەوانبێژی بەهرەیەکە، بەدەستهێنراو و داماڵراو نییە، لەبەرامبەر ئەمەدا ناتوانرێت بەهۆی هونەری گوتارەوە فێربین ، ئەگەر کەسێك بەهرەمەند بێت لەم بەهرە سروشتییە(فتریە)، بە ڕاهێنان و پڕاکتیزەکردن لە هونەری گوتاردا، دەتوانێت لە ڕەوانبێژیدا شتێکی باش بەدەستبهێنێت و بوو بە لوتکەی سەدەکان .

سیسرۆ لە ژێر کاریگەری ئەرستۆدا، جیاوازی لە نێوان وتاربێژو و شاعیر، لەگەڵ مەبەستی حەکیم و فەیلەسوفدا دەکات، و دەڵێت"ئامانجی وتاربێژ زیاتر وروژاندنە، بەڵام حەکیم و فەیلەسوف جگە لە بڕواپێهێنان، هیچی تر نییە، بۆیە هەریەکە لە زانست و وتار، خاوەن شێوازی خستنەڕووی تایبەت بە خۆیانن ، سیسرۆ کورتەیەکی لەسەر هەریەکەیان باسکردوە.[یرلهتر]

لە بارەی شیعرو شاعیرەوە بیروباوەڕوی خۆی دەربڕیوەو دەبێت ئەمەش لە وتارێکی مەعریفی (proavchia)هەڵێنجرێت، کە وتاربێژێکی ڕۆمی لە پایەی پارێزگاریکردن لە شاعیرێك بەناوی (ئارکیاس archias) خستویەتیەروو، مەسەلەکەش ئەوەیە کە کەسێك بەناوی (گراسیوس gratiius) لە دادگا سکالاّی لەسەر ئەم شاعیرە تۆمارکردوە، بەپێی دادگاش مافی مانەوەی لە شاری ڕۆم نییەو خستویەتیە ژێر چاودێرییەوە، چونکە ئەو بەڵگانەی دەیسەلمێنن ئارکیاس وەك خەڵکی شارەو لە ڕوداوێکی ئاگرکەوتنەوەدا گەدا کەوتوەو هەموو شتەکانی سوتاوە، تا مافی نیشتە جێبوونی خۆی بسەلمێنێت، تەنها بوونی دو شاهیدەو سیسرۆ یەکێکە لە شاهیدەکان و لەم دادگایەدا ئامادەیە و دەرفەتێکی بۆ ڕەخسا کە نەك تەنها شایستەیی ئارکیاس بسەلمێنێت، بەڵکو پلە و پایەی شیعر و

[152] - de porateur xix-xx

ئـەدەبی بەرزبکاتـەوە، چـونکە ئـەم وتـارە لـە ڕووی مێـژوی ڕەخنەوە، گرنگی خۆی هەیە .

دەربـارەی هێـزی شـاعیریش ڕای سیسـرۆ لـە ڕای سـقرات و ئەفلاتون دەچێت، چونکە بەمەسەلەی ئیلهامی شیعر ڕازیـە، لـەم بـارەوە دەڵێـت" وەك ئـەوەی لـە بازرگـان و زانایـان بیسـتومە، تەواوی هونەرەکان لە ڕێگەی فێربوون و خوێندنەوە و ڕاهێنانەوە دەتوانرێت فێربرێن، بەڵام شاعیر هەموو شتێکی خۆی وەرگیراوی فـیترەت و سروشـت و زەوق و گەشـەی خۆیـەتی، کـە مایـەی تایبەتمەندی ئەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا هێزی گیانی و ڕەبانی ئەوە کە ئیلهام بەو دەبەخشێت) .

(ئـەنیوس) شـاعیری گـەورەی ڕۆم دەڵێـت " شـاعیران مـافی خۆیانە کە ئیلهام وەردەگرن، چونکە شاعیران سودیان لە بەهرەی خواوەنـد وەرگرتـوەو بوونەتـە جێگـەی باشـە و سـەرەنجی ئێمـە ، ئێوەش (دادوەرەکان) دەبێت ئارکیاس لەهـەمو خـەڵکی تـر، زیـاتر مـافی مانـەوەی لـە شـار هەیـە و بـەرزڕاگیرێت و نـاوی شـاعیر هـیچ گەلێکی دور لە شارستانیش، شاعیری کـەم سـەیر نـەکردوە و بـەرز ڕایگرتوە ، شاخ و بیابانەکان وەڵامی ئاوازی شاعیرەکان دەدەنـەوەو ئارام دەبن، ئایا ئێمە کە سودمان لە پەروەردە و ئازادی وەرگرتـوە، دەتوانین دەنگی شاعیران لە گوێ نەگرین . [153]

[153] The speeches of cicero . lomp– 158

2- هۆراس :

هۆراس بە سەرەتایەکی نوێ رەخنەی ئەدەبی دادەنرێت، ئەوەی سیسرۆن لە وتاردا کردی، هۆراس لە شیعردا کردی، هۆراس نمونەی هونەری کلاسیکی گێڕایەوە بۆ بیری خەڵکی، بەوەی لاسایی شیعری کۆن بکەنەوە، بەیەکێك لە شاعیرە کۆنەکان دادەنرێت، کە کاریگەرێکی زۆری لەسەر گەشەی بیری رەخنەگرە رۆمانییەکان هەبووە، لەمەشدا دەسکەوتێکی گرنگەی بەدەستهێناوەو بە نەمری لە نەوەکانی دواتر ماوەتەوە.

لە 65/12/8 پ.ز لەشاری ڤینۆسیا لە دایك و باوکێکی مام ناوەند لەرووی کۆمەڵایەتی و ئابووریەوە لەدایکبووە، باوکی لە بنکەیەکی باج (Coactor)کاریدەکرد، پاشان وازی لە کارەکەی هێناو لەڤینوسیا لەسنوری بوکانیاو ئەبولیا سەرقاڵی کێڵگەکەی خۆی بوو[شملهتر]، هۆراس هەر لەمندااڵیەوە چوە ئەسینا بۆ فێربوونی فەلسەفە، لەو ماوەیەشدا روداوێکی گرنگ رویدا، بەوەی قەیسەر تیرۆرکراو کاتێك بروتوس چوو بۆ مەکدۆنیا، چاوی بە هۆراس کەوت و پلەی سەربازی پێبەخشی و ئەویش قبوڵیکرد، بەاڵم بەهۆی شەڕو ململانێی و شکستەکانەوە، دەست بەسەر موڵك و ماڵی هۆراسدا دەگیرێت و دوچاری گرفت و دورکەوتنەوە دەبێت، بەاڵم پاش ئەوەی بوو بە هاوڕێی مایکیناس ، خێرو خۆشی بەسەردا دەڕێژرێت، و دەبێتە هۆکارێکی باش لە نوسینی شیعردا

[154] - Rose ،op، cit، p266

و پاش مردنی بەچەند ساڵێك، هۆراس لە (8 پ.ز)کۆچی دوایی دەکات.

هۆراس یەکێکە لە ڕەخنەگرە بەناوبانگەکانی ڕۆمان، بەگشتی گەلی ڕۆمان ئەدەب دۆست نەبوون، بەڵکو شەرکەر بووندو شاعیریان بە کەسێکی مشەخۆر داناوە، هەر لەم ڕوەشەوە کاتێك کە یۆنایان داگیرکرد، هۆراس ئامۆژگاری خەڵکی کردوە، کە لە زانستەکاندا لاسایی یۆنانییەکان بکەنەوە، چونکە یۆنانییەکان لەو پەڕی پلەی ڕۆشنبیرییدا بوون، هۆراس کتێبێکی لە بارەی شیعرەوە دانا بەناوی (هونەری شیعر) کە هەمان ناوی کتێبەکەی ئەرستۆیە، هەرچەندە لەو ڕۆژانەدا بە دووشت ناوبانگی دەرکرد.

1- هونەری هۆنراوە.

2- دەربارەی هونەری هۆنراوە.

ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا نامەیەك بووە لە بارەی شیعرو ناردویەتی بۆ بنەماڵەی (پیزۆ) بەناوی نامەیەك بۆ خێزانی پیزۆ،کە وەك نامەیەکی ڕۆشنبیرییە، ئەم بنەماڵەیە دەستیان دابویە شیعر نوسین، چەند ڕێنماییەکی تێدایە بۆ کوڕەکانی سەبارەت بە شیعر.

گرنگی هونەری شیعرەکەی لەوەدایە، کە لاساییکردنەوەی تیۆرانینەکانی ئەرستۆیە، لێرەوە گیانی هونەری شیعر ئەرستۆی گەیاندە ئەوروپا، واتە ئەوروپییەکان لە پێشدا هۆراسیان ناسی وەك ئەرستۆ، هەر لەبەرئەمەش دەوترێت هۆراس ناسێنەری بیرۆڕاکانی ئەرستۆیە بە ئەوروپییەکان، یاخود هۆراس قوتابی ئەرستۆ بوو، لەکاتێکدا لەقوتابی نەبووە.

دوای سیسرۆ کەسێك کە لە ئەدەب و ڕەخنەی ڕۆمانیدا ڕۆڵی هەبێت، هۆراسی شاعیرە، لە گەنجیدا گەشتی کردوە بۆ یۆنان و لەوێ ئاشنا بووە بە فەلسەفەی مەشائی و ئەبیفۆڕم، لە ڕۆمادا هاوڕێیەتی ڤێرجیل و میسن و ستی هەڵبژارد و لەگەڵ ئەماندا ژیانی بەسەر برد، هەرچەندە بەرهەمی زۆر نییەو چەند چامەیەك و هەجوونامەی شیعریی تێنەدەپەڕین، ئەو نامە شیعریانەی کە لەگەڵ ئۆگۆست ئەنجامیداون لە بارەی شیعر و شاعیریەوەن، بەتایبەتی ئەو کەسانەی شیعری کۆنەکان بەرز ڕادەگرن و گرنگی بە شیعری هاوچەرخەکان نادەن، بۆیە دەکەوێتە نێوان ئەم دوو ئاڕاستە جیاوازە و داوەریان دەکات ، لە نامەیەکی شیعری تردا (2 Epistula 11،) لەگەڵ (جولیوس فلورس ad jubium florum) بە ئاوازێکی تیژوتەزو گاڵتەئامێز، قسە لەسەر شاعیرانی کەم مایە دەکات، واتە باس لەو شاعیرانە دەکات، کە خۆیان بەگەورە دەزانن و لەم بارەوە دەڵێت " شاعیرانێك کە شیعری خراپ دەنوسن و دڵیان بەوە خۆشە، کە شتێك دەنوسن و خۆیان بە نوسەر دەزانن، تەنانەت خۆیان بە گەورە و بەڕێز دەزانن، تەنانەت دڵیان بەوە دەحەوێتەوە، کە بەرهەم و ئەنجامی بیری خۆیان، لە هی خەڵکی تر بەرز ڕادەگرن " .

جگە لەمەش لەم نامە شیعریەدا باس لە ژیانی پڕ ئاشوبی ڕۆم و ئەو کۆبوونەوە شیعریانەی، کە ئەو شاعیرانە بە بێ سەرەنجدان لە شیعری یەکتری بەرزڕایدەگرن، دەخاتە بەر ڕەخنە و دەڵێت " باشتر بوو نوسەرێکی بێ هونەر بوومایە و عەیبەی کاری خۆم

نەدیتایـەو وەك ئـەوان بوومایـە، تـاوەكو لـە تێگەیشـتن و مێـژوی دروست سودمەندبم، وخۆم بگەیەنمە پلەی نوسەری زەبوون "[155]

لەنامەیەکی تردا کە دوانە لەگەڵ کوڕانی پیزۆن(Epistula ad pisones) شاعیر بە ئاوازێکی دڵکەش و جوان بۆ ئەم گەنجانەی، کـە دەیانـەوێت ببنـە شـاعیرو شـیعر بنوسـن، و لـەبارەی هونـەری شیعرەوە دیـالۆگ بکـەن، لـەم نامەیـەدا کـە (هونـەری شـیعر Ars poetica)ی پێدەڵێن، شاعیر بیروڕای خۆی لەسـەر شیعرو شاعیر دەخاتەروو، تێیدا تۆندی و کەم ئەزموونی بێژەرە کۆنەکان بـەوردی دەخاتـە بـەر ڕەخنـەو بنچینـەو یاسا بۆ شیعر بـە گشتی و شیعری دراماتیکی بەتایبەتی دەخاتەروو، ئەو ڕێنماییـەش دەخاتـەروو، کـە لە شیعرو هونەردا عەقڵ و لۆژیك دەبێت حاکم بێت، دەڵێت" ئەگـەر عـەقڵ و لۆژیـك سـەرەتاو گەشـەی بەرهـەمی شاعیر نـەبێت، هـەرگیز ئەو بەرهەمە جوان و پەسـەند نییـە، جگەلەمـەش دەبێت سادەیی و یەکیەتی بابەت هەبێت،ئەگەرنا ناتوانێت بەرهەمێکی باش بێت.

شـاعیر کـاری ئاسـان نییـە، بۆیـە نابێـت بەسـادەیی و بـە کـەمی سـەیربکرێت، ئـەوەی لەشـیعردا پێویسـتە گونجـادن و یەکیـەتی بابەتـە، بـەڵام چاودێری ئـەم گونجاندن و یەکیەتیـە کارێکی ئاسان نییـە" ئێمـەی شـاعیران خوازیـاری گەیشـتنین بـە کـەمالی، بـەڵام پێیناگـەین، مـن هەوڵـدەدەم وتـەکانم بـەکورتی بڵـێم، بـەڵام کاتێـك قسەدەکەم، دەبینم ئالۆزو نائاشکران"

[155] –Horace ،traduit par patin ،vol 1 II p ، 347 -349

بەکاریگەری ئمیلوس(Emilius) پەیکەر دروستدەکەن، بەلاّم لەبەرئەوەی هونەری دروستکردن نازانن، دروستکردنی کۆمەلّێك شتی دی لە هەمان بەش دەستەوەستانن، من ئەگەر بمەوێت دروستی بکەم، ناخوازم لەجێی ئەم کرێکارە بم، چونکە هەرگیز ئارەزومەندنیم شیعر بە دەموچاویکی جوان و چاوڕەش بنوسم.

ئێوە گەر دەتانەوێت لەسەر ناوەڕۆکی بابەتێك بنوسن، دەبێت لە تواناتدا بێت و بەر لە هەرشتێك خۆت تاقیبکەیتەوە، کە دەتوانیت یان نا؟ ئەگەر لە تواناتدا هەبوو، بەئاسانی دەتوانیت مەبەستەکەی بپێکیت، کێش و رێکخستن و ئیستاتیکاو نوێی و هێز بە وتەکان دەبەخشێت.

هۆراس بە پێچەوانەی ئەرستۆوە لە (هونەری شیعر)ەکەیدا تیۆر و گریمانەیەکی تایبەتی نەخستۆتەڕوو، پەیامێکی مانایی و گاڵتە ئامێز نانوسێت ، بەڵکو سەرقاڵی ئەوەیە گاڵتە بە شاعیر و نوسەرانی بێهونەر بکات [156] ، لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانرێت بیروباوەڕی بەسەر سێ بەشدا دابەشبکرێت :

1- شیعر هونەرێکی پاك و جدیە، نەك هۆکاری خۆشی بێت لە کۆبوونەوەکاندا .

2- بەهەمان هۆکاریش شیعر هونەرێکی گرفتدارەو توانست و لێهاتوی تێدایە و بە ئاسانی بەدەستنایات .

---

[156]- د . عبدالحسین زرین کوب، ، ص 257

3- کەسێك بیەوێت سەرقاڵی شیعربێت ، تاکە ڕێگەی دروست، شوێنکەوتنی لاساییکردنەوەی یۆنانییە کۆنەکانە .

هەندێك کەس دەیانویست بێنە مەیدانەوە، ئەوەیان بە هۆراس دەوت، کە هۆراس لە کاری شاعیرییدا زیادەڕۆییدەکات و ئەوپەڕی هەوڵدەدات، ڕێگری لەکاری شاعیری بکات ، بۆیە گاڵتەیان پێدەکرد، بۆیە دەڵێن ئەوانەی لە یاساکان و ڕێزکردنی وشەکان و ڕێکخستنیان هەڵەیان کردوە، پێویستە ڕەخنەیان لێبگیرێت بۆ ئەوەی فێربن ، ئەو گوزارشتەی خراپ خراوەتەڕوو باش بکرێت و ئەوانەی دژن دروستبکرێن، تاوەکو چاکسازی لە دەقەکەدا بکرێت ، کەسێکی وەك (ئەریستار) کە ڕەخنەی وردی دەگرت، دەیوت لەبەر هەندێك شت، نابێت دڵی هاوڕێکەت ئازار بدەیت[157] ، بەمەش لەبەرئەوەی ئەوانەی دەیانویست شیعر بنوسن فێریانبکات و خواستیان زیاد بکات ، دڵیان سارد دەبووەوەو بێهیوا دەبوون[158].

ئەمە ئەو ڕوانینانەن کە کەسێك لەسەرەتای شیعر نوسینداید دەشێت بیانکات لێیاندورکەوتنەوە، لەوانەش بە بیروڕای هۆراس لاساییکردنەوەی یۆنانییەکانە، بە بڕوای هۆراس زمانی یۆنانی کۆگای بیر و سەرچاوەی ئیلهامە، هەروەها پێیوایە تەنها یۆنان هەستی بە چەمکی واقیعی هونەر کردوە ، هۆراس دوو خاسیەتی شیعری یۆنانی پەسەندە، یەکێکیان کەمالی لەهونەر ، ئەوی تریان

---

157 – Horace ، avs poitica

158 –pichon ،litt،lat،p، 377

سودمەندی لە کاردا، بۆیە ئامۆژگاری لاوانی رۆمی دەکات، ئەم دوو خاسیەتە وەربگرن و لە شیعرەکانیاندا بەتەواوی پراکتیزەی بکەن، هۆراس هونەری شیعرەکەی لە دەربڕینێکی سادەدا کورتدەکاتەوە، کە "شەو و ڕۆژ بەرهەمی شاعیران و نوسەرانی یۆنانی بخوێننەوە"

کارە رەخنەییەکانی

هۆراس لەساڵی(30 پ.ز) و پاش چوونە ژێر سایەو چاودێری مایکیناس، یەکەمین دیوانی بەناوی (هەجونامە، هجائیات– Saturae) بلاوکردەوە، ئەم دیوانەش دوو چامە لەخۆدەگرێت، پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبییەوە هەیەو پشتیوانی هونەری هیجادەکات و گفتوگۆی بەهێزی و خاسیەتەکانی دەکات، هۆراس لەنێوان ساڵانی(30–23 پ.ز)خۆی بۆ نوسینی شیعری گۆرانی تەرخانکرد، لەساڵی (23) سێ کتێبی یەکەمی لە دیوانی سرودەکان(odes) بلاوکردەوە، دوای سێ ساڵیش لە کتێبی یەکەم و لەدیوانی نامەکان(epistolae) ڕەتکردنەوەی خۆی بۆ بەردەوامبوون لەسەر نوسینی شیعری گۆرانی دەربڕی[159]، هەروەها بێزاری خۆی لەبەرامبەر پێشوازیکردن لە سرودەکان دەربڕی، دواتر کتێبێك کە سێ نامە لەخۆدەگرێت بۆ ئۆگۆستس و فلوروس و پیسو دەنوسێت، کتێبی چوارەم لە کتێبی سرودەکان لەساڵی (14پ.ز) بلاوکردەوە، ئەو نامەیەی کە بۆ پیزۆ نوسیوە، لەنێوان ساڵی 12–8 پ.ز نوسیویەتی.

[159] -Horace، Eps،to Mycenas II 1

هـۆراس لـە کتێبـی هیجائیاتـدا ڕەخنـە لـە شـاعیرانی ڕۆم و بەتایبـەتی لوکیلیـوس دەگرێـت، بـەوەی شـیعرەکانی وەك شـیعری تراژیدی و داستانی نین، و زیـاتر کار لەسـەر هەڵـەی مـرۆڤ دەکـەن، ئەم ڕەخنانەی بوویە جێگەی بێزاری ئەدیبانی ڕۆم.

لـــەکتێبی نامەکانـــدا کەیەکـــەمین کتێبـــی لـــە(20پ.ز) بلاوکـردەوە، یەکـەمین نامـەی ئاراستەی مایکینـاس کـردوە، لـەم نامەیەدا ئەوە دەخاتەڕوو، کـە چـووەتە تەمەنـەوەو ڕێگـەی نـادات شیعری ڕاستی بنوسێت، بۆیە زیاتر بایەخی بە بابەتی فەلسـەفی داوە، لـەو نامـەی کـە بـۆ فلورسـی نوسـیوە، دووبـارە لـە نوسـینی شیعر داوای لێبردن دەکات ، چونکە ناتوانێت شیعر بنوسێت[160]، کاتێك منداڵ بوو حـەزی لـە شـیعر نوسـین بـوو، بـەڵام ئێسـتا نـا، خەڵکی جیاواز داوای نوسینی شیعری جیاوازی لێدەکـەن، بـەڵام چـۆن دەتـوانم لـەم بارودۆخـە ئـاڵۆزەی ڕۆمـادا بینوسـم، لەگـەڵ ئەوەی نوسینی شیعر کارێکی گرانە، شاعیر دەبێت لەگەڵ خۆیدا ڕەخنـــەگرێکی ڕاســـتگۆ بێـــت ، بڕیـــار لەســـەر دروســـتی گوزارشـــتەکانی بـــدات، و ئـــەو وشـــانە لـــەخۆی دوربخاتـــەوە، کەجوانیان نییـە، حـەتتا ئەگـەر لـە زمانـدا ناوداربن و بەزەحمـەت خۆتیـان لـێ ڕزگـار بکـەیت[161]، هـەروەها خـۆی لـەو دەسـتەواژە

---

[160] - Horace، Eps،to Florus، II، 2spp

[161]– هەمان سەرچاوە،ل19

جوانانە بەدوربگرێت، کە نوسەرە گەورەکانی پێشو بەکاریانهێناوە.

زمانی شاعیریش دەبێت ساف و بێگرێ بێت، وەك دەرچوونی ئاو لە ناو بۆری پاکدا، بۆئەوەی زمانی لاتینی راستبکاتەوە، و شێوازو وشەی رازاوەی زیاد لە پێویست بەکاربهێنێت، و خۆی دوربخاتەوە لە وشەی توندو ئەوانەی هێز کەمدەکەنەوە، لەوانەشە ئەمە ئاسان بێت، بەلأم بۆ شاعیر کارێکی گرانە، دووبارە داوای لێبوردن لە نوسینی شیعر دەکاتەوە، ئەمەش بۆ شاعیرانی نوێ بەجێدەهێڵێت، و بەرەو فەلسەفەی شیعر دەڕوات[162].

هۆراس جیاوازی لەنێوان شیعری پەتی و قەسەو گفتوگۆدا (Sermones) دەکات، کە هەجونامەکان لەخۆدەگرێت، تراژیدیاو داستان نوێنەرایەتی شیعری پەتی دەکەن، شاعیران بەرپرسن لە کۆمەڵگە.

دیارترین ئاکامی هاوڕێیەتی نێوان هۆراس وئیمبراتۆر ئۆگۆستس نوسینی شیعری نامەیەی بۆ ئۆگۆستیس ، دوای خستنەرووی مەدح و سەناو سەرسامی خۆی بۆ ئۆگۆستیس، دواتر هێرش دەکاتە سەر ئەوانەی موعجبی خۆیان بۆ ئەوانەی رابردوو، یان ئەدەبی هاوچەرخ دەردەبڕن، دواتر بەراورد لەنێوان بنچینەی ئەغریقی و شیعری رۆمانیدا دەکات.

---

[162] -Atkins ،op،cit ،Vol II،p 62

هونەری شیعر

هـۆراس ژمارەیـەکی زۆر نامـەی بـۆ کەسـایەتی دیـاری کۆمەڵگەی رۆمانی نوسی، هەندێك لەو نامانە، گرنگی خۆیان لە ڕەخنەی ئەدەبییدا هەیە ، بەتایبەتی نامەی پیزۆ(Epistola Ad Pisos) ئەمـەش هـەمان نامەیـە، کـە ڕەخنـەگری رۆمـانی کۆنتلیلنوس دوای نزیکەی سەد ساڵ ئاماژەی پێدەکات، بەناوی هونەری شیعر(Ars Poetica)[163]، ئەمەش ئەو ناونیشانەیە، کە ئەم نامەیە لەو کاتەوە تاوەکو ئەمڕۆ پێیدەناسرێت، پێدەچێت لە کۆتایی تەمەنی ئەدەبیدا نوسیبێتی، واتە لەنێوان(12–8 پ.ز)، ئـەم نامەیـەش زیـاتر ئاراسـتەکراوە بـۆ کـوڕە گەورەکـەی، کـە بیرۆکـەی گشـتی لەسـەر ئـەدەب هـەبووە، و وسـیتویەتی هـەوڵی نوسین بدات، بەڵام باوك پیاوێکە ئامادەی ئاموژگاری وەرگرتنە، بـەڵام کـوڕە بچـوکەکە کـە کەسـی سـێیەمی خێزانـی پیزۆیە،لـەمان لـەخوارترە، بـەڵام توانـای لـە شـیعردا هەیـە، بەگشـتی نامەکـە گرنگی بە شیعری درامی دەدات، چونکە کوڕە گەورەکە بایـەخی پێدەدا[164]

کاریگەری ئەرستۆ لەسەر هۆراس لەم کتێبەدا دیارە، هۆراس لـەم کتێبـەدا کۆمـەڵێك شـتی جیـاواز باسـدەکات، بابـەتی یەکـەم مـافی شـاعیرە، کـە وشـەی نـوێ بـەکاربهێنێت، کاتێك پێویسـتی

---

[163] -Grube، op ، cit، pp 253

[164]- Atkins ،op،cit ،Vol II،p 66

زۆری پێیبێت[165]، دارستانەکان هەموو سااڵێك گەاڵ زەردەکانی دەوەرێت و گەاڵی نوێ و سەوز دەردەکاتەوە، بەم پێیەش وشە پیردەبێت و دەمرێت و لەبری وشەی نوێ لەدایکدەبێت[166]، بابەتی دووەم زەروریەتی جیاوازیکردن لەنێوان جۆرە ئەدەبییە جیاوازەکاندا[167]، شێوازی تراژیدیا جیاوازە لە کۆمیدیا، هەست بەو هەست و نەستە بکات، کە دەیەوێت بیگوازێتەوە بۆ بینەر، ئەم باسە لای ئەرستۆ دواتر لای سیسرۆن هەبووە، بابەتێکی تر کە باسی دەکات ئەوەیە، کە دەبێت کەسایەتی شانۆکان هاوتای کەسایەتی واقیعی بن[168]، لەمەشدا لەگەڵ ئەفلاتون و ئەرستۆ لەمەسەلەی الساییکردنەوەدا یەکدەگرێتەوە.

دواتر باس لە بابەتی شێوازی رەخنەو رەخنەگرو باس لە کەموکورتی شاعیرانی کۆنی رۆمان دەکات و سەرەتای شیعرەکانی ئەکیوس وئەنیوس ولاوازی رەخنە لای شاعیرانی رۆمان دەخاتەڕوو[169] و پێویستە لێکۆڵینەوە لە نمونە گریکیەکان بکرێت بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕیەکان[170]، هۆراس پێیوایە

---

[165] - Horace، Ars poet ،p49

[166] - Atkins ،op،cit ،Vol II،pp80

[167] - Horace، op ،cit،p80

[168]- Horace، Ars poet، p155

[169] -هەمان سەرچاوە ،ل 258

[170] –هەمان سەرچاوە، ل267

کەمی توانای شاعیرانی ڕۆمان لەسەر زەحمەتی ڕاستکردنەوە ، وایکردوە ناوچەی لاتیوم لە گەورەیی بخات[171] بۆیە داوا لەلاوەکان دەکات، جار دوای جار بەسەر بابەتەکانیاندا بچنەوەو وردبینی لە باسەکەیان بکەن، ئەمەش لەگەڵ دیموقراتیس ناکۆکە ،چونکە دەیوت شاعیران شاعیرە عاقڵەکان لەسەر شاخی هیلیکونن، واتە شیعر مەوهیبەیەکی سروشتییەو پێویستی بە پێداچوونەوەو ڕاستکردنەوە نییە.

هەروەها لە هونەری شیعردا جیاوازی لەنێوان گریکیەکاندا دەکات، کە لەیەك کاتدا لەگەڵ ڕۆمانەکان گرنگی بە بەهرەی سروشتی وکارامەیی هونەری دەدەن، کە لە خوێندنگەکاندا فێردەبن[172]، دواتر باس لەو هەڵانەی شاعیران دەکات، کە دەتوانن لێیان خۆش ببن، یان شیاوی لێبوردن نین، بۆیە دوبارە دەبێت پشت بە ڕاهێنان و ڕاستکردنەوە ببەستین، دواتر باس لە ڕەخنەگری بێلایەن و سودەکانی دەکات ، پاشان بەراوردی دەکات بەرەخنەگری لایەندارو باسی زیانەکانی دەکات لەگەڵ باسکردن لە سروشتی ڕەخنە[173]، پاشان باس لە سودەکانی شیعر سەبارەت بە مرۆڤایەتی دەکات، و پێوایە شیعر چالاکی

---

[171]-هەمان سەرچاوە،ل288

[172]–هەمان سەرچاوە،ل379

[173] - Horace، Ars poet ،p412

مرۆیی گرنگەو مومارەسەکردنیشی وا لە مرۆڤ دەکات، هەست بە شەرم نەکات ، بەڵکو هەست بە فەخر بکات.

دواتر باس لە بینەری شانۆ دەکات هەر لە سەدەکانی سەرەتاوە، ژیان لە رۆمادا سادەبووە، پێش ئەوەی ببێتە دایە گەورەی دەریای ناوەڕاست، بەوەی بینەران بێزەوقن و گرنگی بە شانۆ نادەن[174]

هۆراس لە هونەری شیعردا، تەنها ئاموژگارییەکی دیارکراو پێشکەشناکات، بەڵام وەك رەخنەگرەکانی پێشوو، دواتریش پێیوایە ئامادەکاری سروشتی لای مرۆڤ ئاگاداری خوێندنەوەو لێکۆڵینەویەکی وردو رێکخستنێکی رابردو بێت[175]، بەمەش هۆراس وایدەبینێت، سەرکەوتن لە شیعردا بەپلەی یەکەم لەسەر ئامادەباشی سروشتی و لێکۆڵینەوە، یان بەمانایەکی تر لەنێوان ئیلهام و پیشەدایە.

شاعیران هەوڵی بەدیهێنانی سود دەدەن، سەبارەت بە کارنامەی شیعریش دەڵێت: هێزێکە کە شیعر هەیەتی ، ئەو هێزەی کە لە رابردودا شارستانی بەرزو پێشکەوتوی بەرهەمهێنا، هۆراس بە پیزۆی بچوکی دەوت :دەبێت شەو و رۆژ بخەیتە سەریەك بۆ لێکۆڵینەوە لە نمونە گریکیەکان[176]، ئاماژەکردنی بە هۆمیرۆس و سێ شاعیرە گەورەکە دەکات، مەبەستیەتی بڵێت ئەو سێ شاعیرە

---

[174] -Grube، op ، cit،pp 245

[175] -Dorsch، op ،citpp245

[176] - Horace، Ars poet، p266

گەورەی کە لەسەردەمی کلاسیکی گریکدا ژیاون، واتە سەدەی پێنجی پێش زاین، شاعیر بە تواناو بە ئەزموون، دەتوانێت سودیان لێوەربگرێت.

بابەتێکی تر کە هۆراس قسەی لەسەر کردوە، یەکیەتی بابەتە[178]، جەخت لەسەر یەکیەتی بابەت لە شیعری درامیدا دەکات، هەروەك چۆن پێشتر ئەفلاتون و ئەرستۆ باسیان لێوە کردوە[179] هەروەها جەخت لەسەر گرنگی دەنگ و تۆنەکان و گونجانی لەگەڵ بابەتەکەدا دەکات، هەروەها پێویستە وشەو کێشی گونجاو هەڵبژێرن،هۆراس کار لەسەر خاڵی گونجانی ئەدەبی دەکات،و ئەمەی لە شیعردا بەتایبەتی پەیڕەوکردوە، بەتایبەتیش شیعری درامی، هەموو بەش و لایەنێکی کاری درامی، دەبێت لەگەڵ سروشتی کارەکەدا گونجاوبێت، هەڵبژاردنی بابەت و پەیوەندی بە جۆری هەڵبژاردنەکەوە، وێنەی کەسایەتییەکان، شێوە، گوزارشت، داهێنانی کەسایەتییەکان، دەبێت دوربێت لە لەچەشن و سیستمی ژیانە گشتییەکە، نابێت لەسەر شانۆ شتێك هەبێت لەدەرەوەی سروشتی خۆی.

---

177 - Grube، op ، cit،pp 246

178 – Atkins ،op،cit ،Vol II،p 79

پوختەیەك لە بیروبۆچوونە رەخنەییەكانی هۆراس

1-بەلای هۆراسەوە ناوەرۆك و واتاكان، بناغەی سەرەكی هەموو تاقیكردنەوەیەكی هونەریین و هەڵبژاردنی ناوەرۆكی باش، دەبێتە هاندەرێك بۆ شاعیر، تاوەكو دەستەواژەی گونجاو لە دەربڕینەكانیدا هەڵبژێرێت.

2- شیعر بەلای هۆراسەوە دەبێت جوان و سود بەخش بێت و پێویستە شاعیر لە نووسینی شیعردا، خاوەنی بەهرەو رۆشنبیری باش بێت ، بەلایەوە هۆنراوەی مەزن تەنها شاعیرێكی مەزن دەیهۆنێتەوە.

3-لە بواری كێشی شیعردا، هۆراس لەو باوەڕەدا بوو، كە هەمیشە هەنگاوی درێژ لە دوای هەنگاوی كورتەوە دێت.

4- هۆراس داوای لاسایكردنەوەی ئەدەبیاتی یۆنانی كۆنی لە هونەرمەندو ئەدیبان و شۆڕە سوارانی ئەدەبی رۆمانی كردوە، لەم بارەوە وتویەتی (ئەوەندەی مەسەلەكە پەیوەندی بە ئێوەوە هەیە، كە دەبێت شەو و رۆژ نموونە گریكیەكانتان لە بەرچاو بێت) هەروەها بەلای هۆراسەوە خواوەندی شیعر، بلیمەتی بە گریكەكان بەخشیوەو توانای داڕشتنی وشەی بە مۆسقای بەگریكەكان داوە، چونكە ئەوان تەنیا هەر تامەزرۆی شكۆ بوون، بۆیە دەبێ لاسایی شیعرو شاعیرانی گریكەكان بكرێتەوە.

5-شاعیر بەلای هۆراسەوە هەر وەك هەبوونی بەلای ئەرستۆوە، لەهەمان ئاستی نیگاركێشە لە وێنەكێشاندا، وەك یەك مافی سەربەستی و داهێنانیان هەیە.

6- بەلای هۆراسەوە مەبەستی شاعیران، یان سوود بەخشینە، یان لەزەت پێگەیاندن، یان لەیەککاتدا ئارەزوو بزواندنو لێکدانەوەی پەندەکانی ژیانە، هۆراس لەم بوارەدا داوادەکات، ئەو داستانەی بۆ لەزەت پیگەیاندن دانراون، بە پێی توانا لە واقیعەوە نزیك بن، داستانیش ئەو هەقەی نییە داوامان لێ بکات، بڕوا بەهەر شتێك بکەین، کە راو ئارەزوی لەسەریەتی.

7- هەڵبژاردنی بابەت بۆ نوسین بەلای هۆراسەوە بایەخێکی تایبەتی هەیە، لەم بارەوە هۆراس داوا لە نووسەرەکان دەکات هەرچیەکی دەوێ بنوسێ، مادام هەموو بەشەکانی کارەکەی پێکەوە دەگونجێت، لەم بارەوە هۆراس داوا لە نوسەران دەکات، بابەتێك هەڵبژێرن هاوتای توانایان ببێتو پێویستە شاعیر ئەو شتە بڵێ، کە زۆر پێویستە، جگە لەمەش زۆر شت دوابخات، تا هاتنی کاتی خۆی.

8-هۆراس داوای ئەوە دەکات، دەقی نووسراو چەند جارێك نوسەرەکەی پێدابچێتەوەو کەموکورتیەکانو هەڵەکانی لەپێش بڵاوکردنەوەی راستبکاتەوە.

9- بەلای هۆراسەوە وشەی نوێو داڕێژراوەکان قبوڵدەکرێن، ئەگەر لە سەرچاوەیەکی گریکیەوە هاتبوونو تۆزێك دەستکاری کرابن، هەروەها هۆراس رێگە بەهەموو نەتەوەیەك دەدات بە پێی سروشتی ژیانی سەردەم وشە دابڕێژرێ، چونکە وشەکان بەلایەوە وەك گەڵای درەختەکانن، هەندێکیان هەڵدەوەرێنو هەندێ گەڵای تازە دروستدەبێت، واتە وشە تاکۆنتربێت زووتر لەناو دەچێ، وشە نوێکان وەك نەوەیەکی نەوجوانی پشکوتوو گەشەدەکەن.

10- هۆراس لە بواری سیمانتیکدا ئەرك بە واتای وشە دەبەخشێت، بۆ نمونە وشەی غەمبار بۆ رووی غەمناك دەستدەدات و وشەی بوغزاوی بۆ دەم و چاوی تووڕە دەستدەدات، وشەی قۆشمەش بۆ دەموچاوی پێکەنیناوی دەگونجێت، وشەی بەهێزیش بۆ رووی سەنگین دەبێت.

11- شیعری لیرکی بەلای هۆراسەوە دەبێ تەرخانبکرێت بۆ باسکردنی شاکاری خواوەندەکان و ئەوانەی لە مەیدانی ململانێدا سەرکەوتن بە دەستدەهێنن.

12- بەلای هۆراسەوە تەنها جوانی قەسیدە بەس نییە، بەڵکو دەبێ سحرێکی هەبێ، بتوانێ گوێگر بۆ لای خۆی رابکێشێت.

13- قەسیدەش بەلای هۆراسەوە وەك تابلۆ وایە، ئەوەی لە نزیکەوە وەستابێ پەسەندیدەکات و ئەوەشی لەدورەوە وەستابێ، سەرنجیرادەکێشێت، قەسیدەش بەلای هۆراسەوە پێویستە بە سروشتی حاڵ خەڵکی رازیبکات، گەورەترین پرسیار کە هۆراس لە بواری شیعردا دەیکات ئەوەیە (قسیدەی ناسك بەرهەمی سروشتە، یاخود هی هونەرە) ئەم جۆرە پرسیارەش بووبوو بە گەورەترین مەسەلە بەلای هۆراسەوە، هەر لەم بوارەشدا هۆراس هەندێ لە ئەرستۆو رەخنەگرنگەکانی تری یۆنان دووردەکەوێتەوە، کەواتە شیعر بە لایانەوە بەرهەمی لاسایکردنەوەی سروشتە.

14- سروشتی دراما بەلای هۆراسەوە لەوەدایە، کە روداوەکانی دراما دەبێ لەسەر شانۆ رووبدەن، یاخود هەواڵی روداوەکانیان بگێڕنەوەو پیرۆزی سەر شانۆیش بەلای ئەرەستۆوە لەو ئاستەدایە، کە

نابێ خواوەندێك دەستبخانە نێو ڕووداوەکانی دراماوە، تەنها لەو کاتەشدا نەبێ کە گرێیەك هەبێ داوای دەست تێخستنی بکاتو پەردەکانی شانۆش دەبێ لە پێنج پەردە کەمتر نەبێ. ئەرکی ئەویش لە شانۆدا لەوەدایە لە نێو فەسڵەکاندا تەنها ئەو گۆرانیانە بڵێت، کە مەبەستی خزمەتی شانۆکەیەو بە تەواوی لە شوێنی خۆیاندان.

15- ئەرستۆ داوای ئەوەی دەکرد شانۆ لە سێ پەردە تێپەڕی، بەڵام هۆراس بە پێچەوانەوە داوای دەکرد شانۆ لە (5) پەردە تێنەپەڕێو لەمەش کەمتر نەبێو نابێ هیچ هێزێکی سەرەوەی سروشت دەستبخاتە نێو ناوەڕۆکی شانۆگەرییەکەوە.

16- ڕەخنەگر بەلای هۆراسەوە ناتوانێ شیعری بێ مۆسیقا بناسێ، بۆیە شاعیرانی ڕۆم بە پێی بۆچوونی هۆراس سەربەستیەکی ناپەسەندیان هەبووە، هەروەها بەلای هۆراسەوە ڕەخنەگر وەك پیاوێکی ئەمێنو زیرەکە، ئەتوانێ پەردە لەسەر شیعری لاواز لابداتو ڕەخنە لە شیعری ناسەنگین بگرێو نیشانەی لەسەر شیعری خراپ دابنێو خۆی لە باقو بریقی بێ سوود بەدوربگرێ، هۆراس داوا لە ڕەخنەگر دەکات، دەستەواژە تەمو مژاویەکان ڕونبکاتەوەو ئاماژە بۆ ئەوانە بکات، کە پێویستە بگۆڕدرێن.

سەردەمی ئیمپراتۆری :

ئەم سەردەمە سەردەمی دوای هۆراس و ڤێرجیلە، تێیدا کۆمەڵگەی ڕۆمی دوچاری داڕمان بوویەوە، لەبەرئەوەی داڕمانی ئاکاری لە نێوان کەسە باڵا و دەوڵەمەندەکان زیاد لە پێویست گەشەیکرد،ئەمەش لەوەوە سەرچاوەیگرتووە، کە لە شیعری جوڤنال (juvnal) شاعیری هاوسەردەمی (تراژانtrajan) نمونەی زۆر ناشرین دەبینرێت، ئەمە جگە لە شەڕی ناوخۆیی و نائارامی و خراپی گوزەرانی خەڵکی کاریگەری خۆی هەبوو.

(پلین)ی لاو لە نوسینەکانی کۆتایی سەردەمی ئیمپراتۆریەتدا، بەم شێوەیە باسی ئەم بارودۆخە دەکات "ڕۆمیەکان ئەوەندە پەیوەندیان بە بیستن و گوێلێگرتنی بەرهەمی نوێی شاعیرانەوە نەبوو، مانگی ئەپریل کەمترین ڕۆژی هەیە، کە ئەنجومەنی گشتی کۆنەبووبێتەوە، زۆربەی کات خەڵکی لە گۆڕەپانە گشتییەکان بۆ کۆبوونەوەی ئەم بەرهەمانە کۆدەبوونەوە، جار جار کەسێکیان دەنارد، تابزانن خوێنەری کتێبەکە لە گۆڕەپانەکە ئامادەیە یان نا ، ئایا پێشەکییەکەی تەواوکردوە یان نا، ئەوەی خوێندویەتیەوە زۆرە یان نا ، ئەو کاتەی کە سەیردەکەیت، کە لەسەرخۆ ڕێگەی گۆڕەپانیان دەگرت و دەهاتن، لەگەڵ ئەوەی ئەوەندە نەدەوەستان و چاوەڕێی کۆتایی بابەتەکەیان نەدەکرد، یەکێك دیارنەدەما و یەکێك سەری خۆی هەڵدەگرت و دەڕۆیشت ، ئەم حاڵەتە لەگەڵ حاڵەتی باو و باپیرانی ئێمەدا جیاوازی هەبوو[179]

[179] –pline le jeune . les lettres

ڕەخنەگرەکانی ئەم سەردەمە

1-دیۆنیسیۆس هالیکارناسیۆس

یەکێکە لە ڕەخنەگرە ڕۆمانییەکان و لە(30 پ.ز) دەچێتە ڕۆما، واتە پاش تێپەڕبوونی13 ساڵ بەسەر مردنی سیسرۆن، دەچێتە ناو گروپێکی ئەدەبییەوە، کە کایکیلوسی تێدابووەو یەکێکە لە ڕەخنەگرە ناسراوەکانی ڕۆماو کاری لەسەر شێوازی ئاسیاوییەکان و وتاری ئەتیکین کردوە، بەڵام کارەکانی نەماون، بەهۆی ئەم گروپەشەوە بۆ یەکەم جار ئەدەبی بەراورد سەریهەڵداو دیۆنیسیۆس هالیکارناسیۆس لە وتارەکانی گەشەی پێداهێتر هەروەها کتێبێکی لە مێژوی ڕۆما و ڕەخنەی ئەدەبی و ڕێکخستنی وشەکان و سێ نامەی ئەدەبی نوسیوە، لەگەڵ وتارێك لەسەر وتاربێژە کۆنەکان.

2-بترونیوس

یەکێکە لە کەسایەتییە دەگەمەن و بێهاوتاکان و جارێکی تر دووبارە نابێتەوە، هەرچەندە لەبارەی سەردەمەکەیەوە جیاوازی هەیەهێتر تاکیتوسی مێژوونوس زۆر پێی سەرسام بووە، ئەم تایبەتمەندییەش لەوەوە سەرچاوەیگرتووە، خاوەنی ڕۆمانی(ساتوریکون)ە و هەندێك بەشی ڕۆمانەکە پەیوەندێکی تونەدو تۆڵی بە ڕەخنەی ئەدەبییەوە هەیەهێتر، ڕۆمانەکە هێرشێکی توند دەکاتە سەر ڕاهێنان لەسەر وتارو

---

[180]– د محسن زرین کوب، ص293

[181] -Sullivan op، cit. p21

[182] -Grobe، op، cit،p262

ئاراستەی ئینکولبیوسی دەکات، و ئەو پرسیارەش دەکات، کە دەبێت وتاربێژان بەشێوەیەك لە شێوەکان بەدوای تۆڵەوەبن.

3- **سنیکا** (seneca 4-65)

نوسەری ناوداری ڕۆمی (ڕاهێنەری دەرونی) ئیمپراتۆربوو، هونەری ڕەوانبێژی لە باوکیەوە، کە مامۆستای هونەری گوتار بوو فێربووە، ماوەیەك لە دادگا وەك فەرمانبەر کاریکردوە ، وردە وردە بوو بە شاعیرو قسەزانێکی بەناوبانگ ، بە شێوەیەك بووە جێگەی ئیرەیی (کالیگولا) ی ئیمپراتۆر، تا کار گەیشتە ئەوەی بیری لە کوشتنی کردەوە ، بەڵام بە هۆی داخوازی هەندێك لە هەوادارانی ڕزگاری بوو، ماوەیەك لە ڕۆم دورکەوتەوەو دوای (8) ساڵ شازنی (ئاگری پین) بانگیکردەوە، پەروەردەی ئیمپراتۆری بچوکی پێسپارد، بەڵام پەروەردەکرنەکەی هیچ سودێکی بۆ کەسێکی بێبەزەیی و خراپی وەك ئەو نەبوو، تەنانەت کاتێك ئیمپراتۆر بڕیاریدا براو باوکی بکوژێت ، مامۆستاکەی نەیتوانی ڕێگری لێبکات ، سەرەنجام بڕیاریدا وتارێکی ڕەوان و کاریگەر لە ستایشی براو باوکە کوژراوەکەی بنوسێت ، بەهۆی ئەمەشەوە لەلای ئیمپراتۆر ژیانی کەوتە مەترسیەوە، چونکە پێیوابوو ئەمیش سەرپێچی لێدەکات، بۆیە بڕیاریدا سنیکا بەدەستی خۆی بکوژێت، کاتێك ویستی دەماری خوێنی ببڕێت، هەوڵیدا خۆی ڕابگرێت و دواجار بە هۆی ئەم هێزەیەوە بووە مایەی پەند بۆ هەموان .

سنیکا لە ئاکار و فەلسەفەدا لێکۆڵینەوەی گرنگی هەیە، لە بواری ڕەوانبێژیشدا ئەوەی لێهەڵدەهێنجرێت، کە لە مێژووی

ڕەخنەدا پۆلێکی دیاری هەیە ، پێیوایە کە دەبێت ڕێگەی خستنەڕوو سروشتی بێت و نوسەر هەوڵبدات ئەوەی بیری لێدەکاتەوە بینوسێت و بەدوای تەسەنوعەوە نەبێت، تەنانەت بنچینەو بنەمای ڕەوانبێژی، بەم شێوازە قبووڵدەکرێت [سقی‌ت]

لە نوسینێکی تردا ئەوە دەخاتەڕوو، زۆر لە شاعیران و نوسەران سودیان نییە، ئەوەش کە دەخوێنرێتەوە دەبێت بە وردی و سەرەنجەوە بخوێنرێتەوە، هەر کەسێکیش کتێب دەخوێنێتەوەو دەنوسێت، سود لەمە وەرناگرێت، خوێندنەوەی کتێب بۆ کەسێك سودمەندە، کە هەوڵبدات ئاشنای گیان و ئەندێشەی نوسەر بێت، ئەگەر دەتەوێت عەقڵ و هۆشی خۆت بەخوێندنەوەی بەرهەمێك سوندمەند بکەیت ، دەبێت سود لە تێڕوانینی نوسەرەکان وەربگیرێت، و خۆت بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانییەوە سەرقاڵ بکەیت بەشێکی لێوەربگریت ، کەسێك کە لەهەموو شوێنێك هەیە، لەهیچ شوێنێك نییە، کاتێك کەسێك هەموو تەمەنی لە گەشتدا بەسەر دەبات، ئاشنایان و پێشوازیکار زۆر دەبینێت، بەڵام دۆستی دڵسۆز نادۆزێتەوە ، ئەوانەش کە بە نوسەرێك تێر نابن، لە بری ئەوەی هەوڵی ئاشنا بوونی بەرهەمە جیاوازەکانی بدەن، بە خێرایی دەستی لێهەڵدەگرن، سەرقاڵی نوسەری تر دەبن، واتە سەرقاڵی زەروورەتی چارەنوسی کەسانێکن کە لەسەفەردان.

لەراستیدا سنیکا بەشداریکی کارای لە ڕەخنەی ئەدەبیدا نەکردوە، لەچاو ئەوەی نوسەرێکی ڕەواقی بەرزبووە لە بواری ئەدەب و فەلسەفەدا،

[183] ad licibus 75

چونکە گفتوگۆی لەسەر تیۆری رەواقی لە وتارو ئەدەبدا نەکردوە، جگە لەیەک کات کە بە سەرپێیی باسی لە شیواز کردوە،[184] هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوە بووە، کە شێوازی نوسەر کەسایەتی پێچەوانەبکاتەوەو ئەمەشی بەسەر کۆمەڵگەدا جێبەجێکردوە، ئەم کارەش کەس پێشتر باسینەکردوە، هەروەها ئەوەش دەخاتەروو، کە شێواز کاریگەری دەکاتە سەر رۆشنبیری و کەڵچە، هەروەک چۆن کاردەکاتەسەر خەڵکی و جیاوازی نێوانیشان لە روخساردایە، نەک بۆچوون، بۆیە دەشێ لە کۆمەڵگەیەکدا رستەیەکی کاریگەر بەکاربهێنرێت و لە کۆمەڵگەیەکی تردا رستیەکی تر[185]

سنیکا ماکیناسی هاوڕێی ئۆگۆست و مولی هۆراس بە نمونەی شێوازی گەندەڵ دەهێنێتەوە، کە گەندەڵی رۆح پێچەوانەدەکاتەوە، نوسەرێکی ناسراویش دەتوانێت شێوازێکی نوێ دابهێنێت و نوسەرەکانی تری دوایبکەون، سالوستیوس بە نمونەی داهێنانی شێوازی کورت و ئاڵۆز دەهێنێتەوە، و نوسورەکانی تریش لاساییانکردوەتەوە،[186] جگەلەمەش گرنگی بەشێوازی گونجاو و فەلسەفی دەدات، پێیوایە ناوەرۆک لەگرنگیدا پێش روخسارە، گرنگیدانیش واتە هەست و سۆز[187]

---

[184] -Seneca Letter to Lucilius،p22

[185] - Grobe، op، cit،p268

[186]- Seneca Letter to Lucilius،p19

[187]-هەمان سەرچاوە ،ل3

4-مارکۆس کۆنتیلین، یان کۆنتلیانوس(Marcus (quintilen) Fabius Quintilianus)(30-25/ 96-95ز)

یەکێکی تر لە ناودارانی ئەم سەردەمە (کۆنتیلین)یان کۆنتلیانوسەو دیارترین کەسایەتی سەردەمی خۆیەتی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا، لەوانەی کوڕی وتاربێژو مامۆستای وتار بێت[188] لەسالّی (25)لەشاری کالاجوریس لە ئیسپانیا لەدایکبووەو(95م) کۆچی دوایی کردوە.، بۆ خوێندن هاتەوەتە ڕۆما، پاشان گەڕاوەتەوە شوێنی خۆی، پاشان بە هۆی ئیمبراتۆرەوە چەند مانگێك هاتوەتە ڕۆما، دواتر بەهۆی مردنی گەورەکەی، بە یەکجاری لە ڕۆما ماوەتەوە، بە هۆی بەڕەنگاری لە گۆڕەپانی دادو بڕیاردا، سەرکەوتنی باشی بەدەستهێناوە، بەلاّم زیاتر وەك مامۆستای وتار دەرکەوتوە، بووەیە مامۆستای وتاری منداڵانی ئیمبراتۆر، زوو ژنی هێناوەو ژن و دوو منالّەکەی بەیەکەوە مردون.

هەر بەلاوی لەسەر هۆکاری ئالّۆزبوون، وتاری نوسیوە، بەلاّم لەناو چوون، ژن و منداڵەکەشی لەوکاتانەدا مردن، کە لەنێوان سالاّنی 92–96 سەرقالّێ گرنگترین کاری بوو لەسەر(فێرکردنی وتابێژ)، هەرگیز لە سیاسەت نزیك نەبووەتەوە، بەپێچەوانەی سیسرۆن ،کە دەیویست سیستمێکی فراوانی فیربوون دابنێت، سیسرۆن لەسەر سەردەمەکەی دەینوسی و لە شێوازو نوسینی رازیبوو، بەلاّم کۆنتلیانوس رازی نەبوو، رقی لەوەبوو کە لە

[188] - Quintilianus Inst،Orat، ix،3، 37

شێوازی هاوچەرخی لاتینی لابدەیت، دوای گفتوگۆیەکی دوورودرێژ لەسەر شێواز، پاشان دەچێتە سەر گفتوگۆکردنی سروشتی شیعر[189]، لەگەڵ هۆراس هاوڕایە کە شیعر بەشداریبکات لە خۆشی دەروونداا، لەبارەی لاساییکردنەوەشەوە پێیوایە مەرج نییە تەنها لاسایی نوسەرەگەورەکان بکرێتەوە، وتاربێژی نوێ، دەتوانێت کەسێك یان کتێبی نوسەرێکی گەورە بکاتە رێنیشانەدەری خۆی، بەڵام سەبارەت بە چاولێگەری، دەبێت زۆر بەوردی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات، وتاربێژ ناتوانێت فێربێت، چۆن لەرێگەی نوسێنی خێراوە باش بنوسێت، بەڵام دەتوانێت خێرا بنوسێت، کاتێك فێری نوسین باش دەبێت، وتاربێژ نابێت لەخۆی و نوسینەکەی رازیبێت و پێی سەرسام بێت، یان رقی لێببێت، زۆر راستکردنەوەو رێنوسی خراپ، کات بۆ تێڕامان ناهێڵێت، پێویستە وتاربێژ گرنگی بە دەنگ و تۆن و جۆڵەی بدات و دژی ئەوانەیە، کە دەڵێن ئەمانە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدان، ئەگەر ئەمە راستبێت، ئەوا شتێك نییە بەناوی هونەری وتاربێژییەوە[190] هەموو شوێنێکی وتاربێژ لای گوێگرەکەی گرنگی خۆی هەیە ،(دەستی،قاچی ، چاوو دەست جەلاّن، جل و بەرگ،....تاد)، هەروەها بەراورد لەنێوان لە هونەری قسەکردن و جۆرەکانی تری هونەر و زماتی گریك و لاتین دەکات.

---

189 -Atkins ،op ،cit p288

190 - Quintilianus Inst،Orat، ix،12

بە یەکێك لە مامۆستایانی هونەری ڕەوانبێژی دادەنرێت، لە ڕۆم سەرقاڵی خوێندن بووە و وانەی وتۆتەوەو سەرەنجام سەرقاڵی وتار وتنەوە بووە، یەکەمین کەسە لە ڕۆمەکان لە مافی دەوڵەتیدا وەك مامۆستا هەڵبژێردراوە، (پلین جوان jeuun le pline) نوسەری ناودارو (هادرین) کەدواتر بوو بە ئیمپراتۆر، خوێندکاری ئەو بوون .

سێ کتێبی هەیە، بەڵام دوانیان(هونەری ڕەوانبێژی rhetorica)و (کەوتنی هونەری وتار De causis corruptae eloquntiae) لەناوچوون و تەنها کتێبی (پەروەردەی ڕەوان)(In stit utionis oratoriae) ماوەتەوەو لە بارەی ڕەخنەی ئەدەبیەوە، بایەخی خۆی هەیە، لەم کتێبەدا ئەوە دەخاتەڕوو، کە چۆن منداڵ پەروەردەبکرێت، تا ببێتە شاعیر و ڕەوانبێژ، لەم ڕوەوە دەرفەتێك دەدۆزێتەوە، کە لە کتێب و بەرهەمی نوسەران بیروباوەڕی خۆی دەربڕێت، ئەویش کە بۆ شاعیرو قسەکەر پێویستە ڕێنماییان بکات .

کۆنتیلین لەم کتێبەدا خوێندنەوەی بەرهەمی کۆنی یۆنانییەکان بۆ وتاربێژە لاوە ڕۆمییەکان بە گرنگ دەزانێت، ئەمیش هەمان ئەو وتانەیە، کە هۆراس فێری خوێندکارەکانی دەکرد، کۆنتیلین ڕەخنە لە نوسەر و شاعیرە ڕۆمانی و یۆنانییەکان دەگرت ، ئەمەش ڕەخنەی پراکتیکیە، لە بارەی هۆمەرەوە دەڵێت" هۆمەر باوکی ئەربابی ڕەوانبێژی وسەرمەشقی تەواوی بەشەکانی ئەم هونەرەیە ، نەك تەنها تەواوی مەرجەکانی شاعیریەتی هەبوو، بەڵکو تەواوی مەرج و پێداویستی گوتار بێژیشی هەبووە ، لەبارەی (هزیود

hesiode) هوە دەڵێت " بەکەمی ڕێکدەکەوێت هزیود بە پلەیەکی بـاڵ قسـە بکـات، لەگـەڵ ئـەوەی هـەنگاو بەهـەنگاو لـە قسـەکانیدا خواستی سودمەند هەیە، ئەم ڕەخنە پراکتیکیەش تەنها شاعیرانی یۆنان ناگرێتەوە، بەڵکو شاعیرانی ڕۆمانیشی گرتوەتەوە، بۆ نمومە دەربارەی فێرجیل دەڵێت" فێرجیل لە تەواوی شاعیرانی داستانیدا، ئیدی یۆنانی یان ڕۆمانی بێت، تاکە شاعیرە، زیاتر لە هەموان لە هۆمـەرەوە نزیکـە، فێرجیـل دوەمـین شـاعیری گـەورەی داسـتانییە، بـەاڵم قسـەکانی لەگـەڵ قسـەکانی هۆمیرۆسـی یەکـەمین شـاعیر دەمێنێتەوە ، قسەی سێیەمین شاعیر داستان کە دوای ئەم هاتوە، ناگاتـە ئـەم وتـەکانی فێرجیـل لەوتـەکانی هـۆمیرۆس وردتـرە، هەرچەندە لەلایـەنی گوزارشتەوە لـە هۆمـەر کـەمترە، بـەاڵم لـەبارەی ناسـکی و جـوانی و یەکسـانییەوە تەعویزیدەکاتـەوە، لـە بـارەی (لوکرس) وە دەنوسێت" سەرقاڵی خوێندنەوەیەکی بەبەهایە، بەاڵم قاڵـب و شـێوازی وانییـە، کـە بـۆ لاسـاییی و شـوێنکەوتن بشـێت، لوکرس ناوەڕۆك و بابەتێك هەڵدەبژێرێت، کە گوزارشتێکی جوانی هەیە، بەاڵم قسەکانی گران و ئاڵۆزن"[191]

5-**تاسیت :**

یەکێکـە لـە مێژونوسـەکان و لەسـەرەتاکانی سـەدەی دوەم (119ز) مـردوە، کتێبێکـی هەیـە بـە نـاوی (گفتوگـۆ لـە بـارەی شـاعیرانەوە) (tacite :dialoguede or atoibus) کـە لـە

[191] GInstitutionis oratoriae x .I
-

شێوەی دیالۆگە لە نێوان شاعیرێك و دوو وتاربێژدا، لەم کتێبەدا بەراوردێك لە نێوان شیعرو پەخشاندا دەکات، هەروەها بەراوردێك لە نێوان کۆنەکان و نوێیەکاندا دەکات، سەرەنجام سەرقاڵی هۆکاری وتنی هونەری وتار دەبێت، لە دوای بابەتی (ململانێی کۆن و نوێکان) بە توانایەکی باشەوە هۆکاری کەوتنی قسەزان و وتاربێژان لە ڕۆم دەخاتەڕوو، ئەم نوسینەش بە باشترین بەرهەمی ڕەخنەیی لە ئەدەبی ڕۆم دادەنرێت، هەرچەندە جارێك ڕەخنە لە سیسرۆ دەگرێت، بەاڵم لە هەڵوێست و مەسەلەو چارەسەری ئەوانەدا بە شێوەیەکی زۆر کەوتۆتە ژێر کاریگەری سیسرۆوە، لێرەشدا پلەیەکی باشی بۆ شیعر داناوەو بە بنچینەی زمان پاراوی و ڕەوانبێژی دادەنێت و دەڵێت "شیعر لانکەی ڕەوانبێژییە و بەپەرستگای پیرۆزی دادەنرێت، ڕەوانبێژی جوانی شیعر ڕەچاودەکات، تاوەکو خۆی لەو دڵانەی کە ئالودەی خراپە نەبوون بخاتەڕوو، و ڕێگەیەك بۆچوونە ناوەوە بدۆزێتەوە، کاهنەکان پەیامی غەیبی لە قاڵبی شیعردا دەخەنەڕوو، خراپەی ڕۆژگاری ئێمە هۆکارە، تاوەکو ڕەوانبێژی لایەنی مادی و بەرژەوەندخوازی هەبێت و دواجار گۆڕا بۆ چەك و خەنجەری ململانێ، بەاڵم لە ڕۆژگاری زێڕین و لە سەردەمانی ڕابردودا، شاعیر زۆر بوون، کە ئیلهامیان لە خواوەندی شیعرو هونەرەوە وەرگرتوەو سەرقاڵی ستایش و کاری باش بوون، نەك وەك سەردەمی ئێمە، کاریان تەنها پیاهەڵدانی خراپەکانە[192]

[192] – Dialogue sur les oratews 11-20

بەراورد لە نێوان رەخنەی یۆنانی کۆن و رۆمانیدا

ا- هاوبەشی:

1-لە هەردوو رەخنەکەدا لایەنی باوەڕبوون بە دەوری خواوەندو وەلانانی خورپەو ئیلهام بە شاعیران بەدیدەکرێت، واتە هەردوو رەخنەکە لەژێر سێبەری بیری ئایدیالی بۆچوونی خۆیان تا رادەیەك دەخەنەروو.

2- مەترسی رۆڵی شیعرو شاعیر لە هەردوو رەخنەدا بەدیدەکرێت، هەرچەندە لە رەخنەی رۆمانیدا داوای شاربەدەری شاعیران نەکراوە.

3- شیعری لیریکی لە هەردوو رەخنە بایەخی خۆی هەیە، بۆ باسکردنی رای خواوەندەکان و جوامێری پاڵەوانەکان، ئەم جۆرە بەهایە بەلای ئەفلاتون و هۆراسەوە بەدیدەکرێت.

4-بەهای تراژیدیا بەلای ئەرەستۆ و هۆراسەوە، تا رادەیەك وەك یەکە، بە پێچەوانەوە تراژیدیا بەلای ئەفلاتونەوە بەهاو بایەخی کەمی هەیە.

ب- جیاوازی

1- رۆڵی خواوەند لە شانۆدا بەدوو بۆچوونی جیاواز لەم دوو رەخنەیەدا باسکراوە، واتە لە رەخنەی یۆنانی کۆندا خواوەندی شیعرو شانۆ، رۆڵی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لە رەخنەی رۆمانیدا ئەو رۆڵەیان پێ نادرێت.

2- پەردەکانی شانۆ لە ڕەخنەی یۆنانی کۆندا، بەتایبەتی لای ئەرەستۆ، دەبێ لەسێ پەردە پێکبێت، بەڵام لە ڕەخنەی ڕۆمانیدا دەبێ شانۆ لە پێنج پەردە پێکهاتبێت.

3- مەسەلەی لاساکردنەوە لە ڕەخنەی یۆنانی کۆندا، هەندێ جیاوازی بەرچاو دەکەوێت، داوای لاسایکردنەوەی سروشتو نزیك بوونەوە لە واقیع لە شاعیران دەکرێت.

4- جوانی وشەو دەستەواژە لە ڕەخنەی یۆنانی کۆندا، بەهای تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام جوانی واتاو بابەت لە ڕەخنەی ڕۆمانیدا، زیاتر بەهای تایبەتی خۆی هەیە.

بوالۆ (1636-1711)**:**

بوالۆ نوسەرو شاعیرو رەخنەگری کلاسیکی لە 1نوفمبر، 1636 لە باریس، فرنسا لەخێزانێکی بورژواو پەرلەمانی لەدایکبووەو یەکێکە لە 12 کوڕەی باوکی،و هەر لەمندالّیەوە نازناوی(دیبریو Despréaux)بووە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زەویەی کە خێزانەکەی خاوەنین، لە بیست مانگیدا دایکی مردوەو لێرەوە گرفت بۆ ژیانی دروستدەبێت، تامی ژیانی لە قوتابخانەی(Beauvais) وەرگرتوە، لەوێش سەرقالّی لاهوت و دواتر یاسا بووە،پاشان بووە پارێزەر و هیچ دۆسیەیەکی فەرمی پێنەسپێرراوە، بوالۆ لەساڵی 1663 دەستیکرد بە خوێندنەوەی شیعری هەجوە سەرەتاییەکان، کتێبی هونەری شیعری کەلە(1674) لەفەرەنسا نوسیوەو چایکراوە، لە 13 مارس 1711 هەرلەوێ کۆچی دوایی کردوە.

بوالۆ یەکێکە لەو کەسانەی، بەبێ تیگەیشتن لە ژیانی، تێگەیشتن لە بەرهەمەکانی کارێکی ئاسان نییە، سانت بیڤ کە بە باوکی رەخنەی فەرەنسی دادەنرێت، لەسەدەی نۆزدەدا دەڵێت"بوالۆ یەکیکە لەو کەسانەی کە لە وانی تر زیاتر سەرقالّمدەکات " بوالۆ زوو تووڕەبوو، بەلاّم نەترس بوو ، بوالۆ دەڵێت" ئەگەر چوار وشە بنوسم، سیانیان دەسڕمەوە[193]

---

[193]– **علی درویش، فن الشعر لبوالو، جامعة عین شمس،ص**213

بوالـۆ هیرشـی دەکـردە سـەر شـاعیرە خراپـەکانی وەك(شـابلان، برادون، سکودیری، کونان) بەوەی دەیانەوێت شکۆی داهێنانی دەقی شیعریی و شانۆیی بەهەر ڕێگەیەك بێت بەدەستیبهێنن، بۆیە دەڵێت:

ببنە هاوڕێ....ببنە پیاوانی باوەڕدار

تەنها پێویست نییە پیاو بەسۆزو جادوگەر بێت لە نوسیندا

دەبێت ئەوەش بزانێت چۆن بەزیندویی دەمێنێتەوەو قسەدەکات

کاربکەن لەپێناو نەمرییدا، هەرگیز نابێت

بەدەستهێنانی خراپەو شتی بێسود، ئامانجی نوسەری باوەڕپێکراو بێت

ئەوە بزانە کە عەقڵی پوخت دەتوانێت لە کارەکەیدا

بەشێکی دروست ، بەبێ شەرمەزاری و تاوان دەربهێنێت

بەڵام ئەم نوسەرە ناودارانە ناتوانن ئەوە قبوڵبکەن

هەموو ڕێگەیەك بۆ بەرزی دەگرنەبەرو تینوی پارەن

ئەمانە خوای هونەر(بوالۆ) لای کتێب فرۆشەکان بە ڕەهن دادەنێن

لە هونەری پیرۆزدا پیشەی تەزویرکردن بەرهەمدێنن

ئـەم ڕوانینانـەی بوالـۆ بەشـێکە لـە ڕوانیینـەکانی لـە کتێبـی (هونـەری شـیعر)ەکەی، جگەلەمـەش بـیرو ڕوانینـی حسـی سـەلیم (Common Sense)یان چێژو ڕێزداریـی زیندوکردەوە، ئەمـەش لەوەوەبوو بوالۆ دەیویست شاعیر بـە پێـوەری عـەقڵ شت بنوسـێت، ئەمەش بە ئاسانی لەم ڕوانینانەیدا دەبینرێت:

هەرچەند نوسینەکانتان بەرزبن

ڕێگە بدە هەستی تەواو(حسی سلیم) بە بەردەوامی ڕێکت بخات

ڕێکخستن دەبێت بە پێوەری عەقڵ بێت

کاتێك بەسەر ئەمەدا سەردەکەوێت، دەتوانیت توانات بەگەڕبخەیت
لەکاتی کاری بەرزدا، عەقڵ سەردەکەوێت
ئەگەر وەلای بنێت، کارەکە ساکار دەبێت
بۆیە عەقڵم خۆش ویست ڕێگە بدە با هەموو شتەکان بنوسێت
چونکە جوانی و هێزو دڕەوشاوەیی لێدەردەچێت

بەم روانینەی بوالۆ، کاری سەرکەوتو داهێنەر، دەبێت کار بە پێوەرەکانی عەقڵ بکات و هەست بە حسی تەواو و دروستبکات، لەوەی کە دایهێناوە، ئاموژگاری داهێنەران دەکات کە عەقڵیان بەشێوە سروشتییەکەی خۆی کاربکات و فشاری لەسەر دروستنەکەن.

هەروەها بوالۆ داوای دەستگرتن بە میراتی کتێبی شانۆیی گریك و ڕۆمانییەکان دەکات، چونکە تواناییان نەمری لە کارەکانیاندا بهێننەدی، بۆیە ئێمە تائێستاش سەرقاڵی خوێندنەوەی داهێنانەکانیانین، ئەمەش واتە پەیوەستبوون بە بنەماو پرەنسیپی نوسینی کلاسیکییەکان، بەهەموجۆرە نوسینەوەکانەوە، جگەلەمەش بوالۆ بە بێ دوودڵی بە شاعیران دەڵێت چۆن لە دێڕەکاندا بنوسن، یاسای میانە(Caesura)وهایتیس(Hiatus)ی خستەروو، دەڵێت کاتێك وشەکان بەکاردەهێنیت کە کۆتایی بە وشە جولاوەکان دەهێنیت، کاتێکیش کە بەکارناهێنیت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەدایە کە سیستمەکە ڕوون و گەیشتنەکە ئاسان بێت.

لە تەکنیکی نویسنیشدا داوا لە نوسەری شانۆ دەکات، کە پێویستە پەیوەست بێت، یان پەیامداربێت و پارێزگاری لە سێ یەکیەتییەکە بکات(کات، شوێن، بابەت)، چونکە زۆر گرنگن بۆ

بینەر، ئەگەر نوسەر لەمەدا شکستیهێنا، ئەوا بینەر بەمە دەزانێت، و شانۆکەش لەکاتی نمایشیدا دەوەستێت، بەلأم ئەگەر سەرکەوتو بێت، دەتوانێت بینەر بەبێ بێزاربوون.لە سەر کورسیەکە بهێلێتەوەو بەردەوام بێت لە سەیرکردنی شانۆکە.

یەکێک لەو کەسانەی کەشیعر لە پشت کێوی برانسەوە پێشنیاردەکات
لەسەر تەختی شانۆ بەبێ ترس لە یەک رۆژدا سالأن بەڕێدەکات
زۆربەی کات لای ئەو پالّەوانەکان، تەنها لەیەک نمایشدا دادەنیشن

منداڵێک لە بەشی یەکەم و بەسالأچوویەک لە کۆتاییدا، بەلأم ئەوە ئێمەین کە ژیری هانماندەدات شوێنی یاساکانی بکەوین و دەمانەوێت بەسەرهاتەکان بەڕێگەیەکی هونەری بەزەییان بەخۆیاندا بێتەوە، هەر بۆیە لەبەر خاتری یەک رووداو شانۆ، تا کۆتایی پڕ بینەر دەمێنیتەوە و بەدەوری یەک شویندا دەسوڕێتەوەو یەک ڕۆژ دەخایەنێت. هەرگیز شتێک پێشکەش بینەر مەکەن، کە بڕواپێنەکراو بێت، چونکە هەندێک جار راستی لە راستەقینەکەی ناچێت.

بوالۆ جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە، مەسەلەی سێ یەکیەتییەکە زۆر گرنگن و دەبێت نوسەر پێیانەوە پەیوەست بێت، توانستی نوسەر لەسەر هێنانەدی ئەم هەنگاوە، هۆکارە بۆ مانەوەی بینەر لەسەر کورسیەکەی .

ئەمەش لەوەوەیە شانۆکە پشتی بە لاسایی و چڕبوونەوەو بەیەکداچووی واقیع و ڕەچاوی حسی سەلیمی کردبێت، جگەلەمەش ڕەچاوی رووداو و کەسایەتی شانۆکەی کردبێت، تاوەکو بینەر ئامادەبێت، لێرەشدا نوسەر هەست بەو زیرەکییەی دەکات، کە وتەیەتی" دڵنیای بکەرەوە، چونکە ناکرێت بەردەوام لەگەڵی بووترێت"

بوالۆ لە هونەری شیعرەکەی و چامەکەیەوە، کە کاریگەرە بە شیعری فێرکاری، کۆمەڵێك بۆچوونی خستوەتەروو، دەتوانرێت بکرێنە پێوەرێکی جێگیر بۆ ئەدەب، ئەمانەش رەچاوی نوسەرانی رابردو و عەقڵیان کردوە، ئەم پێوەرانەی بوالۆش زۆر نزیکن لە پێوەرەکانی ئەرستۆوە، کە بۆ نوسەری شانۆ داینابوون، بەڵام جیاوازی بوالۆ لەگەڵ رەخنەگرانی سەردەمی رووناکبیری لەوەدابوو، ئەوان دەیانوت دەبێت نوسەر رەچاوی ئەو پێوەرانە بکات، چونکە پێشینان کردویانە، بەڵام بوالۆ دەیوت رەچاوییبکەن، چونکە حسی تەواوە(سەلیمە)و عەقڵ داوای دەکات، ئەوان داوای شوێنکەوتنی پێشینانیان دەکردو رێگەیان بە رێژەیەك لە ئازادی شاعیر دەدا، بەڵام بوالۆ دەیوت شوێنی کۆنەکان بکەون، چونکە شوێنی یاسای چێژی تەواو و سەلیم کەوتون، بەمەش ئەوە دەردەکەوێت، رەخنەگرانی سەردەمی رونـاکبیری، جۆرێك لە ئازادیان بە شاعیر بەخشیوە، بەڵام بوالۆ ئەمەی نەکردوە[194].

[194]- أ.د أحمد صقر ، نقاد الكلاسيكية الجديدة، كلية الآداب ، جامعة الإسكندرية،ص125

سێیەم: ڕەخنەی عەرەبی

ڕەخنەی عەرەبی لە هەناوی زانستی ڕەوانبێژی و بەدیاریکراوی زانستی جواناسی سەریهەڵداوە، لەسەرەتاشدا بڕیارەکان لەخۆوەیی و گشتی بوون.

هەندێکی وەک جاحظ، قدامه بن جعفر،قازی جرجانی، ابو هلال عسکری، زیاتر بڕوایان بە وشە هەبوو، بەڵام ابو عمر شیبانی، ابو قاسم بن بشیری ئامدی، ابن جنی، عەبدلقادر جرجانی ، فەخر رازی، گرنگی بە مانا دەدەن)، هەندێکیش لایەنگری هەردووکیانن لە یەککاتدا لەوانە: ابن قوتەیبە، ابن تەباباى عەلەوی،قلقەشەندی.

1-ڕەخنە لە سەردەمی جاهیلیدا:

وەک بۆچوونێکی لۆژیکی، هەمیشە ڕەخنە لە پاش دەقی ئەدەبی لە دایکدەبێت، کۆنترین هۆنراوەی عەرەبی لە سەردەمی جاهیلیدا دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی سەدەو نیوێک پێش ئاینی ئیسلام، سروشتی بابەتی ئەو هۆنراوەنە زیاتر لە بارەی ستایش و پیاهەڵدان و دڵداریەوە بوو، هەموو هۆزێکی عەرەبی ئەو سەردەمە هەوڵیدەدا، شاعیرێکی سەربە هۆزەکەی هەبێت، لە پێناو باسکردن و دەرخستنی ئازایەتی و جوامێری، ئەم هۆزانە لە بازاری (عکاز)شاری مەکەو (مربد)ی بەسرەو (زولمجاز) دا لە کاتی بازرگانی و ئاڵوگۆڕکردنی کوتاڵ و شت و مەکەکاندا، دەستیان بە هۆنراوە خوێندنەوە دەکرد، لە کاتێکدا ئەگەر ڤیستیڤاڵ، یاخود جۆرە پێشبڕکێیەکی شیعری لەو ڕۆژانەدا لە نێوان ئەم شاعرە جیاجیانەدا بکرایە، دەبوایە بچوونایەتە ڕەشماڵە سورەکەی (نابغە

الزبانی)ەوە، کە تایبەت بۆی هەڵدرابوو، لەپێناو سەیرکردنی ئەو دەقە شیعریانەو هەڵسەنگاندنیان، پاشان ڕێگەی بەشداریان پێدەدرا.

نابغەی زوبیانی گەورەی شاعیرانی جاهیلی لە بازاری شیعردا، ڕەشماڵێکی سووری هەڵدابوو، یان کلاوێکی سووری لەسەردەکردو بڕیاری لەسەر شیعرەکان دەداو ڕۆڵی دادوەری دەبینی، لەگەڵ ئەوەی شاعیرەکان خۆیان دەهاتن شیعرەکانیان بۆ دەخوێندەوەو ئەویش بڕیاری خۆی دەداو هەندێك سەرەنج و تێبینی لەسەر مانای شیعریی و شیوازی شاعیرەکان دەخستەروو، بەبێئەوەی گوێ بداتە دەسکەوتی مادی، لەبەرئەمەش بە خۆبەهێزکردنی شیعر تاوانباریاندەکرد.

عوکاز دەوڵەمەندترین بازاری عەرەب بووە سەبارەت بە ئەدەب، لەگەڵ ئەوەی بازارێکی بازرگانی بووەو مەڵبەندێکی کڕین و فرۆشتن و کۆکردنەوەی خەڵکی بووە لە هەموو وشێنەکانەوە،شاعیرانی سەردەمی جاهیلی هەموویان نازناویان پێبەخشراوە، یان لێنراوەو هەندێك جاریش لەشیعرەکانیان ناوە.

دەتوانین بڵێین لەم سەردەمەدا ڕەخنەی عەرەبی زیاتر لەبازنەی مەزاجدا دەخولایەوەو چەمکی ڕەخنەش لە نێوان واتای جیاکردنەوەی دراوی باشوخراپ خۆی دەخستەروو، کەڕەخنەش لەلای (ابی درداء) لەبۆچوونەکەی (بوهتان بۆ خەڵکی مەکە، تاخەڵکی بوهتانت بۆنەکات) بەدی دەکرێت، جگەلەمیش ڕەخنەگرێکی تر هەبوو ناوی (خلف) بوو، لەو شیکردنەوەیەی کە

بـۆ جـوانی هـۆنراوە کرابـوو، کاتێـک ئـەم جـۆرە جوانییـە بـە جیاکردنـەوەی دراوی پـاش لـە خـراپ دەچـوێنێت‌و داوا لـە شـاعیر دەکات وشەی خراپ، یـان دێـرە شیعری نـا دروست نـەڵێن، چـونکە گـوێگران‌و بیسـەران وەک دراوی خـراپ، وەری نـاگرن، بـە گشـتی ڕەخنـەی لـەو سـەردەمەدا بـۆ خزمـەتی هۆزەکـەی بـووەو ڕەخنـە گـرانیش هەرچـەندە لـە سـەردەمەدا ژمارەیـان کـەم بـووە ، زیـاتر لـە بۆچـوونێکی تاکـە کەسـی تایبەتـەوە، دەیانڕوانییـە بـەهای هۆنراوەکان‌و هۆنراوەیان پێ هەڵدەسەنگاند.

هـەر لـەم سـەردەمەدا کۆمـەڵێک هـەبوون (البدیهـە والارتجـال) چـاویان بـە شـیعرەکانیاندا دەخشـاندەوە، پـێش ئـەوەی شـیعرەکە بخوێنێتەوە، تاوەکو باشتر قبوڵ بکرێت، زوهیری کوڕی کعب، چامە درێـژەکانی ناو دەنا (الحولیات) چـونکە جۆرێـک لـە وەرچـەرخانەی تێدا بەدیدەکران، هەر لـەم ڕوانگەشـەوە (الخطئیـة) دەڵـێن: باشـترین شیعر وەرچەرخانی پوختەکراوە، جاحظ دەیوت (الخطئیة) بەندەی شیعرکەیەتی، چونکە ڕەخنەیان لە وردەکاری لە شیعردا دەگرن.

جاحظ لە بارەی بەرهەمەوە دەڵێت: (ئەگەر چامەیەکت وەرگرت، یان سەرسام بویت بە وتارێک، یان نامەیەکت نوسی، ئەوا ئاگادارببە لـەوەی کـە متمانـەت سـەبارەت بـە خـۆت لا دروسـت بێـت‌و سەرسامبیت بە بەرهەمی عەقڵی خۆت، هەتا ئەو کاتەی دەیخەیتە بـەردەم زانـا، یـان لـە شـێوەی نامەیەکدا، یـان گوتـارو هـۆنراوەدا، ئەگـەر (بینیـت گـوێی بـۆ هەڵـدەخرێ‌و چـاوەکان سـەرنجیدەدەن‌و بینیـت کـە سـانێک داوایدەکـەن‌و بـاش دەینـرخێنن، ئـەوا لەسـەری

بەردەوامبە ، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەی ئەمەوە بوو، تۆش ئیتر بەردەوام مەبە لەسەری و پیشەیەکی تر هەڵبژێرە).

باناوبانگترین شاعیرانی سەردەمی جاهلی لەم کۆڕانەدا بەشداریاندەکرد و رەخنەگرانی ئەو سەردەمە (10) هۆنراوەی سەرکەوتوی (10) شاعیریان هەڵدەبژاردو شیعرەکانیان بەئاوی ئاڵتون دەنوسرایەوە و بە دیوارەکانی کەعبەدا هەڵدەواسران، کە ئەوانیش بریتی بوون لە (اعشی قیس، عمر بن سعد بن مالك، زهر بن ابی سلمی، کعب بن زهر، عوف بن الاحوض)

رەخنە لەسەردەمی جاهیلیدا سەرەتایەکی راستەقینەی رەخنەیە، بەهۆی کۆبوونەوەی شاعیرو هۆزەکان لە بازای عوکازدا، ئەمەش شاعیرو وتاربێژەکان لە کۆبوونەوە ئەدەبییەکاندا سازیاندەکرد، هەریەکەیان رەخنەی لەوی تریان دەگرت، گرنگترین تایبەتمەندی رەخنە لەم قۆناغەدا، بریتی بوو لەدارشتن و مانا لەرووی دروستی و گونجاندنەوە، لەگەڵ بڕیاردان لەسەر شاعیر لەرووی جۆریی و پیاهەڵدانەوە، ئەمەش پشتی بەسەلیقەو چێژ دەبەست، نەك بیرکردنەوەو لێکدانەوەو هەڵێنجان.

سەردەمی جاهیلی عەرەبی ، خاوەن ئەدەبێکی بالاّو چەندین شاعیری بەناوبانگبوون، لەوانە"ئایائەم ئەدەبە بەرزە دەرئەنجامی رەخنەیەکی بەرزبووە یان نا؟ ئاست و پلەی ئەم رەخنەیە چەند بووە؟ ئایا بنەماو بنچینەی هەبووە؟ یاخود هەرنەبووە، یان هیچ بنەمایەکی نەبووە؟

بەڵام وەڵامی لۆژیکی ئەوەمان پێدەڵێت" کە ئەم ئەدەبە بەرزو خاوەن گوزارشتێکی بەهێزی هونەرییە، ناکرێت فلتەرو چاودێری نەبووبێت، چونکە هەموو کارێك لە سادەییەوە هەنگاودەنێت و بەهۆی ئەزموون و پێوەرو بنەماکانەوە گەشەدەکات، ئەوانەش کە بۆ ئەوەدەچن کە شیعر سۆزەو کار لەسەر سۆزەکان دەکات، بۆیە لەسەر بنەمای ئەم سۆزە بنیاددەنرێت، بەڵام ڕەخنە لەسەر بنەمایەکی ڕێکخراو بنیاددەنرێت، بەمەش کارێکی بەهێزو زانستی بەرهەمدێت، بۆیە ڕەخنە هەبووە، بەڵام ڕەخنەیەکی ڕێکخراو و باڵا نەبووە، بەڵکو ڕەخنەی سۆزی و خودی و بەشی بووەو تیۆرێکی تەواوی بەرهەمنەهێناوە، بەڵام بەهەموو حاڵەتەکان ئەو ڕەخنەی کە لەو قۆناغەدا هەبووە، لەروانگەی ئەنجامەوە هەمان کاری ڕەخنەیەکی زانستی کردوە، ئەگەر نا نەیدەتوانی بەرهەمێك بهێنتێتەگۆڕی، کە بەئێستاشەوە دووبارەکردنەوەی کارێکی ئەستەمە.

ڕەخنەگری سەردەمی جاهیلی دەگونجا شاعیر، یان پاشاو سەرکردە، یان مرۆڤێکی ئاسایی، یان ژن بێت، وەك (دایکی جندب)ی ژنەکەی ئمرولقەیس.

قۆناغەکانی ڕەخنەی شیعری لای عەرەب بریتییە لە:

1-ڕەخنەی زارەکی: ئەم ڕەخنەیەش تاوەکو ساڵی دووەمی کۆچی بەردەوام بووە.

2-ڕەخنەی نوسراو:

رەخنەگر لەسەردەمی جاهلیدا داوای لە شاعیران دەکرد کە شیعرەکانیان لەگەڵ دەقە نمونەییە هونەرییەکاندا بەراود بکەن و لێیلانەدەن، بەمەش پەیوەندێکی راستەوخۆ لەنێوان هونەرو واقیع، دال و مەدلول(ناو، ناولێنراو) سەرهەڵدەدات.

رەخنەگر لەم سەردەمەدا، پشتی بە روانین و بۆچوونی خۆیان بۆ رەگەزە ئەدەبییەکەی دەقەکەو لەسەرو هەمووشیانەوە وێنە شیعرییەکە دەبەست، نەك پاساوی تیۆری و عەقڵی و لۆژیکی، کەواتە رەخنەگر جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە شاعیر لەرستەکەیدا وشەکانی بە جوانی و بە بەهێزی و ئەرکەوە بەکارهێناوە، هێزی داڕشتنی بەهێزە، جۆرو بەرزی کێشەکەی و رەچاوکردنی یەك سەروایی و رێزگرتن لە جوڵەی یەك سەروایی لە دێڕەکاندا، ئەم یاسا هونەریە ئاسانانە، بریتی بوون لە پرەنسیپی یەکەم کە زانستی رەخنەی عەرەبی لەسەر بنیادنران[195]، واتە رەخنەگران دوو بنەمایان کردبووە بنچینەی رەخنەکانیان کە بریتیین لە (بابەتیەتی داڕشتنی شیعر، مانای شیعر) ئەمەش پشتبەستوو بووە بە هەستەکان و کاریگەری شیعرەکە لەسەر دەروون، بەمەش بڕیاری رەخنەگر پەیوەستبووە بە بەهێزی و لاوازی ئەم هەستانەوە.

---

[195]– د. قصی الحسین، النقد الادبی عند العرب و الیونان، المؤسسة الحدیثة للکتاب، طرابلس، لبنان،2003،ص26

ڕەخنەی چێژی ئەو جۆرە ڕەخنەیە، کە ڕەخنەگرانی سەردەمی جاهیلی، تەنها پشتیان بە چێژی هونەری پەتی دەبەست، نەك لێکدانەوەو شرۆڤەو هەڵێنجان، بەمەش ڕەخنە لەسەردەمی جاهیلیدا، ڕەخنەیەکی کاریگەری و ئینتباعی بووە، نەك ڕەخنەیەکی مەنهەجی، کە پشتی بە هاوسەنگی و پێوانەکان بەستبێت، کە یاساکانی ڕەخنە دەیسەپێنێت، ئیدی چەندێك ئەو ڕەخنەیەش ئاسانیش بێت.

2-ڕەخنە لەسەردەمی ئیسلامدا

لەم سەردەمەدا شیعر بە شێوەی سەردەمی جاهیلی نەمایەوە، چونکە لە قورئاندا لەدوو سوورەتدا ئاماژە بە ڕەتکردنەوەی ئەو جۆرە شیعرانەی پێشوو دەکاتەوەو نەهی لە نوسینی ئەو جۆرە شیعرانە کردوەتەوەو شیعر نووسینی خستوەتە قاڵبێکی ئیلتیزام بوونو لە سەروی هەموشیانەوە دەبێت باوەڕداربن، چونکە بە بڕوای ئاینی ئیسلام ئەو شاعیرانەی پێشوو، یاخود شاعیری لەو جۆرە، ئەوەی دەیڵێن بە کردەوە نایکەنو درۆ لەگەل خەڵکیدا دەکەن، وەك دەفەرموێ:

1- وما علمناه شیعر وما ینبغی له .

2-والشیعراء یتبعهم الغاون، الم تر انهم في کل واد یهمون ، انهم یقولون ما لایفعلون الا الذین امنوا.

پێغەمبەر (د.خ)دەفەرموی:

ان من الشیعر لحمکة وان من البیان لسحرا

کەواتـــە لەســـەردەمی ئیســـلامدا شـــیعر بـــە تـــەواوەتی رەتنەکراوەتـەوە، چـونکە عـەرەب لـەو سـەردەمەدا شـەیدای شـیعر بـووە، بەلایانـەوە شـیعر تۆمارگـەی ستایشـی دڵـداری‌و ئازایـەتی خۆیان بوون.

لەم کاتەدا سێ جۆر شاعیر پەسەندکراو و سێ جۆر شاعیری نا پەسەند بەدیدەکەین، جۆری ئەو شاعیرانەی کە ناپەسەندن، بریتین لـەو شـاعیرانەی حـەزو ئـارەزوی خـەڵکی دەوروژێـنن‌و وای لێدەکـەن دوایانبکـەون، یـان جـۆرە شـاعیرانێك لـە هـەموو دۆڵێکـی دوربـەدوری مەکـــەدا وەك سەرلێشـــێواو بـــە دوای خورپـــەو ئلـــهامی شـــیعریدا ســـەرگەردانن، جـــۆرێکی تریـــان دووڕوون‌و کردەوەیـــان وەك قســـەیان نییە. ئەم جۆرە شاعیرانە لە رووی لۆجێکەوە، تا ئێستا لـەلای زۆربـەی خـەڵکی پەسـەندنین، ئـەو جـۆرە شـاعیرانەی کـە رێگـەیان پێدەدات، کـە لـەژێر سـایەی دەوڵـەتی ئیسـلامیدا شـیعر بنوسـن بـریتین لەوانـەی باوەڕدارن، خـاوەن کـردەوەی باشـن، بـە زۆری باسـی خـواو نـاوی خـوا بهێنن، لە کۆتایی ئەم ئایەتەدا جۆرە بیرخستنەوەیەکی تووندوتیژ هەیـە بۆ ئەو شاعیرانەی، کە لەم قۆناغەدا جێگەیان نابێتەوە.

عەرەبـەکان پێیانوایـە کـە شـیعر راسـتی نالێـت، چـونکە شـیعر شەیتانی هەیەو هەموو شیعرێك شەیتانی شیعرەکە دەڕازێنێتەوەو گـوێگرانی گومڕادەکـات، بەمـەش راسـتی دەگۆڕێـت بـە ناهـەق، جگەلەمـەش ناهـەق دەکاتـە هـەق، بـەلأم قورئـان خـەڵکی بـۆ رێگـەی راســـت و دورکەوتنـــەوە لـــە درۆو ناڕاســـتی بانگـــەدەکات، داوای دورکەوتنەوە لە رێگەی شەیتان دەکات، بەمەش دورکەوتنەوە لە

شیعر کارێکی ئاینییە، بەمەش ئاینی ئیسلام چەمکێکی ڕەخنەیی نوێی بەرهەمهێنا و بوویە هۆکارێکی سەرەکی بۆ هەڵوەشاندنەوەی شیعرو ڕەخنەکەی، چونکە سەرچاوەکەی شەیتانە، لەبەرئەوەی هەموو شاعیرێکی جاهیلی شەیتانی خۆی هەبووەو بۆی دابەزیوە ، هەروەك چۆن بۆ کاهینەکان دابەزیوە، تەنانەت شەیتانەکانیش ناویان هەبووە، شەیتانەکە لەسەر زمانی شاعیرەکەوە شیعری وتوە، پێغەمبەر(د.خ) دەفەرمێت" ان من البیان لسحرا" چونکە وتەو گوزارشتی عەرەبی کاریگەری لەسەر مێشك ودڵەکان هەبووەو نزیك دەبێتەوە لە جادوکردن، شیعر هاوتای وتەو گوزارشتی عەرەبییە، بەمەش وتە وەك جادو کاریگەری دەکاتە سەر خەڵکی، بەمانایەکی تریش داوا لە شاعیران دەکات دووربکەونەوە لە جادوکردن و چاوبەستکردنی خەڵکی بە وتەکانیان، ئەدۆنیس دەڵێت" شیعر بە هونەرو ئیستاتیکاکەی ناپێوریێت، بەڵکو بە بەیرو سودەکەی دەپێورێت و بەهادارەبێت"[196]

بەمەش شاعیرانی قوڕەیش کەوتنە هێرشکردن لەسەر ئیسلام و پێغەمبەرو شوێنکەوتوانی بەگشتی، بەمەش موسوڵمانان بریندارکران، بۆیە پێیانوابوو وەڵامی ئاسن هەر ئاسنەو شیعر تەنها شیعر دەیبەزێنێت، بۆیە شاعیرە موسوڵمانەکان کەوتنە وەڵامدانەوەی شاعیرانی جاهیلی، بەمەش یەکەمین هەڵوێستی

[196]–ادونیس، الثابت و المتحول،دار العودة،بیروت،1977،ص149

رەخنەیی نوێ لە کاری شیعری هاتە ئارا، واتە جیاکردنەوە لەنێوان شیعری لایەنگرانی ئیسلام و دژەکانیان.

قورئان هەڵوێستێکی رەخنەیی نوێ دادەنێت و شاعیران دەکات بەدوو بەرەوە، بەرەی گومڕا و بەرەی پیاوچاکان. هەڵوێستی خۆشی بۆ بەرەی یەکەم وەك دژایەتییکردن خستوەتەروو، بەهۆی سەرلێشێواوی و لادانیانەوەو پشتگیری بەرەی دووەمی کرد، بەهۆی باوەڕداری و پەیوەستبوونیان بە ئایینی ئیسلام و پشتگیریکردنییەوە، بەمەش رێگەی بە شاعیرانی ئیسلام دا بە بەکارهێنانی چەکی شیعر بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی ئیسلام بە شێوەی مەعنەوی، و وەك سەرەتایەك بۆ شەڕکردنیان بە شمشێر، ئەگەر هاتو لە هەڵویستیان پەشیمان نەبوونەوەو وازیان لە شمشێری شیعریی نەهێنا، ئەوا چەکی شەڕیان لەدژ بەکاردەهێنرێت بۆ وازهێنان لەو هەڵوێستەیان.

دەقی قورئان بە ئاشکرا جیاوازی لەنێوان شیعرێك، کە سەرچاوەکەی ئیلهامی ئاینییە، وەك شیعرەکانی حەسانی کوڕی سابت و عەبدوڵڵاڕ بن رەواحە، شیعرێك کە سەرچاوەی ئیلهامی شەیتانە، بەمەش ئیسلام بەتەواوەتی دژی شیعر نییە، بەڵکو دژی جۆرێك لە شیعرە، کە خۆی لە شیعری دەمارگیری و خێل و هەجو...تاد کە ئازاری دەرونەکان دەدات و دووبەرەکی دەچێنێت.

روانینی قورئان بۆ شیعر بە تیۆری پەیامداری ناسراوە، و هونەر دەبێت لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەدابێت، هەروەها دەبێت

پەیامداری بنچینەی کاری هونەری بێت، بۆئەوەی لە خزمەت ئامانجی نەتەوەیەکی گەورەو هەڵبژێراودا بێت، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە سورەتی (شعراء) بەئاشکرا سنوری وردی شیعرو شاعیر دیاریدەکات.

پەیامداریش پەیوەستبونێکی یاساییە لەنێوان دوو کەس یان کۆمەڵدا بەگشتی، لەپێناو پاراستنی مافی هەریەکە لە تاکەکان، بەڵام لە ئایندا پەیوەستکردنی تەواوی تاکەکانە بە بنەماو پرەنسیپەکانی ئاینەوەو ناچارکردنی شاعیر بە پەیڕەوکردنی ئەم بنەماو پرەنسیپانە بەر نوسین و لە کاتی نوسیندا.

3-ڕەخنە لەسەردەمی ئەمویدا

سەردەمی ئەمەوی جموجۆڵێکی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی و فکری و ڕۆشنبیری وئاینی و بەخۆیەوە بینیوە، لە بواری ڕەخنەشدا ڕەخنەی قەسیدەی غەزەل بڕەوێکی باشی هەبووە، رابەری غەزەلیش (عومر بن ابی ربیعه) ئەمەش زیاتر لە حیجاز دەرکەوت، بەڵام ڕەخنە لەوسەردەمەدا لە سێ ژینگەدا گەشەیکرد(حیجاز، عێراق، شام) هەریەکەشیان بەپێی ژینگەکەی خۆی (سیاسی، کۆمەڵایەتی) کە دەوری ژینگەکەی دابوو، ڕەنگڕێژکرابوو، چونکە ئەدەب ڕەنگڕێژو ڕەنگپێدەرەوەی واقیعەکەی خۆیەتی، بۆیە بەپێی جیاوازی ژینگە، شیعریش جیاواز دەبێت.

١-رەخنە لە ژینگەی حجازدا:

هەرچەندە حیجاز هەر لەسەردەمی ئیسلامەوە گرنگی هەبووە، بەلأم لەسەردەمی ئەمەویەکانیشدا بووە بنکەو کۆگای کۆکردنەوەی سامانی ئەمیرو سەرکردە ئیسلامیەکانی ئەمەوییەکان، لەگەلْ ئەمەشدا مەرکەزی ئاینی بووە، کە قورئانی تێدا خوێنراوە، هەروەها کەشێکی ئارام و لەسەرخۆی هەبووە، ئەمەش وایکرد کەشێکی ئەدەبی و سەرهەلْدانی نەوەیەکی گەشبین بێتەئاراوە، هەر بۆیە هەندێك لە پیاوانی ئەم سەردەمە وتویانە" دنیا زینەیە، جوانیش دەرازێنینەوە، بۆئەوەی دەروونەکان بکاتەوە، بەهای دنیاش لە بەهای گۆرانییەوە تێدەگەین، إنما الدنیا زینة، فأزین الزینة ما فرح النفس، وقد فهم قدر الدنیا من فهم قدر الغناء ".

شاعیرەکانیش ئەم بارودۆخەیان لە شیعرەکانیاندا پێچەوانەکردوەتەوە،و شیعری غەزەلیان نوسیوەو وێنەی واقعیان کێشاوە، ئەمەش درێژەی کێشا بۆ رەخنە، دیارترین رەخنەگرانی ئەم سەردەمە(ابن أبي عتیق) کەوەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ أبي بکر الصدیق، وخاتو(سُکَیْنَة بنت الحسین بن أبي طالب) نەوەی پێغەمبەر(د).

ب- رەخنە لە ژینگەی عێراقدا:

ئەو رەخنەی کەلە عێراق هەبوو جیاوازتربوو، چونکە لە رووی ناوەڕۆك و شێوازەوە شیعری عێراق لە شیعری جاهیلی دەچێت، ئەمەش بەهۆی دەمارگیری خێڵەکییەوە بووە، چونکە زۆربەی شیعرەکان لەبارەی شانازی و بردنەوەو....تاد بووە، بۆیە غەزەل و

شـێوازەکانی تـریش بایـەخێکی ئـەوتۆیان نـەبووە، شـیعری دژ (نقـائض) لـە بـازاڕی شـیعر(مربەد) بلاّوبوویـەوە، هـەروەك بـازاڕی عوکازی سەردەمی جاهیلی.

ت–ڕەخنە لە ژینگەی شامدا:

دیارترین و گەورەترین سیمای ئەدەب لە ژینگەی حجاز بریتییە لە غەزەل و لە عێراقیش فەخرو هیجا، بەلاّم گەورەترین سیمای ئەدەب لە شام بریتییـە لـە مـەدح، ئەمـەش لەبـەر جیـاوازی ژینگـەو جموجـوڵی ڕەخنەوەیە، ڕەخنەش لە کۆشك و تەلارەکانی خەلیفە ئەمەوییەکانەوە بووە، چونکە کۆشکەکانیان وەك مونتەدای شیعرو بنکەی دیالۆگ بووە، واتە ڕەخنە لە تەواوی مەسەلە ئەدەبییەکاندا هەبووە.

ڕەخنە لە شامدا خاوەن دوو تایبەتمەندی بووە:

1–ڕەخنەی ڕەسمی، کە نوێنەرایەتی ڕوانینی جیاواز لەنێوان شاعیرو خەلیفەی مەدحکراودا دەکات، چونکە دەسەلاّتدار خۆی وەك کەسایەتییەکی بالاّ دەبینێت.

2–ڕەخنەی هونەری، واتە ڕەخنەی وێنەی شیعریی، کە بریتییە لە پێوانەی ڕەخنەی کۆن.

هۆکارەکانی گەشەسەندنی ڕەخنە لە سەردەمی ئەمەویدا:

1–هاندانی خەلیفەو ئەمیرەکان.

2–ململانێی سیاسی و حزبییەکان.

3–ئەنجومەن و کۆبوونەوە ڕەخنەییەکان.

4–بنکەی شیعریی و بازاری شیعر

5-شیعری دژ(النقائض)هونەرێکی نوێی شیعرە، پەیوەستە بە مشتومڕی سیاسی و خێڵ و هۆز و لایەنی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی، کۆمەڵێك شاعیری تێداهەڵکەوت وەك(جریر، فرزدق، اخضل) ئەم شیعرە کە وەك هەجو بەرامبەر کەس، یان خێڵێك نوسراوەو بەربەرەکەش بەهەمان کیش و قافیەو قاڵبەوە وەڵامیانداونەتەوە.

6-گەشەی زاست.

4-سەردەمی عەباسییەکان

لەسەردەی دووی هجرییدا ودوای نەمانی ئەمەوییەکان و هاتنی عەباسییەکان، "هەر لەسەرەتاوە حەزو خواست لەسەر ئەدەب و زمان و زانست و....تاد سیاسەت و بەڕێوەبردن وشارستانی و زانستی ئیسلامی و وەرگێڕانی فەلسەفەو زانستەکانی یۆنان و هند بۆ زمانی عەرەبی گەشەیکرد، هەروەها دەستیاندایە کۆکردنەوەی زمان و شیعرەکان و بەدیوانکردنیان لەگەڵ بیروڕا ڕەخنەییەکان، ڕەوانبێژی و یاساکانی هونەرو شیعرو وشەسازی، هەر لەبەرئەمەش بە سەدەی ئالتونی ناوبرا[197]

لەم سەردەمەشدا لە ئەنجامی بوونی ناکۆکی لە نێوان عەلەوی و ئەمەویەکاندا، بووە هۆی دەرکەوتنی شیعری سیاسی، چەند کتێبو بەرهەمی شیعر بلاوکرانەوە، بەناوبانگترین ئەو نوسەرانەی کە تێڕوانینی خۆیان سەبارەت بە ئەدەبو ڕەخنەی ئەدەبی خستوتە روو

[197]-د. قصی الحسین، النقد الادبی عند العرب و الیونان،ص278

(مسلم بن وليد ، بشار بن برد، ابو نواس، ابو تمام، جاحظ)، ئەمە جگە لە (ابن السلام) لە کتێبی (طبقات الشيعراء)و ابن قتيبەی دينەوەری لە کتێبی (شعرء الشعراء)و قدام بن جعفر لە کتێبی (نقد الشعر) لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بزوتنەوەی (اصحاب بديع) ڕۆڵێکی زۆر سەرەکی دەگێڕا.

جگە لەمە لایەنی دەستەواژەو واتا بایەخێکی تایبەتی خۆی هەبوو، هەردوو سەردەمی ڕەخنەی ئەمەوی‌و ڕەخنەی عباسی لە(جاحظ 255 ك) دەستپێدەکات‌و بە (عبدالناصر الجرجانی 971ك) کۆتاییدێت.

زاناکان

ئەوانەی کەلەپوری زمانەوان و ئەدەبی و ڕەخنەییان کۆکردەوە(قەتادە بن دعامە 117 ھ)(ابو عمرو بن علا 154ھ)(ابو عبيدە بن المثنی 209ھ)(عبدالملك بن قريب الاصمعی 214ھ)(ابو زيد الانصاری215ھ)، بەڵام زمانەوان و نەحاتەکان کە بەشداریان لە ڕەخنەدا کردبوو(يحيی بن يعمر البصری، عنبسە الفيل، عبدالله بن اسحاق الحضرمی)، ئەمەش ئەوەدەردەخات کە زانا زمانەوانییەکان کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی ڕێڕەوی ئەدەب و ڕەخنەو مێژوویان هەبووە.

دواتر قۆناغی نوسینی کتێب لە نیوەی دووەمی سەدەی دووی هیجری دەستیپێکرد، بەڵام کۆنترین کتێبی ڕەخنەیی بریتییە لە:

1-طبقات الشعراء(چینەکانی هەستیاران)(ابن سلامه الجمحی 150بصره-232ه بغداد):

ابن سەلامه(ابو عبدالله بن سلامه) یەکەم کەسە کە کاری لەسەر پۆلێنکردن و ڕێکخستنی شاعیران کردبێت ،بەپێ چین و مێژووی ژیانیان ئەدەبیان، ئەم کتێبەو مەسەلەی چینی شاعیران، ماوەیەکی زۆر ڕەخنەگرە عەرەبەکانی بەخۆوە سەرقاڵکردبوو ، لە کۆتایی سەردەمی عەباسی، یان چارەکی یەکەمی سەدەی دووەمی هیجری، بەو پێیەی شاعیرانی کردبوو بە چەند بەش و چینێکەوە،" ئەم کتێبە بابەتی دابەشکردنی هەستیارە عەرەبییەکانە بەسەر چین و تاقمێکدا، چونکە هەستایە عەرەبەکانی دابەشکردوە، بەسەر چەند چین و تاقمێکدا، هەریەکە لە هەستیارە جاهیلی و موسڵمانەکانی بەسەر دە بەشدا دابەشکردوە،و بۆ هەر چینێك چوار شاعیری دەسنیشانکردوە[198]

باس لەجوانی و هێنانەبوونی شاعیر، گوزارشتکردن لە مانا بە ماناکان لە هێزو ئەحکامەکانی دەکات.

بەمەش ابن سلامه نوێنەرایەتی بیری ڕەخنەیی باوی نێو کۆمەڵگەکەی خۆی دەکات، "زاناو ئاگاداربووە لە هەواڵەکان و ڕۆژانەی خەڵکی ، بۆیە ڕەخنەکانی پشت بە گێڕانەوەو چیرۆکە هەواڵی دەبەستێت، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی کاری ئەدەبی و پۆلێنکردنی شاعیرەکان بەپێی چینەکان، بەمەش ابن سلامه کتێبی

---

[198]- د. کتمل بصیر، ڕەخنەسازی، مێژو و پەیڕەوکردن،چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا،1988، ل44

دانـــەناوە، بـــەڵکو کتێبێکـــی لەوکۆکردنـــەوەی بیروبۆچـــوونە ڕەخنەییانـــەی، کـــە لەســـەردەمەکەیدا بـــاوبوون ئامـــادەکردوە[199]، هەرئەمەش وایکرد لێکۆڵەران بڵێن" کتێبی (طبقات الشعراء)، لەسەر گێڕانەوە بنیادنراوە، بە ئەندازەیەك هەست بە بوونی خۆی ناکەین لە کتێبەکەیدا، بۆیە نائامادەیەو لەپشت گێڕانەوەکان و هەوڵدەرەکانەوە خۆی شاردوەتەوە"[200]

پێوانەکانی دابەشکردنی شاعیران.

1-زۆری ژمارەی شیعری شاعیران.

2-هەمەجۆری بابەتی شیعرەکە.

3-ئاستی بەرزی شیعرەکە، لەرووی وشەو رستەو داڕشتن و ناوەڕۆکەوە.

هەنگاوەگرنگەکانی ڕەخنەگر

1-بیرکردنەوە لەڕێگەی ئەوەی بڵاوە.

2-بڕوابوون بە راستی وتەی پێشینان

3- توانەوەی خود لە کۆمەڵێکدا و تاك لە هەموودا.

4-ئامادەبوونی رابردوو بە بەردەوامی.

5-ئازای کۆمەڵگە.

6-مەنهجیەتی کۆکردنەوەی گێڕانەوەو هەواڵ و ڕوداوەکان[201].

---

[199]-د. قصي الحسين، النقد الادبی، ص290

[200]- هەمات سەرچاوە،ل291

[201]- - د. قصي الحسين، النقد الادبی، ص291

ئەگەرچـی نوسـەر خـۆی ونـە، بـەلآم هـەوڵیکی جـدی داوە بـۆ دەرکەوتنی هەنگاوی نوێتر لە دوای خۆی، وەك هەستکردن بە گۆڕان و گەشەکردن لە چێژی گشتی و سروشتی هونەری شیعریی و پێوانە ئاکاری و داهێنانییەکان کە شاعیر پشتیان پێدەبەستێت.

پێکهاتەی کتێبەکە

ئەم کتێبە پێکهاتوە لە پێنج بەش: ئەم کتێبـە لەبەرئەوەی پشتی بەمێژوو و ریزبەندیکردن بـە کـات بەستوە، بۆیـە میتـۆدی مێـژوویی پـەیڕەوکردوە، پۆلێنبەنـدی شـاعیرانیش بـەپێی سـەردەمەکانیان، بۆئەوە بووە کە پلەی هەریەکێکیان دیاریبکات، یـان بـەهۆی ڕێـڕەوە شـیعریەکەوە، یـان زۆری بەرهـەم و جۆرایەتییەکـەی، یـان بـەتوانایی مامەڵەکردن لەگەڵ شیعرە جیاوازەکاندا بووە.[202]

1-پێشەکی: تێیدا باسی گەشەی هەندێك لە زاستە عەرەبییـەکان و مەسەلەی ئەدەب و ڕەخنەی کردوە.

2-پۆلێنبەندی شاعیرانی جاهیلی(10چین)

3-شاعیرە میراتگرەکان

4-شاعیرە گوندییەکان

5-شاعیرانی مەککە

6-شاعیرانی تائف

7-شاعیرانی جو

8- پۆلێنبەندی شاعیرانی ئیسلام. (10چین)

---

[202]- د. قصي الحسين، النقد الادبى، ص293

2-جاحظ و بیروبۆچوونە ڕەخنەییەکانی

جاحظ(ئەبو عوسمان عمرو بن بحر الجاحظ، لە ساڵی255ھ کۆچی دوایی کردوە)، یەکێکە لە پیاوە گەورەکانی معتەزلەو دامەزرێنەری(الجاحظية) و دامەزرێنەری زانستی ڕەوانبێژییە، و کۆمەڵێك چالاکی ئەدەبی و فکردی پێشکەشکردوەو خاوەنی بەسەدان کتێبە، گرنگترین کتێبی لەسەر ڕەخنەو شیعرو ڕونبێژی ، کتێبی ڕەوانبێژی بریتییە لە(البيان و التبيين)و(الحيوان)و تێیدا باس لە(وشەو مانا، دانان وداڕشتن، هاوسەنگکردنی قسە بە واقیعی حاڵەوە، دزی ئەدەب، ڕەوانی وشەو قسەکردن، ڕوونبێژی(لێکچواندن، خوازەو خواستن و درکە) لەگەڵ بابەتی جوانکاری، ئەمانەش تاوەکو ئەمڕۆش بوونەتە جێگەی بایەخ و لێکۆڵینەوە.

لە لەفزو مانادا پێیوایە باشترین قسەو وتن ئەوەیە، کە ماناکەی لە ڕوخساری دەربڕینەکەیدایە، ئەمەش لەڕێگەی دوانەیی مانای دروست و دەربڕینی ڕەواندا دەبێت، بۆیە دەڵێت" باشترین قسە چەندێك کورتبێت، ئەوەندەش لەزۆریدا دەوڵەمەند دەکات و ماناکەی لە ڕوخساری دەربڕینەکەیدایە، ئەگەر ماناکەی دروست و دەربڕینەکەی ڕەوانبێت، ئەوە سروشتێکی ڕاستی هەیەو دورە لە ڕق و کینە و لەدڵەوە نوسراوە[203]

[203] الجاحظ، البيان و التبيين/1/ 83

3-(شعر و الشعراء)ی ابن قوتەیبەو بیروبۆچوونە رەخنەییەکانی

ابـن قوتەیبـەی دەینـەوەری بەرەگـەز فـارس(213-276ھ) خـاوەن چـەند کتێبێکـەو لەگـەڵ ئـەوەی رەخنـە لـە خـەڵکی سەردەمەکەی دەگرت، بەوەی بایەخ بە ئەدەب و زاست و زانایان نـادەن، بـەڵام لـە کتێبـی(شـیعر و شـاعیران-شـعر و الشـعراء) و لەبارەی دانانی کتێبەکەوە دەڵێت" ئەم کتێبەم تایبەت کردوە بـە شـاعیران و سـەردەم وتواناکانیـان، حـاڵ و گوزەرانیـان، شیعرەکانیان، خێڵەکانیان، ناوی بنەماڵەو نازناوەکانیان، ئەوەی زانایـان بـە هەڵـە وتـەو ماناکانیـان وەرگرتـوە، ئـەوەی پێشـینان پێشـیانکەوتون و ئـەوانی دواتریـان لێیـان وەرگرتـون، باسـی بەشـەکانی شـیعرو چـینەکانی و ئـەو سـیمایەی کـە شـیعر هەڵیدەبژێرێت و پێیباشدەبێت دەکات[204] بەمەش" ئەم کتێبە لە رەخنە ناکۆڵێتەوەو دانراوێکی پسپۆڕ بە هەڵسەنگاندی هۆنراوەو هونەرمەندەکان نییە، بەڵکو کتێبێکی گشتی ئەدەبییە"[205]

ابن قوتیبـە لـەم کتێبـەدا باسـی لـە شـاعیران و سـەردەم و پلـەو .....تاد کردوە، بەڵام رەچاوی پلەبەندی کاتی نەکردوە، چونکە باسـی شـاعیرە جاهیلیـەکانی لـە دوای موخەزرەمەکانـەوە کـردوە، یـان ئیسـلامی پـیش جـاهیلی یـان عەباسـی[206] لـە بـارەی ئـەوەی

---

[204]-ابن قتيبة، الشعر و الشعراء ،59/1

[205]- د.كامل بةصير، رةخنةسازى،ل47

[206]- د. قصي الحسين، النقد الادبى، ص 328

شاعیرانی کردوە بە بەشی کۆن و نوێوە، شیعری کۆن لەوانەیە شیعری باش بێت و لەوانەشە خراپتر بێت، بۆ شیعری نوێش بەهەمان شێوە، پێیوایە هەموو کۆنێك لەسەردەمی خۆیدا نوێ بووەو دەڵێت" سەیری ئەوی پێشوتریان بە چاوی بەرزڕاگرتنی و پێشخستنی نەکردوە، یان ئەوەی دواتر باسمکردوە بە چاوی کەم و رقەوە سەیرمکردبێت، بەڵکو بەچاوی دادپەروەرییەوە سەیرمکردون"[207]

پێیوایە هەریەکە لە وتەو مانا مەدلولی تایبەت بەخۆی هەیە، مەدلولی وتە بەپێی داڕشتنەکەیەتی، باشەی وتە بریتییە لە تەواوی کێش و گێڕانەوە، بەڵام مەدلولی مانا بریتییە لە بیری دێرەکە، پێیوایە هۆکاری شیعر بریتییە لە سووربوون و شەوق و خۆشی و مەینۆشی و وەفا و توڕەبوون(غەزەب)

دەستنیشانکردنی شیعر لەسەر بنەمای وشەو مانا

1-هۆنراوەی وشەو مانای بەهێزو بەسود، کە باشترین جۆری شیعرە.

2-وشەو هونەری ڕێکخستن و قافیەدارو ڕەوان، بەڵام مانای لاوازە.

3-خاوەن مانای بەهێزو بەسود، بەڵام وشەی لاواز.

4-وشەی مانای لاواز"[208]

---

[207]-ابن قوتيبة،ص59

[208]- ابن قتيبة، الشعر و الشعراء،ص73

پێکهاتوی کتێبەکە:

جگە لە پێشەکی، لەبەشی یەکەمدا باس لە بەشەکانی شیعرو کەموکوڕییەکانی شیعر(بەهێزی و لاوازی)و باسکردن لە شاعیرانی جاهیلی و ژیان و بەرهەمیان کردوە، لەگەڵ باسکردن لەشیعرەکانیان، لەبەشی دووەمیشدا بەهەمان شێوە، باسی لە ژیان و بەرهەمی شاعیران کردوە.

4-قودامە بن جەعفەر

قدامە بن جەعفەری رۆمی بەئەسڵ نەسرانی لە سالآنی(189-295) بووەتە موسڵمان، سالێ(260-276)لەبەسرە لەدایکبووەو لە سالّی(337) لە بەغدا کۆچی دوایی کردوە، رۆشنبیری یۆنانی هەبووەو ئەمەشی لە زانستی لۆژیکدا ئامەژەی پێکردوە.

مەسەلەی رەخنەی شیعر، گرنگترین مەسەلەی ئەدەبییە، کە زانایانی سەدەی سێیەمی پێیەوە سەرقاڵبوون، هەرلەبەرئەمەش چەند کتێبك لەم بارەوە نوسران.

قودامە لە کتێبی(رەخنەی شیعر)دا شیعری دابەشکردوە بە چەند بەشێکەوە(زانستی عەروز و زمانەکەی، زانستی واتاناسی شیعرو مەبەستەکەی، زاستی باشی و خراپی شیعر) خەڵکی بایەخیان بە نوسینی ئەمانە داوە، جگە لە زانستی چاکە کە بریتییە لە سێهەمیان.

ئەم کتێبە پێکهاتوە لە سێ بەش، بەشی یەکەم: باسی لە سنورو پیشەو خاسیەت پێناسەی شیعر کردوە، بەلایەوە شیعر"

وتەیەکی کێش و قافیەدارە و هەڵگری مانایەکە[209] ، بەمەش لەرووی روخسارەوە لە شیعری روانییەوە، بەم پێیەش ڕەگەزەکانی بریتیین لە(وتە، کێش، سەروا، مانا) لەبەشی دووەمدا باس لە نەعتی وشەو کێش و بەخشینی کێش و نەعتی قافیەو مەدحی شیعرو...تاد، بەشی سێیەم تایبەتە بە کەموکورتی شیعرو وشەو کێش و عەروزو.....تاد[210]

5-عەبدالقاهر الجرجانی

(عەبدالقاهر ابوبکر عبدالرحمن محمد جرجانی) بەرەگەز فارسەو لە جرجان لەدایکبووەو سالّی لەدایکبوونی نەزانراوەو هەرلەوێ و بەهەژاری ژیاوە، هەرلەویش لەسالّی(479ھ) کۆچی دوایی کردوە، لەخالّیەوە(شیخ ابی علی فارسی) فێری خوێندن و زانست بووە، و ئەدەبیشی لە قازی جرجانییەوە(حسن عبدالعزیز جرجانی، 392ھ مردوە) وەرگرتوە، کاری لەسەر شیعرو ئەدەب و وشەسازی و زانستی قورئان کردوە، لە تیۆری وێنەو(وێنەو هاوشیوەکەی) لە بارەی وشەو ماناو بە پرۆسەی داڕشتنەوەو خالّبەندی دەچوێنێت، وایدەبینێت داڕشتن و نوسین بریتییە لە ئیعجازی قسەکردن، چونکە جیاوازی بەرهەمدێنێت، لەبارەی زاراوەی ڕەخنەیی کە ناویدەنێت(وێنە لە قەسەدا) دەڵێت" وتەکانمان وێنەن، بریتییە لە نوادن و پێوانەی ئەوەی بە عەقڵمان دەیزانین و بەچاومان دەیبینین" زیاتر

---

[209]– قدامة بن جعفر، نقد الشعر،ص10

[210]– هەمان سەرچاوە،ل5

باس لە نێوەند دەکات لەنێوان ماناو مانا و وێنەو وێنەداو دەڵێت" کاتێك مانای دێڕەکان و ئەوەی لە عەقڵماندا هەیە، جیاوازیان هەیە و ماناو وێنەکانیان وەك یەك نین"[211]

لەبارەی جیاوازی وێنەکانەوە دەڵێت" جیاوازی لە وێنەکاندا رێگەی سەلماندنی عەجازەکانە، ئەگەر بەرهەمی ئەدەبی گەیشتە پلەیەك لە جیاوازی و هیچ بەرهەمێکی تر پێیەنەگات، راستە ناوبنرێت موعجزە.

یەکەی هونەری وەك وێنەیە،یان وەك دارشتن و دانانە، چونکە پلەیەکی ئعجازی وەردەگرێت، ئەم مانا تایبەتەش لەناو وێنە ئاوێتەییەکەدا سەرهەڵدەدات، نەك لە کەرەستە خاوەکە، یان راستیە دەرەکییەکە.

مانا لای قاهر بریتییە لە مانا روخساریەکەی وتن، بەڵام مانای مانا قۆناغێکە مانای روکەش تێدەپەڕێنێت، بۆ ئاستێکی هونەری لە نوسین و خواستن، لەم قۆناغەشدا جیاوازی لەنێوان وێنەو دارشتنەکەدا هەیە.

مانای مانا[212]

لێکۆڵینەوە لە مانای مانا لای جرجانی، وایکرد کتێبی (نهێنییەکانی رەوانبێژی) بنوسێت، و تێیدا باسی لێکچواندن و نواندن و خواستن کردوە، ئامازەی بەوە کردوە، کە مانای مانا لە واتادا کار لەسەر ئاستە جیاوازەکان و کاریگەریان دەکات، نواندن

---

[211]– جرجانی، الدلائل، 355

[212]– د. قصي الحسين، النقد الادبی، ص441

وا لە خوێنەر دەکات، ماناکان لەڕێگەی بیرەوە وەربگرێتەوە، لە جواناسیشدا پێیوایە هونەرمەندی پرۆفشنالْ ئەوەی چاو ئامادەی دەکات تێدەپەڕێنێت، بۆئەوەی عەقلْ ئامادەی دەکات[213]

هەروەها دەبێت داهێنەر گرنگی بە ناموێیی لێکچوون بدات، چونکە پێوانەی هونەریە بۆ لێکچواندنی جوان، و پێویستە پەیوەستبکرێت بە جولّەوە، چونکە بەهۆیەوە سحری لێکچوون زیادەکات[214]

حرجانی ڕەخنەگرێکی جواناسی عەقلّانییە، لە دەرپێکردنی نهێنی وتە ڕەوانەکاندا چونکە پەیڕەوێکی عەقلّانی بەکاردەهێنێت، هەرئەوەی عەقلْ حوکمی لەم وتەیەیدا کردووە" پەیوەندی شیعر بە ڕاستی و درۆوە، چونکە پێویستە ماناکان عەقلْ پشتگیریان بکات"

6-ابو هیلال العسکری

(حسن عبداللە کوڕی سهل کوڕی یەحیا کوڕی مەهران عەسکەری) لە عەسکەر لە ئەهواز لەدایکبووە، لە بەغداو بەسرە خوێندویەتی ، یەکێکە لە زانا گەورەکانی ئەدەب، کتێبی(صناعتین) یەکێکە لەدیارترین کتێبی فێرکاری لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، کە لە کۆتایی سەدەی چوار، واتە 394 کۆچی نوسراوە، بە کۆتا کتێبی ڕەخنەیی ئەم سەدەیە دادەنرێت، لەگەلْ ئەوەی زیاتر کتێبی ڕەوانبێژییە وەك ڕەخنەیی[215].

213– هەمان سەرچاوە،ل242

214 - اسرا بلاغة ص 164

215– د. قصي الحسين، النقد الادبی، ص444

وشە و مانا

مەسەلەی وشە ومانا، دەستی بەسەر عەقڵی عەرەبیدا گرتبوو، تاوەکو سەردەمی ئەبو هیلال ،(ئەوەی وایلێکردوە کە گۆزەی خۆی لێهەڵگۆزێت)، چونکە مەسەلەی سەرەکی رەخنەی تێدا بینییەوە، داوای گرنگیدانی دەکرد بە وشەو روخسار و شێوەی دەرەکی، چونکە دەرفەتی بڕیاردان و دیاریکردنی جۆرو باشی و توانست و لێهاتویی لە هونەردا هەیە.

ئەمیش نەیوتوانی لە قوتابخانەی پیشە دەربچێت، نوسینی کتێبی (صناعتین) بۆئەوەبوو کەبەشێوەیەکی تەواو ورد، ئەوەی لەبارەی رەخنەوە نوسراوە کورتبکاتەوە، لەپیشەی شیعریی قوولبووەتەوە، لەڕێگەی ئەو لێکدانەوانەی کە بۆ دێڕە شیعرییەکانی کردوە، پێشیوایە شیعر لەو داڕشتنە پیشەییە وشەکەی بەرهەمدێت، زۆربەی وەسفەکانیش لە دەربڕینەکەوە بەرهەمدێت، نەك ماناکە، چونکە ماناکان لەسەر خۆیان وەستاون و بەدەستهێنانیان پێویستی بە ماندوبون و سەرقاڵی نییە، چونکە ئەگەر شیعر لەسەر مانا بوەستایە، ئەوا شاعیرەکان ماندوبوون و سەرئێشەیەکی زۆریان بۆ خۆیان دروستدەکرد[216]، لەمەشدا لەمەسەلەی وشە مانادا لەگەڵ ابن قوتەیبە یەکدەگرێتەوە، چونکە ئەویش جەختی لەسەر بایەخی وشەی باش و مانای ناوەندو دەکردوەوە، چونکە ئەگەر وتە وشەکەی باش و ئاسان بێت، ماناکەی ناوەند بێت، خرایە رستەیەکی باشەوە، رێڕەویکی دروست وەردەگرێت[217]

---

[216]– صناعتین، ص58

[217]– د. قصي الحسين، النقد الادبی، ص448

ئەبو هیلال لەگەڵ ئەوەی گرنگی بە وشە دەدا، گرنگیشی بە مانا دەدا، چونکە پارێکی بۆ تەرخانکردوەو دەڵێت" وشەو قسەکان ئەو مانایان دەگرنەوە، کە دەلالەت و گوزارشتیان لێدەکەن، بۆیە ڕەوانبێژ دەبێت وەك پێویستییەك ماناکە بپێکێت بۆ باشترکردنی وشەو وشەکەی.[218] مانا دوو ئاراستەی هەیە، یەکێکیان خاوەن پیشەکە بەرهەمیدێنێت، نەك لە کەسی تردوە وەریگرتبێت، ئەوەی تریان ئەوەیە کە وەریدەگرێت، ئەمەش مەسەلەی لاسایی و داهێنانە لە ماناداا.

7- لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە:

بزوتنەوی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی لە لای عەرەب دەستی بە گەشەکردو بە هۆیەوە ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی بە تەواوی چووە قۆناغێکی نوێوە، لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکاریانەو لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، قوتابخانەیەکی ئەدەبی بە ناوی (قوتابخانەی دیوان) بە ڕابەرایەتی (ابراهیم مازەنی، عباس محمود عقاد، عبدالرحمن شوکر) دروستبوو، ئەمانە چ وەك شاعر، یان نوسەر ڕێبازێکی نوێیان لە نوسین دا لە سالانی (1913)وە گرتەبەر، بەڵام سالی 1926ئەم ناوە لەم قوتابخانەیە نرا، ئەم قوتابخانەیە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی ئەدەبیاتی ئینگلیزیان لەسەرە، ئەمە جگە لە ئەدەبی ئەوروپییەکان.

تێڕوانینەکانی قوتابخانەی دیوان

1- بایەخدان بە یەکێتی دەق.

2- دورکەوتنەوە لە شیعری ستایش و بۆنەکان.

3- دورکەوتنەوە لە لاسایکردنەوەو ڕازاندنەوە.

4-تێکەڵ بوون لەگەڵ سروشت و بەرجەستەکردنی ژیانی سەردەم لە بەرهەمدا.

---

[218]-الصناعتین، ص69

میتۆدە رەخنەییەکان

بەگشتی پرۆسەی رەخنە دەبێت بە دوو بەش: رەخنەی تیۆری و رەخنەی پراکتیکی ، هەریەکە لەمانەش لەسەر بنەمای میتۆدو یاساو ریسا بنیادنراوە، یان کاردەکەن، بۆیە ئاگاداربوون لەم میتۆدانە کارکردنە بەشێوەیەکی زانستی و دروست لەسەر دەقی ئەدەبی و هونەری و...تاد

1-**رەخنەی تیۆری**(theoretical criticism):

کۆمەڵێك زاراوەی پێکەوە گونجاو و پێناسەو کەتیگۆریاو چینبەندییە، کە دەتوانرێت ئەمانە لە تێبینی و سەرەنج و لیکدانەوەی تایبەت بە ئەدەب بەکاربهێنرێن، بەم پێیەش مەحەکەکان(criteria) یاسایەك پێشنیاردەکەن، کە بەهۆیانەوە دەتوانرێت بڕیار لەسەر دەقی ئەدەبی و نوسەرەکانیان بدرێت، بەمانایەکی تر رەخنەی تیۆری، راگەیاندنی یاساو ڕێساکانی هونەرو رەخنەی ئەدەبییە.

یەکەمین کتێب لەم بوارەدا کتێبی پیۆتیکای ئەرستۆیە کە بەسەرەتا رەخنەی تیۆری دادەنرێت، دواتر بەرهەمی(پرەنسیپەکانی رەخنەی ئەدەبی) ریچاردزە کە لەساڵی 1924 نوسراوە، پاشان کتێبی (نورتروب Anatomy of criticism) کەلە ساڵی 1957 نوسراوە.

2-**رەخنەی پراکتیکی**(practical criticism):

کارکردن و لێکۆڵینەوەیە لە دەقێکی ئەدەبی ، واتە سودوەرگرتن لە یاساو ڕێساکانی هونەری ئەدەبی ، لەپێناو باس و

لێکدانەوەی بەرهەرمی ئەدەبی، بەمانایەکی تر دەبێت لێکۆڵەر سودیان لە یەکێك لە میتۆدە ڕەخنەییەکان وەربگرێت، یان پشتیان پێببەستێت.

دیچز پێیوایە" جیاوازیکردن لەنێوان ڕەخنەی تیۆری و پراکتیکی شتێکی تەسەنوعییە"، لەبارەی ڕەخنەی تیۆرییەوە دەڵێت" کارکردنە لەسەر ئەوەی ئەدەبیات چییەو بەهاو سودی چییە[219]، لەڕاستیدا سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەوروپی و عەرەبی و کوردیش هەربەم شێوازە بووە ، بۆنموونە کتێبەکەی ئەرستۆو جەرجانی و ابن قوتەیبەو ئەنجومەنی ئەدیبان و...تاد، هەروەها دیچز لە بارەی ڕەخنەی تیۆری و پراکتیکییەوە پێیوایە" ڕەخنەگر دەبێت زانیاری لەسەر زانستەکانی تر هەبێت"[220]

1-ڕەخنەی ئاکاری

ڕەخنەی ئاکاری لەسەر ئەو بنەمایەیە کە یاسای تەواوکاری بۆ ئەدەبیات وەك یاسای تەواوکارییە بۆ ژیان، بۆیە کرۆك و چەقی ئەم تیۆرە هەمان ڕوانینی ئەفلاتون و تۆڵستۆیە کە دەڵێن" ئەدەبیات دەبێت تەنها نمونەی باش بخەنەروو"221 ڕەخنەی ئاکاری یەکەمین گرفت کە دەخاتەروو، چەمکی ئاکارە، ئایا چەمکی

---

[219]–د. سیروس شمیسا، نقد ادبی ،انتشارات فردوس، چاپ چهارم،تهران،1383،ص31

[220]- د. سیروس شمیسا، نقد ادبی،ص31

[221]–گراهام هوف، گفتاری درباره نقد،تهران،1375 ص38

جوانی و ناشیرینی عەقڵی لە هەموو شوێنێکی جیهاندا یەکسانە؟ لەوانەشە سادەترین پێناسەی ئاکار بریتیی بێت لەوەی کە ئاکار یاسای نەنوسراوەی کۆمەڵگە بێت، کە رەچاودەکرێت، بەڵام لە جێگەیەکدا جێگیرنەکراوە، بۆیە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بەشێوازێکی تایبەتە.222

ئەفلاتون لە کتێبی کۆماردا دەڵێت" دنیای بەرهەمهاتوی حەواسی ئێمە، وێناکردن و وێنەی کەمە، هونەرمەند کە لەبەرهەمی خۆیدا ئیلهام لە حەواسی خۆی دەردەگرێت، وێنەیەکی کۆپیکراوە لە سیستمەکە"[223] ئەگەر لەم روانگەوە لە ئەدەبیات بڕوانین، دەبێت زۆر بەرهەمی ئەدەبی وەك دژە ئاکار سەیربکەین.

شێوەی ئاکاری ماوەیەکی زۆر لای رەخنەگرانی یۆنان و رۆمان بوونی هەبوو، بۆنمونە ئەفلاتون لەسەر بنەمای ئاکاری بوون و سودمەندی کاریدەکرد، هۆراسیش جەختی لەسەر چێژو فیربوون دەکردەوە، لە دەبیاتی کلاسیکی ئینگلیزیدا دەتوانی ناوی(د. ساموێل جانسۆن 1660–1800) بهێنین، واتە بابەتی سەرەکی لای ئەمانە ئەوەیەکە کارنامەی ئەدەبیات فێرکردنی ئاکارو بابەتە فەلسەفییەکانە[224].

---

[222]– د. عبدالحسین فرزاد، درباره نقد ادبی،نشر قطرة، تهران،1378، ص64

[223]– هەمان سەرچاوە،ل64

[224]–ویلفرد گرین، لی مورگان، ارل لیبر، جان ویلینگهم، مبانی نقد ادبی، ت: فرزانه گاهری، انتشارات نیاوفر،تهران، 1385،ص42

لەڕاستیدا "هەندێك بەهای ئاکاری بەبنچینەی ڕەخنەگرتن دادەنرێت، هەر شیعر وتنێك لەگەڵ ئاکارو حکمەتدا یەکبگرێتەوە پەسەندیدەکەن،و هەرچی پێچەوانەی ئەمەش بێت، لەگەڵی نین و ڕەتیدەکەنەوە، بەم پێیەش ڕەخنەی ئاکاری هەرلەکۆنەوە بە یەکێك لە ڕەوش و ڕێگەکانی ڕەخنە دادەنرێت، و بنچینەی ئەم شیوەی ڕەخنەیە لەسەر ئەم خاڵە وەستاوە، کە ئایا ئەدەب و هونەر هۆکارو دەریچەی ئاکارو پەروەردەیە، یاخود ئامانج و مەبەستی هەیە؟"[225]

زۆر لە حەکیمەکان لەکۆندا لەگەڵ ئەوە بوون، کە دەبێت هونەر شوێنکەوتەو پەیڕەوی ئاکار بێت، ئەگەر لە سنوری ئاکار لابدات، بەناپەسەند دادەنرێت، ئەفلاتون لە کۆماردا شیعرو مۆسیقا وەك هۆکاری پاکردنەوەی دەروون و ئاکار دەزانێت و ئەرستۆش لەمەدا ئەوەندە دژی نەبوو، بەبڕوای ئەو شیعر، بەتایبەتی شیعری تراژیدی هۆکاری پاکردنەوەی دەرونە، پێشتریش بیرمەندان رازیبوون بە کاریگەری ئەدەب و هونەر وەك پەروەدەکردن، دیدرۆ دەڵێت" اعتزاز بە فەزیلەو خۆڵادان لە ڕەزیلی و دەرخستنی کەموکوڕیەکان، دەبێت ئامانجی هەموو مرۆڤێکی شەریف وئازیخواز بێت، کە قەڵەمەکەی بەدەستەوە دەگرێت" جانسۆن لە پێشەکی شکسپیردا دەڵێت" کارنامەی نوسەر ئەوەبووە دنیا وەك ئەوەی کە هەیە جوانتر بکات" تۆڵستۆی دەڵێت" جیهانی هونەر پێوەرەکانی ڕاست و باوەڕپێکراون، کە لەبارەی خۆیەوە

[225]– د. عبدالحسین زرین کوب، اشنایی با نقد ادبی، ص67

دەینوسێت، ئەم راستی و باوەڕپێکردنەش زانیارێکی ئاینی و رۆحانییە"[226] یەکێك لە هۆکارەکانی دورکەوتنەوەی موسڵمانان لە شیعر گوێنەدانی هەندێك شاعیر بووە بە پێوەری ئاکار، لەسەردەمی پێغەمبەریشدا(د) هەندێك لە شاعیران لە پێوەرەکانی ئاین لایاندا، لەبارەی ئمرولقەیسەوە دەڵێن" لاوێکی بێپەرواو بێبەندوباوبوو،لەپێناو ژنان باوکی بە نمونەو لێکچوون دەهێنایەوە"[227] و دەڵێن بەهۆی ئەمەشەوە باوکی ئەوی بانگردو تەنانەت کەسێکی دیاریکرد کە بیکوژێت"[228] بەدزمانی هەندێك لە شاعیران و زیادەڕۆیکردن لەم مەسەلەیەدا، هۆکاری ئەم نەفرەتکردنەبووە،(حوتەیئە) شاعیری بەناوبانگی عەرەب بەهۆی هەجوەوە ئازاری خەڵکی دەدا، دەڵێن " تەنانەت هەجوی دایك و باوکی خۆی کردوە"[229] گوایە عومەری کوڕی خەتاب ئەوی بەندکردوە"[230] ابوالینبغی کەلەسەردەمی عەباسیەکاندا دەژیا شاعیرێك بوو زمانێکی بەدی هەبوو، بۆیە خەلیفەی عەباسی خستیە بەندیخانەوە"[231] هەرکاتێکیش شیعر بوویە سەرچاوەی

---

[226]– د. عبدالحسین زرین کوب، اشنایی با نقد ادبی، ص67

[227]–العمده ص20

[228]– ابن قوتیبة، الشعر و الشعراء، ص38

[229]– هەمان سەرچاوە،ل182

[230] –هەمان سەرچاوە،ل186

231–ابن معتز، طبقات،ص132

نانو پارە، وردەوردە پلەو پایەی لای خەڵکی دادەبەزێت، شیعر لەسەرتادا وەك زمان و ئیلهامی خواوەند ناسێنراو بەرزتر بوو لە نیازەکانی مرۆڤ، وەك قەمەی شەڕی هەژاران، و هۆکاری هەڕەشەو تەماع خستنەبەر، تا وایلێهات شیعر بوویە مایەی نەنگی.

ئۆسکار وایڵد بەهۆی شیعرو نوسینەکانییەوە بووبوویە ڕەواجدەری فەسادی ئاکاری و ڕەفتاریشی پێچەوانەی پەروەردەو کاری باش بوو،هەر بۆیە مەحکومیاندەکرد، بەهۆی ئەمەشەوە هەندێك نکوڵی لە دەسەلاّتی ئاکاری ئەدەبییاندەکردو بەهۆشیەوە ڕەوشی ڕەخنەی ئاکارییان پەسەندنەدەکرد، توفیل گوتییە(Theophile Guthier) دەڵێت"ئەوە نوسەرەکان نین کە سەردەمەکان دووچاری فەسادی ئاکاری دەکەن، بەڵکو فەسادی ئاکاری دەستی بەسەر سەردەمەکەدا بەگشتی گرتووەو بەهۆشیەوە نوسەری لەم شێوە بەرهەمدێنێت"[231] هەروەها نوسیویەتی" هەندێك کتێب هەن ئاکام و شوێنکەوتەی داب و نەریت وبیروباوەڕی باوی سەردەمەکەن، و بیروباوەڕو دابونەریتی بلاّویش شوێنکەوتەی ئاکامی کتێبەکان نین[232]

---

[232] - Le devoir verite Ander Maurois Nouvelles littairs(8 Janvier 1953)،وتاری

[233] – هەمان سەرچاوە

2-رەخنەی کۆمەلایەتی

لەراستیدا پەیوەندیکی بەهێز لەنێوان ئەدەب و کۆمەڵگەدا هەیە، بۆیە رەخنەی کۆمەلایەتی لەسەر بنەمای پەیڕەوی وەسفی شیکاری دەکات، کار لەسەر بیرو رواناییەنەکان لە پیوەندی ئەدەب و کۆمەڵگەدا، بۆیە رەخنەی کۆمەلایەتی لەگەڵ ئەوەی نوێیە ، بەڵام لەڕوانگەی بیرۆکەوە زۆر کۆنە، بەوەی لێکدانەوەی ئەدەب و دیاردەئەدەبییەکان لەو کۆمەڵگەیانەی کە بەرهەمیدەهێنێت.

کەواتە رەخنەی کۆمەلایەتی کار لەسەر دەقەکان دەکات لە روانگەی کاریگەری و گوزارشتیان لە پێگە کۆمەلایەتییەکەدا، بەو پێیەی دەق بەرهەماتویەکی کۆمەلایەتییە، واتە پەیوەندی لەنێوان ئەدەب و کۆمەڵگەدا لە چینە جیاوازەکاندا دروستدەکات، بەمەش ئەدەب دەبێتە نوێنەری چین لەسەر ئاستی کۆمەلایەتی نەك تاك، چونکە کۆمەڵگە بەرهەمهێنی فعلی کارە داهێنراوەکانە.

مادام دی ستایل لەکتێبی (لە بارەی ئەدەب و پەیوەندی بە سیستمی کۆمەڵایەتیەوە) قسەلەسەر پەیوەندی ئەدەب و کۆمەڵگە دەکات ، بەوەی کاریگەری ئاین و پەیوەندییەکان و داب و نەریت و یاسا، سیاسەت .....هتد کاریگەریان لەسەر شێوەو ڕوخساری ئەدەبی هەیە ، پێیوایە پێویستە ئەدەب وێنەی گۆڕانکاریە گرنگەکانی سستمی کۆمەڵایەتی بکات، بەتایبەتی لە بواری ئازادی و دادپەروەرییەوە .

یەکەمین کار لەسەر ڕەخنەی کۆمەڵایەتی کاری باختینە، کە لەسەر مادام دی ستایل لەساڵی 1800 نوسی بەناوی(ئەدەب لەپەیوەندی بە سیستمە کۆمەڵایەتییەکەوە)لیرەوە ئەوەپرنسیپەی بونیاد نا کە ئەدەب گوزارشتە لە کۆمەڵگەشەمیر

بەپێی ئەم جۆرە ڕەخنەیە، لێکۆڵینەوە لە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی وەك ئیشوکارێکی کۆمەڵایەتییە، چونکە بێگومان دەقی ئەدەبی نشیانەو ڕەونەقێکی کۆمەڵایەتییەلەمیر، بۆیە لەگەڵ ئەوەیە کە هۆکاری کۆمەڵایەتی بەرهەمبهێنێت، بەمەش جۆرێکی ئەدەبی بهێننەگۆڕێ، هەر لەبەر ئەمەش دەقی ئەدەبی و هونەری لەهەر ڕەگەزێکی تری کۆمەڵایەتی، کاریگەری زۆرتری لەسەر کۆمەڵگە هەیەلەمیر، کەواتە ئەدەب و هونەر بەشێکی سەرەکی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە.

لەساڵی 1920ئەنجومەنی قەڵەم(Pen clup) بەهۆی ڕۆماننوسی ئینگلیزی خاتو(داوسون ئسکارتDawson Scott) دادەمەزرێت و نوسەرانی سەرانسەری جیهان لەخۆدەگرێت:بەمیر

هەندێك لە ڕەخنەگران بنەمای لایەنی کۆمەڵایەتی لە ڕەخنەی بەرهەمی ئەدەبیدا بەگرنگ دەزانن، چونکە ئەدەب و کۆمەڵگە

234– صباح هویدی،النقد الادبی الحدیث، قضایاه و مناهجة،منشورات جامعة، ط1، 1426 ص94

235– د. عبدالحسین فرزاد، درباره نقد ادبی،نشر قطرة، تهران،1378، ص71

236– هەمان سەرچاوە

237– هەمان سەرچاوە

پەیوەندێکی تونـدوتۆڵیان بەیەکـەوە هەیـە، بـەو پێیـەی ژینگـەی ئـەدەبی، ناتوانێـت خـۆی لـە ژینگـەی کۆمەڵایـەتی بـەدوربگریت، لەبەرئەوەی بیروباوەڕو زەوق و خەیاڵات، شوێنکەوتەی بارودۆخی کۆمەڵایەتییە، بۆیە لـەم رەخنەیـەدا پێویستە ئەو پرسیارە بکرێـت شـاعیر چـۆن دەژێـت؟ دەرخسـتنی رادەو ئاسـتی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکـە وەڵامـی ئـەم پرسـیارە دەداتـەوە، جـاران شـاعیرو نوسـەرەکان ئـەمیرو پاشـاکان کڕیاریـان بـوون، واتـە پاداشـتیان پێدەبەخشین، ئایـا ئـەمڕۆش رۆژنامـەو گۆڤارەکـان ئـەم ئەرکـەیان لـەخۆگرتوە؟ بەمـەش شـاعیر وەك پیشـەوەرەو چـاوەڕێی پاداشـتە، هەرئەمـەش بوویـە هـۆی گەندەڵی ئەندیشـەو بیرو روانین و ....تاد شاعیرو نوسەر ، بەشێوەیەك وایلیکرد چێژی بەرهەمی خـۆی بکاتـە قوربانی،بەڵام ئەم روانیینە تا ئاستێکی دیاریکراو راستە، چونکە هەموو شاعیرو نوسەرێك لەم روانگەوە کارناکات.

"هەندێ هونەری ئەدەبی لەبارەی ماهییەتەوە، زیاتر ماهیـەت و تایبەتمەندێکی کۆمەڵایـەتی هەیـە، شیعری حەماسی و ئاینی لـــەدایکبووی ژیـــانێکی کۆمەڵایەتییـــە، بۆیـــە تایبەتمـــەنێکی کۆمەڵایـەتی هەیە،مـەح و سـۆزو بـەزەیش خـاوەنی ئامـانجێکی کۆمەڵایەتین و ئامانجیشیان بریتییە لەوەی لە نێون چین و تاکە جیاوازەکـانی کۆمەڵگـەدا رەواج پەیـدا بکـەن، شـیعری بنەماڵـەو نەسـەب و غـەزەلیش ئەگەرچـی تایبەتمـەنێکی کەسـییان هەیـە،

بـــەڵام بڵاوبوونـــەوەو ناوبانگپەیـــداکردنی خـــۆی بـــە زەوق و پەیوەندی و هاوەردی کۆمەڵایەتی قەرزارن[238]

پەوەندی کۆمەڵایـەتی و شـیعر، یـان ئـەدەب، هـەر لـە ژیـانی سـەرەتایی و لـە کـاتی کارکردنـدا، چ بـە تراژیـدی یـان کۆمیـدی رۆڵـــی خـــۆی هـــەبووە، دواتـــر بـــەهۆی پێشـــکەوتنی شارستانییەتییشـەوە ژیـانی کۆمەڵایـەتی کاریگـەری لەسـەر چـــۆنییەتی ســـەرهەڵدانی شـــیعرو ئـــەدەبیات هـــەبووە،هیران دەڵێت"هونـەری ئـەو گـەلانـەی کـەلەسـەردەمی شـوانکاریدا ژیـاون، کـەمتر پـەیوەسـتە بـە ژیـانی کۆمـەڵایـەتییـەوە، چـونکـە زۆربـەی کـات کاری ئـەوانـە لـەیـەکتر دورو دابڕاوبوون، بـەڵام ئـەوانـەی لـەسـەردەمی کشـتوکاڵیدا ژیـاون، زیـاتر تایبـەتمـەنـدی کۆمـەڵایـەتیان هـەیـە و هونـــەریان ڕەنگدانـــەوەی ئـــەم لایـەنـەیـــە[239] بوشـــر و لالـــو پێیانوایە"بەشـێك لـە شـیعر لـە ئـاوازی گـەلـەکاری کرێکـاران و جوتیـــاران کـەلـــەکاتی کـــارو تـــۆو وەشـــاندندا بەرهـــەمهاتوە"[240] ئەدەبی عبرانی لە هەندێك لایـەنـەوە دەتوانێت کۆنترین ڕوخسارو تایبـەتمـەنـدی شـوانکاری و کشـتوکاڵی گـەلانی سـامی بناسـێت، بـەڵام ئـەدەبی ڕۆمی و یۆنانی زیاتر دەرخـەری ژیانی سیتمداریـە،

---

[238]– د.عبدالحسین زرین کوب، اشنایی با نقد ادبی،ص74

[239] –Hirn، origin of art ، London 1900

[240] –Bucher، Arbeit und rhythmus 2- Ch. Lalo: l،art et la vie socuale ، p20-21

لەئەدەبی جاهیلی عەرەبدا دەتواین بڵێین زیاتر ژیانی لاوی و بازرگانی تیکەڵەو لە ئەدەبی ئەمەوی و عەباسیدا ژیانی سیستمداری و بازرگانی دەسەلاتی هەیە.[تۆمەر]کەواتە هەندێك جار رەخنەی کۆمەلایەتی لەسەر ئەم بیرە بنیادنراوە، کە بەرهەمی ئەدەبی بەرهەمی ژیان و ژینگەی کۆمەلایەتییە، بەڵام دواتر هەوڵیداندراوە شێوازو گۆڕانی هونەری و جۆری ئەدەب تەنها لەرێگەی بارودۆخی کۆمەلایەتییەوە بخەنەروو، بۆنمونە ئەگەر شیعر زمانی سۆزو وەرگێرانی دڵی شاعیران بێت، ئەوە سۆزو گوزەرانی دڵ بەرهەمدێنێت، و جگە لە ژینگەو دەوروبەر و زمان و شوێن هیچی تر نییە، ئەمەش پەیوەتی ناکات بە روداوە کۆمەلایەتییەکانەوە، (تن) دەڵێت" هونەرمەند پەیوەستە بە گروپێك لە هاوسەردەمەکانی خۆیەوە، کە لەیەك خوێندنگەو زمان و شوێنەوە پەروەردەکراون"[ایشمیر] شکسپیر(Shakespeare)و، روبنس (Rubens) ئەدیبی تاکگەرا نین کە لە ئاسمانەوە هاتبن، بەڵکو دیارترین ئەستێرەی سەردەمی خۆیانن[ششمیر]

هیگڵ پێیوایە ژینگەی جوگرافی هیچ کاریگەرییەکی لەسەر دەرکەوتن و پەیدابوونی بیروباوەڕەکان نییە، بۆئەمەش نمونەی

---

[241]– د.عبدالحسین زرین کوب، اشنایی با نقد ادبی،ص75

[242] –H.Taine

[243]– د.عبدالحسین زرین کوب، اشنایی با نقد ادبی،ص76

ژینگەی یۆنانی هێناوەتەوە، بەوەی لەو ژینگە جوگرافیایەی کە پڕبوە لە زەوق و هونەرو زانیاری.

دروستە تاك بەرهەم و لەدایکبووی کۆمەڵگەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هۆکاری گۆڕانکاری کۆمەڵگەشە، بۆیە وەلانانی تاك لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتیدا، کارێکی گونجاو و دروست نییە، چونکە ئەگەر ڕۆڵی داهێنەرانەی تاك لە بەرهەمی ئەدەبییدا، لە ڕۆڵی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان زۆرتر نەبێت، کەمتریش نییە.

3-ڕەخنەی میژوویی

ئەو جۆرە ڕەخنەیەیە، کە ڕوداوی میژوویی لەپێناو سەرەنجدان و دیاریکردنی چۆنییەتی و بەهای بەرهەمی ئەدەبی بەکاردەهێنێت، لەڕاستیشدا ڕەخنەی میژوویی بە هۆکارێکی تەحقیقکردن لە میژوی ئەدەبیات دادەنرێت[244] میژوی ئەدەبیاتیش لە بارەی بارو گوزەرانی کۆمەڵایەتیی میللەتەکەی خۆیەوە، بایەخی خۆی هەیە، بەڵام ناکرێت ڕەخنە و تەحقیق لە ئەدەبیاتدا بە هۆکاری میژویی کۆتبکرێت و کۆتاییپێبهینرێت.

" ڕەخنەی میژوویی شێوەی جۆراوجۆری هەیە، هەندێك کات هەوڵدەدات پەیوەندییەکی پێکهاتەیی لە نیوان ژیانی شاعیرو بەرهەمەکەیدا دروستبکات"

---

[244]– د.عبدالحسین،ص98

(سانت بیڤ) یەکەمین کەس کە کاری لەسەر ڕەخنەی مێژووی کردبێت و بڕوایوایە ڕەخنەی مێژوویی بواڕێکی فراوانتر بەلێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەدات لە لەلایەنی مێژوویەوە، چونکە بەدوای بەرهەمی ئەدەبییەوە بووە، نەک ئەنجام و کاریگەری ماناکانی لەسەر کۆمەڵگە، واتە نوسەرەکەی زیاتر بەرز دەنرخاند وەک لە خوێنەرەکەی، بۆیە بڕیارەکانیش لەسەر بنەمای نوسەرەکان بوو.

جگە لەمەش کاری لەسەر پەیوەندنی نوسەرەکان بەنیشتیمان ، نەتەوە، سەردەم ، بنەما، خێزان ، پەروەردە، ڕۆشنبیری ، ئاستی مادیی و جەستەیی و توانستی عەقڵی و جەستەیی، پەیوەندی هاوڕێیەتی و هەرشتێک کە پەیوەندی پێیانەوە هەبێت کردووە

ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، کە سانت بیڤ بەتەواوەتی فۆکەسی خستۆتەسەر کەسایەتی نوسەر ، بەو مانایەی درەختەکە بریتییە لە بەرهەمەکەی و دەقیش بریتیە لە مەزاجی تاک.

دوا بەدوای ئەمەش (تین) هەمان ڕێبازی مامۆستاکەی (سانت بیڤ) ی گرتۆتە بەرو ئەوەندە جیاوازیان نەبووە و زیاتر لەڕێگەی وەسفی ئەدەبییەوە کاری لەسەر بەرهەمی نوسەر، دواتر گروپێک پاشان، کۆمەڵگەو بەرهەمەکانیان کردوە.

(تین) پێیوایە ئەدەب لەڕێگەی چەند ڕەگەزێکەوە لێکدەدرێتەوەو لێیتێدەگەین، لەوانە (ڕەگەز، بنەچە، ژینگە سەردەم و کات)

لە ڕەخنەی مێژوویدا وەک مێژوو، تەحقیقکردن لە ڕاستی و تەواوی هەنگاوی یەکەمە، بەوەی شیعرێک یان کتێبێک کە

پێویستی بە فلتەری ڕەخنەیە کاری لەسەرکراوەو ئەم فلتەرەی تێپەڕاندوە، ڕەخنە تەنها لایەنی ناوەڕۆك ناگرێتەوە، واتە کار لەسەر ڕەسەنایەتی و تەواوی دەقەکە بکات، بەڵکو پێویستە کاریش لەسەر ڕەخنەی دەرەکی بکرێت، بەوەی کار لەسەر روداوی مێژویی و تەحقیق لە ئاماژەو روداوەباسکراوەکان بکرێت.

4-ڕەخنەی فۆرمالیستی

ڕەخنەی فۆرمالیستی لەساڵی 1914 لە روسیا دەستی پێکردو تا ساڵی 1930 گەیشتە لوتکە، ولاتانی وەك ئینگلیزی و ئەمریکا تا ساڵەکانی 1970 لێی بێئاگابوون[245] فۆرمالیستەکان وەك پەیڕەوانی ڕەخەنی نوێ سەرەتا کاریان لە شیعردا دەکرد، بەڵام بەپێچەوانەیانەوە لەسەرەتای کاردا، ئەوەندە سەرەنجیان لە ماناو ناوەڕۆکەکەی نەدەدا، ئەم سەرەنجنەدانەش بەو مانایە نییە ، کە ئەدەبیات هیچ پەیوەندییەکی بە ئاکارو مرۆڤگەرایی و ماناوە نییە، بەڵکو مەبەستی سەرەکی ئەمانە لە شیوەگەرایی ئەوەبوو، کە حسی ئاکاری مرۆیی هەر دەرونماییەك راستەوخۆ پیشانبدات.[246]

بەبڕوای یاکۆبسن بابەتی زانستی ئەدەبی، ئەدەبیات نییە، بەڵکو ئەدەبییەتە، چونکە هۆکارێکە بەرهەمێکی دیاریکراو

---

[245]- د. علی تسلیمی، نقد ادبی،ص41

[246]- هەمان سەرچاوە

دەگۆڕێت بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی[بڕوانە247] بەپێی ئەم روانینە ئەوەی لێکدانەوەی ئەدەبی پێکدەهێنێت، کرۆك نییە، بەڵکو سەرەتاو ئامادە سازییەکی دیاریکراون کە لەدەقدا دەگیرێنەبەر، رەخنەگرە فۆرمالیستەکان وەك رەخنەی نوێ گرنگی بە فۆرم دەدەن، بەڵام وەك ئەوان پابەندی ئاکارو ماناو ناوەڕکەکەی نابن.

"هەرچەندە وەك قوتابخانەکانی تر بنچینەیەکی کۆنی هەیە،و بۆ فەیلەسوف وبیرمەندە کۆنەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام بە دیاریکراوی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1914 کاتێك شکلۆفسکی لە روسیا نامەیەکی بەناوی(رابوون)، یان (راپەڕینی وشە)ی بڵاوکردەوەو وەك یەکەمین سەنەدو نوسراوی قوتابخانەی فۆرمالیستی ناسێنراوە[بڕوانە248] یەکەمین ئەنجومەنیش کە بەشێوەیەکی یاسامەند سەرقاڵی تێۆرە فۆرمالیستەکان بووە،(ئەنجومەنی زمانناسی مۆسکۆ)بووە، کە بەسەرۆکایەتی رۆمان یاکۆبسن لەساڵی 1915 دروستکراوە، ئەنجومەنێکی تر بە ناوی ئەنجومەنی(لێکۆڵینەوەی زمانی شیعریی)کە بە (ئەپویاز) ناسارابوو، لەساڵی 1916 لە پتروسبورگ دروستبووە، لەم ئەنجومەندا زمانناس و رەخنەگری

247– هەمان سەرچاوە

248– د. حمید رضا شایگان فر، نقد ادبی،انتشارات دستان، تهران، 1380،ص43

گـەورەی وەك(یاکوبینسـکی، شکلۆفسـکی، بـوریش ئـاخن بـام) کاریان ئەنجامدەدا.[249]

ئەم دوو ئەنجومەنە هاوکاری یەکتربوون و لەیەکەوە نزیك بوون، تێیدا فۆرمالیستەکان کاری هونەری و ئەدەبی بە تێڕوانینی خۆیان لـەبارەی مەسـەلە سیاسـیی ئـابووری ومێـژوویی و ...تـاد لێکۆڵینەوەیـەیان دەکـرد، بـەلأم کاتێـك سـتالین لـە حزبـی کۆمۆنیسـتیدا سـەرکەوت و دەسـەلأتی سیاسـی گرتەدەسـت، بەئاشکرا نـەدەتوانرا کـار لەسـەرئەم مەسـەلانە بکرێـت، لەسـاڵی 1924 بەئاشکرا هێشکردن بۆ سەر فۆرمالیستەکان دەستیپێکرد، بۆنمونە (لیۆن تروتسکی) لە وتاری(ئەدەبیات و شۆڕش) بە باوەڕی دژی مێژوو، هێرشی کردە سەر فۆرمالیستەکان و بـە دژە مارکسی ناساندنی، لەسـاڵی 1928 فۆرمالیسـم قەدەغـەکرا، بۆیـە زۆربـەی پـەیڕەوانی، یـان بێـدەنگیان هەڵبـژارد، یـان لەبەرهەمـەکانی دواتریانـدا ئـەوەیان خسـتەروو، کـە ڕێگـەیان لـە فۆرمالیسـتی جیاکردوەتەوە، بەلأم لەناویاندا (ڕۆمان یاکۆبسن) کەلەسـاڵی1920 لە پراگ وانەی دەوتەوە، لەساڵی 1921 بە هاوەڵی (موکارۆفسکی) قوتابخانەی(زمانناسی پراگ) یان دامەزراندو لێرەوە تا ساڵی 1928 درێژەیان بەلێکۆڵینەوە فۆرمالیستی دا، بەهۆی بارودۆخی ڕوسیاوە لە چیکۆسـلۆفاکیا جێگیربـوو، بـەهۆی شـەڕی دووەمـی جیهـانی و بەشـداریکردنی ئـەم وڵاتـەو هـاتنی نازییـەکان بـۆ ئـەم وڵاتـە لەگـەڵ

[249] – هەمان سەرچاوە

(رینییــه ویلــك) چــووه ئــەمریکاو تاکۆتــایی ژیــانی(1982) لــەوێ مایەوە.[برلهیر]

مەبەست لە فۆرم، یان فۆرمالیستی ،شێوەو قاڵبی جۆرەکانی دەق بەگشتی نییە، بەڵکو شێوەیە لە بەرهەمی ئەدەبیی و بریتییە لــە لەرەگــەزێك و بەپەیوەندیــداری بەرەگــەزەکانی تــرەوە هەیــە، پێکهاتەو ساختمانێکی بەیەکەوە گونجاو بەرهەمدێنێت، بەمەرجێك هەریەکــە لــەم رەگەزانــە، رۆڵ و کارنامــەی لەتــەواوی پێکهاتــەو سیستمی ئەم بەرهەمەدا هەبێت.[ترلهیر] بەم پێیەش هــەموو بەشەکانی دەقێــك یــان کرۆکێــك، وەك وێنــەو خــەیاڵ،کێش، قافیــە، ردیــف، وشەسازی، بڕگاندنی وشە، ئاوازی خوێندنەوەی شیعرو چیرۆك وداستان و دژیەتی و پێچەوانەیی ، جۆری ئەدەبی، پلۆت...تاد.

گرنگترین تیۆرە فۆرمالیستیەکان

گــرنگترین و رەســەنترین تیــۆری فۆرمالیســتی ئــەوەبوو، کــە رەخنەگر بەر لە کارکردن لەسەر بەرهەمەکە، دەبێت بەدوای ئەدەبی بوونییــەوە بێــت، بەمانایــەکی تــر کامــە بەرهــەمی ئەدەبییــەو کامــە ئــەدەبی نییــە، بەمــەش جــەختیان لەســەر (ئەدەبیــەتی کــرۆك) دەکردەوە، بۆیە تەنها خودی بەرهەمی ئەدەبییان لەبەرچاودەگرت،

---

[250] -cuddon، J.A، A Dictionary of Literary Terms ، Third Edition ،Blackwell، Reference، England ، 1943، p277

[251]– د. حمید رضا شایگان فر، نقد ادبی، ص44

و هەوڵیاندەدا کە بەشەکانی پێکهێنانی ئەدەبییەتی دەق لە شێوەو بونیاتدا هەڵێنجێنن، بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش ئەم تیۆرانەیان دانا:

1-نائاشنایی بوون(defamiliarization)

ئەوەی دیاریکراوی زمانی ئەدەبییەو ئەوەی لە تەواوی وێنەی وتنەکان، جیاوازەکات، ئەوەیە کە زمانی ئەدەبی ، زمانی گشتی بە ڕەوشە جیاوازەکان و شێوەکانیان دەگۆڕێت[252]،واتە ئەوەی زمانی گشتی ناتوانیت بەکاربهێت و جیاوازە لە زمانی باو ، زمانی ئەدەبی ئەو ئەرکە لەخۆدەگرێت و نوسەر کارنامەی پێدەبەخشێت، بەمەش زمان دەبێتە زمانێکی نامۆ لە چاو زمانی باودا، بۆنموونە"من موسڵمانم قیبلەم گوڵێکی سورە" لەو وتەیەدا ناتوانین ئاشنا بین، واتە هیچ ئاشنایەتیکمان نابێت، ئەمەش ناچارمان دەکات بەدوای مانا نائاشناکەدا بگەڕێین.

2-جیاوازی بەکارهێنانی زمان لە ئەدەبیاتدا بە بەکارهێنانی لە ڕوانگەکانی تردا

ئەو جێگەیەی کە فۆرمالیستەکان بەدوای ئەدەبییەتی مەتن و ئاشکراکردنی یاساکانیدا بووە، ئەمەش ئەوەی لێکەوتەوە کە دیارترین شت لە ئەدەبیاتدا زمانە، بۆیە دەبێت ئەوە ڕوونبکریتەوە کە بەکارهینانی زمان لە ئەدەبیاتدا چۆن چۆنییە[253].

---

[252]- هەمان سەرچاوە ، ل48

[253]- د. حمید رضا شایگان فر، نقد ادبی،انتشارات دستان، تهران،

لـە روانگـەی فۆرمالیسـتەکانەوە دیـاترترین رووی جیـاوازی بەکارهێنانی زمان لە زانستدا لەبەرامبـەر ئەدەبیاتدا ئەوەیـە، کـە لـە زانستە جیاوازەکاندا هەر وشەیەك مانایەکی هەیـە، واتـە پەیوەندی وشـەو ماناکـەی بەرامبـەرە، واتـە یـەك وشـە یـەك مانـا، بـەلأم لـە ئەدەبیاتدا بەتایبـەتی لـە شیعردا وشـەو ماناکـەی یـەك بەیـەك نین، بەڵکو یەك وشە بەرامبەرە بەچەند مانایەك.

3-گرنگی وشەو مانا لە ئەدەبیاتدا

لـە زمانی ئاسایی یـان زانستیدا ، وشـە بـە ئەندازەی ماناکـەی بایـەخی نییـە، واتـە ماناکـە گـرنگترە لـە وشـەکە، بۆیـە کاتێـك دەمانەوێت وتەو مەبەستێك بگەیەنین، ماناو چەمکەکەی بە زمان و گوزارشـتێکی خۆمـان دەریـدەبڕین، بـەلأم لـە ئەدەبیاتـدا وشـەو تایبەتمەنییەکانی پەیوەست بەو، بەتایبـەتی لـە شیعردا ، لـە ماناو چەمکدا بەبەهاترە، بۆیـە فۆرمالیستەکان دەڵێن" لەئەدەبیاتدا چی وتن گرنگ نییە، بەڵکو چۆنییەتی وتن گرنگە[254]

فۆرمالیسـتەکان پێیانوایـە ناکرێـت چـاوەڕێی بەرهـەمهێنانی ئەتۆم، یـان دۆزینـەوەی چارەسـەری شێرپەنجە لـە شاعیر بکرێـت، بـەڵکو دەبێـت بابەتـەکانی وەك عیشـق و خۆشەویسـتی و خـەم

1380،ص49

[254]-cuddon، J.A، A Dictionary of Literary Terms ، Third Edition ،Blackwell، Reference، England ، 1943، p277

و.....تاد بە دیدو شێوازو شێوەیەکی نوێ وێنەبکێشێت و بە ئیمەی بناسێت.

4-جیاوازی ئەدەبیات لەگەڵ واقیع

فۆرمالیستەکان بڕوایانوایە کە هونەرو ئەدەبیات جیاوازە لە ئەدەبیات، ئەگەرچی سەرچاوەیەکی ڕەسەنی هونەرە، بۆیە هەڵەیە ئەگەر شیعر لەروانگەی واقیعەوە بەدوای واقیعیەتی ژیانیدا بگەڕێین، بۆیە شکلۆفسکی دەڵێت"هونەر لە ژیان جیابووەتەوەو ڕەنگەکانی پەیوەندییان بە ڕەنگی ئالاوە نییە کە لەسەر دەروازەی شارەکاندا هەڵواسراون"[255] یاکۆبسن پیشتیوانی ئەم قسیەدەکات و دەڵێت" دەبێت ئەوەمان قبوڵبێت، کە بەڕپرسیاریەتی شاعیر لەبەرامبەر پەیکاری بیروباوەڕەکاندا، زیاتر لەبەرپرسیاریەتی لەبەرامبەر شتەکانی تردایە"[256] بۆیە میانە لەنێوان ناوەڕۆکی ئەدەب و واقیعدا هەیە، کاتێك بمانەوێت لەسەر ژیانی تەواو و وردی شاعیر بنوسین، دەبێت بەوردی بەشیعرەکانیدا بچینەوە، ئەمە هەڵەیە، چونکە هاتنە ناوەوەی ناوی شاعیرو مێژونوس و سیاسی و ...تاد بۆ ناو شیعر، واقیعیەتێکی هەیە یان نا؟ لێکۆڵینەوە لەمانەش دەگەینە ناسینی ئەمانە، یان نا؟ لەم

---

[255]- بابك احمدی، ساختار تاویل متن،چاپ اول، جلد 2، نشر مرکز، تهران، 1370،ص44

[256]- هەمان سەرچاوە

مەسەلەیەدا فۆرمالیستەکان پێیانوایە هاتنی ئەم کەسایەتیانە بۆ ناو دەق، حەقیقەتی مێژوویی و مەلموسی خۆیان لەدەستدەدەن[257]

تایبەتمەندییەکانی رەخنەی فۆرمالیستی

✓تیۆردانەرانی ئەم رەوشە توانیویانە پێناسەیەکی دیاریکراو دابنێن.

✓ لەپێناو ئیستاتیکاو مەسەلە هونەرییەکاندا، کە گرنگییەکی زۆری هەیە، و کاریان لەسەر ناوەرۆك دەق کردوە.

✓ دژی دابڕان و سەربەخۆبوونی دەق و جیاکردنەوەی لە داهێنەرەکەو بەهاکانیی دەقن.

✓لە دەقدا گرنگیەکی زۆر بە رۆڵی زمان دەدەن.

سنوربەندییەکانی فۆرمالیستی

1-ئەگەرچی دواتر فۆرمالیستەکان تا ئاستێك چاوپۆشیان لە تیۆری سەربەخۆی بەرهەم کرد، بەڵام ئەمەش نەیتوانی دەق دابڕن لە زەمینە مێژوویی و خودی نوسەرو لەم بارەوە لێکۆڵینەوەیان دەکرد.

2-بەهۆی کاریگەری ئاکارو لایەنی دەروونییەوە، گوێیان بە خوێنەر نەداوە، یان دەق کاریگەری لەسەر خوێنەر نەبووە،بۆیە لە ئاکامدا گرنیان بەوەداوە کە هونەر بۆ هونەرەو بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نییە.

---

[257]- د. حمید رچا شایگان فر، نقد ادبی، ص53

3-تەنها سەرقاڵی کاری باش و بەپێزن، کەمتر بایەخ بە ڕەخنەی دەق دەدەن.

4-کاری بە بەرهەمی زانستی و فەلسەفیەوە لە ئەدەبیاتدا نییە، چونکە ئەم بەرهەمە بە ئەدەبی نازانن، تا سەرقاڵی ڕەخنەگرتنی بن.

5-زیاتر بە شتە لاوەکییەکانەوە سەرقاڵن، وەك خواستن ، پارادۆکس .....تاد کە تەنها لە دەقدا هەن و بەس.[259]

5-ڕەخنەی نوێ

ڕەخنەی نوێ(New Criticism)واتە مەتن و هیچی تر، زاروەی ڕەخنەی نوێ دوای بلاوبوونەوەی کتێبەکەی جان کرو رانسوم(John Crowe Ransom) ناسراو بە(the New Criticism)و لەساڵی 1941 ناوبانگی پەیداکرد. لەم کتێبەدا ڕەخنە لە ریچاردز و ئەلیوت و شوێنکەوتوانیان وەك ئەمپسون دەگرێت، لەبەرامبەردا پشتیوانی لە ڕەخنەی هەست شوناسی و ڕەخنەگرانی هەست شوناسی(ontological critics) دەکات، واتە ڕەخنەیەك کە تەنهاو تەنها سەرەنج لە هەستی خودی دەق دەداتنی‌لهیر

ساڵەکانی 1916-1917 بە خاڵی گۆڕانی تیۆری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی دادەنرێت، بەتایبەتی بەهۆی بلاوبوونەوەی کتێبەکەی سۆسێر

---

[258]- د. حمید رضا شایگان فر، نقد ادبی، ص75

[259]- د. سیروس شمیسا، نقد ادبی، ص196

کـە خوێندکارەکانی بلاوێـانکردەوە، دواتـریش ڤیکتـۆر شکلۆفسـکی (هونەر وەك سەرەتا)ی لەساڵی 1917 بلاوکردەوە.

ئـەم تیـۆرە لـە سـاڵانی 1930–1950 لـە ئـەمریکا و لەرێگـەی (ویمست)و(بردزلی)و (.T.Sئەلیوت1885–1965) کە خـۆی لـە سـێ تیـۆردا دەبینێتـەوە، بـەلاّم لـە دوای سـاڵانی پـەنجاکانـەوە وردەوردە بایـــەخی خـــۆی لەدەســـتدا، چـــونکە هەنـــدێك لـــە رابـــەرانیان بۆچـوونەکانیان نـوێکردەوەو گۆڕانیـان بەسـەردا هێنـان، بـەوەی گەیشتنە دیدگایەکی فراوانتر[260]

ئەلیوت ، ریچاردز،رنسام و بروکس و عزراپاوەند، مك لیش لـە رەخنـەگرە ناودارەکـانی ئـەم قوتابخانەیـەن، بـەلاّم بۆچـوونەکانی ریچـــاردز زانســـتی تـــرن، چـــونکە زۆربـــەی بۆونـــەکانی لـــە کتێبی(بنچینەی رەخنـەی ئەدەبی1924)وکتێبی(زانست و شیعر 1926) ئەمەوە وەرگیراون، دواتر وتارەکانی ئەلیوت ، وردبینـی و خوێندنـــەوەی وردو ســـەربەخۆیی و بابەتییـــەتی و یەکیـــەتی و پـەناگیری، دژو شاراوەو ئـەزمونی مرۆیـی تـەنها لـە دەقی ئەدەبیدا دەسـتوری کـاری خۆیـان دەچەسـپێنن، تیـۆری ئـەدەبی تـا سـاڵی 1960 لـــە ئـــەمریکاو بـــەریتانیا دەســـەلاّتێکی فراوانـــی هـــەبوو، لەروانگەی رەخنەگرانی نوێوە، کاتێك خوێنـەر لێکۆڵینـەوە دەکات، پێویسـتە تـەنها سـەیری ئـەو وشـانە بکـات، کـە لەسـەر لاپـەڕەی

[260]– هەمان سەرچاوە ، ل199

کتێبەکەن[261] ئەمانە کڕۆك بە پێوەری ڕەخنە دەزانێت و ئەندێشەیەك کە گەیشتوەتە بیری نوسەر بیرناکەنەوە، کڕۆکی شیعر لە ڕوانگەی ئەمانەوە(نابێت مانا بدات، دەبێت هەیبێت).

لای ئەمانە کلیلێکی وشە ئەزمونە، چونکە شیعر دەبێت ئەزمون بکڕێت، تاوەکو کاریگەری خۆی هەبێت، چونکە ئەگەر پێداگری لەسەر ئەمە بکڕێت، ئەوا دەتوانڕێت ئەو ئەزمونییەتە ئەنجامبدڕێت.

ڕەخنەی نوێ دژە لەگەڵ فۆرمالیزم ، بونیادگەری.....تاد، چونکە ڕەخنەی نوێ سەرەنجی مانا دەدات، بەڵام ئەوان سەرەنجی فۆرم دەدەن، ئەگەرچی فۆرمالیستە نوێکان، تا ئاستێك ڕێگەی نێوەندیان گرتبوو، بەوەی بڕوایان بە فۆرم و مانا هەیەو ئەم دوو ڕێگەیە لە یەکتری جیاناکەنەوە.

لەڕەخنەی نوێدا زمانی ئەدەبی، زمانێکی تایبەتە، کە سود لە پارادوکس و تەنزو پەنهانی و شاراوەی وەردەگرێت، تاوەکو وێنەیەکی بینراو و هەستپێکراو بدات بەدەستەوە، بەشێوەك کاتێك بەهای هەیە کە لەگەڵ بەشەکانی تردا پەیوەندی دروستکردبێت و ڕۆڵی هەبێت، بۆیە مەبەستیان لە فۆرم پێکهاتەو بونیادی بەرهەمە و زمان لە شیوەو بونیاددا ڕۆڵی هەیە.

پەیوەندی یان بەشداری دیارو بابەتیانە

تیۆری(objective correlative) ی (T.S.ئەلیوت) کە لەبارەی ڕەخنەی نمایشنامەی هاملێتی شکسپیر بەکاریهێنا،

---

[261]– د.علی تسلیمی، نقد ادبی ،تهران، 1388،ص22

ئەلیوت بەهای ئەدەبی بە بەدەستهێنانی بەشداری بابەتیانە ، یان هەماهەنگیکردنی رەگەزی بەرهەمێك لە گەیاندنی ئەحساسێکی تایبەت دەزانێت و پێیوایە لەنێوان هاملێت و رەگەزەکانی نمایشنامە بەشداریکی بابەتیانە بوونی هەیە[262]

خراپی گوزارشتی مەبەستی

تیۆری(Intentional Fallacy) یەکەمین جار لەلایەن(ویمست)و(بردزلی) لەساڵی 1946 وتارێکیان بەهەمان ناوەوە پێشنیارکرد، بەپێی ئەم تیۆرە خواستی نوسەر یان شاعیر و هونەرمەند، مەبەستی خۆی لە نوسینی دەقدا ئاشکراکردبێت و بەرێگەیەك بە خوێنەرو بینەرو بیسەری راگەیاندبێت، بەهەر حاڵ مەبەست و ئامانجی پەیوەندی بەبەرهەمەوە نییە، چونکە ماناو بەهای هەر بەرهەمێك لەناو دەقەکەدایە، واتە لە خودی بەرهەمی شاراوەدا، بەتەنهایی تەواو و سەربەخۆیە[263]

خراپی گوزارشتی وەرگر

تیۆری(Affective Fallacy) لەلایەن(ویمست)و(بردزلی) خراوەتەروو، پێیانوایە ئەگەر شیعر، یان هەر دەقێك لە دەریچەی کارلێکردنەوە لەسەر رەخنەلێگیراو دادەنرێت، یان هەست و سۆزێك

---

[262]– سیما داد، فرهنگی اصطلاحات ادبی، چاپ اول، ویرایش جدید، انتشارات مروارید، تهران،1382،ص37

[263]– سیما داد، فرهنطی اصطلاحات ادبی، چاپ اول، ویرایش جدید، انتشارات مروارید، تهران،، ص297

لای ئەو دەبینرێت، دەبێتە جێگەی ڕەخنە، ڕەخنەلێگیراو دووچاری(خراپی گوزارشتی وەرگر) بووەو لە ئاکامدا تێڕوانینەکانی لەسەر بەرهەمەکە، بەهایەکی زانستیات نابێت.[شمێر]

ابرمز لە فەرهەنگی زاراوە ئەدەبییەکانداو لە ناساندنی ڕەخنەی نوێدا دەڵێت" زاراوەی ڕەخنەی نوێ دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی(جۆن کرونسام) بەناوی (ڕەخنەی نوێ) لەساڵی 1941 بڵاوبوویەوە، ڕەخنەگرانی ئەم قوتابخانەیە(کلینت بروکر، ڕۆبێرت پن وارن، ئالان تیت)[لەێر]

ئەگەری ڕەخنەگرانی ئەم قوتابخانەیە لەگەڵ یەکتردا جیاوازییان هەیە، بەڵام تایبەتمەندی ئەم ڕێبازە بریتییە لە:

1-لەکاتی لێکۆڵینەوە لە دەق، دەبێت سەربەخۆبکرێت و جگە لە گریمان و پرسیار بەهیچی تر‌ەوە نەبەسرێتەوە، ئەلیوت دەڵێت" دەبێت شیعر وەك شیعر سەیربکرێت، یان دابنرێت، نەك هیچ شتێکی تر، ڕنسامیش دەڵێت" دەبێت لێکۆڵەر بڕوای بەسەربەخۆیی دەق هەبێت" واتە دەقێك کە بەرهەمهاتوە، هەلومەرجی سەربەخۆبوونی بەدەستهێناوە، تەنانەت لە لە نوسەرو شاعیرەکەی جیادەبێتەوە"

---

[264]- هەمان سەرچاوە ،ل296

[265]- د. حمید رضا شایگان فر، نقد ادبی،انتشارات دستان، تهران، 1380،ص78

2-نابێت خوێنەر لەکاتی رەخنەگرتنی دەقدا، دووچاری خراپی گوزارشتی مەبەست و خراپی گوزارشتی وەرگر نەبێت.

3-لە لێکدانەوەشدا دەتوانرێت پشت بە ژیانnامەی شاعیرو بارو گوزەران و زمانی گۆمەلایەتی و هاتنە ناوەوەی کاریگەری دەروونی و ئاکاری ببەسترێت، بۆئەوەی لێکدانەوەکە بەهێزتربکرێت، بەمەش سەنجدان لە مێژو و جۆرەکانی ئەدەب کەمدەبێتەوە.

4-سیمای هاوبەشی رەخنەگرە نوێکان، شیتەڵکاری بەرهەم بوو، واتە لێکۆڵینەوە لە بەش بە شی دەق و ئەزموون و لێکدانەوەی پەیوەندیە لێبەستراو و ئاڵۆزەکانی بەرهەمهێنانی دەق.

5-رەخنەگرە نوێکان رابەرایەتی خۆیان لە لیکۆڵینەوەی زماندا پیشاندداوە، و پێیانوایە زمان لە ئەدەبیاتدا لەبەرامبەر زمانی زاستەکان و فەلسەفی و لۆژیکییەکاندا سیستمێکی ڕێکخراوە، بۆیە بەر لەهەر شتێك لە مانای ناوەوەی وشەکان و پەیوەندی و کاریگەریان و لێکدانەوەی سیمبولەکانی دەق دەکۆڵێتەوە.

"هەرچەند تاوەکو ئەمڕۆش تیۆری رەخنەگرانی ئەم قوتابخانەیە بەکاردەهێنرێن، و لایەنگری زوریشیان هەیە، بەڵام تا کۆتایی 1950 وردە وردە خۆشەویستی خۆی لەدەستدا، ئەمەش لەوەوەبوو کە هەندێك لە تیۆردانەرانی ئەم قوتابخانەیە، کاریان لەسەر نوێکردنەوەی تیۆرەکانی خۆیان کرد"[266]

[266] -Abram ،M، H،A Glossary of Literary Terms، Third Edition، Holt، Rinehart and Winston Inc ، U .S.A 1971.p

ئەلیون(1885–1965) شاعیری ناسراوی ئینگلیزی و بەرەگەز ئەمریکی، بە شیعری (وێرانە خاك) ناسراوە، جگەلەمە بەرەخنەگریش ناسراوە، هەرچەندە بۆچوونەکانی لەگەڵ ریچاردزدا جیاوازە، بەڵام دواجار لەئەنجام و مەبەستەکەدا یەکدەگرنەوە.بەبڕوای ئەم، وشەی کلیل لە لێکۆڵینەوەدا لە شیعری ڕێچکەو سروشتدایەو وەك ریچاردز بابەخ بە ڕەخنەی مێژویی نادات،و دەڵێت لە ڕەخنەی بەرهەمدا، دەبێت تەنها سەرنج لە دەق بدرێت، نەك باسی حاڵی نوسەرو زەمینە کۆمەڵایەتییەکانی هێنانە ئارای بەرهەم، گیانی ئەم وتەیەی لەم بارەوە لە وتاری(کلتورو ئامادەباشی تاکی)دایە[بی]ر

ریچاردز

ئای.ئەی ریچاردز(I.A.Richards–1893–1979) ڕەخنەگری ئینگلیزی و مامۆستای زانکۆی کامبرج، کاریگەر بە تیۆرە دەروناسییەکان، پێیوایە ڕەخنەی دەروناسی جێگەوتە، نەك خاوەن جێکەوت، بۆیە دەبێت بەرهەم بەبێ ڕاوکردنی خاوەنەکەی لێیبکۆڵرێتەوە، بۆیە زۆربەی کارەکانی لەسەر سیمانتیك بوون، لەشیعردا دەبێت بەدوای دەلالەت و کێش و وێنەی خەیاڵی و

108

[267]–الیوت، تولید شعر،ت: منوچهر کاشف،مرکز نشر سپهر،1348

وشەسازیدا بگەڕێین، نەك ژیانی شاعیرو و ژینگەی کۆمەلایەتی و....تادێر

لە کتێبی زانست و شیعردا[268]، باس لە دوو جۆر زمان دەکات، زمانی عاتفی(Emotional) و کانگایی(Refrential)، شیعر وەك زماناسەکان بە جۆرێك لە زمانی دانانێت، بەڵکو سودێکی تایبەتی لە زمان وەردەگرێت: سودی عاتیفی لە زمان(Emotive of Language)بۆیە پەیوەستیدەکاتەوە بە زمانەکانی ترەوە،هەر زمانی ارجاعییە، زمانی زانستە و شیاوی راستگۆیی و درۆیە و زمانی عاتفیش قابیلی راستی و درۆ نییە .

ریچاردز لەدوو کتێبی لە(پرەنسیپەکانی ڕەخنەی ئەدەبی ١٩٢٤) و (ڕەخنەی زانستی ١٩٢٩) دا کاری لەسەر ڕەخنە کردوەو زیاتر ڕەخنەی ئیمپرەیشنی پراکتیزەکرووە، پێیوایە ڕەخنەی ئەدەبی لەگواستنەوەی مانادا زۆر وردە لەڕێگەی دەلالەتەکانەوە و لەسەرەتاشدا کاری لەسەر پرۆسەی دەروونی و خوێندنەوەی شیعری کرد و پێیوایە دەبێت هەست بەشعرەکە بکەین لەکاتی خوێندنەوەدا ، خوێنەر پێویستی بەوە نییە بڕوا بەشعرەکە بکات ، چونکە بایەخی شعر لەوەدایە هەست و نەستی خوێنەر

[268] - I.A.Richards ،philosophy of Rhetoric،1936

[269] -Science and potry، 1926

بوروژێنێت[270]

لەبارەی کارنامەی ئەدەبیاتەوە دەڵێت شاعیر هەستەکانی خۆی لەڕێگەی وشەکانەوە دەگەیەنێتە خوێنەرو دەبێت یەکسانی دەرونی لای خۆی دروستبکات.

6-ڕەخنەی دەروونناسی

ڕەخنەی دەروننناسی ئەو جۆرە ڕەخنەیە، کە کار لەسەر لێکدانەوەی دەرونی دەقی ئەدەبی دەکات و لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت باشتر نوسەرو هونەرمەند بناسێت، بەو پێیەی نەست کۆگای حەزوخواستە چەپێنراوەکانە.

سەرەتای ئەم جۆرە ڕەخنەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەفلاتون، چونکە لە کتێبی دیالۆگدا شیعری ڕاستەقینە، بەجۆرێك لە وڕێنە دادەنێت، کە بیری مرۆیی پەریشان حاڵ و ئاشفتە دەخاتە گومانەوە.

ئەرستۆش لە تراژیدیادا پیشت بەکاریگەری دەبەستێت، لەپێناو پاکردنەوەی دەروندا،چونکە ترس و بەزەیی بەرهەمدێنێت.

ڕەخنەی دەروننناسی لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم و دوای تیۆرەکەی فرۆید سەریهەڵداوە، لەگەڵ ئەمەشدا روانینەکانی لەتەواوی جیهاندا بلاوبوویەوەو جێگەی خۆی کردەوە،لەم ڕێگەیەشەوە زۆر لە مەسەلە شاراوەکانی ناو دەق ئاشکرا بکرێت.

---

[270]–محمد عبدالمنعم خفاجي، (أصول النقد) مكتبة الكليات الأزهرية، 1975

لەم جۆرە رەخنەیەدا هەوڵدەدرێت حاڵ وروواوە ناوەکییەکانی دەروونی شاعیر، یان نوسەر بناسرێن و بخرێنەروو، یاخود توانای نوسین و رێکخستن و پێکهاتەی چێژ و خۆشی وبەهرەو...تاد بخرێتەروو، توانای سۆزو تێڕامانی دیاریبکرێت، جگەلەمەش کاریگەری ژینگەو کۆمەڵگەو بۆماوەو تەمەن و...تاد کە لە بوونییەتی ئەو ئەو رووداو حاڵەدا هەیە بخوێنرێتەوە، بەمەش رۆح و لایەنی سایکۆلۆژی هەم شاعیر هەم شیعرەکە دەخوێنرێتەوە.

ئەم حاڵەتەش ئەو خاڵەمان بۆ دەخاتەروو، کە شیعرو ئەدەب وەک تەواوی بەشەکانی هونەرو ئەدەبیات، پێش هەر شتیک دۆزینەوەی دنیایەکی نوێیە کە دڵ و دەرونی مرۆڤ تێیدا دەکرێتەوەو ئاستی توانست و هێزی دەروونی نوسەر یان شاعیر بەشداریدەکات.

کانت "ئەم راستیە بۆ یەکەم جار بەشێوە زانستییەکەی دەخاتەروو، کە شیعرو هونەرەکانی تر، چالاکییەکی هاوئاهنگ و گونجاوی تەواوی هێزی دەروونین، کە بە ئازادی و بەبێ هیچ کۆتوبەندێك، لە جیهانی وێنەو بەرجەستەدا ئەنجامدەدرێن، لەم روانگەوە دەتوانرێت بوترێت، کە هونەر لەروانگەی دەروننناسییەوە، بریتییە لە گونجاندن و هاوسەنگی هێز لەنێوان هێزی وینانکردن و هێزی درکپێکردن، کە لەهەمانکاتدا بەرامبەرە بە شتێکی دەرەوە، لەیەککاتیشدا رەچاوی هەردوو هێزەکە دەکات، بەم پێیەش بێت هونەر بەشێوەیەکی گشتی و شیعرو ئەدەب بەشێوەیەکی تایبەتی ،بریتییە لە گونجان و هاوئاهەنگی دەروونی و بیری، کە لە نێوان میانەو ناوەندەکان و

هێزەکانی زانیاریـیەوە بەدەستدێت"[271]،بەم پێیەش شیعرو ئەدەبیات وەك تەواوی هونەرەکانی دی، نمودی دەرونییە، بەوپێیەی شیعر و ئەدەب هەڵێنجراوی وێناو بیرو وروانینی شاعیرو نوسەرن و تێیدا مێژوو، دەوروبەرو رودواو.....تا کاریگەری لەسەر هەیە، بەمەش سایکۆلۆژیا دەبێتە بەشێك لە ئەدەبەکە، یان شیعرو ئەدەب بزوێنەری سایکۆلۆژیان، کەدەبنە هۆی بوونی چێژو ئازار لەمرۆڤداو کاریگەری لەسەر دروستدەکەن، کەواتە شیعرو ئەدەب دەبنە کەرەستەو مەسەلەی سایکۆلۆژی.

کەرەستەی شیعر روخسارو ناوەرۆك پێکیدەهێنێت، لای ئەفلاتون شیعر لاسایکردنەوەی سروشتە، بەڵام لاسایکردنەوەی شتە ساکارەکەی نا، بەڵکو ئەو جوانی و وێناو روانینەی، کە لە جیهانە هەستییەکەدا ون یان شاراوەو نەناسراوە، خەیاڵی شاعیر بەرهەمیدەهێنێت و دەیناسێنێت، هیگل پێوایە" لاسایکردنەوە لەشیعردا تەنها لە جۆرەکانی وەسفدا بوونی هەیە، بەڵام لاساییکردنەوەیەکی تەواو نا، چونکە لاساییکردنەوەی هونەرمەند دەیەوێت خۆی لە سروشت نزیك بکاتەوە،و شتەکان بخاتەروو[272]،بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە شاعیر کارمەندی سروشت نییە، بەڵکو هاوکارو دەسیاریەتی، لاساییکردنەوە کەرەستەی خۆی لە جیهانی دەرەوە وەردەگرێت، بەڵام ئەمەش توانـاو بەهرەی شاعیرەو

[271]– د.عبدالحسین زرین کوب، اشنایی با نقد ادبی،ص81

[272]– د.عبدالحسین زرین کوب، اشنایی با نقد ادبی،ص83

لەشـێوەی کەرەسـتەکانی دەرەوە دروسـتیکردون، بۆیـە ئەگـەر لاسـاییکردنەوە لەسـەرەتادا بکەوێتـەژێر کاریگـەری وێناکردنـەوە، بەڵام دواجار دەبێتە پرۆسەیەکی بیری، بەو پێیـەی لایـەنی بینـراوی و روخساری نییە،بەو پێیەی وێنەی لە جیهانە دەرەکییەکەدا نییە.

ئەفلاتون شیعر بە بەرهەمی چێژو ئیلهام دەزانێت، ئەم شەوق و ئیلهامەی خودە، جگە لە گوزارشتی عیرفانی لـە وێناکردن شتێکی دی نییـە، وێنـاکردنیش بـە وتـەی دەروننـاسـان ئامـادەیی وێنـەی زەینی لە غیابی بوونی ئەمانەدایە.

لەسەردەمی نوێشدا ئەم میتۆدە دەگەڕێتـەوە بۆ تیـۆری نەستی فرۆیدسمبڵ،ئەگەرچی پێش فرۆید هەریەکە لە(هێر بارت) و(فخنـەر) باسـیان لـە نەسـت کردبـووشمبڵ بـەڵام کـاری وردو ناسـاندنی و دۆزینەوە لەم بوارەدا کارەکانی فرۆید بوون.

---

[273]– فرۆید لەسالّی 1856 لە فرایبورگ لە ئەلمانیا لەدایکبووەو لە1881 چووەتە زانکۆی پزیشکی وین و دوای تواکردنیشی لە خەستەخانەیەکی گشتیدا کاریکردوە، سەرەتاش پشپۆڕی دەماربووە، لەسالّی 1885 دەستی بەکاری دەروننـاسی کـردوە، لەسالّی 1893–1923 گرتگترین تیۆری خۆی خستوەتەروو،لەسالّی 1938 بەهۆی هیرشی نازییەکانەوە لە نەمساوە چوە لەندەن و هەرلەوێ لە 1939 کۆچی دوایی کرد.

[274]–مکتبهای روانشناسی و نقد ان، دفتر همکاری حوزه و دانشگاه،ج2، چاپ اول، انتشارات سمت،تهران،1369، ص280

دوو قوتابی کە بریتبوون لە (کارل گوستاف یونگ)[لهی] و (ئەلفرێد ئادلر)[ئادلر] لە هەندێك تیۆردا بەتایبەتی لە(لیبیدۆ)دا جیاوازبوون لەو وخۆیان لەو جیاکردەوە.

پرەنسیپەکانی ڕەخنەی دەروونناسی

1-دەقی ئەدەبی پەیوەستە بە نەستی بەرهەمهێنەرەکەیەوە.

2- بوونی بونیادێکی دەرونێکی تۆراو لە نەستی نوسەرەکەیداو بەشێوەی هێماو ئیندێکس دەردەکەوێت و پێویستە ئەم بونیاتە لە دەقدا ئاشکرابکرێت.

3-بەپێی رابەرەکانی ئەم ڕەخنەیە، ئەو کەسایەتیانەی کە لە دەقە ئەدەبییەکاندا هەیە، کەسی ڕاستەقینەیین، چونکە گوزارشت لە حەزو خواستە ڕاستەقینەییەکانی دەکات، کە لە نەسی نوسەردا ئامادەبوونیان هەیە.

4- نوسەر هەوڵدەدات حەزەکانی بخاتەروو، لەشێوەی هێمایی و قبوڵکراو لە ڕوانگە کومەڵایەتیەکەوە.

ڕەخنەی دەروونناسی لە ئەدەبیاتدا

---

[275]-لە1870 لە وین لە دایك بووە، دواوی بەدەستهێنانی پسپۆڕی لە چاودا ، دەستی دایە دەروونناسی، لە 1902هەموو هەفتەیەك بەشداری لیکۆلینەوەکانی فرۆیدی دەکرد، بەڵام لە 1911دەستیدایە کاری دەروونناسی تایبەت بەخۆی و لە بواری لیبیو و سێکسدا بەئاشکرا ڕەخنەی لە فرۆید گرت.

[276]- تیۆرەکانی لە1920 بوونە مایەی سەرنج و ناوبانگیان پەیداکرد، لەساڵێ 1923 لە ئەمریکا نیشتەجیبوو، لەساڵی 1937 بۆ قسەکردن چووە سکوتلەندا و هەر لەوێ مرد.

رەخنەگرتن لە دەق، پێویستە رەخنەگر لە دەقدا رەچاوی یەکێك لەم خالأنەی خوارەوەی کردبێت:

1-خوێندنەوەی دەروننناسی نوسەر، یان شاعیر لەرێگەی بەرهەمەکەیەوە.

2-لێکۆڵینەوەی دەروننناسانە لە رەوتی داهێنراوی دەق لە قۆناغی بەرهەمهێنانیدا.

3-خوێندنەوەی دەروننناسی، کاریگەری دەقە لەسەر خوێنەر.

4-لێکدانەوەی دەروننناسانی دەق، کەسەکان و مەسەلە پێشنیارکراوەکان لەدەقدا[277]

تیۆرە گشتییەکانی فرۆید

ئەگەرچی هەندێك لە تیۆرەکانی کەنارخراون، بەلأم دەروننناسی کاریگەرێکی زۆری لە رەخنەی ئەدەبییدا هەیە:

تیۆری نەست

بەبڕوای فرۆید دەروونی مرۆڤ پێکهاتوە لە سێ بەش(هەست ، نیوە هەست، نەست)، بەشی ئاگا ئەو بەشەی مێشکی مرۆڤە کە لەواقیعدا چالاکی هوشیاریانەی پێ ئەنجامدەدات، بەشی نیوە ئاگای پرۆسە زهنییەکانە، کە ئاگامان لە بوونی نییە، بەلأم کاریگەری خۆی بەبێ ئیرادەو ئیختیاری ئێمە لەسەر کاریگەری ئێمە دادەنێت. فرۆید دەروونی مرۆڤ بە شاخی سەهۆلینی ناو دەریا دەناسێنێت، بەشێکی کەمی لەسەرەوەیە کە هەستەو ئەوتری لەناو ئاودا شاراوەتەوە، بەشێکی نیوەئاگاو ئەوەی خوارەوەی

---

[277]- رنه ویك، اوستین: نظریة ادبیات، ترجمه: چیا و موحد و پرویز مهاجر، چاپ اول، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران، 1373، ص82

نەستە، کەواتە بەشێکی زۆری دەروونی مرۆڤی داگیرکردوە، گرنگی نەست ئەوەیە، کاتێك مرۆڤ هەر حەزو خواستێکی حەزلێنییەو لە ئاگاییدا ڕەنجاوە،یان چەپێنراوە، دەچێتە نەستەوە، هەرکاتێکیش فشاری نەست زیاد بکات ، کاریگەری لەسەر دژی و پێچەوانەیی ئاگایی کەسەکەوە هەیە.

بوونیادی کەسیەتی لای فرۆید بریتییە لە(Id)و (Superego)و(EGgo)، واتە بنچینەی تیۆرەکەی دابەشکردنی کەسیەتییە بە بەشی بچوك،بەڵام ئادلر جەخت لەسەر یەکیەتی کەسیەتی دەکاتەوە،و پێیوایە ڕەفتاری مرۆڤ نەك بەهۆی ژیاننناسی غەریزەوە(زیست شناختی) بەڵکو بەهۆی هۆکاری کۆمەڵایەتییەوە دیاریدەکرێت، هەروەها فرۆید جەخت لەسەر دیاریکردنی ناخودئاگای ڕەفتار دەکاتەوە، چونکە پێیوایە ڕەفتاری مرۆڤ بەهۆی ئەزمونەکانی ڕابردویەوە دیاریدەکرێت، بەڵام ئادلەر جەخت لەسەر خود ئاگا دەکاتەوە، چونکە بەڕەو بەهێزی لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوەی کە ئەو لەبارەی ئایندەوە بیردەکاتەوە،دەکەوێتە ژێرکاریگەرییەوەو هەوڵدان بۆ ئامانجی ئایندە، دەتوانرێت گۆڕانکاری تیدابکرێت، ئەو مرۆڤ لەوساتەدا ئەنجامیدەدات، کە کەوتوەتە ژێرکاریگەرییەوە[278]

[278]– کلیفورد الان،پیشگامان ڕوانپزیشکی، ترجمە: اسماعیل سعادت،ص193

ئادلـــەر زۆر لـــە تیۆرانییینـــەکانی فرۆیـــدی پـــێ قـــەبوڵ نەبوو،گرنگترین تیۆری لای ئادلەر تیۆری غەریزەی توانایی بوو، پێیوابوو ئەوەی دەبێتە هۆی سەرخستن و پێشخستنی مرۆڤ لە ژیاندا، ئەحساسی رقلێبوون یان هەست بەکەمکردنە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ بەهۆی هێزی ئەمانەوە سەرکەوتنی جیاواز بەدەستبهێنێت[279] کەواتە بە بڕوای ئادلەر پێشکەوتن و شارستانییەتی و داهێنانی بەرهەمی ئەدەبی مرۆڤ لەسەر بنەمای هەستکردن بە رق و کەمییە لە دەوونییدا، ئەمەش هێزی توانایی پێدەبەخشێت.

تایبە تمەندییەکانی رەخنەی دەروناسی

1- لەپێناو گەیشتنە رازو نیازە دەرونییەکان و تێپەڕاندنی روخساری دەق بۆ ناوەڕۆك، رۆڵێکی سەرەکی هەیە.

2-لەڕێگەی ئەم رەخنەوە لایەنەدەروونی و رۆحییەکانی مرۆڤ لەناو دەقە ئەبییەکاندا دەدۆزرێتەوە.

3-بنچینەی دەروناسی لەسەدەی بیستەمدا جێکەوتەی لەسەر بینین و لێکدانەوی زۆر نوسەرو شاعیر و هونەرمەند دانانەوە، بەهۆی ئەمەشەوە روانینیانی بۆ دەق و بەرهەمی ئەدەبی و ئیستاتیکاو فراوانترکردوە.

4-لیکدانەوەی دەروناسانە هۆکاری بەهاداریە لەپێناو ناسینی کەسایەتی و حالاتی رۆحی داهێنەری دەق[280]

---

[279]- د.حمید رضا شایگان، نقد ادبی، ص128

[280]- هەمان سەرچاوە،ل130

سنورداریەکانی ڕەخنەی دەروونناسی

1-بەهۆی سنورداری خۆیەوە ، سەرنج لە جواننناسی بەرهم نادات.

2-زۆربەی ڕەخنەگرانی دەروننناسی، هەوڵیانداوە بۆلێکدانەوە لەیەک ڕوانگەوە دەق ڕاکیشنە ناو تیۆرەکانی فرۆیدەوە ، لەگەڵ ئەوەی هەندێک لە دەقەکان و سروشتی مرۆڤەکانی لەگەڵ ئەم تیۆرەدا ناگونجێت.

3-ڕەخنەی دەروناسی زۆر پسپۆڕییە، بەوەی ئەوەی لەدەقدا کار بەم میتۆدە بکات ، دەبێت دەروننناسی بێت، یان دەروناسێکی زیرەک بێت، بۆیە ئەوانەی سەرقاڵی دەروناسین لە ئەدەبیاتدا خاوەن ئەزمونی دەروناسیی نین.

4- لە تیۆرە دەروننناسیەکاندا بەتایبەتی تیۆری فرۆید، کاریان لەسەر کەسایەتی ژن نەکردوە، یان زۆر بەکەمی لە جیهاندا کاری لەسەر کراوە.

7-ڕەخنەی بونیادگەری

ریشەی بونیادگەری(structuralism) دەگەڕێتەوە سەر فۆرمالیزم و قوتابخانەی پراگ(تەنانەت زاراوەکەش داهێنراوی ئەمانە) و نیوفۆرمالیزم و فۆتۆریزم، دواتر کاریگەربووە بە ڕەخنەی نوێ، بەپێی بونیادگەرەکانی پراگ بەرهەمی ئەدەبی ئۆرگانیزمییەو تێیدا هەموو ڕەگەزەکان و فۆرمەکان هەن، هەروەها ناوەڕۆک، یان هیچ شتێکی تر، ناتوانێت بە زمانێکی تر، جگە لە زمانی ئەدەبی کە بەکارهێنراوە، ڕوونکردنەوە بدات، بەمەش هەموو شتەکان پەیوەندیان بەیەکەوە هەیەو بونیادێکیان بەدەستهێناوە[281].

---

[281]-د.سرویس شمیسا، نقد ادبی، ص177

وشەی بونیاد لە لاتینیدا (Structura) لە فەرەنسیدا (Structure – structuralism) و لە زمانی ئینگلیزیدا structures بۆ بەکارهاتوە و لە structuralism هوە هاتووە.

لە فەرهەنگی خاڵ و (رەبیحی)بنیاد بەواتای بناغەو بنیادی واتا بەکارهاتووە . لە فەرهەنگی فارسی (معین) دا ، بەواتای ڕەگ و ریشەو بناغە هاتووە. لە زمان وئەدەبی عەرەبیشدا بە (البنیویە) (البنائیە) بەکارهاتووە، یان بونیاد پەیوەندی سەرجەم بەشەکانە لەگەڵ یەکتری.

لوسیا گولدمان دەڵێت" بونیاد واتە سیستەم لە هەر سیستەمێکدا هەموو بەشەکان بەیەکەوە بەستراون، بەشێوەیەك کە کاری هەربەشێك بە سەرجەم بەشەکانی سیستەمەکەوە بەستراوەتەوە، هیچ بەشێك ناتوانێت لە دەرەوەی بەشەکانی دیکەی سیستەمەکەدا هەبێت، بەو پێیە ناتوانرێت سەرجەم سیستەمەکە بناسرێت، بەپێی ناسینی بەشەکانی تری"[282].

فۆکۆ دەڵێت" ناتوانرێ بەئاسانی پێناسەیەك بۆ بونیادگەری دیاریبکرێت، چونکە ئەم زاراوەیە ئاماژەکردنە بۆ کۆمەڵی شیکردنەوە و ڕێڕەو و کتێبی جۆربەجۆر"[283]

ئیکۆ دەڵێت"هەوڵێکە بۆ لێکدانەوەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، کە لە مودێلەکەی زمانەوانی سوسێرەوە هاتووە" بارتیش دەڵێت" بریتییە لە پەرەپێدانی سیمیۆلۆژی گشتی (Semiolog)، یان

---

[282]- لویسن گلدمان ، نقد تکوینی ، ل 7 .

[283]- ئازاد حەمە ، رەهەندی تێرامان و جەستەی وتاری رۆشنبیری هاوچەرخ ، ل 22

تیۆری نیشانەکان، کە بەسەر بوارەکانی چالاکی مرۆڤایەتیدا پەیڕەودەکرێ[284] ، یان "میتۆدێکی فەلسەفی ڕەخنەیی و تیۆرێکی زانینەو بریتییە لە خۆبەستنەوەی فکرێک، یاخود چەند بیرێک بەیەکترەوە، لەسەر بنەماکانی توخمە پێکهێنەرەکان، بەو پێیەی ئەمانە خاوەن بنەماو پێکهاتەیەکی بونیادین، و هەموو دیاردەیەکی مرۆڤایەتی یان ئەدەبی لەبونیاد پێکدێت، پێویستە بگەیتە توخمە پێکهێنەرەکانی "بونیادگەری ڕێگەیەکە بۆشیکردنەوەی ڕوخساری دەق و ناوەڕۆکەکەی بەسوود وەرگرتن لە دەرهاوێشتەکانی زانستی زمان ، یان نەسقێکە لە کۆمەڵی توخمی خاوەن دەلالەتی ڕوخسارگەری پێکهاتووە، یان بونیادگەری جەختکردنە لەسەر گرنگی پەیوەندییە ناوەکییەکانی پێکهاتەیەک[285].

لە سەدەی بیستەم و لەنێوان سالأنی 1907–1911 کۆمەڵیک کاری لەسەر زمانناسی لەلایەن سۆسێری زمانناسی فەرەنسییەوە ئەنجامدراوە، دواتر لەلایەن خویندکارەکانییەوە کۆکرایەوەو لەساڵی 1916 بەناونیشانی چەند وانەیەک لەبارەی زماناسی گشتییەوە بلأوکرایەوە، سۆسێر کاری لەسەر دوانەییەکان کردوە (زمانlangue، قسەparole) وەک دوو کردەی جیاواز، جگە لە سۆسێر کاتێک باس لە ڕابەرانی بونیادگەری دەکرێت، ناوی دوو

---

284 - David mosey ، the peugain book of Grid cal theory peugvin book ، 200 p 3 ، 5 .

285 - Oswald pucrot et lesautres ;Guost cegue le structar alisme Ed، sevil Paris، 1968 . p . 7 .

کەسی گەورە دێت، کە کاریان لەسەر لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ئەفسانەو داستانەکان کردوە، کە بریتین لە(ڤلادیمێر پراپ)[285]ی روسی و(کلۆد لیڤی شتراوس)[286] فەرەنسی دەکرێت.

بونیادگەری زیاتر کار لەسەر سینکرۆنی(synchronique) دەکات، واتە پەیوەندی بە هۆکاری رابردوەوە نییە، بەڵکو سەنجی سەرەکی لەسەر پەیوەندی بەشەکان لە یەك کات و سەردەمێکی دیاریکراودایە.[287]

جیاوازی نێوان بونیادگەری و فۆرمالیزم

---

[285]– لەساڵی 1895 لە شاری پترس بۆرگ لە خێزانێکی بەرەگەز ئەڵمانی لەدایکبووە، ساڵی 1932 لەگەڵ ئەوەی مامۆستای زمانی ئەڵمانی بوو، بووەتە ئەندامی زانکۆی لینینگراد، لەساڵی 1938 دەستیدایە لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆری، بەهۆی ئاگادارکردنەوەی لە تیۆرە فۆرمالیستییەکان دەستیدایە تەحقیکردنی بونیادگەرانەی چیرۆکە گشتییەکان و بەناوی (سیماناسی چیرۆکەکانی پەریان 1928) چاپکرد، ئەم کتێبە سێ ساڵ دواتر 1958 وەرگێڕرا بۆ ئینگلیزی، .

[286]–لەساڵی 1898 لەدایکبووەو لەساڵی 2009 کۆچی دوایی کردوە، یەکێکە لەو نوسەرە دیارانەی بونیادگەری هاوچەرخ، کە کار لەسەر بەدواداچوونی مرۆڤ ناسی دەکات، نوسین و بەرهەمە دیارەکانی لەم بوارەدا بریتییە لە(بونیادە سەرەتاییەکانی خزموخوێش)، تەوتەمیزم، ئەندێشەی وەحشی ، مرۆڤ ناسی بونیادی دووبەرگ، سەردەمی چوار بەرگی زانستی ئەفسانە، لەم بەرهەمانەدا شتراوس هەوڵیداوە کە رەوشتی بونیادگەری لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا بەکاربەرێت.

[287]– د.سرویس شمیسا ، نقد ادبی،ص179

ڕەخنەی بونیادگەری سەرقاڵی پەیوەندی هەموو بەشەکانی دەقەو لەپێناو گەیشتن بەم ئەنجامەش، وەك فۆرمالیستەکان گرنگی بە روخسارو ناوەڕۆك دەدەن، بەلاّم ئەگەر ڕەخنەی فۆرمالیستی تەنها کار لەسەر بەشەکانی یەك بەرهەم دەکات، ئەوا ڕەخنەی بونیادگەری کار لەسەر ئاشکراکردنی ئەم پەیوەندیە بنچینەیی و بونادیانە دەکات، کەشیاوی گشتگیرکردنە بەسەر جۆری ئەدەبی، یان هەر سیستمێکی تردا بێت، بۆنمونە ئەگەر فۆرمالیستەکان لێکۆڵینەوە بێت لە ئینسجامی پەیوەندی تەواوی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی غەزەلێکی تایبەت، ئەوا بونیادگەرەکان کار لەسەر پەیوەندی و پێکهاتەی هاوبەشی(ئاشکراو پەنهان) جۆری غەزەل بەشێوەی گشتی دەکەن[289].

بونیادگەرەکان پێیانوایە تەواوی بەدەستهاتوەکانی جیهان، خاوەن پێکهاتەیەکی دیاریکراوی خۆیانن ، واتە بە بڕوای ئەمان هیچ شتێك لە جیهاندا ڕووندادات، ئەگەر لە خاوەن پێکهاتەیەکی دیارکراو و پەیوەندێکی هەمیشەیی نەبێت[290].

چۆنییەتی مامەڵەکردنی بونیادگەراکان لەگەڵ ناوەڕۆك

یەکەمجار (ڤلادیمێر پرۆپ)ی ڕوسی بوو کە لەبارەی(چیرۆکە کلتوری و میلییەکان) لەڕوسیدا دەستی بە لێکۆڵینەوەیەکی

289– د. حمید رضا شایگان فر، نقد ادبی، ص82

290– هەمان سەرچاوە،ل84

دیاریکراوی بونیادگەرانەکرد، سەد چیرۆکی (میللی)گشتی بە جۆرێکی دیاریکراو کە بە چیرۆکی پەریان بەناوبانگە، هەڵبژاردوە.

خاسیەتەکانی رەخنەی بونیادگەری

1-روانینی خوێنەرو رەخنەگر فراوانتردەکات، بەشێوازێك لەبری سەرقاڵکردنی خوێنەر بەشتە روخساری و جۆراوجۆرەکانەوە، پێکهاتەو بنەما شاراوەکان دەردەخات.

2- لێکۆڵینەوە لە بونیادەکانی دەق.

3-دەستاوەردەکانی بونیادگەری، باشتر دەتوانرێت جیاوازەکانی جۆرەکانی ئەدەب پەیجویی بکرێت.

4-بەبەدەستهێنراوە بونیادگەرییەکان لە جۆری ئەدەبیدا، دەتوانرێت سەرچاوەو بنچینەو سەرهەڵدانیان دیاریبکرێت.

سنورداربییەکانی ڕەخنەی بونیادگەری

1-لە لێکۆڵینەوە بونیادگەرییەکانی بەهای فەرهەنگی، دەق بایەخی نییە، چونکە ئامانجی بونیادگەران گەیشتنە بە پێکهاتەو بونیادی ئەوان .

2- بونیادگەری بە چەمکی بەرهەم کاری نییە، بەڵام بە تێڕوانینی ئیگلتۆن بونیادگەرەکان لە چۆنییەتی بەکارهێنانی

بەدەستهێنراوی ئەدەبی نیگەرانبوون ،بەوەی کاتێک خەڵکی بەرهەمی ئەدەبی دەخوێنێتەوە، چی ڕوودەدات[غیر]

3-بە تێڕوانینی رامان سیلدنی بونیادگەر، نەك تەنها نوسەرەکە ناوەڕۆك دەخاتەلاوە، بەڵکو ناوەڕۆکیش گرنگ نییەو بونیاد گرنگە، نوسەر تا پێش بونادگەری ،بە داهێنەری دەق دادەنراو دواتر دەگۆڕێت بە ئامێرێك کە بەرهەم دێنێتەگۆڕێ و بەتەوای بونیادگەرە[غیر]

4-بونیادگەری بەشێوەی ناچاری و خۆلێلادان، ناچارە سەبارەت بە جواناسی بەرهەم و دەق بەبێ سەرنج بمێنێتەوە.

هێڵە گشتییەکانی شیکردنەوەی بونیادگەری[293]:

بونیادگەری دژ بەو میتۆدانەیە کە ئەدەب لە ڕوانگەی فاکتەری دەرەوەو ژینگەدا دەبینن ، ڕەخنەی ئەوەیان ئاراستەدەکەن ، کە تەنها ڕاڤەیەکی ڕونکردنەوەیی (تەعلیلی) یە پشت ئەستورە بە سیاقی کۆمەڵایەتی بە پێچەوانەوە بونیادگەرەکان، جەخت لەسەر گەوهەری

---

[291]- تری ایطلتون، پیش درامدی بر نظریة ادبی ترجمة عباس مختبر، چاپ اول، نشر مرکز،تهران، سال 1368،ص154

[292]-رامان سلدن،راهنمای نظریة ادیی معاصر، ترجمة عباس مخبز، چاپ اول، انتشارات طرح نو، تهران،132

[293] - علی تاهیر حسین، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی،2007

ناوەوەی دەق دەکەن ، بەبێ گوێدان بە فاکتەری کۆمەڵایەتی و سیاسی و باری دەروون و ئایدولوژیای نووسەر ، ئەوەیش رادەگەیەنن ، کە کاری ئەدەبی سیستم و بونێکی تایبەتی خۆی هەیە .

1-گەوهەری رەخنەی بونیادگەری شیکردنەوەیە ، نەك هەڵسەنگاندن ، باشی و خراپی بەرهەم ئامانجی ئەم میتودەنییە ، بەڵکو ئامانجی سەرەکییان چۆنێتی دەرخستنی پێکهاتەو واتایە ، ئەویش لە روانگەی پێکەوە گرێدانی توخمەکانەوە دەبێت .

2-فورمی ئەدەبی لای بونیادگەرییەکان لە دەقەوە دەستپێدەکات و هەرلەوێش کۆتایی دێت ، هەر چەند زیاتر بەرەوخویندنەوەیەکی شیکارییانەی دەق بڕۆیت، بۆنیادی کارە ئەدەبییەکانت زیاتر بۆ روونەدەبێتەوە .

3-بونیادگەری پەرەنسیبەکانی ئیلهام و داهێنانی ئەدەبی رەتدەکەنەوە ، چونکە باوەڕیانوایە لە کۆتاییدا دەق بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەبات.

4-دەق خاوەن بونیادێکی قووڵی شاراوەیە ، ئامانجی شیکردنەوەی بونیادگەری دۆزینەوەی ئەو ئاستە قووڵەیە .

5-بونیادگەرییەکان بانگەشەی ئەو دەکەن کە ئەدەب بابەتیکی سەربەخۆیە لە کۆمەڵ ، بابەتی ئەدەب ئەدەب خۆیەتی. .

6-بونیادگەری باوەڕی بەرەهەندی کۆمەڵایەتی و خۆدیی ئەدەب نییە ، زیاتر جەخت لە سەر پێکهاتەیەکی زمانەوانی سەربەخۆ

دەکەنەوە ، بەوەی کە سیستمێکە لە هیماو دەلالەت لە دەقەدا بەرجەستە دەبێت و پەیوەندی بەدەرەوەی دەقەوە نییە .

7-بونیادگەری کار لەسەر ڕەهەندی میژوویی (دیاکرونی) ناکەن ، زیاتر جەخت لەسەر ڕەهەندی (سانکرونی) ساتەوەختی دەکەنەوە.

8-بونیادگەرییەکان باوەڕیانوایە کە خۆینەر نووسەری ڕاستەقینەی دەقە ، هەر چەند خۆینەر خاوەن باگراوندی ڕۆشنبیری بەرفراوان بێت، خاوەن خویندنەوەی چاك دەبێت ، هەر لەم ڕوانگەیە خوێندنەوەی جۆراو جۆری دەق هەیە .

9-بۆ دەرخستنی بونیادی دەق ،پەنا بۆ لێککچوون (التشابه) هاوسەنگی (التوازی) هاو دژی (التضاد) هاوسێتی (التجاور) هاو بەرامبەر (التقابل) پێچەوانەیی (التعارض) دەبەن.

8- پاش بونیادگەری

پاش بونیادگەری(Post structuralism) لەنیوەی دووەمی 1960 لەفەرەنسا سەریهەڵداوە، ڕولان بارت بە پشتکردن لە بونیادگەری و هێنانە ئارای تیۆری مەرگی نوسەر و نوسین لە پلەی سفردا، گرنگترین تیۆری پاش بونیادگەری بەرهمهێناوە.

لە ڕەخنەی بونیادگەریدا کار لەسەر نیشانەو ڕۆڵی زمان لە نیشانەدا دەکرێت ، بەوەی نیشانە لە زماندا ئەرك و کارنامەی خۆی هەیە.

پەیوەندی جێنشینی و تەکنشینی

ئەو پرسیارە دەکرێت کە تێگەیشتن و لێکتێگەیشتن چۆن دروستدەبێت؟، ئێمە چۆن لەگەڵ یەکتری پەیوەندی زمانی دەچەسپێنین؟ بە بڕوای سۆسێر بنچینەی زمانی مرۆڤ لە تەواوی دونیادا بە دوو پەیوەندی گرنگ و بنچینەیی چەقەکانی هەمنشینی و تەکنشینی دورستدەبێت، لەرێگەی ئەم دوو پەیوەندییەوەیە، کە مرۆڤەکان دەتوانن رستە دروستبکەن و لەگەڵ یەکتری قسەبکەن[294]

تەکنشینی

ئەو پەیوەندیانەن کە لە دێڕەکاندا و لە پەیوەندی یاسا رێزمانییەکاندا دێنەدی، یان" پەیوەندی تەکنشینی ئەو پەیوەندییانەن لە فرێزو نیوەدێڕی شیعرەکاندا دروستدەبن"[295]، بۆیە زمان لەم لایەنەدا پێکهاتەییەو بونیادێکە رێگەدەدات وشەکان لەرستەدا لەلای یەکتریەوە دابنرێن و رێکەوتن بەرهەمبهێت، بۆنموونە(ئازاد نانی خوارد) بونیادی رستەکە بریتییە لە(بکەر + بەرکار+کار)ە و لەلایەنی تەکنشینییەوە کار رۆڵی خۆی دەبینێت، بەمەش رێگە بە شکاندنی ئەم یاسایە نادات، واتە رێگە بە قسەکەر نادات بڵێت(نانی ئازاد خوارد).

---

[294]– ابو الحسن نجفی، مبانی زبان شناسی ، انتشارات نیلوفر، چاپ دوم، تهران،1371، ص 48

[295]– لوقمان رەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا،سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،2009،ل83

جێنشینی

مەبەست و کاری ئەم لایەنە، تەواوی ئەو وشانەیە، کە لەرستەکەدا بەکارهێنراون، ئایا دەتوانن لەبری وشەی تر دابنرێنەوە، یان بەکاربهینرێن،یاخود" ئەو پەیوەندیانەن کە لە نێوان ناونیشانی شیعرەکەو کرۆکی شیعرەکە یان دێڕەکانی شیعرەکە یان دێڕەکانی شیعرەکەدا هەیە"[296] بۆنمونە لەبری (ئەو) دەتوانین بە هەزاران ناو بەکاربهێنین، بەڵام لایەنی جێنشینی جگە لەمەش بڕیارو تایبەتمەندی خۆی هەیەو زمانناسەکان ئەمانە دەزانن و ناتوانن بیانشکێنن، بۆنمونە ناتوانین لەبری (ئەو) (فەرش) دابنرێت(فەرش تۆی بینی)، لەلایەنی تەکنشینییەوە گرفتی نییە، بەڵام لەلایەنی جێنشینییەوە لۆژیک رێگە نادات (فەرش) ببێتە جێنشینی (ئەو).

لەم روانگەوە (ڤلادیمێر پرۆپ) کاری لەسەر پێکهاتەو بونیادی چیرۆکی(پەریان)کردوەو رۆلان بارتیش کاری لەسەر جل و بەرگ کردوە،و دەڵێت ناتوانین گوێرەوی لەسەر بکەین، چونکە لە لایەنی هەمنشینیدا گوێرەوی لەپێدەکرێت و جل و قەمسەڵەو کلاو لەبەر دەکرێت[297]

تیۆرە گشتیەکانی پاش بونیادگەری

---

[296]– هەمان سەرچاوە،ل85

[297]– د. حمید رضا شایگان فر، نقد ادبی، ص94

چەند تیۆرسینی وەك رولان بارت، ژاك دریدا(1930–2004) و میشێل فۆکۆ(1926–1984)و ...تاد تاوەکو ئەمڕۆ، کۆمەڵێك تیۆری پاش بونیادگەری خراونەتەروو، لەوانە:

1–لەزمانی گشتیدا، وەك زمانی ئەدەبی، لایەنەکانی تەکنشینی و جێنشینی دەشکێن، دریدا پێیوایە زمانی ئاسایی و زۆر لە زانستەکانیش ، لایەنی تەکنشینی و جێنشینی دەشکێن، وەك خواست و لێکچواندن، ....تاد کە لەزمانی ئاساییدا بوونیان هەیە[298].

2–بەپێچەوانەی زمانی ئاساییەوە، ئەگەر یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی زمانی ئەدەبی لە روانگەی فرۆمالیستی و بونیادگەرەکان، شاردنەوەو شاراوەیی بێت لە تێگەیشتن و تێگەیاندن، لەپێناو رەچاونەکردنی لایەنەکانی تەکنشینی و جێنشینی،ئیدی چۆن دواتر لە زمانی گشتیدا تا ئەو ئاستە لەنێوان خەڵکیدا، خراپ لێکگەیشتن دێتەئاراوە؟

3–هەر وشەیەك بەپێی شوێن و کات و کۆنتێکست و ...تاد خۆی، مانا، یان چەند مانایی وەردەگرێت، واتە وشەیەك چەند مانا وەردەگرن و بەپێی دەق لێکدانەوەیان بۆدەکرێت.

4–لەزمانی ئاسایشیدا مرۆڤ لە کۆتوبەندی زمانداید، بەو مانایەی دوو کەس لە دیالۆگدا نەتوانن سەلە سەد لەیەکتری بگەن،

---

[298]– ژاك دریدا ، مواضع، ترجمە: پام یزدانجو، نشر مرکز،چاپ اول، تهران، 1381، ص35

یان کردەی تێگەیاندن و تێگەیشتن بهێننەگۆڕێ، چونکە دالەکان یەکسان نابن بەماناکانیان، واتە یەکسانن بە مانای تری دەرەوەی دالەکان.

5-بەوتەی بارت لە بەرهەمی داهێنەرو شاکاری ئەدەبی نوسەرو شاعیر ناتوانن زمان بەهۆکاریك بزانن، کە لەرێگەی ئەوەوە دەیانەوێت راستییەك بە بونیادێکی دیاریکراو بەخوێنەر بگەیەنەت، لێرەوە مردنی نوسەری راگەیاند، چونکە دەقی داهێنراوی ئەدەبی، پێویستی بە نیازی نوسەر نییە، یان ناتوانرێت پەیی بە نییەتی نوسەر ببرێت، ئەوە خوێنەرە کە ئازادە بەهۆی سەرنجدان لە سیستمی دەلالی زهنی خۆی، ناوەرۆکی دەق بەو شێوەی دەیخوێنیتەوەو لێیتێدەگات درکی پێبکات و بونیادێکی تایبەتی بۆ بسازێنێت

بە بڕوای میشێل فۆکۆ دەلالەتەکانی زمان لە هەر سەردەمێکدا لەگەڵ بونیادەکانی هێز لە هەمان سەردەمدا ئەلیجنە، بەمانایەکی تر تێگەیشتنی تاك لە حەقیقەتدا شتێك نییە، جگە لە تێگەیشتنی لەو دەلالەتانەی کە ئایدۆلۆژیا دیارەکانی مەعریفە بۆی دەستەبەرکردوە[299] ئیدوارد سەعید لەم بارەوە کاریکردوەو پێیوایە ئەگەر سیاسەتمەدارێکی رۆژئاوا، یان هەرکەسێکی دی لە دەلالەتە زمانییەکانی رۆژهەلاّت رامێنێت، دەکەوێتە هەڵەوە، یان لادانە

[299]- محمد ضمیران، میشیل فوکو، دانش و قدرت،انتشارات هرمس، ضاث اول، تهران،1378

هەڵەکانی رۆژهەلاّتەوە، ئەوکاتەش ئەوە بە حەقیقەت دەزانێت ، چونکە ئەو بەزمان بیردەکاتەوەو سیستمی دەلالی زمان ئەو، دروستکراوێکی کۆمەلاّیەتی بێلایەن نییە.[300]

ژولیا کریسیڤا دەروننناس و زمانناسی بولگاری پێیوایە منداڵ بۆخۆی سیستمی نیشانەی هەیەو لە روانگەی گەورەکانەوە نا ڕێك و نالۆژیکییە، و کە گەورە دەبن و دەچنە دنیای بە روخسار ڕێکخراو و لۆژیکیی، هەروەها پێیوایە زمان لەبەرهەمی داهێنراوی ئەدەبیدا، شیاوی بەراوردە بە نیشانەو دەلالەتەکانی سەردەمی منداڵی.301

جوزیف کمبل نوسەرو ئەستورەناسی ئەمریکایی(1987–1904)، ئەدەبیات کەسێکی شیفتەیە، کە مرۆڤی پەیڕەوی عقلّ لە شوێنکەوتنی نیشانەناسی زمانی ئەدەبیات هەراسانە، لە لاپەرەی کۆتایی رۆمانی (ببیت)ی(سینکلر لوئیس)(1885–1951) و براوەی خەلاّتی نۆبلّ لە ساڵی 1930 لەڕێگەی کارئەکتەری سەرەکی رۆمانەکەوە (كاك ببيت) کە ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکات، ئاماژە بەوەدەکات، "راستیەکەی ئەوەیە کە لە تەواوی ژیانمدا

[300]– ادوار سعید، جهان متن، ترجمة : اکبر افسری، انتشارات توس،ص196

[301] -cuddom. J. A Dictionary of Literary Terms، Third Edition ، Black well Reference ،England 1993،p736

نەمتوانیوە کارێك کە دڵی خۆم خواستوێەتی بیکەم، مەگەر خۆم لەگەڵ ژیانەکەدا جۆرکردبێت.[302]

ژاك لاکان1901–1981 دەروونناسی فەرەنسی و شرۆڤەکاری تیۆرەکەی فرۆید و نزیکە لە کریستڤاوە، پێیوایە منداڵ دوای ڕوبەڕووبوونەوەی لەگەڵ جیهانی گەورەدا ، پەی بەوە دەبات، کە دەبێت دنیای خەیاڵی و خۆشی خۆی ڕەها بکات، پێیوایە ئەم دنیا خەیاڵییە لەناو ناچێت، بەڵکو لە ناخودئاگایدا هەڵدەگیرێت، دواتر لە گەورەبوونداخودئاگای لەگەڵ زمانیدا قسەدەکات، وشەکان ماناکانیان پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، لای فرۆید ئەو وشانەی لەنەستدان بەهۆی فشارەوە دێنەدەرەوە، لێرەوە زمانی ئەدەبی بەتایبەت شیعر سەرهەڵدەدات.

9-ڕەخنەی فینۆمینۆلۆژی

ئەم جۆرە ڕەخنەیە پیشت بە خبرەی حسی بۆ دیاردەو ڕوخسار یان بینراو وەك خاڵی سەرەتا دەبەستێت، واتە ئەوەی کە ئەم دیاردەیە لە خبرەی هوشیاری ئێمەدا دەبنوێنێت، لێرەوە کار بۆ لێکدانەوەی دیاردەو بنچینەی زانیاریمان لەسەری دەکات، لەگەڵ ئەمەشدا کار لەسەر گەیشتن بە حەقیقەتی ڕەها ناکات، بەڵکو کار لەسەر ئەوە دەکات، کە تێگەیشتنی چەشنی ئامادەیی مرۆڤ لەجیهاندا بەهێزدەکات.

---

[302]– جۆزف کمبل، قدرت اسطورة، ترجمه: عباس مخبز، نشر مرکز،چاپ اول، تهران 1377، ص183

لای لامبارتی ئەڵمانی فینۆمینۆلۆژیا دەلالەتە لەسەر تیۆری دیاردە بنچینەییەکان بۆ مەعریفە تەجریبییەکان.

لای کانت دەلالەتە لە دیاردەگەرایی لە ئاستێکی تەسکدا. لای هیگڵ دەلالەتە لەسەر ئەو قۆناغانەی کە مرۆڤ پێیدا تێپەڕبن، تاوەکو بگات بە هەستکردن بەرۆح. لای هاملتۆن دەلالەتە لەسەر لقێك لە زانستی بیری، کە بریتییە لە تێبینی لایەنە جیاوازەکانی دیاردەگەرایی بیری. لای هۆسرێل بریتییە لە پرۆسەی درکپێکردن بە ماهیاتەکان، کە بریتییە لە کرۆکی فینۆمینۆلۆژیا[303]

دامەزرێنەری ئەم میتۆدە(ئەدمۆن هۆسرێل 1859–1938)ی فەیلەسوفی ئەڵمانییە، لەبارەی ئەم میتۆدەوە رونکردنەوەیك دەدات و دەڵێت"مرۆڤ بەگشتی جیهانی دەرەکی لە بیرو زهنی خۆیدا بە شتیکی جیاواز لە خۆی دەزانێت، لەکاتێکدا دەتوانێت بەڕێژەیەکی دیاریکراو زانیاری لەسەر وەربگرێت، ئەمەش واتە مرۆڤ بەگومانە لەوەی بتوانێت زانیارێکی راستەقینە دەربارەی ئەو شتانەی لەدەروەی زهنی خۆی هەیە بزانێت، بەبێئەوەی دووچاری هەڵەو گومانکردن بێت، هۆسرێل لە سەرەتاکانی نیوەی سەدەی بیستەم ئەوەی پێشنیارکرد، کە بیری مرۆڤ سەبارەت بە جیهانی دەرەوە، وەك باریێکی ئامادە نییە، تاوەکو دیاردەگەری لەرێگەی حەواسی جیاوازەوە بچینە ناو ئەم بارەوەو پێی ئاشنا بین،بەڵکو بیری مرۆڤ بە جیهان و رواڵەتی شتەکان، پەیوەندێکی کاراو دوو لایەنەی هەیە، واتە ئەوە بیرە بڕیاردەدات لەسەر بنچینەی

---

[303]– قراءة مقتضبه في الفينومينولوجيا الهوسرلية/ بالرجوع إلى: سماح رافع محمد، الفينومينولوجيا عند هوسرل، ص.93.

پێکهاتـەی خـۆی، لـە شـتێك بڕوانێـت و سـەبارەت بـەخۆی زانیـاری لێوەربگرێت، واتە جیهان لە دەریچەی چاوی مرۆڤەوە، کە زهن دەیخوازێت سەیردەکرێت، نەك وەك ئەوەی لە واقیع هەیە[304]

بەپێی هۆسرێل لەپێناو گەیشتن بە راستی، پێویستە بەر لە هەرشتێك میشـکمان لـە هـەر شـتێکی لاوەکـی خـاڵی بکەینـەوە، چـەندێك بتوانێـت کاریگەری لەسەر راستی شتەکان دابنێت.

تیۆرەکانی فینۆمینۆلۆژیا لە ئەدەبیاتدا

ڕەخنـەگرانی قوتابخانـەی نـوێ لەوانـە(ژرژ پولـە 1902–1991)و (ژان پیر ریچارد1922)یەکێکن لە ڕەخنـەدیارەکانی فینۆمینۆلۆژیـا و ناوەڕۆکی دەق بە دیاردەگەرا دەزانن، کە بەرهەمی بیری شاعیر یـان نوسـەرە، لـەپێناو ناسـین و درککردنـی راسـتی دەق، خوێنـەر نابێـت، پشـت بـە زاسـتەکانی خـۆی ببەسـتێت، لـەبارەی نوسـەرەوە خـاڵی بکاتـەوە، تـەنها سـەیری فینۆمینۆلۆژیای بیری شاعیر لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بکات، گەیشتن بـەم ئاکام و مەبەستەش، پێویستی بە هەلومەرجە هەیە.

10-ڕەخنەی هەڵوەشانەوە

ڕێبـازێکی ئـەدەبی ڕەخنـەیی و فەلسـەفییە هاوچـەرخە، کـار بـۆ گەیشـتنی تـەواو، یـان پەیوەندیـداری دەق دەکـات، پرۆسـەی خوێندنەوەو ڕاڤە، پرۆسەیەکی ئارتیفکاڵی پەتییە کە خوێنـەر لـە کـاتی ڕاڤـی دەقـدا دەیگرێتەبـەر، هـەرگیز دەق یـەك پـەیامی هـاو ڕەگەزو لێکچوو گونجاو بەیەکەوە پەیوەست لەخۆناگرێت.

---

[304]– د.حمید رضا شایگان، نقد ادبی، ص181

بونیادنەری بیری هەڵوەشانەوە جاك دریدا(1930–2004)ی فەیلەسوفی فەرەنسی بەڕەگەز جەزائیرییەو لە ساڵی 1966 بەهۆی وتارەکانییەوە لەم بارەوە ناسرا، دریدا چەمکی فیتافیزکی ئامادەی بەرزکردوە، کەمەست لێی بدەستهێنانی کۆی ئەو مەعریفانەیە، کە لەرێگەی عەقڵەوە بەدەستدێن ، واتە ئەو زانیاریە دەرەکیانەی کە لەدەرەوەی دەسەلاتی ئەزمون و ژینگەی کات و شوێنەوەیە، ئامادەش ئەوەی ئامادەیە لە بیردا. بۆنمونە بنچینەی سەرەتایی ئامادە ئەگەر چاکەبێت،کە لە عەقڵدا ئامادەیە، بەلأم چاکە لەبەرامبەر بەرامبەرەکەیدا هیچ نییە، واتە خراپە، دریدا پێیوایە هیچ کات فەلسەفە نەگەیشتوەتە راستی رەها، بێگومانیش هەرگیز ناگات، چونکە لەبەرامبەر ئامادبوودا نائامادەبوویەك هەیە بۆ دروستنەکردنی ئەم راستییە رەهایە.

بێگومان هەڵوەشانەوە بریتییە لەهەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییەکان، ئیدی سەپێنراوبن، یان هەر پەیوەندێکی دی لەنێوان زمان و ئەوەی لەدەرەوەیەتی، و لەسەردەمێکی نوێی دوانەییەکانی گومان و یەقیندا سەریهەڵداوە، ئەمەش پاش ئەوەی سەدەی (19) بەدرێژایی لەسەریەقین کاریدەکردو بڕوای وابوو، دەتوانن مەعریفەی یەقینی بهێنێتەدی، ئەمەش لەرێگەی پشتبەستن بە حەواس و متمانەکردن بەعریفە.

ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، بزوتنەوەیەکی نوێی لەگەڵ خۆیدا هێنا، کە دوانەیی دوو ئاڕاستەی پێچەوانە هەر لەو لەناوبردنەی کە ئەوروپای گرتەوە لەشەڕی جیهانی دووەمو بەکارهێنانی چەکی

ناوکی لەلایەن ئەمریکاوە لەهەردوو شاری یابانی (هیڕۆشیما، ناکازاکی)، ئەمەش هەستێکی مەترسیداری لەئەنجامە پراکتیکیەکانی تەکنۆلۆژیای دۆزینەوەی زانیاری دروستکرد، ئەوەی بۆ جیهان سەلماند، کە زانست شکستیهێنا لەبەدیهێنانی خۆشی و ئەمان و مەعریفەی یەقینی، بۆیە لەبەرامبەر دا سەردەمی گومانێکی خراپ سەریهەڵدا(گومانێك لەزانست لەبەدیهێنانی مەعریفەدا).

کەوایە ستراتیژیەتی هەڵوەشانەوە لەسەر بنەمای هەڵویستی فەلسەفی دەستپێدەکات، هەڵوێستێك کەلەسەر گۆمان راوەستابێت، هەڵوەشانەوەکان ئەم گومانەیان بەرەفزکردنی تەقلیدی، ڕەمزی بڕیارە متمانە پێکراو دادەنا، ڕەفزکردنی ڕژێم و دەسەلات لەڕوانگەی مەبدەئەوە.

ڕوانینەکانی درێدا لەبنیادنانی ستراتیژی هەڵوەشەناوە

هەڵوەشانەوە پەیوەستە بەرەخنەگری فەرەنسی جەزائیری جاك درێداو نوسینەکانی، یاخود کارەکانی بوونەتە پردێك کەلەڕێگەیەوە هەڵوەشانەوە گوازرایەوە بۆ گۆڕەپانی ڕەخنەی ئەمریکی و پاشتر جیهان، لەراستیدا ئەم شۆڕشەی کەدرێدا کردی، شۆڕشێکە لەسەر دەسەلاتی عەقڵ و لەسەر فەلسەفەی ئامادەو شۆڕش بەسەر بونیادگەری کەبیری هیلاککردوەو واتای بەواتا تەقلیدیەکەی کوت و بەندکرد.

1-شۆڕش بەسەر عەقڵدا

فەلسەفەی رۆژئاوا بۆماوەیەکی دووردرێژ فەلسەفەیەکی عەقڵی پەتی بووەو عەقڵ بووەتە شتێکی بااڵو بووتە پێوەرو پێوانەی مەعریفەو راستی، هەروەها تەحوکم بەرەسەنایەتی شتو بەهاکەی دەکات "فەلسەفە لەسوقراتو ئەفلاتونو ئەرستۆو عەقڵی بەرەو سیمایەکی گرنگ بردووەو دەسەاڵتێکی چااکی لەبواری بیردا پێبەخشیوەو لەدواجاریشدا خاوەن هێزێکی ناکۆتابوونلهبیهم، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە عەقڵ لای فەیلەسوفە کۆنەکان ،پەیوەستە بەراستیەوەو دوای ئەمانیش لەاڵیەك میتافیزیکیا پسشتی بەبیری ملکەچبوون بۆ دەسەاڵتی عەقڵ دەبەست و لەاڵیەکی تریشەوە بۆ دەسەاڵتی ئامادە.

هەموو ئەم جەختکردنەوەی عەقڵانییانە لەبەرئەوەیە، پێیانوایە کەبوون بەردەوام ئامادەیەو ئەمەش واتە واتاو چەمكو دەاڵەتی، دیسان بەردەوام لەگەڵی ئامادەیە، جگەلەمەش دیاریکراو و زانیاریە بەپێی بنچینەی عەقڵی کەباوەڕیان پێیەتیو کاری لەسەردەمەن، بەاڵم درێدا لەسەر بنچینەی عەقڵی ئەمەی ورژاندو دەڵێت "نا ئامادەیی واتاو داڕشتی دەاڵەت، هۆکاری کردنەوەی دەقی نوسراو فراوانکردنی اڵیەنی داتایی"

2-ڕەخنەی دەسەاڵتی ئامادە:

---

[305]-عبدالله ابراهیم ، المرکزیه الغربیه و اشکالیه التکون و التموکز حول الژات ، ص 321

بێگومان ئەم ڕوانینەی هەڵوەشانەوەییەکان لەسەر بنەمای گومان و ڕەفزی هەموو دابونەریتە میتافیزیکیەکان و بڕیارەمتمانەیەکان"ئەوەی فەلسەفەی نوێ بڕیاری لەسەر دەدات، بریتییە لەبڕیاردان لەسەر میتافیزیک و دانانی سنووربێك بۆ هۆشیاری مرۆڤ ، چونکە ئەم هۆشیاریە لەخودی خۆیدا چەقێك بۆ گەردون دروستبکات؟"[305]

هەڵوەشانەوەییەکان پییانوایە فەلسەفە لەئەفلاتونەوە تاوەکو هیگڵ، بریتی بووە لەفەلسەفەی ئامادەو خودی تێچڕژاوە لەناو هۆشیاریدا "بەپێی فەلسەفەی ئامادە چەمکی شتەکان و بووەکان تێیدا لەوەسفەکانیشیانەوە شتی ئامادەن"[306].

جگەلەمەش "دریدا نکوڵی لەچەمکی ئامادەبوونی ڕەها دەکات ، ئەوەش ڕوونە کە وەك تیرێکی دەرچووەو لەهەر ساتێك لەساتەکان ئامادەیە لەشوێنێکی دیاریکراودا، لەهەمانکاتیشدا ئامادەنییە لەو ساتەداو بەتایبەتی لەوشوێنەدا"[307].

لەڕاستیدا شۆڕشی دریدا بەسەر فەلسەفەی ئامادەدا، وایکرد هۆشیاری بیری دەورەی بدات و نەیتوانی خۆی لێ ڕزگاربکات "کارکردنی دریداو لەکۆتایی ڕێگەدا وەك بەندکراوی میتافیزیکی

306–عبدالعزیز عرفە،التفکیك والاختلاف والمرجأ، مجلە الفکر العربی المعاصر، مرکز الانماو القومی کویت،1991، ص71

307–د.بشیر تاوربریت، التفکیکیةفی الخطاب النقدی المعاصر، دار رسلان ، دمشق،2008، ص40

308– هەمان سەرچاوە

مایەوە، بەندکراوی بۆ میتافیزیکای ئامادە، زۆرجار بەرەو هەڵوەشانەوەی برد بەڵام نەیدەڕوخاند[309]

3- شۆڕش بەسەر بونیادگەریدا

هەڵوەشانەوە لەئەنجامی بێزاربوون لەبونیادگەری، هەوڵیاندا گیانی ئیستاتیکی و مەعریفی بگێڕنەوە بۆ جیهانی دەقی ئەدەبی، ئەمەش لەرێگەی تێکشکاندنی ئەو میکانیزمانەوە، بەبڕوای دریدا بونیادگەری رزگاری نابێت لەسەر میتافیزیکیای ئامادە، کە بنەمای سەرەکی رەخنەی دریدا لەعەقڵی ئەوروپی پێکدێنێت، بەوپێیەی بونیادگەری کەلەبونیادەوە دەستپێدەکات، هەر زوو جۆرێک لەهاوکاری لاهوتی فەرزەکات، بۆیە دریدا ئەم بونیادە هەڵدەوەشێنێت[310]، لەئەنجامی ئەم بنەماداریەش، هەڵوەشانەوە هات وەک شۆڕشێک دژی کۆت و دابەکانی بونیادگەری و خستنەڕووی ئەو شێوازە زمانییە وشکانە.

بنەکانی هەڵوەشانەوە

هەڵوەشانەوە خاوەنی چەند بنەما ،یاخود رێگەیەکەو لەرێگەی ئەم بنەماو رێگەیانەوە ئاڕاستەی کارو شوناسی دیاریدەکرێت:

309- ساره کوفمان ،روجیه لایورت، مدخل الی فلسفه جاك دریدا، تفکیك المیتافیزفیا، ص46

310- جاك دریدا، الکتابه الاختلاف، ترجمه کاظم جهاد ، تقدیم محمد عدل سیناگر، دار توبقال للنشر ، المغرب، 1988، ص246

1-مردن نوسەرو دەسەڵاتی خوێنەر

هــەر لەکۆنــەوە ڕەخنــەی لاســایکردنەوە کــاری لەســەر پیرۆزکردنــی نوســەردەکردو بەتاکــە کەشــی لــەخۆگری واتاکــانی دەزانیو خوێنەرانیش لەڕوانگەی ئەم ڕەخنەیەوە شتێك نییە، جگە لەسەیرکەرێك، دواتر مالارمێ قسەی لەسەر ئەوە کرد کە"پێویستە تەعویزی زمان بدەینەوە لەبری نوسەر"[310].

هەڵوەشانەوە مردنی نوسەری ڕاگەیاندو لەبریشی پێویستیەتی خوێنەری ئەدەبی دابڕاو لەنوسەرەکەی ڕاگەیاند، ئەوەش لەدەقدا قسەدەکات"بەهەموو شتەکانیانەوە دەلالەتەکانی"poly semic" نەك خودی نوسەر"[311]

هەروەها بارت لەبارەی نهێنی لاوازی ڕۆڵی نوسەر دەڵێت "ڕێژەی دەق بــۆ نوســەر واتــە وەســتانو حەســرکردنی دەقو بەخشــین بەمەدلولێکی کۆتایی ، ئەمەش واتە داخستنی نوسین"[312].

بەهۆی ڕاگەیاندنی مردنی نوسەرەوە، خودی نوسەر دەگۆڕێت بۆ کیانێکی ئەفسانەیی، یان پەیکەرێکی بەردینی بچووك و نرخێکی وای نامێنێت، بەمەش پیرۆزیەتی نوسەر نەماو پەراوێز خراو خوێنەر بوو بە بەرهەمهێنی دەق، ئەمەش لەو ڕوانگەوەیە کەپێویستە دەرفەت

311-ڕولان بارت، نقدو حقيقة ، ت: منذر عياش،1994 ص17

312-تیری ایطلتون، مقدمة فی نظرية الادبی، ترجمة احمد حسان، دار الكتب العربية ، القاهرة،1996، ص167

313-ڕولان بارت، درس فی السيمولوجيا، ترجمة عبدالسلام بن عبدالعالی، دار توبقال ، المغرب،1986، ص86

بۆ خوێنەر بڕەخسێنرێت، تاوەکو لایەنە شاراوەکانی دەق ئاشکرا بکات و بۆشاییەکان پڕبکاتەوە، بەمەش خوێنەر لەرۆڵی پڕکردنەوەوە گۆڕا بۆ سەربەخۆبوون، تاوەکو لەساتەکانی عشق و جوانیدا بەدور لەکۆتەکان بژێن، کەوایە خوێندنەوە گفتوگۆیە لەگەڵ دەقدا"دەق بوونی نییە تەنها لەکاتێکی لێکۆڵینەوەدا نەبێت و تەنها لەڕێگەی خوێنەریشەوە ئامانجەکانی دەپێکێت".

2-جیاوازی و تەناسلی واتا:

هەڵوەشانەوەکان وتەی بوونی واتایان رەفزدەکردەوە و لەسەر چ بنەمایەك دەڵێن واتا ئامادەیە، بۆیە ڕێرەوی واتا لەسەر بنەمای جیاوازی وەستاوە، هەروەها هەڵدەستێت بەکارێکی گرنگ لەبەدیهێنانی واتادا، کە بەردەوام دەبێت لەنائامادەبوون و هەیمەنەی ئامادەبوون رەفزدەکات.

3-ستراتیژیەتی دەقئاوێزان:

رەخنەگری روسی (باختین) یەکەم کەسە ئاماژەی بەمەدلولی دەقئاوێزانی کردوە لەبەرگی دیالۆگیەتیداو کریستڤاش پێیوایە "هەموو دەقێك بریتییە لەتابلویەك لەوەریگیراوەکان[314]"

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هەموو دەقێك ئاکامی کۆبوونەوەی چەند دەقێکی تر، رۆلان بارتیش ئەم دەقئاوێزانەی فراوانکرد،

---

[314]–حبیب شبیل، من النص الی السلطة التأویل، مجلة الفکر العربی المعاصر، أذار، حزیران1991، ص93

هەمانکاتـدا نکـۆڵی لەپێکـدادانی شارسـتانییەتەکان و کرانـەوەی ڕۆشـنبیریەکان ناکات، بۆیـە دەڵێت "دەقئاوێزان وەك ئاڵوگورکردن وایـە ، یـان وەك گفتوگـۆو بەیەکەوەدەبەسـتن، یەکیـەتی کـارلێکی لـەنێوان دوو دەق یـان زیـاتر لەدەقـدا ڕووبـەڕووی چـەند دەقێـك دەبێتەوە و یەکێکیان مەفعولی ئەوی تریان لاواز دەکات[315]"

کەوایە دەق لای بارت لەچەند نووسین پێکدێت و خاوەن چەند ڕۆشـنبیرێکە و گفتوگـۆ لـەنێوان خۆیانـدا دەکـەن، بـەم پێیـەش بێت دەقئـاوێزان تەکنیکێکـە لەتەکنیکـەکانی نووسـین، بۆیـە نووسـەر هانای بۆ دەبات، لەگـەڵ ئەمـەش دەقئاوێزان بـەمیکانیزمو شـێوازی جیاواز دەبێت، بۆیە خویندنەوەی هەڵوەشانەوە بازنەی دەقئاویزان فراوانـدەکات، بەتایبەتی کاتێك خوێنەر بەرهەمهێنی دەقە.

5-وتن و نووسین:

ئەگەر زمان بنیادنرابێت لەسەر جیـاوازی، ئەوا دەقی ئەدەبی یـان فەلسەفی لەسەر بنەمای کۆمەڵێك ڕستە لەجیاوازیەکان بنیاددەنرێت ، ئەمـەش واتـە نووسین شتێك نییـە جگـە لەپرۆسـەی دەرخستن، یـان بەرجەسـتەکردنی ئـەم جیاوازیانـە، لەگـەڵ ئـەوەی بریتییـە لەپرۆسەیەکی تەنهاو زمان وەك هۆکاریك بۆیاریکردن بەواتاکان لەناو دەقەنوسـراوەکاندا، واتـە ئەوانـەی کەبەرجەستەکراون، لەگـەڵ ئـەوەی نووسـین خـاوەن چـەندین قۆناغی گەشـەکردنی بـیری مرۆڤایەتییـەو

315-عمر أوكان، لذة النص و مغامرة الكتابة لدى بارت، ص29

لەیۆنانـدا"فەیلەسـوفەکان رقیـان لەنووسـین بـوو، چـونکە نووسـین سولّتانی راستی فەلسەفی لەناو دەبات"[316].

"دریّدا کاری لەسەر ئەوە دەکرد، کە دابڕان لەنێوان زمان و قسەو نووسین و دەنگ...تاد لەو دوانەییانەی کەسۆسێر پێشکەشیکردون ئاماژەیە بەوە دەکات کەلێکچوون لەنێوان وشەو داتاکانیاندا پێشتر لەبووندا نییە، ئەگەرنا چۆن زمانی جیاواز هاتنەئاراوە" لەئەنجامی نـەفیکردنی میتافیزیکـای ئامـادەو دریـدا کـاری لەسـەر دالی شرۆڤەکاری بەشەفافیەتی زمان ناوی دەبات.

جوناسـان کلـر دەلّـێن "نوسـین زمـان پێشکەشـدەکات و بـەپێی وەسـفەکەی زنجیرەیـەك نیشـانەی بینـراوەو لەئامادەنـەبوونی قسەکەردا کاردەکات"[317]

یاخود"نوسـین خـۆی رێگـەی بـەوانی تـر داوە بیناسـین، وەك ئەوەی کەهەیە ، یان وەك ئەوەی ناوی لێدەنین "خودی ناوخۆیی، یان راستی کەلەئامادەییدا نابینرێت، تـەنها لـەئاماژە نوسراوەکاندا نـەبێت"[318] لەراسـتیدا ئـەم نیشـانە نوسـراوانە، ئـەوەی کەنیشـانە وشەکانیان بەجێهێشوە تەواویدەکات، هەر لەکەموکوڕی و بۆشایی، لەمەشدا دوانەیی ئامادە کاردەکات، بۆیـە نووسین یارمەتیدەرە بۆ

316-رامام سلدن، النظرية الاديبة المعاصرة: ترجمة سعيد الغانمى، دار فارس للنشروالتوزيع، المغرب،1996، ص137

317-عبداللة ابراهيم و اخرون: من معرفة الاخر مدخل الى المناهج، النقدية الحديثة، ص130

318-عبدالعزيز حمودة ، المرايا المحدبة، ص130

گەڕانەوەی خودەکانو وا لەوشاعیران بکات، بگەنە ئەو راستیە نائامادەییە، لەڕێگەی گەشتی بەردەوام و زمانەوە، کەسروشتێکی نهێنی لەخۆگرتوە، کەوایە نووسین کردارێکە وەستان نازانێت و بەردەوام بەدوای مانای هەمەجۆردا دەگەڕێت، یاخود هەوڵێکە بۆناسینی ماناکان، چونکە ناو شتە نادیارەکان وا لەنووسەرو خوێنەر دەکات، هەوڵبدات بۆ ئاشکراکردنی ئەوەی نهێنییە بەشێوازی زمانی نوێ، کە لەسەر بنەمای ڕەمزیو کرانەوەو هەمەجۆری ، کەوایە بیرمەندانی هەڵوەشانەوە لەکۆتایدا بەدوای ماناو دەلالەتەوەن، نووسینیش یەکێکە لەهۆکارو ستراتیژیەکان کەبەکاریدەهێنن، بەوەی بەنوێنەری بەرهەمی داهێنەرەوە دەمێنێتەوە.

دڕێدا پێیوایە لەبەرامبەر وتن جۆرێك لە ئامادەبوونی هەیە، و نائامادەیی ئەمەش نوسینە.

ئەرکانەکانی هەڵوەشانەوە

1-**خوێنەرو وەرگر:** گرنگترین ڕۆڵ لەستراتیژی دەقئاوێزاندا بریتییە لەڕۆڵی خوێنەر نەك نووسەر، یان نیشانەوو نەسەق، یان زمان، تەنها خوێنەرە کە واتاکان بەرجەستەدەکات ودەیانخاتەڕوو، چونکە بەبێ ئەم ڕۆڵە نە دەق،نە زمان و نیشانەو نە نوسین نییە، بۆیە گفتوگۆی هەڵوەشانەوەکان دەبێت لەمەسەلەی خوێنەرو ئەزموونی وەرگرەوە دەستپێبکات، چونکە پێش ڕوودانی، هیچ شتێك نییە.

لای فەیلەسوفانی هەڵوەشانەوە، ستراتیژەکان و لەخوێنەر دەکەن مامەڵە لەگەڵ نەزانراوی دەقی نوێداو لەگەل شتە زانراوەکاندا بکەن ، گادامر(جەخت لەسەر راستی بنچینەیی دەکاتەوە، شیکاری زۆر وا لەخوێنەرو هەڵوەشانەوە دەکات، یەکەم ئاسۆیەکی رۆشنبیری کراوەو داخراو بوونی نییە، دووەم پەیوەستەیەکی ئاشکرا لەنێوان پێکهاتەی ئاسۆیی مێژوویی و تاکیدا هەیە، کەوایە خوێنەر ئازادەو ئازادیەکی وای هەیە، کەبتوانین لەهەر سوچێکی دەقەوە بچێتە ناو دەق، ئەمەش واتە نەمانی نوسەر.

2-هەڵوەشانەوەو واتا: قسەکردن لەسەر مانا لەڕوانگەی هەڵوەشانەوە لەسەر دوو بنەمایە :

أ-کەمتەرخەمی بونیادگەری لەهێنانەدی دەلەلاتو مانا، هەروەها خاڵی سەرەتایی و کۆتاییشە، کە وەك پەرچە کردارێکی راشکاو وەك شکستی بونیادگەری ، لەهەمانکاتیشدا دەروازەیەکی سەرەکی چوونە ناو دۆزەکانە.

ب-هەڵوەشانەوە دەردراو(افراز): سەردەمی گومانی تەواوە، کە باڵی بەسەر هەموو شتەکاندا کێشاوە و کار لەسەرئەوەیە، کە شرۆڤەی ناکۆتایی دەلالی لەسەر وەستاوەو لەهەمانکاتدا نکوڵی لەبوونی شرۆڤەیەکی باوەڕپێکراو دەکات.

3-زمان: واتا لەنێوان داك و ومەدلول، نوسەر لەڕوانگەی هەڵوەشانەوەوە، پاش بەرهەمهێنانی دەق دیار نامێنێت و

دەمرێت"دەق داخراو و کۆتایی نییە، بەڵکو لەبەردەم خوێنەردا کراوەیە[319]"

4-**ناکۆتایی دەلالەت:** هەڵوەشانەوە جەخت لەسەر ئەو دەکاتەوە، کەدەلالەتەکان بێکۆتایین و خوێندنەوەکان جیاوازیان هەیە و هەر خوێندنەوەیەک کاری خراپ لەسەر خوێندنەوەی ئاکامەکان هەیە، نەک ستراتیژیەتی شرۆڤەکان.

لەئەنجامدا دەگەینە ئەوەی کە :

1-هەڵوەشانەوە وەک پرۆسەیەکی پرۆگرامی کار لەسەر شرۆڤەکان دەکات و زۆر بەهەستیاریش کار لەسەر دەقەکان دەکات.

2-خوێنەرو وەرگر رۆڵی سەرەکی لەبەرهەمهێنانی ماناو دۆزینەوەی لایەنە شاراوەکانی دەقدا هەیە.

3-نووسەر کاری نوسینەوە دەگەیەنێت و جگەلەم کارەی هیچ رۆڵێکی نییە.

4-لای هەڵوەشانەوە ماناکراوەیە و کۆتایی نییە.

11-ڕەخنەی فێمێنیزم

بریتییە لەو ڕەخنەیەی کە کار لەسەر دەقی تایبەت بەمێ، یان ئەو دەقانەی کەدەیانەوێت ماف و یەکسانییەکانی ژنان فەرامۆش بکەن"لەگەڵ ئەوەی فێمێنیزم وەک بزوتنەوەیەکی پەیوەست بە ماف و ئازادی ژنان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم دەستیپێکردوە، بەڵام

[319]-د.عبدالعزيز حمودة، المرايا المحدبة، عالم المعرفة،1998، ص302

راستییەکەی ئەوەیە کە ململانێی ژنان لەپێناو باشتربوونی گوزەرانیان زمانێکی دورتر بەکاردەهێنن[320] هەر بۆیە ژنان تا چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم لە رۆژئاوادا لە زۆر مافی کۆمەلایەتی، سیاسی، تاکی...تاد خۆیان بێبەریبوون، یەکەمین هەوڵی ژنان لەم بارەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەرهەمەکانی نوسەری ئینگلیزی خاتوو(ماری وڵستۆن کرفت 1759–1797) لە کتێبی(پشتیوانی لە مافی ژیان) کەلەساڵی(1792) چاپیکردوە، دواتر وتارەکانی نوسەرو رۆمانوسی ئینگیزی خاتوو(فێرجینیا وۆڵف 1882–1941).

تیۆردانەرانی ئەم میتۆدە بریتیین لە(سیسکۆ Helene Cixous)و(ئیری گری Luce Irigaray)و (کریستیڤا Julia Kristeva)و (شووالتر Eline showalter) .....تاد[321]

لەسەدەی بیستەم بەهۆی زۆربوونی ئازادییەکان و بەدەستهێنانی هەندێك لەمافەکانیان،رمان نوس و شانۆنوسی فەرەنسی(سیمۆن دی1908–1986)لەساڵی (1942) کتێبی(رەگەزی دووەم)ی بلاوکردەوە، دواتریش نوسەری ئەمریکی خاتوو(کیت میلت1934) لەساڵی (1970)کتێبی(سیاسەتناسی

---

[320]– **لوقمان رەئوف ، سیماکانی پۆست مۆدێرنە لە ئایدیای شیعریی شێرکۆ بێکەسدا، سلێمانی، 2011،ل138**

[321]–**د. سیروس شمیسا، نقد ادبی ، ص329**

ڕەگەزی) لەساڵی (1970) بلاوکردەوە،کە ڕەخنەی لە بیرکردنەوەو زنسالاری لە ڕۆژئاوادا گرتوە[322]

"ڕەخنەی فێمێنستی لە کۆتاییەکانی 1960 بلاوبوویەوەو و نیوتن ئەمەی بە دیارترین هاوکاری دەقی ئەدەبی دوای جەنگ داناوە[323]، تیۆرو ڕەخنەکانی فێمینزم لەوەوە سەرچاوە دەگرن کە ژنان بوونەتە پەراوێزو دامێنی پیاو و لەگەڵ پیاو حسابیان بۆناکرێت، یان بەراوردناکرێن، بەمەش دووجەمسەری هەر لە سەرەمە سەتاییەکانەوە تاوەکو ئەمڕۆ بوونی هەیە.

پیاو بەهۆی شان و بازویەوە بەردەوام بیروباوەڕو ڕەفتاری خۆی بەسەر ژندا سەپاندوە، یەکێك لە ڕەخنە دیارەکانی ئەم میتۆدە ئەوەیە، کە پیاوان تا چەند مافیان هەیە لە بەرهەمی ئەدەبی و دەقدا قسە لەبارەی ژنەوە بکەن، یان باس لە ژن و کێشەکانی دەکەن، یان کارئەکتەرەکانی لەسەر زمانی ژنانەوە دەدوێن؟ هەندێك جاریش ڕەخنەی ئەوە دەگرن، بۆچی پیاوان لە بەرهەمەکانیاندا ژن وەك بوونێکی نێگەتیڤ باسدەکەن، بۆیە ژنان مافی خۆیانە بەهاکانی خۆیان ڕاگەیەنن و جیهانی هونەری و زمانی خۆیان

---

322 – Abrams M.A Glossary of Literary Term، sixth edition ،Harcourt Brace college publishers،p233

323 -Interpreting the text k،.M.Newton.p 154

بهێننەدی، و رەخنە لە بەرهەمی رابردوی پیاوان بگرن، و باس لە ژن بوونی خۆیان بکەن.[شمیسە][324]

شووالْتەر پێیوایە ژنان لە سەدەی نۆزدەوە رۆڵی گرنگیان هەبووە، لەم بارەوە بەگشتی سێ قۆناغی نوسین دیاریدەکات:

1-(Feminine) ژنانە: لەم قۆناغەدا دەیانەوێت چاودێری کلتوری پیاوانە بکەن.

2-(Feminist) لایەنگرانی یەکسانی ژن و پیاو: دژایەتی کردنی نا بەرامبەرنەکردنی ژنان.

3-(Female) مێینە:داهێنانی داستانی ژن محوەری.

هەروەها رەخنەی فێمێنستی دابەشدەکات بۆ دوو جۆر:

بەهاو رەخنەی نوێی بەرهەمی ژنان، ئەم بەشەش رەخنەی فێمێنستی بە رەخنەی داهێنەرانە دەزانێت، لەم بارەوە کتێبی(ئەدەبیاتی خۆیان) واتە ژنانی نوسیوە.

بەهاو رەخنەی نوێی ئەدەبیات لە دیدگای ژنانەوە، مەبەس خوێندنەوەی ژنانەیە، ئەم جۆرەیان داهێنەرانە نییە، چونکە لایەنی بەدواداچوون و دواکەوتنی هەیە.

12- هێرمۆنۆتیك(زانستی راڤەی دەق)

بنچنەی وشەکە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی(هیرمنیا)ی یۆنانی، کە لە ناوی(هرمس) خوای پەیامبەران، وتن و لێکدانەوە وەرگیراوە،

---

[324]- د.حمید رضا شایگان، نقد ادبی، ص205

لە کۆندا و لای یۆنانی و ڕۆمانییەکان هێرمۆنتێك بەتەواوی کاری لەسەر تەفسیرو باسی قەسە پیرۆزەکان(لۆگۆس)ی دەکرد،دواتر لە سەدەی ناوەڕاستدا بە ڕاڤەی بەرهەمی دشواری فەلسەفییان دەوت هێرمۆنتیك[325] دواتر لە سەدەی نۆزەدا ماناکەی فراوانتربوو، بوو بە لێکدانەوەو ڕاڤەی ناوەڕۆکی دەق بەگشتی و ئەدەبی بەتایبەتی [326] (Hermeneutice) موشتەقی وشەی(Hermeneuein) یۆنانییەو بە واتای کرانەوەو ڕاڤەکردنەو بنچینەی وشەکەش، وشەی هرمسە[327] کەلە ئەفسانە یۆنانییەکاندا پەیوەستە بە داهینانی زمان و نوسین.

هێرمۆنتیك لە تێگەیشتنی دەق دەکۆڵێتەوە، واتە کاری لێکدانەوەو ڕاڤەکردنە، چونکە ئامانجی تێگەیشتنی دەقە، نەك ناسینی نوسەرەکەی.فرگە(Gottlob Frechet)ی فەیلەسوفی ئەڵمانی دەڵێت" لەنێوان ماناو مسداقیەتدا(واتە هێنانەدی ئەوەی لە جیهانی دەرەوەدا) جیاوازی هەیە، لە زمانی شیعرییدا چەمك و تێگەیشتن پێشنیارکراوە، نەك مسداقیەت، بۆیە لێکۆڵینەوەی ڕاستی و درۆیی لە شیعردا مانای نییە، مەسەلەی

---

[325]–دائرە المعارف بریتانیکا 2004

[326]– تری ایطلتون، ثیش درامدی بر نظریة ادبی، ترجمة عباس مخبز،ضاث اول،نشر مرکز،1368،ص92،

[327]– هەمان ئیدریس پێغەمبەرە

گرنگی زمان ئەوەیە کە چۆن زمانی واقیعیەت پیشاندەدەیت، یان تا چ ئەندازەیەك لە رۆڵ دەگێڕێت

دیاترین تیۆرسینی هیرمۆنتیك لەبارەی ئیستاتیکاو ئەدەبیاتەوە هەریە کە لە(فریدرش شلایر ماخر، ویلهیلم دیلتای، هانس گادامر، ئەریك دانلد هرش، ئیستنلی فیش، هانس رۆبرت یاس، ولفگانگ ئایزر) ە.

روانینەکانی هێرمۆنتیك

1-مانای جیاواز لە مانا ئاشکراکەی دەردەخات.

2-تێگەیشتن لە کۆ، پێویستی بە(زانیاری، زەمینەو ئەزمونی کەسی خوێنەر، یان لێکۆڵەرو لێکدەرەوە) هەیە.

3- ئایا خوێنەر بەتەواوی دەتوانێت بڵێت تێگەیشتنی ئەو لەدەق ، هەمان مەبەستی نوسەرو شاعیرە، لەکاتێکدا وەلاّمەکەی بەگشتی نەخێرە، چونکە هەلومەرج و شوێن و کاتی ئەمڕۆ لەگەڵ سەردەمی نوسەرو شاعیردا جیاوازە، بەهۆی ئەمەشەوە لێکدانەوی جیاواز قبووڵدەکرێت،واتە هەرلەبەرئەوە بەردەوام هەڵێنجانی ماناو لێکدانەوەی جیاواز بوونی هەیە.

4-دەبێت لێکۆڵەر نییەت و روانین و دەرونی خۆی لە هی نوسەرو شاعیرەکە نزیکبکاتەوە، یان هاوتا بکات، تاوەکو لەمەبەستی بگات.

هێرمۆنتیکی کۆن

ئەوانەی بڕوایانوایە کە دەتوانرێت لە مانای راستەقینەو بنچینەیی دەق و نییەت و مەبەستی شاعیر بگەین، هێرمۆنتیکە کۆنەکانی سەدەی نۆزدەن، ئەوانەی بڕوایانوایە کە زەحمەتە لە مەبەستی سەرەکی دەق بگەین، هێرمۆنتیکە نوێکانن.

فریدریك شلایر ماخر(1768–1834)نوسەری ئەڵمانی لە هەندێك بەرهەمیدا و بەتایبەتی(هێرمۆنتیك و ڕەخنەگرتن) یەکەم کەس بوو مەسەلە پەیوەستدارەکان بە تێگەیشتنی دەق و هێرمۆنتیك لە کتێبی پیرۆزدا، واتایەکی فراوانتر لەوەی هەیە سەرقاڵبێت، چونکە پێیوابوو گوزارشت، لێکدانەوە، ڕاڤە پەیوەستە بە هەموو نوسین و قەسەکردنێکەوە، مەبەستی ماخر لە تێگەیشتن لە مەبەستی سەرەکی شاعیر لەگەڵ ئەوەی پێویستی بە ماندوبوونێکی زۆر هەیە، ئەوەیە کە دەبێت لەنێوان نوسەرو خوێنەردا، زمانێکی ماندارو دەروناسی هاوبەش هەبێت، و خوێنەر قووڵتر بەرهەمەکانی نوسەر بخوێنێتەوە، تاوەکو بگاتە مانای ئاشکرای بیری نوسەر.

ویلهیلم دیلتای(1833–1911) فەیلەسوفی ئەڵمانی و نوسەری کتێبی(ژیانی شلایر ماخر) سەرقاڵی تیۆرەکانی ماخر بووەو شوێنکەوتەی ئەوە، جیاوازی لەنێوان زانسی مرۆڤی و زانستی پەتی کردوە، پێیوایە کە ناوەڕۆکی زانستی پەتی بەپێچەوانەی زانستی مرۆیی، بەتایبەتی ئەدەبیات، پەیوەندی بەلایەنی دەروونی و

گیانییەوە نییە، بۆیە هێرمۆنتیك زانستێكە تەنها كار لەسەر زانستی مرۆیی دەكات و ناوەڕۆكی زانستی دیاریدەكات، بۆ دیاریكردنی ناوەڕۆكی زانستیش تەنها خوێندنەوەو درككردن بە ناوەڕۆك بەسە، بەڵام بۆ دەقی ئەدەبی بەس نییە، بەڵكو لایەنی دەروونی و مەبەست و ناسینی نوسەرو...تاد پێویستن، چونكە دەقی ئەدەبی بەدەر نییە لەمانە.[328]

اریك دانلد هرش 1928) یەكێكە لە پەیڕەوانی هێرمۆنتیكی كۆن لە كتێبی(ئیعتباری راڤە) پێیوایە دەق یەك مانای سەرەكی هەیە، بەڵام دەتوانرێت چەند مانایەكی تر كە دژ نەبن لەگەڵ مەبەستی نوسەر لەسەر دەقەكە بخرێنەروو.[329]

هێرمۆنتیكی نوێ

بیرمەندانی ئەم جۆرە پێیانوایە، گەیشتن بە مەبەستە سەرەكییەكەی دەق زەحمەتەو زۆرجاریش هەر پێویست نییەو دەپرسن تائێستا كێ گەیشتوەتە مەبەستە سەرەكییەكەی شاعیر؟ وەك مەولانا دەڵێت(معنی اندر شیعر جز با خبگ نیست)[330]

---

[328]– د.حمید رضا شایطان، نقد ادبی، ص211

[329]– بابك احمدی، ساختار تاویل متن، جلد دوم، ص530

[330]– مولانا/ مثنوی، تصحیح رینولد الن نیكلسون، چاپ هفتم،جلد3، انتشارات مولی، تهران،1369،جلد اول، ص94

هێرمۆنتیکی نوێ ئەوەیە ئەگەرچی شاعیر مەبەستێکی هەیە، بەڵام چەند سەرەنج و ڕوانین بوونی هەیەو ناتوانرێت وەلابنرێت و دەق لەقاڵب بدرێت.

گادمر(1920–2002) فەیلەسوفی ئەڵمانی لە کتیبی(حەقیقەت و ڕەوش)ئەوەدەخاتەروو، کە دەقی ئەدەبی بە مەبەستی نوسەر سنوردارناکرێت، چونکە هەر کاتێك بەرهەمێکی ئەدەبی لە کلتورێك بۆ یەکێکی دی، لە مێژوویەك بۆ یەکێکی دی دەگوازرێتەوە، ئەگەری بوونی چەند مانایەکی دەبێت، ئەگەر لەگەڵ مەبەستی شاعیریشدا جیاواز بێت، واتە پێیوایە دەقی ئەدەبی خاوەن مانای جیاوازەو لێکۆڵەر دەتوانێت لەمانای کۆنەوە بچێتە ناو مانای دەقەکەوە، واتە چەندێك بیەوێت خۆی لە کات و مێژوی خۆی جیاببێتەوە، لە مێژوی نوسەر نزیك دەبێتەوە، بەمەش دەتوانێت مانای ورد لەسەر دەقەکە بخاتەروو.

هانس ڕۆبرن یاس1921–1997 ئەندامی گروپی(کنستانس) لە ئەڵمانیا پێیوایە دەقی ئەدەبی لەسەر خود نەوەستاوەو ناتوانێت لە هەموو سەردەمێکدا یەك ڕووی بخاتەروو، بەمانایەکی تر دەق دەتوانێت لەهەموو سەردەمێکدا مانای خۆی هەبێت.

ولفگانگ ئایزر(1926)ماموّستا لە زانکۆی کنتانس و لایەنگری تیۆری بەدەستهێنانی خوێنەرە، لە کتێبی(کاری خوێندن) پێیوایە دەقی ئەدەبی پڕە لە حەلقەی ونبوو و شاراوە،

ئەوە خوێنەرە بەدوای ئەمانەدا دەچێت، ئەوەی لە خوێندنی دەقدا گرنگی هەیە، پەرچەکردارو رەنگدانەوەی ئەوە، هەربەربەستێکیش کێشە بۆ بیروبۆچوونی خوێنەر دروستبکات، ئەوا کاریگەری دەبێت لەسەر گۆڕانی تێگەیشتنی ئەو.

ئستنلی فیش(1938)رەخنەگری ئەمریکی و مامۆستا لە زانکۆی ئیلی نویزی شیکاگۆ، وەك هاوکارە ئەڵمانییەکانی لەگەڵ تیۆری بەدەستهێنانی خوێنەرە ، بەبۆچوونی ئەوەی گرنگە ئەزمونی خوێنەرە لەدەقدا، نەك بەپێچەوانەوە، بەم پێیە ناوەڕۆك شتێکە کە خوێنەر تێیدا شتەکە وەردەگرێت یان پەیپێدەبات، بۆنموونە بیرێکت هەیە کەسی تینو بەئەندازەی خۆی ئاوی لێهەڵدەگۆزێت.

13- پۆست مۆدێرنیزم

وشەی پۆست مۆدێرنیزم لە کۆتاییەکانی ساڵی 1950و سەرەتاکانی 1960 لەهونەری بیناسازیدا بەکارهێنراوەو لەساڵی 1970و بە تایبەتیش 1980 لە بوار مرۆییەکانی وەك کۆمەڵناسی، دەروناسی، فەلسەفە ئەدەبیات لەلایەن هەریەکە لە (ایهاب حسن، بۆدیار، لیوتار، فریدریك جیمسۆن، تیری ئیگلتون، لیندا هاچن، جان بورت)ن، کە زۆرتر مارکسیزم ئەزمون دەکەن و هەندێك جار بە پۆست مارکسیزم دەناسرێت، چونکە زۆرتر

کلتوری مارکسی و لینینیستی و لۆکاچی دەخەنەروو[331] بەڵام بۆدیار دەڵێت" دەبێت ئێمە لە مارکس عەقڵانیتر بین"[332]

وتەی پۆست مۆدێرنەکان بە کورتی بریتییە لەوەی کە نابێت خود بەسنورداری سود لە ئامرازو ئیمکانییەتەکانی سەردەمی مۆدێرنیزم وەربگرێت، بەڵکو دەتوانێت سود لە سەردەمەکانی پێشوتریش وەرگرێت، جگە لەمەش پۆست مۆدێرنیزم دوو ڕەهەندی(Double Coded)، یان چەند ڕەهەندی و روویە(Multiple Coded)[333]

مرۆڤی ڕۆژئاوایی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا گومانی ئەوەی دەکرد، کە لەگەڵ پێشکەوتنە بەرچاوەکانی پیشەسازی ،مرۆڤگەرایی، پیرۆزییکردن(تقدس زدایی، عەقڵگەرایی...تاد نزیکی سەدەی زێڕین بوونەتەوە[334]، بەوەی بەهۆی زانستەوەو بەتایبەتی دەروننناسی، دەتوانن لایەنە شاراوەکانی بوونی مرۆڤ بدۆزنەوە، ئەمەشیان ناونا سەدەی مۆدێرنیزم. بەمەش تایبەتمەندیەکانی مۆدیرنیزم بریتی بوون لە(عەقڵ باوەڕی، هیومانیزم، پیرۆزی زانست، بەوەی حەقیقەت ئاشکرادەکات و

---

[331]– د. علی تسلیمی، نقد ادبی، ص209

[332] -Gane Mike .baudrillard:critical and fatal theory.london، 1991،p89

[333]– د. سیروس شمیسا، نقد ادبی،ص 321

[334]– بابك احمدی، مدرنیته،چاپ اوا، نشر مرکز،تهران،1373

مەسەلە مرۆییەکان چارەسەردەکات ، هەڵهاتن لە کلتوری ئاکاری و گەیشتن بە ئاکاری یاسامەندو مۆدێرن، گومانکردن لە جیاوازی کلتورەکان و جەختکردنەوە لە هەماهەنگییە کۆمەڵایەتییەکان، بڕوابوون بە ئایندەیەکی گەش، ژیان لەشارە گەورەکان...تاد، بەڵام جەنگی جیهانی یەکەم یەکەمین گرفتی بۆ پێکهاتەی بیری مۆدێرنیزم دروستکرد، دوای جەنگی جیهانی دووەم و شەڕی ڤێتنام و شەری سارد و کێشەو قەیرانەکانی ژینگەو ئەتۆم و ....تاد[335]، بەهۆی ئەمانەشەوە مرۆڤی رۆژئاوا لەم خەوە خۆشە بێداربوویەوە، کە پێیوابوو مۆدێرنیزم بۆی دەستەبەرکردوەو لەدوای جەنگی جیهانی دووەم، رووبەڕوی دابەزینی بیری مۆدیرنیزم دەبینەوەو پۆست مۆدێرنیزم سەرهەڵدەدات.

لە تایبەتمەندیەکانی پۆست مۆدیرنیزم(پشت نەبەستن بە عەقڵ، نەفیکردنی هیومانیزم و مرۆڤ سەنتەری، زانست پیرۆز نییەو ناتوانێت راستییەکان ئاشکرا بکات، بەڵکو کیشەکانی مرۆڤ زیاتر دەکات، ڕێزگرتنی کلتوری ئاکاری رابردو ڕێژەییە، بڕوانەبوون بە ئایندەیەکی پرشنگدارو شیاوی پیشبینیکراو،و پوابوون بە رووداوی چاوەڕواننەکراو، کۆکردن لە شارەگەورەکان و گەڕانەوەو سروشت.

---

[335]– پیام یزدانجو، ادبیات پسامدرن، اپ اول، نشر مرکز،1379،ص18

پۆست مۆدێرنیم لە ئەدەبیاتدا

ئـــەدەبیاتی پۆســـت مـــۆدێرنیزم لـــە ســـەرەتاکانی 1960 ســـەریهەڵداوە[336] ئەمـــە لەســـەر دەســـتی هەریەکـــە لـــە(ڤلادیمێر ناباکۆف1899–1977، نوسـەری روسـی و بـە رۆمـانی(ئـاگری ڕەنگپەڕیو) و گابرێل گارسیا ماکیز(1928–)نوسـەری کۆڵمبی بە هـــۆی بەرهـــەمی(ســـەد ســـاڵ تـــەنهایی)و خورخـــە لـــویس بۆرخیس1899–1986 نوسەری ئەرجەنتینی[337]

لەشانۆشـــدا (برتوڵـــد برشـــت 1989–1959 شانۆنوســـی ئەڵمانی، ساموێل بکت 1906–1989 شانۆنامەنوسی ئیرلەندی.

لە بواری سینەماشداو لە بواری ئەدەبیات پۆست مۆدێرنیزم(ژاك لـــوك گـــدار1930–) ئەکتـــەری فەرەنســـی و(فلینـــی(1920–1993)ئـەکتری ئیتـالّی، ئـانتۆنیونی(1912) ئەکتـەری ئیتـالی، کوبریك(1929–1999 ئەکتەری ئەمریکی.

شـاعیران و نوسـەرانی ئـەم بـوارە کـە لـەم دواییانـەدا کاریـان لەســـەر پۆســـت مـــۆدێرنیزم کردبێـــت، بـــریتیین لـــە: ئـــاللن گینزبـــرگ1926–1997، شـــاعیری ئـــەمریکی، تومـــاس پینجـون1937 نوسـەری ئـەمریکی، جـان بـارت1930 نوسـەری ئـــەمریکی، ئـــالن رب گریـــە 1922فیلمنامـــەو رۆمـــان نوســـی فەرەنسی.

---

[336]– د.حمید رضا شایطان، نقد ادبی، ص218

[337]– پیام یزدانجو، ادبیات پسامدرن، چاپ اول، نشر مرکز،1379،ص16

لیوتار پسپۆڕ لە پۆست مۆدێرنیمدا بڕوایوایە مانا لە کرۆکدا نییە، شاعیرانی پۆست وەك(ساموێل بکیت، هارولد پینتر، فلیپ لارکین، الن رب گری بە، سلمان رشدی، امبرتو ایکو) کەسانی وەك ناباکۆف هەم مۆدێرنیزم هەم پۆست مۆدێرنیزم بووە،[338]

هەندێك لە رەخنەگران و دانەرانی ئەم تیۆرە بریتیین لە: لیوتار 1924–1998تیۆرسینی فەرەنسی، دیڤید لاج 1935، رەخنەگری ئینگلیزی، ئەمبرتواکو 1932 تیۆرسینی ئیتالی، جان بارت 1930 نوسەری ئەمریکی[339]

رۆمانی پۆست مۆدێرنیزم

هەم مۆدێرنەکان و هەم پۆست مۆدێرنەکان بڕوایانوایە ژیان و بوون لە رۆمانە سونەتییەکاندا بە شێوەی کلێشەیی و قاڵبی خراونەتەروو، بەاڵم پۆست مۆدێنەکان دەڵێن" مۆدێرنەکان بە پێچەوانەی بانگەشەکانیان و پەنهانی و شاراوەیی و ناروونی بەرهەمیان، بەتەواوی سودێکی رووکەش و سادەیان لە ژیان و بوون وەرگرتوە، بۆیە ئەو ئومێدە درۆینەیان دۆزیوەتەوە، کە مرۆڤ دەتوانێت سەر لە نهێنییەکانی بوون و ژیان دەربکات و گرفتەکان، یان رازو مەتەڵە هێماییەکان چارەسەربکات، لەبەرئەوە پۆست مۆدێرنەکان لەپێناو پیشاندانی چەمکی بێهیوایی و عەبەسیەتی

---

[338]– – د. سیروس شمیسا، نقد ادبی،ص 321

[339]– د.حمید رضا شایطان، نقد ادبی، ص219

وتەو قسە فەلسەفییەکان، داستانێك دەتوانێت چەند ئاکامێکی هەبێت(وەك ئەوەی کە ژیان بەوشێوەیە) وخوێنەر دەتوانێت هەرکامێکیان هەڵدەبژێرێت، لەگەڵ ئەوەی داستان نەدەبوو ئامانج و کۆتایی هەبێت، ئینسجامی مەتنی شتێکی بێ مانایەو هیچ شتێك قەتعی نییە.[340]

تایبەتمەندیەکانی بەرهەمی مۆدێرن

تایبەتمەدنی ئەدەبی مۆدیرن لە ڕوانگەی تیۆرسینەکانییەوە، لەوانە(فاکنر 1897–1962 نوسەری ئەمریکی، ئەلیوت1888–1965 نوسەرو شاعیرو ڕەخنەگری ئینگلیزی، عەزرا پاوەند1885–1972 نوسەرو ڕەخنەگری ئەمریکی، ئەم تایبەتمەنیانەیان داناوە:

1–بەسادەیی ڕوانین لە شەڕی جیهانی، هەڵچوون و نائومێدی لە دنیای هاوچەرخدا هەیە.

2–لە ئەدەبی مۆدێرنیزم بەتایبەتی جۆری ریالیزم ، جێگیری و بڕوابوون بە پێشبینی لە داستاندا دروستە.

3– بەراوردکردنی دنیای هاوچەرخ و دنیای کۆن لە ئەدەبیاتدا، وەك جیمز جویس1882–1941 نوسەری ئیرلەدنی.

4–گرتنەبەری زمانی تەنزئامیز، تەنانەت گاڵتەش بە خۆی دەکات.

---

[340]– – د. سیروس شمیسا، نقد ادبی،ص 323

5-جەختکردنەوە لەسەر نامۆبوونی هونەرمەند و دەرکردنی لە گۆمەڵگەی گشتیدا.

6-جەختکردنەوە لە ئەدەبیاتی زانایانە و رۆشنبیرانە.

نوسەرانی پۆست مۆدێرن، بەسەرەنجدان لە پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکانی ئەم سالأنەی دوایی، قووڵتر لە مۆدێرنەکان لە مەسەلە جیهانییەکان دەڕوانن، نوسەرە پۆست مۆدێرنەکان پێیانوایە، بەرهەمی ئەدەبی بەیانگرو ئاشکراکەری نیشانەو دژە سەرنجراکێش و نامۆکانن، کە لە جیهانی پێشکەوتوی هاوچەرخدا هەیە، لەم روانگەوە چەند روانینێکیان خستوەتەروو:

1-دڵنیانەبوون و پێشبینی قبووڵنەکردن لە داستاندا.

2-ئاشفتگی و گومان لە بەرهەمی پۆست مۆدێرن.

3-بوونی ژانەری نوێی وەک(سیبرپانک)لەپێناو بیروبۆچوونی باشتری هەڵچوون لە جیهانی هاوچەرخدا.

4-وردبوون لە نهێنییە شاراوەکانی ژیانی رۆژانە.

5-دورکەوتنەوە لە گرێکوێرەکان لە بەرهەمی داستاندا.

6-بەرهەم پێکهاتەی ئاڵۆزە.

7-بوونی بەراوردی سەرنجڕاکێش و دور لە یەک(دانانی دوو کلتور،شارستانییەتی تەم و دژ)

8-دروستکردنی کەسیەتی کە لەدەستدەری سروشتێکی جێگیرن، تەنانەت رۆڵ بە رۆڵ دەگۆڕرین.

9-جیاوازی نەکردن لەنێوان شیعرو پەخشاندا.

10-ئازادببون لە یاریکردن بە زمان.

11-زۆربوونی بیرو خەیاڵێ مرۆڤ لەبارەی واقیعی دەرەکی.

12-ڕەخنەگرتن لە کلتوری هاوەرخ

13-گرنگیدان بە رابردو، بەشێوەی تەنزو ڕەخنە.

14-نوسینی داستان لەبارەی خودی داستان

15-تێکەڵکردنی ریالیزم بە جادو و ئەفسانە.

16-جەختکردنەوە لەسەر جێناوی دووەم.

17-گرنگیدان بە ڕێکەوت لە گێڕانەوەدا.

18-گرنگیدان بە بیر، لەپێناو دنیایەکی دامالّراو لە تاك.

19-تیکەڵکردنی داستان و مێژوو، بەبێ جیاکردنەوەیان.

20-دەتوانرێت چەند ژانەرو شێوازێکی ئەدەبی تیکەڵ بەیەکتری بکرێن.

21-هەوڵدان بۆناسینی بیروبۆچوونی جیهانەکانی تر، وەك جیهانی لادێ بەشار.[341]

دیڤد لاج(David Lodge) لە وتاری (ڕۆمانی پۆست مۆدێرنستی)دا هەندێك تایبەتمەندی گرنگی ڕۆمانی پۆست مۆدێرنی دیاریکردوە[342]

گومان:

---

[341]- د.حمید رضا شایطان، نقد ادبی، ص221

[342]-نظریة رمان، ترجمة: حسن ثایندة، نشر نظر،1374،ص139

قەسەکردن لە ناوەڕۆکی دەقی پۆست مۆدێرنیزم و گومان لە ڕۆماندا ، لە ڕاستیدا لە هەموو شتێکدا هەیە، بۆنمونە لەم جۆرە ڕۆمانانەدا کەسایەتی بارودۆخی ئاڵۆز هەیە، ئاشکراش نییە، کە فلان کەس کە گێڕەرەوە ناوی دەبات، هەمان کەسەکە کە باسی دەکات یان کەسێکی تر، گومان لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا غەوغاو ئاژاوە دروستدەکات، جان فاولر(John Fowler) لە ڕۆمانی(ژنی پایەداری فەرەنسا) دا چەند کۆتاییەك پێشنیاردەکات، تاوەکو خوێنەر بەخواستی خۆی یەکێکیان هەڵبژێرێت، جگەلەمەش هەندێکیان هەر داستانەکە تەواو ناکەن، (Multiple ending) فرە کۆتا و گومان لە مەسەلە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤی ئەمڕۆیە.

1-دژیەتی(تناقض): لاج لە ڕۆمانی(هێڵە تێکئاڵاوەکان)ی بکیتدا هەندێك دەستەواژە بەکاردەهێنێت، کە دژی ئەوانەی پێشوترن، وەك(پێویستە دێڕەی پێبدەین، ناتوانین دێڕەی پێبدەین، دێڕەی پێدەدەین) یەکێك لە شتەدیارەکانی ڕۆمانی پۆست مۆدێرنە، پاڵەوانی دوو ڕەگەزە بەوەی جارێك نێرو جارێك مێن، یان هەر نازانین کامیانن.

2-جابەجایی: مەبەست لەو حاڵەتەیەکە لە ڕۆمانێکدا دەتونرێت چەند ڕوداوێکی جیاواز لەبەرچاو بگیرێن، و هەریەکەیان دەتوانرێت لە جێگەی ئەوی تر دابنرێن، دووکەس یەکتری دەبینن، دەتوانرێت بەبێ ئاگاداربوون لەیەکتری لە پاڵ یەکتریدا گوزەر بکەن، یان سلاو لە یەکتری بکەن و یەکتر ببینن،

لە هەندێك ڕۆمانی پۆست مۆدێنی (بکت، خورخە لویس بورخیس) ئەمەیان ڕەچاوکردوە.

3-نائینسجامی:

ئاگایی نێوان ڕستەو ڕوداوەکان، هیچ جۆرە پێکەوەگونجاندنێکی نییە، بیکت دەیەوێت لەڕێگەی شاراوەیی و چاوەڕواننەکردن لە بگێڕەڕەوەو بە خاڵی هێشتنەوەی بەشێك لە جێگەکانی ناوەڕۆك، دژوتن و جێگە بەجێگەکردن گونجاندنی قسەکانی بەیەکەوە گرێدەدات، لەڕاستیشدا هەندێك لە نوسەران بنچینەی کارەکەیان لەسەر نەگونجادن بنیادناوە.

4-ونکردنی بنچینەو بنەما(قاعبدە):

بەبوونی گونجاندن خۆی بۆ خۆی بەڕەو بێ بنەمایت دەبات، لاج دەڵێت" پۆست مۆدێرنەکان بڕوایان بە لۆژیکی پووچ و عەبەسبوون و پێویست نەبوونی مانا هەیە، چۆن زەینی مرۆڤ پێکەوەگونجانی هەیە، دەبێت بێبنەماییش بەشێوەی ڕێچکەو تەکنیك بەسەر دەقدا بسەلمێنرێت، بەمەش ئەدەبی پۆست مۆدێرنیزم هونەرێکی بنەما دانەرو هەم شکێنەرە.

5-زیادەڕەوی

سود وەرگرتن لە خواستن و خوازە، لەپێناو خستنەرووی تەنزئامێز، یان دەرچوون لە ڕوونکردنەوەی شێوە لێکچوەکە، یان نامۆیی لە هەردوو لایەنی نواندنکەدا

6- پەیوەندیکردنی کورتخایەن:

بە ڕوانینی لاج دەتوانرێت چەمکی یاکۆبسنی دوو جەمسەری خواستن و خوازە فراوانبکرێت، لە ئاکامدا گەیشتە ئەوەی کە ئەدەبیاتی خواستنی و نا ئەدەبیاتی خوازەیی هەیە، واتە کرۆکی ئەدەب بەهەر حاڵ، خواستنی بۆ جیهانی مادی بوونی هەیە، بۆیە لەنێوان ناوەڕۆك و واقیعیەتدا میانەیەك هەیە، لە ئەدەبیاتی پۆست مۆدێرنەدا لەم میانەیەدا تێکچوون و شیرازە پچڕان دەبینرێت، بەمانایەکی تر لە بەرهەمێکی پەیوەندی کورتدا پریسکی ئاگر دەبینرێت، بەمەش خوێنەر ناتوانێت لە نێوا هەردوو لایەنی لێکچوون واتە بوونی(presentation) پیشاندان یان پێشکەشکردن ونیشانە، و مەتنی ئەدەبی واتە (representation)دووبارە پێشکەشکردن پەیوەنێکی دروست بدۆزێتەوە.

14- ڕەخنەی سیمیۆلۆژی

سیمیۆلۆژیا هەردوو زاراوەی سیمیۆلۆژیا(Semiologie)و سیمیۆتیکا (Semiotique)ی بۆ بەکارهاتووەو هەردووکیان لە وشەی (Semio)وەرگیراون و بنچینەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی یۆنانی (Semeion) واتە نیشانە، بەڵام تەنها لەرووی سەفێکسەکانیانەوە (suffixe) جیاوازن، بەوەی لە زاراوەی یەکەمدا (logie) بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی یۆنانی (Logos) واتە گوتار، هەندێ جاریش بەواتای زانست هاتوە،

لەزاراوەی دووەمیشدا (Tique) کە بنچینەکەی دەگەڕیتەوە بۆ زمانی لاتینی و بەواتای ڕێژەیەك لە دیالێکتیکی بەکارهاتووە[343].

لەبەرئەوەی وشەی (Semeion) لەبنچینەدا واتای نیشانەی گەیاندوە، واتایەکی سنورداری لەبواری پزیشکیدا هەبووە، لەبەرئەوە یەکەم جار لەبواری پزیشکیدا بۆ ئاماژەکردن بەو نیشانانەی کە لە نەخۆشی (ئەفۆست)دا دەرکەوتن بەکارهێنراوە[344]، واتە ئەو سیپتۆمانەی کە نەخۆشیەکە لەسەر نەخۆش دەریخستون، جگە لەمەش زاراوەی (semiotike) لای دکتۆرەکانی گریك واتای تۆێکاری گەیاندوە، بەلاّم واتا فراوانەکەی لە زانستی مرۆییدایە، چونکە لێکۆلّینەوەیە لە نیشانەکان لەناو سیستمێکی دیاریکراودا"[345]، هەروەها لای دکتۆرەکانی سەدەی ناوەڕاست بەواتای (سەرەنجدان لە سیپتۆمەکانی (اعراض) نەخۆش هاتوە، کەواتە نیشانەناسی لە زاراوەکانی زانستی پزیشکیدا بەکارهاتوەو کاری لەسەر سیپتۆمی نەخۆشی کردوە "[346] چونکە "وشەی (Semon) لە یۆنانی کۆندا بەواتای نیشانە بەکارهێنراوە،

---

343 –عبدالواحد المرابط، السیمیاء العامة و السیمیاء الادب،منشورات الاختلاف،بیروت،2010،ص17

344–Lepetit Rebert،dictionnaire alphabetique at analogique de la langue fancaise، Paris،1976،p163

345–Jolle Gardes – Tamine ، Dictionnaire de critique litteraire ، ceres Editions ، tunis ، 1997 ، p 279

346 – انه ماری دینەسن ، در امدی برنشانه شناسی ،ترجمه:مظفر قهرمان، نشر پرسش،

بەلأم دواتر "جۆن لۆك زاراوەی (semiotica) ی بەواتای میتۆدە مەعریفییە فەلسەفیەکان، پاشان بەواتای تیۆری نیشانەکان بەکارهێناوە[346]، دواتر ئەم زاراوەیە گوازرایەوە بۆ بواری لۆژیك و زانستی زمان و دواتریش ئەدەب و کلتورو....تاد، لێرەوە سیمیۆلۆژیا (Semiologie) یان سیمیۆتیکا (Semiotique) بریتییە لە"زانستی نیشانەکان[347] ئەمەش واتە کار لەسەر نیشانە (Sign) و (واتا Meaning)دەکات.

سیمیۆلۆژیا لای یۆنانییەکان بریتی بووە لە پۆلێنی نیشانە بیرییەکان، لەپێناو ئاراستەکردنی لە لۆژیکی فەلسەفی گشتی و تەواودا ، سیمیۆلۆژیای کۆن لایەنگری مەدلولە بیریەکانە، لەم ڕوانگەشەوە بەپێی هەندێ لە سیماکان، سیمیۆلۆژیا تێکەڵ بە لۆژیکی وێنەیی دەبێت، و زاراوەکەش بۆ ماوەیەکی زۆر پەراوێز خرا، تاوەکو جۆن لۆك هات لەژێر کاری Semiotike و دەلالەتێکی هاوشێوەی ئەوەی لە فەلسەفەی ئەفلاتوندا هاتووە کاری لەسەر کردوە [348]

سیمیۆلۆژیا"زانستێکی مەنهەجی سەردەمەو بریتییە لەتیۆری گشتی نیشانەکان، بەهۆی ئەمەشەوە بە سروشتێکی گشتگیرو

تهران،1380،ل11

[347] – Tzvetan todorov:theorie du sgmbole ،paris.1971

[348] – فيصل الاحمر ، معجم السيميائيات ، منشورات الاختلاف،الجزائر ، 2010 ، ص11

[349] – برنارد قوسان ، ماهي السيمولوجيا، ترجمة: محمد نظيف ، افريقيا الشرق ، ط 1، 1994،ص 37

فراوان وەسفدەکرێت ، کە لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار، یەکێکیان تایبەتە بەخودی زانستەکەوە ، ئەوی تریشیان پەیوەستە بە فرەیی کێڵگە سیمیۆلۆژییەکان و بوارەکانییەوە "[351].

محمد عزام دەڵێت"سۆسێر یەکەم کەسە وشەی سیمیۆلۆژیا(Semialogic)و لە فەرەنسا بەکارهێناوەو جەخت لەسەر زمان دەکات‌و دەیکاتە چەترێك، کە هەموو زمانە ئاماژەییەکانی تر (سیمیۆلۆژی) دادەپۆشێت"[352].

کەواتە سۆسێر ڕابەری سیمیۆلۆژیای فەرەنسییەو، پێرس ڕابەری سیمیۆلۆژیای ئەمریکییە، هەر لەبەرئەمەشە ئارت ڤان دەڵێت" سیمیۆلۆژیا کۆڕی دوو باوکە، یەکەمیان پێرس و ئەوی تریان سۆسێر، بەبێ ئەوەی یەکێکیان ئەوی دی بناسێت"[353]

ئەورووپییەکان لەژێر کاریگەری سۆسێر زاراوەی سیمیۆلۆژیا بەکاردەهێنن، بەو پێیەی لەوانەکانیدا بەکاریهێناوەو ئەمریکییەکانیش لەپێرسەوە وەریانگرتوە، بەڵام چ سۆسێر و چ پێرس لەناونانی ئەم زانستەدا، پشتیان بەبنچینە یۆنانییەکە بەستوە، سۆسێر سنوری زمانەوانیی بەرەو لێکۆڵینەوەی نیشانەکان لەژیانی کۆمەڵایەتیدا برد، واتە هەموو رووداندە

350-غريب اسكندر ، الاتجاه السيمائى في نقد الشعر العربي ، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، 2009، ص11 .

351 -محمد عزام ، النقد والدلالة، منشورات وزارة الثقافه ،دمشق،1996ص 7

352- جان ماری و الاخرون، العلاماتية و العلم النص، ترجمة: منذر عياشى، مركز الانماء الحضارى، سوريا،2009،ص33

دالیەکانی لەکۆمەڵگەدا تێپەڕاند، بەمەش سیمیۆلۆژیای فراوانکرد، هەر لەبەر ئەم دوور رۆشتنەی، سیمیۆلۆژیای بەزانستی هەموو شتەکان دانا کە واتا هەڵدەگرێت، ئیدی ئەو شتە هەستپێکراوبێت یان پەتی و واتایی بێت وەك (بیرەکان، هەست و سۆزەکان)، بەڵام هەرچی پێرسە کارکردنی نیشانەی لە چوارچێوەی لۆژیك و دەلالەتە لۆژیکیەکاندا چڕکردوەتەوە.[353]

سۆسێر لەبارەی سیمیۆلۆژیاوە دەڵێت" لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە دەتوانرێت وێنای ئەوە بکەین، کە سیمیۆلۆژیا زانستێکەو بابەتەکەی کارکردنە لەسەر ئاماژەی نیشانەکان لە کۆمەڵگەدا، ئەم جۆرە زانستەش بەشێکە لە دەروونناسی کۆمەڵایەتی و بەپێی ڕۆڵەکەشی بەشێکە لە دەروونناسی گشتی [354] کەواتە سۆسێر پێیوایە " زمان سیستمێکە لە نیشانەکان و گوزارشت لە بیرێك دەکەن ، بەڵام قسەکردن کارێکی تاکی ئیرادی و عەقڵیە [355]کەوایە بیر بەبێ دالەکانو بە پێچەوانەوە بەهایان نییە .

هەروەها سۆسێر دەڵێت " زمان بریتییە لە کۆگایەکە لە نیشانەکان و نیشانەش یەکەیەکی بنچینەییە لە پرۆسەی

---

[353]– لوقمان رەئوف، دەقی شیعری کوردی لەروانگەی سیمیۆلۆژییەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، 2014 ،

[354] - فردیناد دی سوسور ، علم اللغة العام ، ت: یوئیل یوسف عزیز، آفاق العربیة، بغداد ، 1985، ص34

[355]–ان اینو، السمیائیة الاصول و القواعد و التاریخ، ترجمة: رشید بن المالك، دار مجدلاوی للنشر و التوزیع، 2008 ، ص30

پەیوەندی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و دوولایەنی سەرەکیش لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە دال و مەدلول "[356]

ئەگەر زمانەوانی جیاوازی لەنێوان زمان و قسەکردندا بکات و بوونیان بەپێویست بزانێت بۆی، ئەوا سیمیۆلۆژیا" جیاوازی لەنێوانیاندا ناکات، چونکە لەیەکەمدا ناکرێت زمان بەبێ قسەکردن هەبێت، لە دووەمیشدا پێویستە دوای زمان و قسەکردن بکەوێت بەبێ ئەوەی بەیەکەوە لە لۆژیکی دەروونییەوە سەرچاوە بگرن[357] جگەلەمەش ئەوەی سیمیۆلۆژیا لەگەڵ زمانەوانی جیادەکاتەوە بریتییە لە دەلالەتی نیشانە لەروانگەی سیمیۆلۆژییەوە بەوەی " لەکارنامە کۆمەڵایەتییەکەیدا گەمارۆ دراوەو ئەم کارنامەش ملکەچە بە بەکارهێنان، ئەم بەکارهێنانەش مەرجدارە بە کات و ساتێکەوەو ئەم کات و ساتەش شتێك نییە جگە لە نیشانە بۆ ئەم بەکارهێنانە[358]

زمان سیستمێکە لە نیشانەکان کە گوزارشتکردنە لە بیرەکان و دەتوانرێت ئەم سیستەمە بە سیستمی نوسین ، یان ئەلفبێی بەکارهێنراو لای ئەوانەی بیستن و گۆکردنیان لەدەستداوە ، یان

---

[356]– احمد مؤمن ، اللسانيات النشأة و التطور، د . ط، د.ت ، ديوان المطبوعات الجامعة ، الجزائر، ص127

[357]– د. بشير تاوريريت، مناهج النقد الادبى المعاصر، الهيئة المصرية العامة للكتاب،2008،ص142

[358]– عبدالله ابراهيم واخرون ، معرفة الاخر ، مدخل الى المناهج النقدية الحديثة،المغرب، 1996،ص99

بۆنەی (تقوس)ی هێمایی ،یان سیفەتی ڕێزداری (مهەزەب) ، یان نیشانەی سەربازی ، یان ئۆرگانی تر دابنرێت، هەرلەبەر ئەمەشە سۆسیر دەڵێت " زمان باشترین سیستمە کە دەتوانێت زانستێك دابمەزرێنێت ،کە لە ژیانی نیشانەکان لەناو ژیانی کۆمەلاێەتیدا بکۆڵێتەوە و ناوی دەنێت زانستی نیشانە، یان سیمیۆلۆژیا و زانستی زمانیش دەبێتە بەشێك لە سیمیۆلۆژیا [361]

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە سۆسێر ئەم زانستەی لە لێکۆڵینەوەی نیشانەو لە دەلالەتە کۆمەلاێەتیەکاندا چڕکردوەتەوە ، بە پێچەوانەشەوە پێرس هەوڵدەدات لەچوارچێوەی لۆژیکدا لێی بکۆڵێتەوە، چونکە "سیمیۆلۆژیای پێرس تەنها گرنگی بە نیشانەکان نادات، بەڵکو ئەو سنورە دەبەزێنێت، بۆئەوەی ئەم نیشانە بەرهەمبێنێت، ئیتر ئەوە لاوەکی یان سەرەکییە گرنگ نییە ، تا ئاستێك بەبەها بێت وەك بلیتی گەشت و چەکی بانك ، یان شێوەیەکی ئاگادارکردنەوە وەك گوزارشت لەسۆزو گوزارشتی ئەدەبی "[362]بەم پێیەی پێرس بێت خودی نیشانەکە هۆکارە بۆ ئەو ڕۆڵ و بایەخەی کەبەکاردەهێنرێت ، واتە نیشانە هۆکارە بۆ واتاو مەبەستێکی بایەخدار.

---

[359] – منذر عياشی، العلاماتية وعلم النص، المركز الثقافي العربی، الدار البيضاء، بيروت، لبنان، 2004،ص 28

[360]–د.محمد السرغينی، محاضرات في السيمولوجيا، دار الثقافة للنشر والتوزيع، الدار البيضاء، ط1987،1، ص 7

سیمیۆلۆژیا ئەو زانستەیە کار لەسەر نیشانەکان، یان نیشانەو کۆنتێکستەکان دەکات، بەم پێیەش سیمیۆلۆژیا زانستیکی گشتیەو دراسەی هەموو نیشانەکان یان سیمبولّەکان دەکات، کە بەهۆیانەوە مەبەستی دیاریکراو دەگاتە خەڵکی و ئامانجی خۆی دەپێکێت ، ئەم ئامانجەش لە ڕێگەی پەیوەستبوونی بەو ڕێسا و یاسا دیاریکراوانەی، کە خودی سیمیۆلۆژیا وەك هەر زانستیکی تر هەیەتی دەردەکەوێت[361].

ڕاستە سیمیۆلۆژیا لە بنچینەو بنەما و میتۆدیەتییدا سەر بە بونیادگەریەو خودی بونیادگەریش میتۆدێکی ڕێکخراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاماژە جیاوازەکان لە ڕۆشنبیری گشتیدا، بەڵام بەهۆی ئەو گەشەکردن و ڕۆڵەی کە سیمیۆلۆژیا لە کایە جیاوازەکاندا دەیبینێت، بووەتە میتۆدی پاش بونیادگەری، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە لەمڕۆدا سیمیۆلۆژیا زانستێکە لقەکانی بەناو تەواوی ئاراستەکاندا دڕێژ بوونەتەوە و" (ئامبرتۆ ئیکو) دەرگای زۆری بۆ سیمیۆلۆژیا لە بوارە جیاوازەکاندا کردووەتەوە لەوانە (نیشانەکانی ئاژەڵ، بۆنکردن، پەیوەندی بەهۆی لەمسەوە، پەیوەندی بینین، تامکردن، جۆری دەنگ و ئاواز، Intanation، دەستنیشانکردنی (تشخیص) پزیشکی، جوڵەو باری هەستی، مۆسیقا، زمانە وێنەییەکان و نوسینەکان و ئەلفبێ نادیارەکان، یاسای ئاداب، چەشنی جلو بەرگ، ئایدۆلۆژیاکان، بابەتە

[361] – لوقمان ڕەئوف، دەقی شیعری کوردی لەڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە.

ئیستێتیکی و رەوانبێژیەکان، هەندێکی تریش زۆرتر دەڕۆن لە فراوانکردنی بواری سیمادا وەك پەیوەندی لە نێوان خانە زیندوەکاندا Bionique و تەنانەت پەیوەندیەکان لە نێوان ئامێرەکان Cybernetique [362]، هەروەها سەبارەت بەم بەرفراوانییەی سیمیۆلۆژیا(مایك ئابرامز)دەڵێت" سیمیۆلۆژیا تەنها بریتی نییە لە لێکۆڵینەوە لە نیشانەکان لەچوارچێوەی پەیوەندیەکانی وەك زمان ، هاتوچۆ ، بەڵکو زۆربەی چالاکی و بواڕە مرۆییەکانی تری وەك ئاماژە لەشیەکان ،نەریتی کۆمەلاێەتی ، جل‌و بەرگ ، ئامرازی کارکردن ..... تاد ، دەگرێتەوە و دەتوانرێت لێکبدرێتەوە [363].

دواتریش رۆلان بارت جگە لەمانە "سیمیۆلۆژیای بردە نێو ئاماژەکانی مۆدێل و جل و بەرگ و وێنەی فۆتۆگرافی و تابلۆ و خۆشتن و مکیاج و سابون و چێشتلێنان ، بەوپێیەی کاتێك لە مۆدێل دەکۆڵێتەوە، میتۆدی سیمیۆلۆژیای زمانەوانی بەسەردا پراکتیك دەکات ، هەروەك بەسەر ئەفسانەشدا پراکتیزەی کردووە ، واتە (دال + مەدلول = ئاماژە) و ئەمە گرێدەدات بە ماناو رەهەندی کۆمەلاێەتی و دەروونی و ئابوری و کلتورییەوە [364]، بۆیە دواتر

362–د. عادل فاخوری، حول اشکالیه السیمیولوجیا، مجله عالم الفکر،العدد(3) کویت، مارس، 1996 ، ص185

363 –M.H ، ابرامز ، فرهنگی توصیفی اصطلاحات ادبي ، ترجمه : سعید سبزیان – مراد بادی ، ویرایشی هفتم ، انتشرات ، هما ، تهران ، 1382 ، ص237 .

364 – نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و رەخنەیی،چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی،2011، ل87

سیمیۆلۆژیا "بووە بە میتۆدێک لە زانین و ئامانجیشی ڕوونکردنەوەی ڕاستیە دروستەکانە لەهەموو بوارەکاندا، کە سیستمە نیشانەییەکانی تێدا بەکاردێت ، زمانی و نازمانی وەک ڕژێمی جل‌و بەرگ و نیشانەکان ، ئەوەی کە (ڕۆلان بارت) بۆی دەچێت، کە سیمیۆلۆژیا زانستێکی گشتیەو بنچینە تیۆرییەکەی لە زمانەوە وەردەگرێت ، چونکە لقێکە لە لقەکانی زانستی زمانی گشتی"[365]، هەر لەبەرئەمەش " ڕۆلان بارت لەساڵی (1967)دا ئەم بۆچوونە پێچەوانە دەکاتەوە لەپێناو هەیمەنەی نیشانە زمانییەکان ، هەرچی فازل سامرە ناوی دەنێت (ئیمپراتۆرییەتی نیشانە)و نموونە نیشانەییە زمانییەکان لە تەواوی کێڵگەکانی زانست و زانینە جیاوازەکاندا هەن "[366]، هەروەها بارت " لەگەڵ ئەوەی چەمکی دال و مەدلولی سۆسێری هێشتەوە، ئەوەشی دوپاتکردەوە کە زمان بەشێکە لە سیمیۆلۆژیا، بەڵام سیمیۆلۆژیا(زانستی نیشانە) لقێکە لە زانستی زمانی گشتی"[367] بەمەش زمانەوانی گەورەترو فراوانترە لە سیمیۆلۆژیاو بنچینەی بنیادنانییەتی، بۆیە ژولیا کریستیڤا دەڵێت" زمانەوانی دەتوانێت ببێتە نموونەیەکی گشتی بۆ هەموو سیمیۆلۆژیا، لەگەڵ ئەوەی زمان شتێک نییە جگە

---

365 – محمد عزام ، النقدو الدلاله ، ص 38 .

366–ربعية رويقى، سيمائية العلامة في المسرح الجزائرى، رسالة ماجستير، جامعة الحاج الخضر (بانتة) الجزائر، 2011، ص11

367–فيصل الاحمر، معجم السيميائيات، منشورات الاختلاف، الجزائر،2010 ،ص42

لـــه کۆنتێکســـتێکی تایبـــەتی لـــه نـــاو کۆنتێکســـتە سـیمیۆلۆژییەکاندا[368]، بـەلأم بـە بـڕوای پێـرس سـیمیۆلۆژیا تیۆرێکی گشتگیرو فراوانە و سنوری زمان دەبەزێنێت، بە شێوازێك جیهان هەمووی ببێتە نیشانەو نیشانەکان دیاریبکات، بۆیە زمان بنـەما سـەرەکییەکەیەو لـەم رێگەیـەوە کـار لەسـەر سـیمیۆلۆژیاو نیشـانەکان دەکرێـت وەك زانسـت، لـەم روانگەشـەوە هەریەکـەیان زانســتێکی ســەربەخۆیە، بــەلأم بــەهۆی بەشــداریکردن لــە کەرەستەکاندا، وایکردوە ئەم تێکەڵبوونە بێتەئاراوە.

پاشان بـوو بـە میتۆدێك و گوازرایـەوە بـۆ مەیـدانی ئـەدەب و ڕەخنەو بوو بە "میتۆدی لێکدانـەوەی سیمیۆلۆژیای دەقی ئـەدەبی و ڕەخنـەی سیمیۆلۆژی، چونکە دەق لە بونیادی فۆرمی و بونیادی قوولْ پێکهاتوە،و پێویستە بەپێی ئاراستەی زانستی و ئایدۆلۆژی لـە دیـاریکردنی ڕەگـەزی بونیادگەریـدا لێکبدرێتـەوە، ڕابـەرانی سیمیۆلۆژیا لەسەر دوو ئاست ڕێککەوتون، یەکەم بونیادی فۆرمی کـە خـۆی لـە فـۆرم و داڕشـتنی گوزارشـتی دەبینێتـەوە و لێکۆڵـەر تایبەتمەنـدی شـێوەی ئـەدەبی ،و تایبەتمەنـدی شـێوازگەری لێکداوەتـەوە، لـەم ئاستەشـدا دەتوانرێـت لەپەیوەنـدی زمـان بـە کۆنتێکستی دەرەوە بکۆڵرێتەوە ، بەلأم بونیادی قوولْ ئەو یاسایانە دەگرێتەوە کە جیهانی گێڕانـەوە ملکەچـی دەبـن و گرنگـی تایبـەتی

[368]– جولیا کریستیفا، علم النص، ترجمه: فرید الزاهی،دار توبقال للنشر، المغرب،گ2، 1997،ص15

بە بینای کارنامەیی دەدرێت، لەگەڵ لێکدانەوەی پەیوەندییەکان لە نێوان هەردوو کارکراو لە ئاستی ستونی و ئاسۆیدا، هەرچی ئاراستەی دووەمە خۆی لە بونیادی زمانەوانی، کە ملکەچی یاسای پێکهاتەیی و ڕەوانبێژییە دەبینێتەوە[369].

بەمەش ئەوە ڕوونەدەبێتەوە، کە سیمیۆلۆژیا بە شێوەیەکی بەرفراوان چووەتە ناو هەموو بوارە جیاوازەکان و لەناو هەموو کایەکانی ژیاندا هەیە، هەر ئەمەش کارکردن لەناو سیمیۆلۆژیا گرانترو وردتردەکاتەوە .

سیمیۆلۆژیا زانستێکە کار لەسەر هەڵوەشاندنەوەو بنیادنانەوە دەکات، لەگەڵ دیاریکردنی بونیاتی قوواڵ کە لەپشت بنیادە ڕووکەشەکەوە ئاستی دەلالی و پێکهاتەیی ڕازینراونەتەوە ، هەروەها سیمیۆلۆژیا بەرهەمهێنانی دەق و بنیادی ناوخۆیی لەخۆدەگرێت و بەدوای هۆکاری جۆربەجۆر و گوتارە بەردەوامەکان و دەقەکانەوەیە ، هەوڵیشدەدات بۆ دۆزینەوەی بونیادی قووڵی جێگیرو سەرنج لە بنەمای جەوهەری لۆژیکی دەدات، کە ئەمەش لەپێش هۆکاری جیاوازی دەقەکان و ڕستەو گوتارەکانەوەیە، سیمیۆلۆژیا بەلایەوە گرنگە دەق لە شێوەی ناوەڕۆکدا چی دەڵێت، نەك ژیانی شاعیرو نوسەر، واتە گرنگی بە فۆرمگەرایی ناوەڕۆك دەدات[370].

---

[369] – محمد عزام ، النقدو الدلاله ، ص 39 .

[370] –لوقمان ڕەئوف، دەقی شیعری کوردی لەروانگەی سیمیۆلۆژییەوە.

ئەمڕۆ میتۆدی سیمیۆلۆژیا بایەخێکی گرنگی لە میتۆدە رەخنەییە هاوچەرخەکاندا هەیە، ئەم بایەخەش لەلایەك لەو گشتگیریەوەیە کە ئەم میتۆدە هەیەتی، لەلایەکی تریشەوە کار لەسەر میتۆدی کرانەوەی دەقەکان لەبەرامبەر ماناکاندا دەکات، ئەمەش لە پێناو رزگارکردنی وشە لەپێناو ئازادبوونی نیشانەو ماناکان.

15 رخنەی پێکهاتەیی(التکوینی)

ئەو جۆرە رەخنەییە، کە گرنگی بە سەرچاوە سەرەتایی، یان یەکەمەکەی دەقە ئەدەبییەو ئاستەکانی دەق و دەستنوسی یان فۆتۆکۆپییەکانی دەدات، لەگەڵ کارکردن لەسەر دەق لە کاتی دەستنوسی و فۆتۆکۆپی پێش چاپکردنی، لەگەڵ رەنگدانەوەی نییەتی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆی نوسەر، لەگەڵ دیاریکردنی وێناو روانینی راستەقینەی بەرامبەر جیهان بەراستگۆیی[371].

رەخنەی پێکهاتەیی هەندێك جاریش بە رەخنەی جینی ناودەبرێت، و لێکۆڵینەوە لەسەر کاری ئەدەبی دەکات هەر لەسەرەتای دەستنوسییەوە، تاوەکو دەبێتە کتێب، واتە گرنگی بە قۆناغەکانی پێکهاتنی دەقەکە دەدات[372].

371- د.جمیل حمداوی، النقدالتکوینی(
http://www.alukah.net/publications_competitions/0/39596/#izz3ceICZoHg

372- هەمان سەرچاوە

دافید کاتر دەڵێت" ئەم ڕەخنەیە هەوڵدەدات بۆ بوونی بەڵگە لە پێناو چەسپاندنی دەقەکەو نییەتەکانی نوسەر، هەروەها ئەو هۆکارانە دەخاتەروو کە سروشتی کۆتایی دەقەکە دیاریدەکات، هەروەها باس لە کاریگەریەکانی سانسۆرو پوختەکردن دەکات، هەرچی جان میشیل راباتیە Jean-Michel Rabaté پێیوایە پەیوەندییەکی تووندوتۆڵی بە سیاغەی پرەنسیپەکانەوە هەیە، کە تەحەکم و بە موماڕەسەکانییەوە دەکاشمبهم.

کەواتە ئەم جۆرە دەقە زیاتر کار لەسەر دەقەکە بەر لە لەچاپکردنی و ئەو قۆناغەی کەپێیدا تێپەڕبوو دەکات، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر ئەو بەڵگانەی کە بەشداری لە بەرهەمهێنانیدا دەکات، بەمانایەکی تر نهێنی بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبییە، واتە ئەو ڕێڕەوەی کە کەبووەتە هۆی لەدایکبوونی، چونکە هەموو دەقێکی ئەدەبی بەر لە چاپکردنی بەچەند قۆناغێکدا دەڕوات، هەر لە بیرۆکەی یەکەمی تاوەکو جێبەجێکردنی و هێنانەبەرهەمی، بەمانایەکی تر ڕەخنەی بەرهەمهێنانی گرنگی بەکارەکە دەدات، هەر لەوکاتانەی کە کارە ئەدەبییەکە بیرۆکەیە لای نوسەر دواتر بۆ ڕەشنوسی ودەستنوسی لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە تەواوی ئەو سەرچاوانەی کە نوسەر پشتی پێبەستون لە تەواوی ناونیشانەکان و دەقەکەو دەقئاوێزان و .....تاد. بەم پێیەش ئەگەر ڕەخنە گرنگی بە ناوەوەی دەق بدات، ئەوا ڕەخنەی پێکهاتەیی گرنگی بە پێ بەدەقبوون دەدات، کاتێك لە قۆناغی ڕەشنوس و دەستنوسدایە.

---

[373] – دیفید کارتر، النظریة الأدبیة، ترجمة: د. باسل المسالمة، دار التکوین، دمشق، سوریا، الطبعة الأولی سنة 2010م، ص 151

(critique génétique)رەخنەی پێکهاتەیی لە سالّی 1979 کاتێک خانەی چاپی فلاماریون لە پاریس کتێبی(لێکۆڵینەوەکان لەبارەی رەخنەی پێکهاتەیی، دەقی لوی ئاراگۆن وەك نمونە) بەوەی کاری لەسەر کتێبەکەی لوی های (Louis Hay) بەناوی(رەخنەی پێکهاتەیی: بنینەو روانین) کرد.

رابەرانی ئەم رەخنەیە لەکۆندا جوستاف لانسون، ورودلر، وب. أودیا (Audiat)، وتیبودیه(Albert Thibaudet) ، لە نوێشدا کجیرار جنیت (Gerard genette)ولوی های (Louis Hay) و جان بیلمان نویل (Jean Bellemin-Noël)374، وبییر مارك دوبیازی (Pierre-Marc de Biasi)375، ورایمون دوبرای جنیت (Raymonde Debray Genette) ، وجاك نیف (Jacques Neefs) ومونتانی وستاندال[8]، وهنری متیران (Henri Mitterand) وجان میشیل راباتی (Daniel Ferrer and Jean-Michel Rabaté) ، وألموپ کریزیون (Almuth Grésillon)وکاترین فیولی (Catherine Viollet) ،

374 – Jean Bellemin-Noël، *Le texte et l'avant-texte: Les brouillons d'un poème de Milosz* (Paris: Larousse، 1972.

374 –Pierre-Marc de Biasi، "Paranoïa-Genèse. Remarques sur l'identité des recherches en génétique textuelle"، eds. eds. Almuth Grésillon and M. Werner، *Leçons d'écriture: ce que disent les manuscrits* (Paris: Minard، 1985) 259-75.

وفیلیب لوجون (Philippe Lejeune) ، وجان لوی لوبراف-(Jean-Louis Lebrave) .

ڕەخنەی ئەدەبی کوردی

بەمەبەستی ئاشنابوون و ناسنی ڕەخنە کوردی بگەڕێڕەوە بۆ کتێبی (ئەدەب و ڕەخنەی نوێ و سەرەتایەك بۆ ڕەخنەی ئەکادیمی)

سەرچاوەکان

یەکەم: کوردی

1. پیتەر هالبیرگ، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، ئا.و. ئەنوەر قادر محەمەد، مەڵبەندی کوردۆلۆژی، سلێمانی،2010

2. پول ستراتیرن، ئەرستۆ، و.لوقمان ڕەئوف، 2008

3. لوقمان ڕەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا،سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،2009

4. لوقمان ڕەئوف ، سیماکانی پۆست مۆدێرنە لە ئایدیای شیعریی شێرکۆ بێکەسدا، سلێمانی، 2011.

5. د. کامل بصیر، ڕەخنەسازی، مێژو و پەیڕەوکردن،چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا،1988

6. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی،چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی،2011

دووەم: عەرەبی

7. ابن قتيبة، الشعر و الشعراء ،pdf

8. ابن المعتز، طبقات الشعراء، دار المعارف، القاهرة،2010

9. احمد مؤمن ، اللسانيات النشأة و التطور، د . ط، د.ت ، ديوان المطبوعات الجامعة ، الجزائر،

10. – ادونيس، الثابت و المتحول،دار العودة،بيروت،1977

11. أرسطو طاليس، فن الشعر، ترجمة: أبي بشر متى بن يونس القنائي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، 1993

12. ارسطو، السياسة،ترجمة: احمد لطفى السيد ، مختارات الاذاعةو التلفزيون، القاهرة،د،ط

13. ان اينو، السميائية الاصول و القواعد و التاريخ، ترجمة: رشيد بن المالك، دار مجدلاوى للنشر و التوزيع، 2008

14. برنارد قوسان ، ماهي السيمولوجيا، ترجمة: محمد نظيف ، افريقيا الشرق ، ط 1 ، 1994

15. تيرى ايطلتون، مقدمة فى نظرية الادبى، ترجمة احمد حسان، دار الكتب العربية ، القاهرة،1996

16. تيرى ايطلتون، مقدمة فى نظرية الادبى، ترجمة احمد حسان، دار الكتب العربية ، القاهرة،1996،

17. الجاحظ، البيان و التبيين/1/ 83

18. جاك دريدا، الكتابة الاختلاف، ترجمة كاظم جهاد ، تقديم محمد عدل سيناطر، دار توبقال للنشر ، المغرب، 1988

19. جاك دريدا، الكتابة الاختلاف، ترجمة كاظم جهاد ، تقديم محمد عدل سيناطر، دار توبقال للنشر ، المغرب، 1988

20. جان ماری و الاخرون، العلاماتیة و العلم النص، ترجمة: منذر عیاشی، مرکز الانماء الحضاری، سوریا،2009

21. جولیا کریستیفا، علم النص، ترجمة: فرید الزاهی،دار توبقال للنشر، المغرب،ط2، 1997

22. د. بشیر تاوریریت، مناهج النقد الادبی المعاصر، الهیئة المصریة العامة للکتاب،2008

23. د. سمیر شریف استیتیة ، منهج تکاملی في قراءة النص،دار وائل للنشر،2003

24. د. شکری عزیز الماضی ، في نظریة الأدب ،مؤسسة العربیة،2003

25. د. عباس أرحیلة، لأثر الأرسطي في النقد والبلاغة العربیین، مطبعة النجاح الجدیدة، الدار البیضاء،

26. د.عبدالمعطی الشعراوی، النقد الادبی عند الاغریق و الرومان،مکتبة الانجلو المصریة، القاهرة،199

27. د.قصی الحسین، النقد الادبی عند العرب و الیونان،المؤسسة الحدیثة للکتاب،طرابلس، لبنان،2003،

28. د. محمد صقر خفاجة، تاریخ الادب الیونانی،مکتبة النهضة المصریة. 1956

29. د. مصطفی عبدالرحمن ابراهیم، فی النقد الادبی القدیم عند العرب، مکة للطباعة ،القاهرة.1987

30. د. میجال الرویلی ، د. سعد البازی ، دلیل الناقد الأدبی، المرکز الثقافی العربی،لبنان،2002

31. د.بشیر تاوربریت، التفکیکیةفی الخطاب النقدی المعاصر، دار رسلان ، دمشق،2008

32. د.سعد الضلام،النقد الادبی، مطبعة الامانة، 2000

33. د.محمد السرغينى، محاضرات في السيمولوجيا، دار الثقافة للنشر والتوزيع، الدار البيضاء، ط1،1987

34. رامان سلدن، النظرية الادبية المعاصرة: ترجمة سعيد الغانمى، دار فارس للنشروالتوزيع، المغرب،1996،

35. رسالة طورطياس، حكمت سقرات ،ج 2، ص 15

36. رولان بارت، درس فى السيمولوجيا، ترجمة عبدالسلام بن عبدالعالى، دار توبقال ، المغرب،1986

37. رولان بارت، درس فى السيمولوجيا، ترجمة عبدالسلام بن عبدالعالى، دار توبقال ، المغرب،1986،

38. رولان بارت، نقدو حقيقة ، ت: منذر عياش،1994

39. عبدالحمن بدوى ، ارستوطاليس، فن الشعر،1423

40. عبدالعزيز عرفة،التفكيك والاختلاف والمرجأ، مجلة الفكر العربى المعاصر، مركز الانماء القومى كويت،1991

41.عبدالله ابراهيم واخرون ، معرفة الاخر ، مدخل الى المناهج النقدية الحديثة،المغرب، 1996

42.–عبدالواحد المرابط، السيمياء العامة و السيمياء الادب،منشورات الاختلاف، بيروت،2010

43.عمر أوكان، لذة النص و مغامرة الكتابة لدى بارت،1991+

44.غريب اسكندر ، الاتجاه السيمائى في نقد الشعر العربي ، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، 2009

45.فرديناد دى سوسور ، علم اللغة العام ، ت: يوئيل يوسف عزيز، آفاق العربية، بغداد ، 1985،

46. فروغى،حكمت سقرا ط، ضاث دوم ،ج1 ،ص 152

47. فيصـــــل الاحمـــــر، معجـــــم الســـــيميائيات، منشـــــورات الاختلاف،الجزائر،2010،

48. قدامة بن جعفر، نقد الشعر،دار الكتب العلمية، بيروت، د.ت.

49. لويس طلدمان ، نقد تكوينى دار ناشري للنشر الإلكتروني،2009

50. محمد عزام ، النقد والدلالة، منشورات وزارة الثقافه ،دمشق،1996

51. محمـد غنيمـي هـلال، النقـد الأدبـي الحـديث، دار نهضـة مصـر، القاهرة،1999

52. منذر عياشى، العلاماتية وعلم النص، المركز الثقافي العربى، الدار البيضاء، بيروت، لبنان، 2004،

53. نوابغ الفكر الغربي: أفلاطون، لأحمد فؤاد الأهواني، دار المعارف، الطبعة الرابعة، 2012

سێیەم :فارسی

54. ابو الحسن نجفى، مبانى زبان شناسى ، انتشارات نيلوفر، ضاث دوم، تهران،1371،

55. ادوار سـعيد، جهـان مـتن، ترجمـة : اكـبر افسـرى، انتشـارات توس،1379

56. آنـه مـارى دينةسـن ، در آمـدى برنشـانة شناسـى ،ترجمـة:مظفر قهرمان، نشر پرسش،تهران،1380.

57. بابك احمدى، ساختار تاويل متن،چاپ اول، جلد 2، نشر مركز، تهران، 1370

58. M.H، ابرامز ، فرهنگى توصيفى اصطلاحات ادبي ، ترجمة : سعيد سبزيان – مراد بادى ، ويرايشى هفتم ، انتشرات ، هما ، تهران ، 1382

59. – بابك احمدى، مدرنيتة،ضاث اوا، نشر مركز،تهران،1373

60. تری ایطلتون، ثیش درامدی بر نظریة ادبی، ترجمة عباس مخبز،چاپ اول،نشر مرکز،1368

61. تری ایطلتون، بیش درامدی بر نظریة ادبی، ترجمة عباس مختبر، جاب اول، نشر مرکز،تهران، 1368

62. ثیام یزدانجو، ادبیات ثسامدرن، چاپ اول، نشر مرکز،1379

63. جوزف کمبل، قدرت اسطورة، ترجمة: عباس مخبز، نشر مرکز،چاپ اول، تهران 1377،

64. د. حمید رضا شایطان فر، نقد ادبی،انتشارات دستان، تهران، 1380،

65. د. سیروس شمیسا، نقد ادبی ،انتشارات فردوس،، چاپ چهارم،تهران،1383

66. د. عبدالحسین فرزاد، دربارة نقد ادبی،نشر قطرة، تهران،1378

67. د . عبدالحسین زرین کوب، اشنایی با نقد ادبی، انشتارات سخن ،1388

68. د. عبدالحسین فرزاد، دربارة نقد ادبی،نشر قطرة، تهران،1378،

69. د.علی تسلیمی، نقد ادبی ،تهران، 1388

70. ذاك دریدا ، مواضع، ترجمة: ثیام یزدانجو، نشر مرکز،چاپ اول، تهران، 1381،

71. –رامان سلدن،راهنمای نظریة ادیی معاصر، ترجمة عباس مخبز، ضاث اول، انتشارات طرح نو، تهران،132

72. رنة ویك، اوستین: نظریة ادبیات، ترجمة: ضیاء موحد و ثرویز مهاجر، چاپ اول، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران، 1373

73. سیما داد، فرهنگی اصطلاحات ادبی، ضاث اول، ویرایش جدید، انتشارات مروارید، تهران،1382

74.صاح هویدی،النقد الادبی الحدیث، قضایاه و مناهجة،منشورات جامعة، ط1، 1426

75.کلیفورد ئالان،پیشگامان روانپزیشکی، ترجمة: اسماعیل سعادت،1380

76.محمد ضمیران، میشیل فوکو، دانش و قدرت،انتشارات هرمس، چاپ اول، تهران،1378

77.مولانا/مثنوی، تصحیح رینولد الن نیکلسون،چاپ هفتم،جلد3،انتشارات مولی،جلد اول تهران،1369

78.–نظریة رمان، ترجمة حسن پاینده، نشر نظر،1374

79.ویلفرد طرین، لی مورطان، ارل لیبر، جان ویلینطهم، مبانی نقد ادبی، ت: فرزانة طاهری، انتشارات نیاوفر،تهران، 1385

80.الیوت، تولید شعر،ت: منوچهر کاشف،مرکز نشر سپهر،1348

گۆڤارەکان:

81.التفضیل الجمالي،د. شاکر عبدالحمید، 29، عالم المعرفة، ع 267، 29 مارس، 2001.

82.حبیب شبیل، من النص الی السلطة التأویل، مجلة الفکر العربی المعاصر، أذار، حزیران1991

83.د. عادل فاخوری، حول اشکالیة السیمیولوجیا، مجلة عالم الفکر،العدد(3) کویت، مارس، 1996

84.د.عبدالعزیز حمودة، المرایا المحدیة، عالم المعرفة،1998

85.عبدالعزیز عرفة،التفکیك والاختلاف والمرجأ، مجلة الفکر العربی المعاصر، مرکز الانماء القومی کویت،199

86.محمد المعطي القرقوري، مفهوم المحاکاة بین أرسطو وفلاسفة الإسلام، مراجعة نقدية ، مجلة فکر ونقد، س1، ع3، نوفمبر، 1997

نامە:

1. – لوقمان رەئوف، دەقی شیعری کوردی لەروانگەی سیمیۆلۆژییەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی ، 2014

2. ربعیه رویقی، سیمائیة العلامة في المسرح الجزائری، رسالة ماجستیر، جامعة الحاج الخضر (بانته) الجزائر، 2011

3. علی تاهیر حسین، رەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی،2007